# مێژووی پێشمەرگە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی ئەمڕۆ

نووسینی: مایکڵ .جی لۆرتز

بەکوردیکردنی لە ئینگلیزییەوە: پ.ی.د. ماجد خەلیل

لەبڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**ناوی کتێب**

مێژووی پێشمەرگە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی ئەمڕۆ

**نووسینی:** مایکڵ .جی لۆرتز

**بەکوردیکردنی لە ئینگلیزییەوە:** پ.ی.د. ماجد خەلیل

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٥

**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٢٣٠) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

# پێرست


پێشەکی وەرگێڕ.........................................................................٥

کورتەی توێژینەوە.......................................................................٢٠

**بەشی یەکەم: نەزمی جەنگاوەرانی کورد و بایەخی پێشمەرگە**..............٢٥

پێشمەرگە یانی سەربازی کوردی کوردستانی عێراق..........................٢٦

**بەشی دووەم: پێشینەی پێشمەرگە (١٨٩٠-١٩٥٨)**...............................٣٥

هێزە کوردییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا....................................٤٢

سەرهەڵدانی شێخ مەحمودی بەرزنجی.................................................٤٨

ڕاپەڕینی شێخ سەعید...................................................................٥٣

خۆیبوون (ڕاپەڕینی ئارارات).........................................................٦٣

دەسپێکی ناو و ناوبانگی بارزانیی....................................................٧١

سەرهەڵدانەوەی هێزەکانی بارزانی و ڕاپەڕینی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)........٧٨

کۆماری کوردستان لە مهاباد...........................................................٩١

سەربردە و ململانێ مێژووییەکانی پاش کەوتنی مهاباد.......................١٠٥

پێشمەرگە لە یەکێتیی سۆڤیەت (١٩٤٧-١٩٥٨)دا.................................١١٦

**بەشی سێیەم: پێشمەرگە لە عێراقی نوێدا (١٩٥٨-٢٠٠٣)**....................١٢١

شەڕی کورد-عێراق (١٩٦١-١٩٧٠).................................................١٣٠

لێکترازانی ڕیزەکانی پێشمەرگە..........................................................١٤٥
شەڕی دووەمی کورد و عێراق (١٩٧٤-١٩٧٥)..........................................١٥١
دامەزراندنی یەکێتی..............................................................................١٦١
جەنگی نێوان ئێران و عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨)...........................................١٦٧
پێشمەرگە لە کاتی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیاباندا (١٩٩٠-١٩٩١).........١٧٨
ڕاپەڕینی ١٩٩١....................................................................................١٨٠
شەڕی ناوخۆی کورد (١٩٩٥-١٩٩٨).......................................................١٩١
پێشمەرگە لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق (٢٠٠٣)دا.......................١٩٧
پێشمەرگە لە عێراقی نوێدا (٢٠٠٣-٢٠٠٥)............................................٢٠٥
**ئەنجام**..............................................................................................٢١٣
**سەرچاوەکان**......................................................................................٢١٧

# پێشەکی وەرگێڕ

کتێبی مێژووی پێشمەرگە، یەکێکە لەو توێژینەوە ئەکادیمییانەی، ئاڕاستەی ئەنگاوەکانی بەوپەڕی بابەتیبوونەوە گەڕاندووەتەوە بۆ سەنگی مەحەکی مەیدانخوازییەکانی مێژووی نەتەوەی کورد. لەوێدا بە میتۆدێکی مێژوویی و بە شیکارێکی سەرکەوتووانەی سەرشار لە ڕچەشکێنی، ڕەنگوبۆی ڕاپەڕین و ڕاسانەکانی زیاد لە یەك سەدەی نەتەوەی کوردی، وابەستەی وێرێکی ویژدانی کردووە، کە بەوپەڕی بێچانسییەوە، دەتوانین بڵێین، بابەتگەلی لەم چەشنە، لەناو زەمینەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی خۆماندا، وا خەریکە خراونەتە پەرێزی پێناوە ئەکادیمییەکانەوە. بەڕادەیەک، هەر توێژینەوە و تێز و تەتەڵەیەکی ئەکادیمی پەیوەست بە بزووتنەوە چەکدارییەکەی خودی خۆمان، دیسانەوە خەریکە لە چوارچێوەی هێزی لۆکاڵی و لۆژیکی حزبی و حەکایەتخوانییەوە ڕاستییەکانی ڕابردووی ڕاپەڕین و ڕاسانەکانمان بە سەنگەساری ماونەتەوە، چونکە یان پەسن و پیاهەڵدانی دوور لە ڕۆحی ڕەخنەی ئازادن، یاخود بەدەرنین لەو ئیرهابە فیکریی و شێواندنی شوناسەی لەهەمبەر ئەزموون و ئەدەبیاتی جوڵانەوەی نەتەوەکەماندا گیراوەتەبەر کە بەداخەوە بایەخ و بڕستی جوڵانەوە چەکدارییەکە و سیحری سەدەیەك سەربردەی سەرکەوتن و شکست وەها لێکداوەتەوە کە کەلتووری کەڵکئاوەژوویی لە هەمبەر مەزنایەتی مێژوومان بووەتە بایسی دووبارەکردنەوەی دەیان هەڵەی ستراتیژی و کاریگەر.

ئـەوە لەکاتێکدایـە، کـە کوردناسـە ئەکادیمییـەکان، ئەوانـەی وێنـا گەورەکـەی گیانـی کوردبـوون و گەواهـی گۆشـکردنی خەباتـی خۆڕسـکی خەڵکـی کوردسـتان، لەنـاو جەرگـەی جوڵانەوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، نـەك هـەر نەیانخسـتووەتە خانـەی فەرامۆشـییەوە، بەڵکـو وەك نموونـەی گەلێکـی بێوچـان و بەهەسـت، وەك نەتەوەیەکـی نـاوازە، هەنـگاو بەهەنـگاوی مێـژووی میللەتـی کوردیـان هێناوەتـە نـاو ناوانـەوە.

گـەر بـەوردی لـەم بەرهەمـە زانسـتییە وردبینـەوە، لـە پێشـەکییەوە تاوەکـو ئەنجامەکانـی کۆتایـی، دەبینیـن دەیەوێـت پەیامـی پێشـهاتێکی پەیوەندیـدار بـە ئاینـدەی کوردسـتانی دابەشـکراو بگەیەنێـت. ئەویـش خـۆی لـەم چەنـد خـاڵ و خەسـڵەتانەی خـوارەوەدا دەبینێتـەوە:

١. پێشـمەرگە، هێزێکـی هەوەنتـە و هەڵتۆقیـوی پەیوەسـت بەبڕیـاری کارەکتـەر و کەسـایەتی و ناوچەیەکـی دیاریکـراو نییـە. بەڵکـو پەیوەسـتە بەڕۆحـی میللـی میللەتـی کـوردەوە، ئـەم ڕۆحـە میللییـە، بەرهەمـی مەیدانخوازییەکـی مێژووییـە، ڕاسـتە لـە زێـدی بـارزان و بـاوەڕی بارزانییەکانـەوە بوونـی خـۆی لەسـەدەی بیسـتەمدا برەوپێـدا، بـەڵام پێشـینەی پێنـاوە چەکدارییەکـەی لەنـاو جەرگـەی جوڵانـەوە کوردییەکانـی تێکـڕای کوردسـتانی دابەشـکراودا، نیشـاندەری نیازێکـی نەتەوەییـە، نەخشـی نەریتیانـەی وەکچـۆن پەرژاوەتە سـەر سـنوورەکانی کوردسـتانی عێـراق و داوای کیانێکـی کوردیـی کـردووە لـە زاخـۆوە بـۆ جەلـەولا، بەوجۆرەیـش لەسـەردەمی شـێخ سـەعیددا، سـنووری دەسـکردی دۆزە نەتەوەییەکەیـان نەهێـڵا و پەیوەسـتبوون بـە میتـۆدە مێژووییەکـەی کۆمەڵـەی سـەرکەوتنی کوردسـتانەوە. هەمـان تـەرز و

تیـۆری کوردبوونیـش لـە کۆمـاری مهابـاددا، مایـەی مەزنایەتـی و مەددی مێژوویەکـی خوێنینـە، بەچەشـنی شـادەمارەکانی جەسـتەیەك، هەمـان خوێـن و هەمـان خەبـات و هەمـان خواسـت و هەڵوێسـتی کوردانـە کەتووەتەگەلـی گیانـە نەتەوەییەکـەوە.

٢. لـەم بەرهەمـەدا پێناسـەی پێشـمەرگە وەك تاکێـك، خاوەنـی سـایکۆلۆجیایەکی جوامێرانـە و جیـاواز و جوانـە، بەجۆرێـك گیانـی خـۆی لەپێنـاو نەتەوەکەیـدا بەخـت دەکات. ئەمـەش بـەراورد بـە هـەر ئایدیۆلۆژیایەکـی ئاینـی و مەزهەبـی، مانایەکـی مەزنـتری سـەرو مەیدانخوازییـە، چونکـە لـە سـایکۆلۆجیای تاکـی پێشـمەرگەدا، سەوداسـەرییەکە تەنهـا لەپێنـاو نەتـەوە و نیشـتماندایە و هیـچ مەڕامێکـی مـادی و مەعنـەوی و هیـچ ڕازێکـی ڕامکردنێکـی ڕۆژیدوایـی و هیـچ لایەنێکـی لاهوتـی، بەرژەوەندییـە تاکەکەسـییەکانی ناگرێتـەوە. هەربۆیـە لـە پێشـەکی و نـاوەرۆك و ئەنجامـی ئـەم توێژینەوەیـەدا، ڕاشـکاوانە بۆمـان ڕوونکراوەتـەوە، پەیتـا پەیتـا پێشـهاتە نەگریسـەکانی نـاو نەریـت و نەزمـی کوردبوونـی ئێسـتامان، ئاتاجێکـی ئێجـگار حەیاتییـان بەحەکایەتـی (ئەلـف تـا یـا)ی یادەوەرییەکانـی ئەزموونـی چێبوونـی پێشـمەرگە هەیـە.

٣. لـەم توێژینەوەیـەدا پێشـمەرگە وەک ڕەگـی حەیاتـی حسـاباتەکانی تێـڕای تایبەتمەندییـە نەتەوەییەکانـی کـورد، وەکـو نزیکتریـن نـۆرەی نەریتـی نەتەوەییـمان ناسـێنراوە. بۆیـە بایەخـی ئـەم توێژینەوەیـە، تێڕامانێکـی سـەرپێیی نییـە، بەڵکـو بوونێکـی بەجێـی بیرکردنـەوەی تاکبەتاکـی تواناکانـی مرۆڤـی کـوردە، بەشـێوەیەکی بابەتـی وابەسـتە

کــراوە بــە هەوەڵیــن هەنگاوەکانــی هێزێکــی خەباتــکاری خۆماڵــی و خۆڕســـکەوە، کــە ئەویــش دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو ســـاتەوەختە هەســتیارانەی مێــژووی زیندووتریــن زەیــن و زمانــی زاگرۆســییەکان. هەربۆیــە هەتاوەکــو هێزێکــی چەکــدار، لەچوارچێــوەی بڕیارێکــی بەهێــزی ناوخۆیــدا، نەخەملــێ، نەتوانــراوە ناســنامەی کوردبــوون بدرێتــە بزووتنــەوە چەکدارییەکــە، لەکاتێکــدا ســەرلەبەری سەردارەکانیشــی کوردبــوون. بەڵکــو بینینــی دیاردەیەکــی وەهــا، وێــری هەمــوو قۆناغەکانــی قــەدەری ئێمــە کــراوە.

لەســەدەکانی ناوەڕاســتەوە تاوەکــو ڕادەســتبوونی یــەک لەدوایەکــی میرنشــینەکانی کــورد، نەمانتوانیــوە ناوبانگــی هێزێکــی یەکگرتــووی ڕێکخراوەیــی نەتەوەیــی و نــاسراوی چەکــدار، شــوێنبکەینەوە. ئــەوە لــە کاتێــدا لــە ستراتیــژ و ســەردی نەتەوەکانــی تــردا، چەندهــا خێــڵ و خەڵکــی خێوەتنشــین و کۆچەریــی لــە ئاســیای ناوەڕاســتەوە تــا ئاســیای بچــوک لەنــاو فۆرمــی فیدارســیۆنە خێڵەکییەکانــەوە، خەســڵەتی یەکبوونــی نەتەوەییــان شــوێنکردووەتەوە.

پرســی نەتەوایەتــی هــەم وەکــو هەســت، هــەم وەکــو بیرکردنــەوە لــە بونیــادی دەوڵەتداریــی و چوارچێــوە جوگرافییــەکان، لەنــاو نەتــەوەی کــورددا کەوتووەتە داوی دەســەڵاتە دوور لە شارســتانییەتەکانەوە، لەکاتێکدا شوناســی شارســتانییەتی کــورد، کاریگەرییەکانــی ئێجــگار زیندووتــر و زاڵتر لــە بێــخ و بنەوانــی ناوچەکــەدا ناســێنراوە. بــەڵام ئەوەی وایکــردووە؛ کــورد کەمتەرخەمی بنوێنــێ، نەبوونــی هێزێکــی چەکــدار بــووە، کــە بــە ئامانــج و ئەندێشــەیەکی کوردبوونــەوە، هوتافــی هەڵســوڕانی بەرزکردبێتەوە. بەپێچەوانــەوە، چێبوونی

هێـزی چەکـدار، لـەدەرەوەی بیرکردنـەوەی خۆماڵیـدا و لـەدەرەوەی جڵـەوی جوڵانەوەیەکـی نەتەوەییدا دروسـتبووە. هەمیشـەش وەک پـڕۆژەی دەرەکی و وەکـو پێکهاتـە و پێشـقەڕەڵ و پێشـمەرگەی ئەوانـی تـر ئامـادەی گۆڕەپانەکە بـوون. بۆنموونە لەسـەردەمی عوسمانییەکانەوە، دروسـتتر لە سـەدەی نۆزدە و سـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیدەوە، یـادەوەری یەکەمین یەکـەی چەکداری کـورد، لە حەرەمی حەمیدی دووەمدا (١٨٧٦-١٩٠٩) دەسـی پێکرد. حەمیدییە حسـابێکی ورد و واتـاداری دواهەمیـن قۆناغـی قەدەرەی بندەسـتی کورد بوو. ئەوان هەزاران چەکبەدەسـتی کود بوون، ئەوان سـەدان سـەرۆکهۆزی سوونی و سـەرداری کوردنشـین بوون، ئەوان لەناو زەمینەی زەبوونبوون و زەفەربردن بـە هـۆزی داوسـێ و هاوپـاوان پێگەیشتن. دروسـت لە ئەسـتەمبووڵەوە نهێنی بوونیـان دۆزرایـەوە، لەوێـوە لۆژیکـی چەکدارییـان گەشـەی کـردوو و کەوتنە گەڕگێـڕان بـە هەمـوو هۆزێکـی دی، کـە بیانویسـتایە بـە بـەرگ و پۆشـاک و پەڵاسـی پێشـینانیانەوە پێبنێنـە نـاو ناوچـە و ناسـنامەی بوونـی خۆیانـەوە. مـادام پـڕۆژەی پێنـاوە کوردییەکـە نەبوون، مادام جڵـەوی جوامێـرە کوردەکان لـە دەسـتی دەمڕاسـتێکی کـورددا نەبـوو، ئـەوا هـەر خواسـتێکی ئـازاد و هەر هونەرێکـی مانـەوە لـە سـایەو سـاباتی سیاسـەتی عوسماییەکانـدا، دەبـوو بـە زمـان و زوڕنـای ئـەوان هەڵپەڕیبایـە. ئەگەرنـا، وەک ئەرمەنـەکان دەکرانـە قوربانـی قەدەرێکـی تاریـک و تەریـك. هەربۆیـە سـوارەی حەمیدییـە، وەک یەکەمیـن هێـزی ڕێکخراوەیـی کـورد، کەوتبوونە وێـزەی ویژدانـە نەتەوەیی و نەریتییەکـەی خودی کـوردەوە. ئەوان کاتێـک لەژێر عەبـای عوسمانییەکانەوە عەشـقی دەسـەڵات دەسـت بە خەنجەر بوون، کـە نەتەوەکانی تـر، لەژێر ئەو باڵـە پیـر و پەککەوتـە و نەخۆشـانەدا خەریکبـوون هاتبوونـە دەرێ، چونکـە

دەیانزانی، ئیتر ئەوان فێرە فڕینی خۆشیان نابن، چ جای فەریاد و هاواری نەتەوەکانی تر. لێرەدا تەنها تەڕحێکی گرنگی نووسەری ئەم بەرهەمە ئەوەیە، کە حەمیدییەی وەکو دەسپێکی هۆشیاری و هێزێکی ڕاچڵەکێنەر ڕێگە کردووەتەوە. هاوکات وەك بەراوردێکیش نیشانی داوە، تاوەکو تێبگەین، گەر خودی خۆمان خەباتەکە بخەینەڕێ، چەندە جیاوازە لەچاو ئەوانەی جڵەوی خەباتەکەی کوردیان لەدەستایە. جیالەوەش پێمان دەڵێت، خوێندەواری و قوتابخانە مێژووییەکانی حەمیدییە چەندە گرنگ بوون، چونکە لە سۆنگەی پەروەردەوە دەتوانرێت دەست بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکانی چەك و رووبەڕووبوونەوەی دوژمن ببرێت. هەربۆیە حەمیدییە نیازە گڵاوەکانی سوڵتانی بەدیهێنا، چونکە وەك دووشاباڵ شوناسی پەروەردە و فێربوونی لەگەڵ شوناسی ڕاهێنانی چەکداریی پێکەوە هێنایە ناو یەکەکانی مەشق و ڕاهێنانی ڕۆڵەی هۆزەکانی کوردەوە. دواتریش هەر ئەوان بوون، هەروەکو رۆبەرت ئۆڵسن دەڵێت، بوونە داینەمۆی هەم ڕێکخستنە کوردییەکان، هەم یەکە سەربازی و شەڕڤانەکانی قۆناغی دواتر.

هەرچۆنێک بێت لەناو سوارەی حەمەیدییەدا، حونجەی خوێنەواری و خەسڵەتی ڕێکخراوەیی خزایە ناو هۆزەکانەوە، هەرچەندە دەستەکانیشیان بەخوێنی خەڵکانێکی دی سوورکرا، وەلێ بوونە وێستگەیەکی گرنگی گۆڕانکاریی، بوونە بازنەیەکی بیروباوەڕ و هێزێکی هۆشیار، کە دواتر لەناو ئەو تیرەو تائیفانەی دیکەدا، دەستپێکی دەسەڵاتی خۆماڵی، خرایە بەرنامەی کارەوە.

ڕاستە لەو قۆناغەدا، خێڵ و هۆز و ئاغا و دەرەبەگەکان بیریان لە یەکبوون و سەربەخۆیی نەکردبوویەوە، شێخ و ڕێچکانی

مەزهەبـی کوردیـش، کێشـەی نەتەوەکەیـان نـە نابوویـە پێـش پێناوەکانـی تـرەوە. کەچـی هـەر لـەو دەمـەدا سنووسـی و مەهـدی و وەهابـی و چەندیـن چەمکـی مەزهەبـی دی، لـە ئاسـیای ناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی نزیکـەوە، لـە نیمچەدورگـەی عـەرەب و باکـوری ئەفریقـاوە، تەنانـەت بنەماڵەکانـی وەک هاشـمی و سـعود و سـەباح، سـەدان هۆزیـان لەنـاو سـنورەکانی خۆیانـدا خڕکـردەوە و بوونـە سـەهەندێکی ئـارام، بوونـە چەترێکـی چارەنوسسـاز، کۆلۆنیـکارەکان چەنـدە ئەمانیـان بەکارهێنـا، ئـەوان دووهێنـدە. ئـەوە تەنیـا تەریقـەت و هـۆز و ماڵباتەکانـی مێـژووی کوردبـوون، ببوونـە بەڵاگەردانـی سـنووره دەسـکردەکانی خۆرئـاوا و خورپەیەکـی دەوڵەتداریـی و دەسـەڵات، نەهـات بـە دڵ و دەرونیانـدا. تێکـڕا پـڕۆژەی پەرتـوبڵاو و پـردی پەڕینـەوەی ئەوانـیتر بـوون. ئـەوەی مانـای دایـە جوڵانـەوە کوردییەکـە هێـزی هۆزگەرایـی و مـەددی مەزهـەب نەبـوو. چونکـە بارزانییـەکان لـە دەسـپێکی سـەدەی بیسـتەمەوە، نەبەنـاوی هـۆز و تیـرەوە تەیارکرابـوون، نەبەنـاوی مەزهـەب و مـەددی ئاینـەوە. نەخێـر. بارزانییـەکان گـەر هۆزگەراییـان هێنابێتـە کایـەوە، چـۆن پـردی پەیوەندییـان لەگـەڵ شـکاك و دیانەکانـی موکریـان چێدەکـرد، لەکاتێکـدا ئـەوان لەناوخۆیانـدا تەبـا نەبـوون. ئـەدی چـۆن دەیانپەرژایـە سـەر بەدەنگەوەهاتنـی ئەرمـەن و ئێـزدی و ئـەو پێکهاتـە جیاوازانـەی دی. ئـەوان گـەر دەرەبەگایەتییـان بکردایـە، ئـەدی لـە ڕیفۆرمەکانـی شـێخ عەبدوسـەلامدا، دەسـەڵاتی دەرەبەگایەتـی لەکوێـی نەهێشـتنی خاوەندارێتـی تاکەکـەس و دەرهێنانـی زەویـوزاری ژێرچنگـی

خاوەنموڵکەکاندایــە؟ گــەر ئــەوان جوڵانەوەکەیــان مەزهەبــی و تەڕحــی تەریقەتێـك بووایـە، ئـەی دەسـپێکی خواسـتی زمانـی کـوردی و خواســتی خۆبەڕێوەبــەری کــوردی لەنــاو تەکێــی بریفکانییەکانــەوە بۆچــی؟ گــەر ئــەوان ئاڕاســتەیەکی ناوچەیــی و چینایەتــی چاوەڕوانیــان بووایــە، ئــەی پێداگرییــان لــە هێنانــی ئەدەبیــات و نوســین و بڵاوکــراوەی کوردەلاوەکانــی ئەســتەمبوڵ چ مانایەکــی دەدا بەدەســتەوە؟ کەواتــە لــە دەســپێکی ســەدەی بیســتەمەوە، لــە ســێدارەدانی عەبدوســەلام بارزانــی، بناغەیەکــی گرنگــی گۆشــکردنی هێزێکــی چەکــداری خۆڕســك و خۆماڵــی بــوو، کــە بــێ لــە پێودانگــە نەتەوەییەکــە، هیــچ هێزێکــی لۆکاڵــی و هیــچ ســنوورێکی ســاختەی دەســکرد دەوری لــە داهێنانیــدا نەبــوو. بۆیــە بەوپــەڕی بابەتیبوونــەوە لــەم توێژینەوەیــەدا، ســوارە و ســوارچاکی کــورد، چەکــداری چەلەنــگ و چەکبەدەسـتی کـورد، بۆیەکەمجـار لەنـاو ڕیشـەیەکی ڕۆچـوو بـە ڕابـردووی دووررودرێــژی نەتــەوەی کــورددا، کەوتنــە نــاو ناوبانگێکــی نهێنــی و نەریتێکــی نەتەوەییانــەی یاســاغەوە. لــەم توێژینەوەیــەدا بارزانییــەکان، وەکـو هەوێنـی یەکبوونێکـی سروشـتی، لەژێـر بەندوبـاوی بیروباوەڕێکـی خۆڕســک و خۆماڵیــدا، خەتــی مێژووویەکــی مونەوەریــان کێشــا. ئــەوان لــە یەکــەم یادگاریــی دروســتبوونی حەمیدییــەوە، حاشــایان لــەو لۆژیکــە کــرد، کــە بیەوێــت بــە دیــن و دیانەتــی ئەوانــی تــر بەندایەتییــان پــێ بــکات، بەڵکــو بارزانییــەکان نەچوونــە ژێربــاری بانگەشــەی ســوڵتان و نەبوونـە کەواسـووری پێـش پێنـاوە سـونیگەرییەکەی سـوڵتان و ئامبـازی ئەتــک و نامــوس و نەریتــی ژیانــی ئەوانــی تــر ببنــەوە. ئــەم هەنــگاوە

زۆر بــوو، چونکــە جێگــەی سەرسـوڕمانە سـنورێکی خێڵەکـی، لەبــەردەم لەشـکری سـوڵتاندا سـەرپێچی بکردایـە. وەلـێ ئـەم سـەرپێچییە بوویـە بەرنامـەی بەرخودانێـک کـەوا سـەدە و نیوێکـە نـۆرەی پێشـەنگایەتی و پێشـمەرگایەتی خـۆی نەداوەتـە ئەوانـی تـر. لێـرەوە بارزانییـەکان بوونـە دەستێکی ئەمیـن و داڵـدەی دەیـان هـۆز و تیـرەو کەسایەتی ئەرمەنییـان دا. هەربەوجـۆرەش بوونـە بیروباوەڕێکـی ڕیفۆرمخـواز، پێشـئەوەی داوای ڕیفـۆرم و ڕازی گۆڕانکارییـان بەرنـە بـەردەرگای بابـی عالـی، بۆخۆیـان بەدەنـگ ڕیفۆرمـە کۆمەڵایەتـی و ئاینـی و ئابوورییەکانـەوە ڕۆیـشتن. پاشــان هەمــان فیدراســیۆنی هــۆزەکان، کــە هەڵهێنجــراوی هێــزی کۆمەڵایەتــی کوردیــی بــوون، لەگــەڵ تــەواوی پێکهاتــە و پێنــاوە ئیتنــی و نەتەوەییەکــەی ناوچەکــەدا بــەدەم بــژاردەی بزووتنــەوە ڕزگاریخوازییەکــەوە ڕۆیــشتن و لەســەردەمی شــێخ عەبدوســەلامی بارزانیــدا، لەســەر ئاســتی ئەندێشــە نەقشــبەندییەکە و قادرییەکــەی سـنووری بادینانـدا، بانگـەوازی بەرخـودان و بەرگرییـان دژ بـە دەسـەڵاتی ئیتیحادییــەکان کــرد. هەروەکچــۆن بوونــە یەکەمیــن هێــزی چەکـداری کوردیــش، کــە لەگــەڵ ڕۆشــنبیر و خوێنــدەوار و خەڵکــی دەســتەبژێری شــارەکاندا، شــانیان دایــە بــەر شۆڕشــێکی چەکداریــی کــە لەســەر بنەمـای ڕێکـستن و ڕوانگـەی کۆمەڵـە ڕۆشـنبیر و سیاسـییەکانی سـەدەی بیســتەمی کوردســتان بچێــت بەڕێــوە. کەواتــە لــە دەسـپێکی سـەدەی بیسـتەمەوە بارزانییـەکان نەخشـەڕێی نەتەوایەتییـان لـە زنجیـرە زمانێکـی هاوبەشــی نێــوان ئــیتن و ئاییــن، ڕێچــکان و مەزهــەب، دەســتەبژێری لادێ و شــار، ڕۆشــنبیر و خەڵکــی گشــتی ئاواییەکانــدا پێکــەوە گەڵاڵــە

کـرد. هــەر ئەمــەش وایکــرد، بــۆ یەکەمجــار، بەهاناوەچوونــی یەکتریــی یادەوەرییەکــی شــیرینی شوناســی نەتەوەیــی کــورد بێــت، وەک:

١. هەماهەنگــی نێــوان شــێخانی بارزانــی و بریفکانــی. وەک یەکــەم یادەوەریــی پەیمانــی پێکەوەبوونــی نێــوان نەقشــبەندی و قادرییــەکان.

٢. پشــتیوانی و پێکەوەیــی نێــوان ئەرمــەن و داڵدەدانیــی یەکتریــی لەتــەک بارزانییەکانــدا.

٣. هەماهەنگــی نێــوان کۆمەڵــە کوردییەکانــی ئەســتەمبوڵ و شــێخ عەبدوســەلامی بارزانــی.

٤. هەماهەنگــی نێــوان ئێزیــدی و دییانەکانــی دەوروبــەری بــارزان و ســنووری موســڵ و بادینــان.

٥. هەماهەنگــی نێــوان ســۆران و بادینــان، یــان بارزانییــەکان و شــێخ مەحمــوودی حەفیــد لــە یەکــەم ڕووبەڕووبوونــەوەی ئینگلیــزدا.

٦. پشتیوانی بارزانییەکان و هۆزوتیرەکانی کورد لە شۆڕشی شێخ سەعیددا.

٧. دەســپێکی تێکەڵکردنــی جوڵانــەوە چەکدارییــە کلاســیکیەکان لەگــەڵ میتــۆد و بەرنامــەی ڕێکخــراو و کۆمەڵــە ڕۆشــنبیریی و سیاســییەکاندا.

بەشــێوەیەکی گشــتی هەمــوو ئــەو گرێیانــەی گــرەوی پێکەوەبــوون، وەک ڕچەشــکاندنی ڕابــردووی کوردەواریــی تەماشــا دەکــران. بۆیــە بارزانییــەکان خاوەندارێتــی یەکەمیــن هێــزی چەکــداری ڕێکخراوییــان لــە شۆڕشــی دووەمیانــدا دژ بــە عێــراق بەدەســتهێنا و لەوێــوە قۆنــاغ لــەدوای قۆنــاغ مێــژووی پێشــمەرگە لــە پەرەســەندندایە.

بەگشـتی قۆناغبەندییـەک بـۆ بەردەوامـی بارزانییـەکان لـە ئارادایـە، لــە دەســپێکی ســەدەی بیســتەمەوە دەســت پێــدەکات، کــە شــێخ عبدوسـەلامی بارزانـی بـازووی بەهێـزی هـەم ڕیفۆرمـە کۆمەڵایەتییەیـە، هــەم ڕیفۆرمــە سیاســیی و ســەربازییەکەش. دواجــار شــێخ ئەحمــەدی بــارزان، بەجارێــک بونیــادی جوڵانەوەیەکــی جیاوازتــر لــە ســییەکاندا دادەڕێژێــت. لــە چلەکانیشــدا مــەلا مســتەفای بارزانــی، زیندووتریــن زەمینــەی بــۆ مێــژووی یەکەمیــن گروپــی چەکــداری کــوردی ڕەخســاند، کـە خواسـتەکانی پەیوەسـتبوون بـە جوگرافیـای باشـووری کوردسـتانەوە. هــەر ئــەم هێــزەش لــە کۆمــاری کوردســتاندا، بەبــێ کــەم و زیــاد، دیارتریـن داسـتانەکانی ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکـداری کوردیـان لەگـەڵ عەجەمـدا، عینوانـی کوردبوونیانـی تـۆختر کـردەوە.

ئـەوەی وا لـە نوسـینەوەی بابەتیانـەی مێـژووی پێشـمەرگە دەکات، هەمـان ئـەو ڕاسـتییە ڕیشـەییانەیە، کـە لەهەنـاوی هێـزی کۆمەڵایەتـی و کێشـە بنچینەییەکانـی نەتـەوەی کـوردەوە درێـژ بووەتـەوە، چونکـە پـاش دەیەیـەک لـە دەربـەدەری و مانـەوە لەیەکێتـی سـۆڤییەتدا، باجـی بەرگریخــوازی و ڕادەســتنەبوونی هێــزی پێشــمەرگە بــوو لەهەمبــەر لۆژیکــی بەرژەوەندخوازیــی و شــونێکەوتنی خۆشــگوزەرانی تایبــەت و شەخسـیدا. هێزێـک کـە نوێنەرایەتـی دۆزی نەتەوەیـەک بـکات و بیەوێـت مێـژوو بنوسـێتەوە، ئاتاجـی بـە باجـدان و بڕسـی ئازایەتیـی و قوربانیدانـە. هــەر ئــەم قوربانیدانــە بــوو کــە شــێوەگیربوونی شوناســی پێشــمەرگە و پێشـهاتەکانی پارتیزانـی و پێنـاوە گەریلاییەکـەی کـردە میتـۆد و مەنهەجـی تـەڕح و تیـۆری زانستەسیاسـییەکان. دەکرێـت بوترێـت زانکۆکانـی دنیـا

بێ لەو نموونە زیندووانە، دەبوو پشت بە خەیاڵ و ئەفسانە ببەستن. دواتر هەمان هێز، هەمان هەڵوێست و هونەری پارتیزانی، هەمان خولیای خەبات و ئایندەبینی، درێژترین شۆڕشی ماوەدرێژی هێنایە ناو کۆڕی کوردایەتییەوە.

مێژووی پێشمەرگە، پێشەنگی مێژووی نەتەوەیەکە، لەو مێژووەدا ڕەهەندێکی هزریی و هۆگرییەکی لەڕادەبەدەر بۆ مرۆڤگەرایی وێنا دەکرێت، کە ناکرێت سروشتی ئەم هێزە، وەک هەر هێزێکی دیکەی میلیشیایی شوێنبکرێتەوە. چون لە میلیشیادا مەیدانخوازییەکان، مرۆڤبوونیان تێدا ناخوێنرێتەوە، کەچی لێرەدا و لەناو سروشتی مێژووی پێشمەرگە و نەیارانیدا، ڕەوشەکە پێچەوانەیە، ئەوەتا پێشمەرگە پشتیوانی پێناوە ئینسانییەکەیەو نەیارانیش، نوێنەرایەتی ناوەند و دەوڵەت و دەستوور دەکەن، بەڵام بە جینۆسایدی جەماوەر، بە کوشتوبڕ، بە وێرانکردنی دێهات و ڕەز و باخ، بە کوێرکردنەوەی کانی و کارێزەکانی کوردەواریی، کە تێکڕایان تەڕحی باند و میلیشیا و ماناکانی چەتەگەریین. کەوایە پێویستییەکی لەمێژینەی نەتەوەیەکە، کە دۆزە ڕەواکەی، بخزێتە نێو توێژینەوە زانستییەکانەوە. بۆئەوەی مێژووی پێشمەرگە، وەك مێژوو هەڵوێستوەرگرتنی نەتەوەیەک، کە لەهیچ قۆناغێکدا بەبێ نواندنی هەڵوێستی چەکداریی نەتوانراوە لە هیچ دانوستانێکدا، پرسی ماف و خواستی ئازادییەکانیان بهێنرێتە بەرباس.

هەر بەگوێرەی ئەم توێژینەوەیە، کە بەشی کۆتایی تەرخانکراوە بۆ بابەتی پێشمەرگەی کوردستان لە سەردەمی پاش ڕووخانی

دەسـەڵاتی حزبـی بەعـس و نەمانـی سـەدام حسـێن. لـەم سەردەمەشـدا بوونـی پێشـمەرگە، سـەلمێنەری هاوپەیمانێتـی ئـەو وڵاتانـە بـوو، کـە نیـازی دیموکراسـی و ئازادیـی گەلانـی عێـراق لـە جوڵەکانیانـدا دەخوێنرایـەوە. پێشـمەرگە شانبەشـانی هێزەکانـی هاوپەیمانـان و ئەمەریـکا، توانـی تێڕوانینێکـی گشـتی لەمـەڕ متمانـەی نێونەتەوەیـی بۆخـۆی بەدەسـت بهێنێـت، چونکـە یەکـەم هێـزی ناوخۆیـی بـوون، کـە هـاوکاری هاپەیمانـان بـوون بـۆ بونیادنانـەوەی عێراقـی نـوێ، لەسـەر بنەمـای فرەیـی و فیدرڕاڵـی و ڕەچـاوی مافـە دەسـتوورییەکانی پێکهاتـە ئیتنـی و ئاینییـەکان. هەربۆیـە لەسـەردەمی عێراقـی نوێـدا، پێشـمەرگە پێداگربـووە لـەوەی بەگوێـرەی دەسـتوور، وەک هێزێکـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی، شـوێنی لـە مـاددە دەسـتووریەکاندا بچەسـپێنرێت. بەداخـەوە تاوەکـو ئێسـتا هـەم ڕوانگـەی ڕێکخستنەسیاسـییە باڵادەسـتەکانی عێـراق، هەمیـش لـەڕووی دەسـتێوەردانی هەرێمییـەوە، پێشـمەرگە خـودی خـۆی بووەتـە دۆزێکـی سـەربار، لەنـاو تێکـڕای ئاریشـە چارەنەکراوەکانـی نەتەوەکەیـدا. لەهەمـان کاتیشـدا ئـەو ڕاسـتیە دوپاتبوویـەوە، کـە لـە عێراقـی پـاش سەدامیشـدا، پێویسـتییەکانی پێشـمەرگە و مانـەوەی لەنـاو ئیـدارەو بەرپرسـایەتی پارسـتنی ڕەوشـی تەناهیـدا، لەهـەر قۆناغێـک زیاتـر پێویسـتە. بەتایبەتـی لـەم عێراقـەدا کـە هێـزە باڵادەسـتەکانی تێکـڕا نوێنەرایەتـی نەتـەوەو مەزهـەب و پێکهاتـە جیاجیاکانـی عێـراق دەکـەن. بۆیـە مسـۆگەرکردنی مافەدەسـتوورییەکانی میللەتـی کـورد، تەنیـا بـە کارتـی کاریگـەری هێـزی چەکـدار یەکلادەکرێتـەوە. چـون گـەر کوردسـتان دارای دامـەزراوەی پێشـمەرگە و وەزارەتـی پێشـمەرگە نەبووایـە ئـەوا دوورنەبـوو، دەسـەڵاتی

ئێستای عێراق، بە بوونی مافەدەستوورییەکانی کورد و مافی فیدراڵی بۆ عێراق ملیان بدایە.

هەروەها یەکێکی تر لەو ڕاستیانەی کە پێداویستی پێشمەرگەی پەرەپێداوە، بریتییە لەو عەقڵییەتە سیاسیی و ئایدیۆلۆجییە پەڕگیرە ئاینییانەی کە لە پێچ و پەنای پەیامی مەزهەب و ئایدیایەکی پەڕگیری نەتەوەییەوە دەڕواننە دنیای دەسەڵات و مافی پێکهاتەکانی تر. هەربۆیە چاوەڕێکراو بوو کە عێراقی دوای سەدام، عێراقی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە ئیتنی و ئاینییەکانەو وڵاتانی هەرێمی بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی بەشێکی بەرینی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، تەنیا شتێک کە هیچکاتێک لە دەمار و دنیابینی دەسەڵاتدارییاندا ناتوانن ببینن، ئەویش ئەوەیە کە هێزێکی کوردیی هەبێت، باوەڕی بە ڕێگەی ڕووبەڕووبونەوە و چەکداریی هەبێت بۆ پارێزگاریکردن لە پێناوە نەتەوەییەکەی.

لەکۆتاییدا پێمان وایە، ئەم بەرهەمە، تێزێکی ماستەری ناو دامەزراوەیەکی ئەکادیمی و زانکۆییە، دارای ئەرزشێکی ئێجگار گەورەیە، چونکە زانکۆی فلۆریدا، فەزایەکی کراوەی ئازادی وەهای تێدایە، کە سەرجەم تێزەکانی، تەرحی نوێ و تیۆری کاریگەری کایەی زانستی مرۆڤایەتین. بۆیە بابەتێکی بەم شێوەیە دانپێدانان و گەواهییەکی گەلێ گەورەی گۆڕانکارییەکە کە پێمان دەڵێت پێشمەرگە لە ئێستادا، تەنیا هێزێکی نیشتمانییە، کە بە بڕیارێک دروستنەبووە، بەڵکو واقیعی تراژیدی و تاڵی ڕۆژگارێک ڕۆحی کردووە بە بەریدا، لە ڕۆژگارێکدا ئەرزشی ئینسان لەپێودانگی

خورافـە و خەسـڵەتی بەربەڕییەکانـەوە بناغـەی بـۆ دادەڕێـژرا. دروسـت لـەو قۆناغـەوە، لـە قـەدەری داگیـرکاری و دەسـتدرێژی ئیمپراتۆرییەتـە دەرەبەگییەکانــدا، پێشــمەرگە پشتبەســتوو بــە هــاوار و فەریــادی نەتەوەیەکـی بندەسـت، بـەرەو کـۆڕی خەبـات و خەسـڵەتی خۆبەخشـین لەپێنـاوی نەتـەوەدا هاتووەتەپێشـەوە، بۆیـە ئـەم توێژینەوەیـەش بـۆن و بەڕامــی ئازارەکانــی ســەدەونیوێک سیاســەتی ســڕینەوەی نــەژادی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوە و تێکـەڵ بـە مەکـر و میزاجـی میللەتانێکـی کــردووە کــە هێشــتا ئەســتەمە، ئەندێشــەیەکی ئینســانی لــە ڕەفتــار و ڕوانگــە و ڕۆحــی داوڵەتدارییانــدا بیــری لێکرابێتــەوە.

**کورتەی توێژینەوە:**

ئـەم توێژینەوەیـە دەربـارەی هێزێکـی سـەرەکی و گرنگـی عێراقـی ئەمڕۆیـە. لێـرەدا پێشـمەرگە بەواتـای سـەربازی کـورد، چەسـپاوەتە دەربڕیـن و دەسـتەواژەی بەکارهـێنراوی ناوەنـدە نەریتییەکـەی نەتـەوەی کـورد و جوڵانـەوە ڕزگاریخوازییەکەیـەوە، کـە لـە وەڕگێڕانـە ئینگلیزییەکـەدا واتاکـەی دەبێتـە (ئەوانـەی ڕووبـەڕووی مـەرگ دەبنـەوە). هەڵبەتـە ئەوانـە لـە مـاوەی ١٠٠ سـاڵی ڕابـردوودا بەشـێکی سـەرەکی و کاریگـەر و کارای کەلتـووره کوردییەکـە بـوون. پێشـمەرگە لـە سـاڵی ١٩٤٣دا، بـە فەرمـی لـە لایـەن مستەفا بارزانییـەوە ڕێکخـراون، لـە هـەوەڵ هەنـگاوەوە بـە مەبەسـتی نوێنەرایەتیکردنـی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد، بـە تایبەتـی لـە عێراقـەوە هاتوونەتـە پێشـەوە. بەداخـەوە تاوەکـو ئێسـتا لـە سـەر پێشـمەرگە و پەیوەندیـی و پەیوەسـتییان بـە خەباتـی کـوردەوە، وردبوونەوەیەکـی ئەوتـۆی ئەکادیمـی نەهاتووەتـە بەرهەم. بۆیـە دەمانەوێ بڵێیـن لـە تانوپـۆی ئـەم توێژینەوەیـەدا، بابەتـی پێشـمەرگە و مێـژووی دروسـتبوونی، لەگـەڵ پەرەسـەندن و ڕێکخسـتنی کـۆی هێـزە چەکدارەکانـی کـورددا شـیدەکەینەوە. بەگشـتی توێژینەوەکـە تیشـک دەخاتـە سـەر پێشـینەی پێشـمەرگە، هـاوکات چەمـک و چوارچێـوەی کاری چەکـدار و چەکبەدەسـتی کـورد دیـاری دەکات. هەڵبەتـە لەدەسـپێکی هـەوڵ و هەنگاوەکانـی ڕووە و سـازدان و ڕێکخسـتنیان لـە سـەدەی نۆزدەهەمـەوە تاوەکـو سـاڵی ٢٠٠٣ ڕێـڕەوی مێژووییـان گیراوەتەبـەر.

بـۆ هەوەڵجـار پێشـمەرگە وەک هێزێکـی ڕێکخـراو لـە سـاڵی ١٩٤٣ دا لـە چوارچێـوەی بازنـەی بزووتنـەوە کوردییەکـەدا ڕێکخـراون. هەرچەنـد

پێش ئەم ڕێکەوتەش، چەکدار و جەنگاوەری کورد لە زۆرێک لە ڕاپەڕینە ناوچەییەکانی دژ بە حکومەتەکانی عێراق بەشدارییان کرد بوو. تەنانەت جیا لە عێراقیش، لەناو کوردانی ئێران و تورکیاشدا، زۆرێک لەو یاخیبوونانە لە لۆژیکێکی خێڵەکییانە، یان ئاینیانەوە ئاوێتەی دەستبردن بۆ چەک و چارەنوسیی چەکدارییی ببوونەوە، وەلێ وابەستەییەکی ئەوتۆیان بە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆم یان سەربەخۆی کوردییەوە نەبووەتە پرسی سەرەکی و جەوهەری جوڵانەوە کوردییەکە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم نەزمە بەردەوام بوو تاوەکو لە پاش سەرهەڵدانی جوڵانەوەی چەکدارییی بارزانییەکان لە دەسپێکی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لە دەسپێکی سییەکانەوە مەلا مستەفای بارزان شانبەشانی شێخ ئەحمەدی بارزانی برا گەورەی هاتنە نێو کۆڕی خەباتی خواستە نەتەوەییەکانی نەریتی کوردایەتییەوە. لە ئاکامدا جوڵانەوە چەکدارییەکەیان ڕووبەڕووی سزای توندی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بوویەوە و خۆیان و جەنگاوەرەکانیان دەربەدەر کران. دواتر لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی سەرهەڵدانە چەکدارییەکەی بارزانی، ڕژێمی عێراق بارزانییەکانی گواستەوە بۆ شارە دوورە دەستەکانی باشووری عێراق. ئیتر لێرەوە و لە میانی قۆناغی دەربەدەرییاندا، بارزانییەکان و بە تایبەت مستەفا بارزانی، توانیان کۆنتاکت لەگەڵ بیرۆکە و بازنەی ناسیۆنالیستیی ڕۆشنبیرانی کورددا بکەن. دواجار لە دوای گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان لە ساڵی ١٩٤٣ دا. ئیتر مستەفا بارزانی لە قۆناغێکی نوێی خەباتەکەیدا هەستی بەوە کرد، کە بەڵێ؛ ئاتاجیان بە پاڵنەرێکی نوێ و نەریتێکی ناسیۆنالیستی نوێیە، تاوەکو دژ بە حکومەتی عێراق، چانسی چارەنوسی

نەتەوەکەیـان ناسـنامەیەکی چەکـداری و چەمـک و چوارچێوەیەکـی شۆڕشـگێڕانەی پـێ بـدەن. دیـارە ئـەو چانسـەش لـەوەدا بەرجەسـتە دەبـوو کـە لەگـەڵ هێزێکـی سـەربازیدا سـەودای سـەرکەوتنەکانیان تاقیبکەنـەوە. هەڵبەتـە بەمەرجێـک ئـەو هێـزە بـە ڕێسـا و یاسـای تونـد و ڕێنماییـەوە چوارچێوەیەکـی بـۆ دارێـژرا بێـت. لـە یەکـەم هەنـگاوی گەلاڵەکردنـی گروپە چەکدارییەکانـی کـورددا، ڕاسـتەوخۆ ڕۆڵـی سـەرەکی پێشـمەرگە و پراکتیکـی پێشـمەرگایەتی خۆیـان لـە هـەردوو کۆمـاری کوردسـتانی سـاڵی ١٩٤٦ لـە شـاری مەهاباد، پاشـان شـەڕ و نەبەردییەکانی کـورد و حکومەتەکانی عێراقی سـاڵانی ١٩٦٠ بەرجەسـتە بـوو. ئـەوە لەکاتێکـدا لەمیانـی ئـەو دوو قۆناغـەی پراکتیکـی خەباتـە چەکدارییەکـەدا، مـەلا مسـتەفای بارزانـی و بارزانییـەکان، دابـڕان و دەربەدەرییەکـی دژواریان بۆ ماوەی ١٢ سـاڵ لە یەکێتی سـۆڤیەتدا ڕووبـەڕوو ببوویـەوە. لـەدوای قۆناغـی یەکەمـی ئەزموونـی پێشـمەرگایەتی، سـاڵی ١٩٥٨ دەبێتـە سـاڵی گەڕانـەوەی پێشـمەرگە و بارزانـی بـۆ گۆڕەپانـی گۆڕانکارییەکـی گرنـگ لـە عێراقـدا، ئـەم قۆناغـە وەک ڕێگەیـەک بـۆ گەشـە و پێنـاوی پێشـمەرگایەتی هاتـە ئـاراوە، چونکـە پێشـمەرگە وەک هێزێکـی سـەربازیی یەکگرتـوو لـە عێراقـی هاوچەرخـدا بـۆ یەکەمجـار دانـی پێدانـرا. هەرچەندە لە دەسـپێکی شەسـتەکانەوە تاوەکو حەفتاکانی سـەدەی ڕابردوو، پراکتیکـی پێشـمەرگەگایەتی پێـی نایـە نـاو نـۆرەی شۆڕشـێکی چەکداریـی تاقـەت پڕوکێنـەوە. لێـرەوە ئۆرگانـی سیاسـی دیکـەش سـەریان هەڵـدا، بەڵام بـەردەوام بارزانـی و پێشـمەرگەکانی وەک ڕووخسـارە ڕاسـتەقینە نێوخۆیـی و نێودەوڵەتییەکـەی ناسـیۆنالیزمی کوردیـی مانـەوە. بەجۆرێک پـاش وەفاتی مسـتەفا بارزانـی لـە سـاڵی ١٩٧٩ دا، پێنـاوی پێشـمەرگایەتی بـەردەوام لـە

خەبـات بـۆ ناسـیۆنالیزمی کوردی درێژەی کێشـا. ئەگەرچی لەژێـر ئاڵای پارتی دیموکراتـی کوردسـتان و بارزانیـدا ئـەم پێنـاوە خـۆی پاراسـت، وەلـێ وێنـاو وێژەی پێشـمەرگایەتی لەنێو بازنە و ڕێکخسـتنی حزبی دیکەشـدا بەکارهێنرا.

بۆ نموونە یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بە سـەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، کـە شـوێنکەوتووی پێشـووتری بارزانـی بـوو، ئەویش بـە درێژایی هەشـتاکان و نەوەدەکانـی سـەدەی ڕابـردوو لـە خەباتـە چەکدارییەکـەدا بەشـدار بـوو. لێـرەوە پێشـمەرگەکانی هـەردوو حـزب، لـە زۆر قۆناغـدا شانبەشـانی یـەکتر لەگـەڵ هێـزە ناوچەییەکانـدا یـان لەگـەڵ زلهێـزە نێودەوڵەتییەکانـی وەک ئەمریـکادا بوونـە هاپەیمان. بەشـێوەیەک توانیـان پەیماننامـە و ڕێککەوتن و هاوپەیمانـی هـێمادار و فەرمیـی لەنێوانیانـدا بێتـە ئـاراوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆرێـک لـە حکومەتەکانـی دەرەوە، هێشـتا گروپـە چەکدارییەکانـی کوردیـان وەک ئامـراز بـۆ ئامانجەکانـی خۆیـان بەکاردەهێنا و بەکارهێنانـی نـاوی پێشـمەرگە هـەر لـە چوارچێـوەی باڵـی سـەربازی پارتە یاسـاغ و نهێنییەکانـدا نـۆرەی گرتـووە. لـە سـاڵی ٢٠٠٣ پێشـمەرگە توانـی ڕۆڵێکـی سـەرەکی لـە ڕووخاندنی ڕژێمی سـەدام حوسـێندا بگێڕێت. ئەمەش لـە ڕێگـەی هاوکارییەکانیـان لەگـەڵ هێـزە سـەربازییەکانی ئەمریـکا هاتـە ئـاراوە. بۆیـە لـە دەرهاویشـتەی ئـەو هـاوکاری و هەماهەنگییەیـان لەگـەڵ هاوپەیمانانـدا، کـوردەکان پاداشـت کـران و لـە حکومەتـی نوێـی عێراقـدا پێگـەی پتەویـان پێـدرا. هەرچەنـدە ئـەم توێژینەوەیـە تاوەکو کۆتایـی هاتنی ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٣ دا پەیجـووری ڕووداوەکان و ڕۆڵـی پێشـمەرگە دەکات، بـەڵام لـە کۆتاییـدا کورتـە باسـێکی بابەتـی و خوێندنەوەیەکی شـیکارییش بۆ داهاتووی پێشـمەرگە و ڕۆڵی سەرکردەکانیان لـە حکومەتـی نوێـی عێراقـدا تەرخانکـراوە.

# بەشی یەکەم:

## نەزمی جەنگاوەرانی کورد و بایەخی پێشمەرگە

لــە میانــی ١٥ ســاڵی پێشــوودا، کــوردی باکــووری عێــراق، ڕۆڵێکــی مەزنیــان لــە داڕشــتنی نەخشــەی سیاســەتی ئەمریــکا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاسـتدا هەبـووە. ئـەوان بـە نزیکـەی چـوار ملیـۆن و ٢٠٠ هەزارێکـەوە، بوونەتــە بەشــێکی هــەرە ســەرەکی لــە حکومەتــە نوێیەکــەی پــاش ٢٠٠٣ی عێراقــدا. چونکــە کــورد لــە عێراقــدا، نزیکــەی چارەکێکــی ئــەو ٢٥ ملیـۆن کوردانەیـان پێکهێناوە، کـە لـە نێـوان عێـراق، ئێـران، تورکیـا، ســوریا، ئەرمینیــا و ئازەربایجانــدا بڵاوبوونەتــەوە[١].

هەڵکەوتــەی شــوێنی ئــەم نەتــەوە دێرینــە، زیاتــر لــە چیاکانــی زاگــرۆس و دەوروبەرییــەوە نیشــتەجێ بــوون[٢]، بەشــێوەیەک پێگــەی گەورەتریـــن نەتـــەوەی ئـــەم جیهانەیـــان، وەک نەتەوەیەکـــی بەبـــێ نیشـــتمان دیاریکـــردووە. وەنەبـــێ وێـــری وڵات و کیانێکـــی کوردییـــان نەکردبــێ، بەڵکــو بەدرێژایــی ســەدەی بیســتەم، وەک ســەدەی خەبــات و تێکۆشـــان، لـــە ڕووی سیاســـی و ســـەربازییەوە نۆرەیـــان داوەتەبـــەر. بەتایبەتــی کــورد لــە عێراقــدا تێکۆشــانیان بەرچــاوە. هەرچەنــدە ڕژێمەکانــی ڕابــردووی عێــراق، هەمیشــە هەوڵیــان داوە، پێکهاتەکەیــان پەراوێــز بخــەن، بــەڵام ســەرکەوتن و کاریگەرییەکانــی ســاڵانی پێشــوویان، بـــە شـــێوەیەکی بـــەردەوام، ئیـــرادە و نیشـــتمانپەروەریی و نەریتـــی

(1) McDowall, pgs 3-5.

(2) See Appendix B: Maps maps 1 and 2 for a depiction of Kurdish locations and a breakdown of the Kurdish population throughout Turkey, Iran, and Iraq.

ناسیۆنالیستی پێشمەرگەی پیشانداوە[1]. بەڕادەیەک بە واتای وشە، پێشمەرگە ڕازی ڕاسانە نەتەوەییەکەیان لە ئەستۆدا بووە، دروست وەک ئەو کەسەی ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە.[2]

**پێشمەرگە یانی سەربازی کوردی کوردستانی عێراق**

ئەم توێژینەوەیە باس لە مێژووی پێشمەرگە و ئۆرگان و ئەدەبیات و یەکەکانی دەکات، دیارە لە بنەچەی ڕێکخستنە سەربازییە کوردییەکانی مێژوودا مۆرک و مەبەستەکانی دەرکەوتوون. بۆ نموونە لە تاکتیکی قۆناغەکانی کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە تاوەکو بەشداریکردنیان لە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقیی لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، یانی بە درێژایی ماوەی ١١٣ ساڵ، لە قۆناغی (١٨٩٠-٢٠٠٣)، شوێن شوناس و مێژووی پێشمەرگە کەوتووین. کەواتە پێشمەرگە وەک ڕێکخراوێکی سەربازیی و چەکبەدەستی کورد، لە چوارچێوەی سنووره ساختە و داتاشراوە دەستکردەکانی کوردستان، لە دەسپێکدا بە خەسڵەتێکی خێڵەکی توندەوە ترازایە ناو نەریتی نەتەوایەتییەوە. لەم پێناوەدا پێناسەی پێشمەرگە، وەک هێزێکیی گەریلایی و پارتیزان و ڕاهێنراو و دیسپلینکراو دەستپێکرد. لە هەوڵ هەنگاوی لە دایکبوونی لاشە و لۆژیکە چەکدارییەکەشدا، گەشەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیی پاڵنەری سەرەکی سەرهەڵدانەکە بوو. هەرچەند لە ناوەڕاستی

(1) Chyet, pgs 452, 453.

(2) See Appendix B: Maps map 3 for a depiction of Greater Kurdistan claimed by Kurdish nationalists.

سـەدەی بیسـتەمدا، پەیوەندییـە خێڵەکییـەکان لاواز بـوون، وەلـێ خەباتـی چەکداریـی و چارەنوسسـازی کـورد، زیاتـر زەمینـەی پێشـمەرگایەتی پێگەیانـد. لـە گرنگتریـن گۆڕەپانخوازیـی گـەڕی چەکداریـی کـورددا، قۆناغـی سـەرکردایەتی سـەرکردەکانی وەک شـێخ مەحمـود بەرزنجـی لـە سـلێمانی، شـێخ سـەعیدی پیـران لـە پالـو، مـەلا مسـتەفا بارزانـی لـە بـارزان دەخوێنینـەوە. لـە قۆناغـی قـەدەری چەکداریـی ئەوانـدا، دۆزی کـورد داڵـدەی دنیابینییەکـی چەکداریـی دابـوو. چیـدی چارەنوسـی ململانـێ مێژووییەکـەی پرسـی کـورد، ململانێیەکـی ناوچەیـی و نەریتیـی و هۆزچێتـی نەیدەجوڵاند، بەڵکـو ئۆتۆنۆمـی یـان سـەربەخۆیی بـۆ کوردسـتان کەوتبـووە کەڵکەڵـەی کوردایەتـی و کارنامـەی کەلتـوورە چەکدارییەکـەوە. زۆرێـک لـە نووسـەرانی وەک دەیڤیـد مەکدۆنـاڵ و هتـد، باسـیان لـە سـەرهەڵدانی سیاسـییانەی ناسـیۆنالیزمی کـورد کـردووە، کەچـی ئـەوەی جێـگای سەرسـوڕمانە، هێشـتا ئـەو نووسـەر و توێژەرانـەی کـە وردەکاری و وێنـای پرسـوجۆی پەیمانـە مێژووییەکـەی کوردیـان، پەیوەسـت بـە پێنـاوی پێشـمەرگایەتی و شـوێنی لـە شوناسـی ئۆتۆنۆمـی و سـەربەخۆیی دۆزی کـورددا، کـەمتر ناسـاندووە. بەڵکـو زۆربـەی جـاران بەشـێوەیەکی زۆر سـەرپێیانە، سیسـتەمی پێشـمەرگایەتی و پێناسـە و پەیوەسـتی پرسـەکە بـە بوونـی پێشـمەرگەوە سـەرنجی سـەرەکییان خسـتووەتە سـەر[1]. بۆیـە توێژینەوەیەکـی لـەم جـۆرە، گرنگییەکـی ئەوتـۆی بـۆ پەیجورانـی پرسـەکە دەبێـت. بوونـی پێشـمەرگە، لـە مێـژووی ناسـیۆنالیزمی کوردییـدا، بـە شـێوەیەکی گشـتی

(1) McDowall, pg 1.

لەنــاو تێکۆشــانی کــوردی عێراقــدا، بوونێکــی بنەڕەتییــە. چــون گــەر ڕۆحــی ڕاســانی پێشــمەرگە نەبوایــە، ئــەوا ئومێــدی کــورد، بــۆ ناســاندن و نیشــاندانی ناســنامە و شوناســی نەتەوەیــی خــۆی، بــە گومەســاریی یاخــود لــە گیانــەڵادا دەمایــەوە.

کەوابــێ تێگەیــشتن لــە کاریگەرییــە مێژووییــەکان و پێگــەی پێشــمەرگە لــە ئێســتادا، گەلــێ لــە ڕاســتییەکانی ڕەخنــە و ڕوانینــی دوژمنکارانــەی دەرودراوســێی کوردمــان بــۆ ڕووندەکاتــەوە. بەلایەنــی کەمــەوە ئــەو ڕاســتییەمان لــەلا ڕووندەبێتــەوە، کــە بۆچــی بابەتــی پێشــمەرگە، هێنــدە جێگــەی مشــتوماڵ و مەیدانخوازیــی دەســەڵاتدارانی نوێــی عێراقــی پــاش سەدامیشــە. ئەوەتــا دەیڤیــد مەکدۆنــاڵ لــە چوارچێــوی مێــژووی کــورد لــە ســەدەی بیســتەمدا، تێکــڕای ڕەوشــی کــورد لــە ســەدەی ڕابردوودا، بەســەر دوو دۆخــی پەیوەندیــدار و پەیوەســت بەیەکــەوە دابــەش دەکات:

یەکەمیــان: ململانێــی کــورد لەهەمبــەر هەمــوو ئــەو حکومەتانــەی کۆڵۆنــی و کۆنتڕۆڵــی خاکەکەیــان کــردووە. دووەمیــان: ململانێــی کــورد لەنێــوان هێــزە چەکدارەکانــی خــودی خۆیــدا، تەنانــەت پــاش ڕاپەڕیــن و ڕێکخستنی چەشناوچەشــنی چەکداریــی و بەرەوامــی ئــەم ئالودەبوونــەی جەنــگ و جیــدال بــە خوێنــی یەکترییــەوە.

لــە بــەراوردی دوو دۆخ و دیمەنــی مێژوویــی پێشــمەرگایەتیدا، دۆخێکیــان لــە دەســپێکدایە، دەســپێک کــە دلاوەرانی کــورد، پێشــمەرگەکانی ســەردەمی ڕێبــەری کــورد مــەلا مســتەفای بارزانییــە، لــەو لۆژیکــەدا لولــەی چەکەکانیــان ڕوو بــە بێگانــە بــوو. بەڕادەیــەک پێشــمەرگە زۆرجــار ڕووبــەڕووی ســوپای گەلانــی دووژمنــکار دەبوویــەوە، هــەر گەلێــک کــە

هەوڵـی هەژمونـی خـۆی بەسـەر نەتـەوەی کـورددا دابێـت. بـەڵام بـە درێژایـی نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم، بەرەبـەرە دۆخـێ دووەمـی دیمەنـی پێشـمەرگایەتی هاتـە پێشـەوە، لێـرەوە ململانێـی ناوخـۆی کـورد، باڵانـس و بڕسـتی هەرەکـەت و هێـزی پێشـمەرگەی کەمکـردەوە، چونکـە ئـیتر حزبـە جۆراوجـۆرە کوردییـەکان کەوتنـە وێـزەی ویژدانـی نەتەوەیـی یەکترییـەوە. لێـرەوە پێویسـتە ڕوونتر تێبگەیـن کـە ڕۆڵـی پێشـمەرگە لـە چوارچێـوەی پێناسـەکردنی خەباتـی کـورددا چـی بـووە و چـی دەبێـت. ئـەم توێژینەوەیـە وەک یەکەمیـن پـڕۆژەی توێژینـەوەکان، کـە تەنیـا لەسـەر پێشـمەرگەیە بایەخـی خـۆی هەیـە. چونکە ڕەنگدانـەوەی دوو دۆخـی ژیـان و خەبـات و پێناسـەی پێشـمەرگایەتی پیشـان دەدات، ئـەوەی ئاماژەمـان پێدا. لـە هەمانکاتـدا گرنگـی و بەردەوامـی جەنگاوەرانـی کـورد بـۆ مانـەوەی کولتـووری کـورد شـیدەکاتەوە. جەنگاوەرانـی کـورد و ئایدیالـی جەنـگاوەر لـە مێـژووی کۆنـەوە، وەک پێناسـەی پێشـینی پێشـمەرگە لـە کولتـوری کوردیـدا چارەنوسـێکی چەسـپاوە. بـە گوتـەی مێهـرداد ئێـزدی، یۆنانییـەکان نزیکـەی (٦٥٠)پ.ز، دانیشـتوانی چیـا کوردنشـینەکانیان بـە کوتیـل نـاوزەد کردووە، ئـەوەش وشـەیەکە لـەلای ئەکەدییـەکان هەڵهێنجـراوی هۆنینـەوە و دەربڕینـی دەنگێکـی وەک قـەرد وەهـا بـووە. ئەویـش لـە وشەیەکی فارسـییانەی هیندۆ-ئەورووپییـەوە وەرگیـراوە. لـە هەردووکیانـەوە واتـای وشـەکە وەک پاڵـەوان یـان جەنـگاوەر جێگـەی کراوەتەوە. ئـەم ناوبانگـە لـە پێـش پەیدابـوون و داهاتنـی کتێبـی پیرۆز، لـە نێـوان دانیشـتوانی شـاخ و گەلانـی ناوچـە نزمەکانـی میزۆپۆتامیـادا، بـۆ یەکەمجـار باسـی گـەریلا لـەو ناوچـە شـاخاویانەدا شـیمانە کـراوە. لـە

میانـی مێـژووی پـاش لەدایكبوونـی عیسـا پەیامبـەر، سروشـتی كـورد، لـە ژینگەیەكـی ناهەمـواری پـڕ شەڕوشـۆڕدا سـەری دەرهێنـا. خواسـتی كـورد، لـە زەمینەكەیـدا، زۆرینـەی جـار، لەگـەڵ خواسـتی خۆبەڕێوەبەریـدا خـۆی بینیوەتـەوە. ئەردەشـیری یەكـەم، دامەزرێنـەری ئیمپراتۆریەتـی ساسـانی فـارس، لـە سـاڵانی ٢٢٤-٢٢٦ی زایینیدا، لـە هەوڵێكدا بۆ دەستبەسـەرداگرتنی سـەرلەبەری كۆنترۆڵـی سیاسـی، كەوتـە وێـزەی خۆخەریككردنـی كـوردەكان بـە خۆیانـەوە، چونكـە ئـەوە لـە كاتێكـدا بـوو، ئەردەشـیر تەنیـا دەیتوانـی كۆنترۆڵـی سـنورێكی دیاریكـراوی ناوچـەی كـوردەكان بـكات[1].

بۆیـە دەبینیـن لەسـەردەمی جێنشـینەكەیدا، نـاسراو بـە ئەردەشـیری دووەم، هێنـدە زاڵ بـوون، تـا توانیـان دوا شـوێنەواری نیمچـە سـەربەخۆی كـوردەكان بەتـەواوی نەهێڵـن. هەڵبەتـە ئەردەشـیر، لە مێژووی شـەڕەكانیدا، جەنگاوەرانـی كـوردی ناونابوو jānspår- جانسـپار(فدائی- جـان دهندە) كە زاراوەگەلێكـی فارسـین و بە واتـای "خۆبەختكەر" دێن. دیارە لـەڕووی واتاوە، واتایەكـی تـەواو نزیكـن لـە واتـای (پێشـمەرگە)وە. ڕەنگـە بەناوبانگتریـن جەنـگاوەری بـە ڕەچەڵـەك كـورد سـەلاحەدین بـوو بێـت. ناوبـراو لـە شـاری تكریـت لەدایـك بـووە[2]. دواتـر وەك فەرماندەیـەك توانـی لە كاتـی جەنگی خاچپەرستەكاندا سـوپای مەسـیحییەكانی شكسـت پێهێنـا و دەوڵەتـی بنەماڵـەی ئەیوبیەكانـی دامەزرانـد، ئەو دەوڵەتەی لە سـاڵی ١١٦٩ وە تاوەكو كۆتایـی سـەدەی ١٥ بـەردەوام بـوو. هەڵبەتـە توانـای سـەلاحەدین لە شـەڕدا هێنـد هونـەری جەنـگ و جوامێـری تێـدا بەرجەسـتە ببـوو، نەیارەكانیشـی

(1) Izady, pgs 31-40.

(2) McDowall, pg 23.

نازنـاوی شـازادەی سـوارچاکیان پێبەخشـی بـوو[1]. ئەوەیـان دروسـتە کـە دەکرێـت سـەلاحەدین خـۆی وەکـو کوردێکـی نەتەوەیـی بیـری نەکردبێتەوە، بەڵکـو لـەو قۆناغەدا قەومیبوون، لە بەرگی شـوناس و شـوێنکەوتووانی ئاینی ئیسلامـدا مانایـان پێـدەدرا. ئـەم نـەزم و نەریتە لە سۆنگەی ئاینـەوە دەبینرا. چەنـد سـەدەیەک دواتـر دامەزراندنـی هـەردوو فەرمانڕەوایەتـی عوسمانی و سـەفەوی، لـە چوارچێـوەی دوو ئیمپراتۆریەتـی مەزهەبیـدا مانـا ئاینییەکـەی لـە شوناسـی جەنگاوەرەکانیـدا تـۆختر کـردەوە. لێـرەوە زۆرێک لـە هۆزەکانی کوردیشـیان ناچـار کـرد، بچنـە بازنـەی ئـەو شوناسـە مەزهەبـی و ئاینییەوە و ببنـە پاسـەوان و پێشـمەرگەی! سـنوورەکانی ئـەوان[2]. هەڵبەتـە هەریەکەیان لـە لۆژیکێکـەوە لایـان بـەلای کـورددا کردبوویـەوە. سـەرەتا سـەفەوییەکان هەوڵیانـدا هێـزی هۆزەکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی هێزێکـی ژێرچەپۆکـی خۆیانـدا، بـە بندەسـتی و لـە بەرگـی کۆیلـەدا مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکـەن، نـەک وەک جەنگاوەرێکـی نێـو ڕیزەکانیـان. بـەڵام ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی بـە پێچەوانـەوە ڕێگەیـان خۆشـکرد تاوەکـو لـە فۆرمێکـی نیمچەسـەربەخۆی خێڵەکییانەدا شـوێنیان بکەنـەوە. لەبەرانبـەر ئـەوەدا دەبـوو هـۆزە نیمچـە سـەربەخۆکان لەنێـو ناوچـە جیاجیاکانـی کوردەوارییـدا، لـە چوارچێـوەی ئـەو میرنشـینانەی ڕێککەوتنەکـە ڕێگەیـان دەکاتـەوە، وەردیـان و پارێـزەری سـنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتـی عوسمانـی بـن. لێـرەوە ئـیتر سـەربازی کـورد، نیمچـە مۆڵەتێکـی سـوارچاکێتی پێدرابـوو، تـاڕادەی ئـەوەی ناسـنامەکەیان وەک هێرشـبەرێکی عوسمانییـەکان عینوانیان وەرگرتبوو. ئـەم نەزمە ناتەواوە

(1) Izady, pg 46.

(2) McDowall, pgs 25, 26, 29.

بەردەوام بوو تاوەکو یەکەم بیرۆکەی شێوە پانکوردیزم، لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٦دا هاتە ئاراوە. ئەوە ڕاستە؛ ئەم بیرۆکەیە نەکرا و نەتوانرا هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ بخاتەوە. بۆ نموونە لە نێو ئەمانەدا شانشینی زەند (١٧٥٠-١٧٩٤) زەمینەیەکی لەباریی نێو بۆنوبەرامە کوردییەکە بوو. چونکە لەڕاستیدا زەندەکان وەک یەکێک لەو دەسەڵاتدارە دەگمەنانەی کورد کەوتنە ناو نەریتی دەوڵەتدارییەوە. بە ئاشکرا ئەوان خودان خەسڵەتی جیا بوون، لەناو لۆژیکی هێز و هەرەکەتی جەنگدا، ئافرەتان ئامادەی جەنگەکان بوون. ئافرەتانی زەند، زۆرجار شانبەشانی هاوسەرەکانیان دژی هێزە داگیرکەرەکانی نموونەی ئەفغانیەکان ئامادەی شەڕگەکان بوون و جوامێرانە جەنگاون. ئەمەش لەوانەیە بەهۆی هەوڵەکانی "مۆدێرنیزاسیۆن" و ئاتاجێتی و ئاسمیلەکردنی بەهاکانی دراوسێی نەتەوەیی بەهێزترە بووبێت. ئەم پراکتیزەی بندەستییەی کورد تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا[١]. دیارە بەردەوام لەگەڵ کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەمەش لە دوای پەرەسەندن و فراوانبوونی هەژموونی ئەوروپی و ڕووسییەکان بۆ ناو نەتەوەکانی ژێر چەپۆکی عوسمانی و ئێرانی ئاوێتە بوو. لێرەوە هۆزە کوردەکان زەمینەیەکی هۆشیاریان بۆ ڕەخسا[٢]، زانیان کە خەریکن خۆیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی لاوازی ناوەندییەوە بندەستکراون[٣]. بۆیە لەم "بۆشاییەی دەسەڵاتدارێتی ناوەنددا، سەرکردەگەلێکی لێهاتووی

(1) Izady, pg 53.

(2) Ibid, pg 194, 196.

(3) 12 McEnroe, Paul. Women Play Key Role in Peshmerga. Star Tribune, 24 March 2003 13 McDowall, pgs 42-47.

وەک بەدرخانی بۆتان و میر محەمەدی سۆران سەریان هەڵدا. ئەوە بوو لە ماوەی ساڵانی ١٨٢٠ و ١٨٣٠ دا، میر محەممەدی سۆران، لەڕێگەی هێزە خێڵەکییەکانەوە، دەستیان بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی سەرتاسەری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا گرت، بەڕادەیەک بانگەوازی مەیدانخوازیی و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان کرد. بە هەمان شێوە بەدرخان پادشا لە ساڵانی ١٨٣٠دا کەوتەخۆ. ئەوەش لەکاتێکدا بوو، کە دوای ئەوەی سوپای عوسمانی پلەی سەربازیی پێبەخشی، بەم پلەیە بەشێوەیەکی یاسایی دەیتوانی دەسەڵاتی فەرمی خۆی بەسەر هۆز و تیرەو ناوچەکانی بۆتان و دەوروبەریدا بەکاربهێنێت. ئەوە ڕێگەخۆشکر بوو، تا بە سانایی سەودا و مامەڵەی هێزێکی ٧٠ هەزار جەنگاوەریی بکات و بەزوویی ئەو هێزەی کۆکردەوە و سازی دان بۆ دژایەتی دەسەڵاتی عوسمانی و جاڕی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی دا.

نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەزوویی خۆی و شوێنکەوتووانی سەربەخۆیی و سنووری وڵاتێکی سەربەخۆیان کێشا و کەوتنە دەرکردنی سکە و دراوی تایبەت بە میرنشینەکە، بەڵام دواجار شکستی بەدرخان لە ساڵی ١٨٤٦دا دوا دەرفەت و دنیابینی دەسەڵاتدار و میرەکانی کردی بۆ سەربەخۆیی سەرنایەوە[1]. لەگەڕێکی تر و قۆناغێکی دیکەدا، پاش چەند دەیەیەکی کەم، لە ساڵی ١٨٨٠ دا، بە فۆرمێکی تر، شێخ عوبەیدوڵای نەهری، ٢٠ هەزار چەکداری کوردی لەسەر سنووری عوسمانی و فارسدا کۆکردەوە. ئەمجارەش بۆ گەیشتن بە میرنشینێکی سەربەخۆی کوردیی، کەوتنەوە ناو نەریتی نەیارێتی و دوژمنایەتی سەرسەختی عوسمانی و سەفەوییەوە.

(1) McDowall, pgs 42-47.

ئەوەبـوو بـە خێرایـی ئـەم هەوڵـەش بـێ ئـاکام بـوو. هـەر زوو زۆرێـک لـە هێـزە جەنگاوەرەکانـی شـێخ، بەهـۆی نەبوونـی دڵسـۆزی و هۆشـیارییان لـە نـەزم و ڕێسـای ڕێکخسـتنی سـەربازیدا، دوای ئـەوەی بەشـێکیان سـەریان کێشـا بـۆ تاڵانـی و کەوتنە ناو داوی بەدەسـتهێنانی موڵک و مـاڵ و ماددەوە، بەتایبەتـی گەرەکیـان بـوو ببنـە میراتگریـی ئـەو شـارۆچکەو ئاوایيانـەی کـە دەسـتیان بەسـەریاندا دەگـرت. بۆیە بەزووی دەسـتبەرداری ڕۆحی ڕاسـانەکە دەبـوون و پشـتیان لە شـەڕگەکان دەکـرد. دواجار هێزەکەی شـێخ وەخت بوو دەوروبـەری شـێخ عوبەیـدوڵا چۆڵوهـۆڵ بکەن، ئەوانـەی مابوونـەوە کەوتنە دەسـت هێزەکانـی فـارس و خـودی شـێخیش لەسـاڵی ١٨٨٢ دا، لەلایـەن عوسمانییەکانـەوە دەستبەسـەر کـراو دوورخرایـەوە[1].

هـۆکاری تـری ناکامـی نەبەردییەکـەی شـێخ عوبەیـدوڵا زۆر بـوون. کـورد وەکـو ئەرمەنـی و پێکهاتـە مەسـیحییەکانی مەملەکەنەکـە نەکەوتنـە نـاو پێداگـری و پەیمانـی پاراسـتنی ئاینیانـەی ڕوس و ئەوروپییەکانـەوە. بۆیـەکا نـە بوونـی پاڵپشـتی دەرێ و بێتوانایـی و بێبڕسـتی کـورد بوونـی هێزێکـی ڕێکخـراو و ڕاهـێنراو، خواسـتە سـەرەتاییەکانی کـوردی بـۆ ئۆتۆنۆمـی بـەو دەردە بـرد کـە بـرا. دەتوانیـن بڵێیـن، ئـەم نەزمـە بەنیسـبەت بابەتـی کوردی عێراقـەوە، عەینـەن شـت بـوو. هەڵبەتـە لـە سـەدەی داهاتـوودا توانـای سـەربازی و ئایدیالـی ناسیۆنالیسـتی لای کـوردی عێـراق زیاتریـش بـوو. بۆیە زەمینەکەیـان بەجۆرێکـی تـر بـوو. بـە ئەنـدازەی ئـەوەی سـەردارانی کـورد توانیـان سـەرکردایەتی و کاریگەرییـان لەسـەر سیاسـەتی ناوچەکـەدا دابنێن.

(1) Ibid, pgs 53-58.

# بەشی دووەم:

## پێشینەی پێشمەرگە (١٨٩٠-١٩٥٨)

سـوارەی حەمیدیـە وەک یەکەمیـن هێـزی ڕێکخـراوی سـەربازیی کـورد، لەچوارچێـوەی دەوڵەتـی عوسمانیـدا دامـەزراوە. ئەمـەش لەچوارچێـوەی هەوڵـە سـەرەتاییەکانی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانیـدا بـوو، ئـەوان مەبەسـتیان بـوو هێزێکـی کـوردی ڕێکخـراو لەنێـو هۆزەکانـی کـورددا وابەسـتە بکـەن بەخۆیانـەوە. هەربۆیـە سـوڵتانی عوسمانـی عەبدولحەمیـدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) لەژێـر نـاوی سـوارەی حەمیدیـەدا[١]، زۆرێـک لـە هۆزەکانـی کـوردی چەکـدار کـردن. لێـرەدا و دروسـت لـە سـاڵی ١٨٩١، لەپێنـاو دوو ئامانجـدا لێنـەوی بـوون: یەکەمیـان بـۆ پاراسـتنی هەرێمـی قـۆزاک بـوو، بەتایبەتـی لـە ئەگـەری هەڕەشـە و هێرشـەکانی ڕووسـیادا. دووەمیـش بـۆ دابـڕان و دوورخسـتنەوەی هەماهەنگـی نێـوان کـورد و ئەرمـەن بـوو.[٢]

بـەم کارەیـان دابەشـکردنی دووان لـە گەورەتریـن گروپـی ئیتنـی و ئاینیە لێکجوداکانـی ژێـر هەژمونـی عوسمانـی، ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا مسـۆگەر دەکـرا، هـاوکات هەوڵێکیـش بـوو بـۆ بەرپەرچدانـەوەی پلانەکانـی ئـەم قۆناغـەی ڕۆژئاواییـەکان کـە تەمـای دنەدانـی ئەرمەنییەکانیـان لەسـەردا بـوو[٣]. دەشـکرێت سـوارەی حەمیدیـە بـۆ دروسـتکردنی هەسـتی پـان-ئیسلامیـزم بـوو بێت لەناو کـورددا، چونکە لـە ژێر ڕۆشـنایی هاوپەیمانییەکی مەسـیحی بەریتانیا- ڕووسـیا-ئەرمەنیدا، بابەتـی وروژاندنـی ویژدانـی ئاینـی

(1) 15 McDowall, pg 59.

(2) Safrastian, pg 66.

(3) Olson, pg 8.

گروپـە ئیتنـی و مەزهەبییـەکان مۆدەی سیاسـەتی ئەو ڕۆژگارە بـوو. هەڵبەتە هەرچەنـدە پێـش دروسـتبوونی سـوارەی حەمیدیـەش، هەوڵـی بەکارهێنانـی جەنگاوەرانـی جەوانـی کـورد لـە سـوپای عوسمانیدا درابـوو، بـەڵام لەوکاتەدا زۆربـەی سـوارە و تفەنگچیەکانـی کـورد، گـەر هەمووشـیان وا نەبـوو بـن، تەنیـا دڵسـۆزییان بـۆ هـۆزە و شـێخ و ناوچەکەیـان نیشـان دەدا. لەبەرئـەوە سـوارەی حەمیدییـە حەوڵێـک بـوو بۆئـەوەی برسـتی شـەڕکردنی کـوردەکان لەنـاو سـوپای عوسمانییـدا بقۆزنـەوە. بۆیـە حکومەتـی حەمیـدی دووەم، زۆرێـک لـە هـۆزە بەهێزەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـی دامەزرانـد[1]. بـە گوتـەی سەفرەسـتیان، خێڵـە خـاوەن موڵـک و گەورەکانـی کوردی نموونـەی میرانـەکان، تایانـەکان، باتوانـەکان، دودێریـەکان، کاچانـەکان و شـێرنەخەکان تێکـڕا نزیکـەی ٤٠ یەکـەی سـەرەکیان لـێ پێکهـێنرا. هـاوکات هـۆزە بچووکەکانـی وەک حەیـدەرەکان، جبرانـەکان، جەلالـەکان و موگورەکانیـش ٢٠ یەکەیـان لـێ سـەوز بـوو[2]. بەرپرسـە سـەربازییەکانی عوسمانـی مافـی دیاریکردنـی ئـەو هۆزانەیـان هەبـوو کـە دەبوونـە یەکـەی سـوارەی حەمیدیـی. دوای ئـەوەی هەڵیاندەبـژاردن، کام هـۆز دەبێـت بەشـداری لـە سـوارەی حەمیدیـەدا بکـەن، ئـیتر سـەرۆک هۆزەکە بانگهێشـتی قوسـتەنتینیە دەکـرا. هـەر لەوێـش پلـە و پایـەی سـەربازییان پێدەبەخشـی[3]. پاشـانیش چەکـو چۆڵـی بـاوی ئـەو سـەردەمەیان پێـدەدرا، کـە بـەزۆری تفەنگـی یاتـاگان، کاندجـار و تفەنگـی سـوارەی وینچێسـتەری ڕووسـی بـوون[4].

---

(1) McDowall, pg 59.

(2) Safastian, pg 105.

(3) The Armenian Massacres. New York Times, 16 Dec 1894.

(4) See Appendix A: Weapons of the Peshmerga.

هـاوکات ڕێنمایـی دەکـران سـەرباز وەربگـرن و یەکـەکان پێکبهێنن. سـەرۆک هـۆزەکان و یەکەکانـی پەیوەسـت بـە سـەرکردە کـوردەکان، ڕەوانـەی ناوەندەکانـی مەشـق و مەکتەبەکانـی حەمیدیـە دەکـران، کـە قوتابخانـەی سـەربازی تایبـەت بـوون لـە ئەسـتەنبوڵدا[١]. لـەوێ شـێوازی کاروبـار و چۆنیەتـی چوارچێـوەی هێـزەکان ئامـادە دەکـران[٢]. پاشـان شـکڵ و شـێوەی پۆشـاک و یەکپۆشـی سـەربازیی و ڕاهێنانـی وردیـان پێدەکرا[٣]بەپێـی نامـە دیپلۆماسـییەکانی ئیتاڵییـەکان هەندێکیـان جلوبەرگێکـی هاوشـێوەی سیراسـییەکانیان لەبـەردا بـوو.[٤] هەندێکـی دیکەشـیان وەک جلوبەرگـی قۆزاقییەکانیـان بـۆ دانـرا بـوو[٥]. لـە کۆتاییـدا هەندێکـی دیکەیـان، لەبـری ئـەو پۆشـاک و بەرگـە تایبەتـەی کـە گروپـی یەکـەم لەبەریـان دەکـرد، ڕێـک وێنـەی سـوارچاکە عەرەبییـەکان جلوبەرگـی سـەربازییان بـۆ دانـرا بـوو[٦]. هەڵبەتـە نابـێ ئەوەمـان لەیـاد بچێـت کـە ئـەم جڵەوگیرییـەی جەنگاوەرانـی کـورد، لـە متمانـەی تورکیـاوە سـەرچاوەی نەگرتبـوو، بەڵکـو بەمەبەسـتی سـنووردارکردنی پێشـڕەوی و کۆنترۆڵکردنـی کـورد کارێکـی لـەم جۆرەیـان کردبـوو. ئـەم کارە پلان بـۆ داڕێـژراوی فەیلەقـی ئەفسـەرەکان و بەدروسـتی جەنەڕاڵێکـی سـوارەی تورکـی بـوو، کـە فەرمانـدە و بەرپرسـیار بـوو لـە سـەرجەم هێزەکانـی سـوارەی حەمیدییـە.

(1) Olson, pg 9

(2) Greene, Frederick Davis. Armenian Massacres and Turkish Tyranny. Pg 52.

(3) The Armenian Massacres. New York Times, 16 Dec 1894.

(4) McDowall, pg 59.

(5) Safrastian, pg 67

(6) Russo, Maurizio, Diane Belle, transl. The Formation of the Kurdish Hamidiye Regiments as Reflected in Italian Diplomatic Documents. Pg 61.

لەخـــوار ئەویشـــەوە فەریقێکـــی کـــورد فەرماندەیـــی چـــوار فەوجەکـەی سـوارەی حەمیدیـەی دەکـرد، چونکـە هـەر فەوجێکـی حەمیدییـە چـوار عەقیـدی هەبـوو، کە (دووانیـان کـورد بـوون)[1]، هـاوکات بـەردەوام ئەفسـەرێکی سـێبەری تورکیـش بـە پلـەی هاوتـای ئـەوان، بـۆ دڵنیابـوون لـە فەوجـەکان دیـاری کرابـوو. بـۆ ئەوانـی تریـش یانـی بـۆ هـەر چـوار لیوایـەک (دوو کـورد و ئەوانـی تریـش لـە تورکـەکان سەرپەرشـتیان خرابوویـە ئەسـتۆ. بـە گشـتی سـوارەی حەمیدیـە لـە ٤٨ بـۆ ٧٦ فـەوج پێکهاتبـوو، کـە هـەر فەوجێکیـان نزیکـەی ٤٠٠ بـۆ ٦٠٠ پیـاوی چەکـداری کـوردی دەگرتـە خـۆی. یانـی تێکـڕا نزیکـەی ٥٠ هـەزار سـەرباز لـە یەکەکـەدا هەبـوون.[2] سـوارەی حەمیدیـە بـە هیـچ شـێوەیەک هێزێکـی خێڵەکـی نەبـوو، سـەرەڕای پێشـکەوتنی سـەربازی و ڕێکخسـتن و توانایـان، هێزێکـی فەرمـی و حکومـی بـوون. تەنیـا هەندێـک کات هـۆزە بچووکـەکان نەیاندەتوانـی بەپێـی پێویسـت پێداویسـتییەکانی یەکەکانـی خۆیـان دابیـن بکـەن، ئەگیـن بەگشـتی چەکدارانـی تـری خێڵـە کوردییـەکان یەکگرتـوو بـوون و توانایـان فـرە بـوو. ٣٠ هـۆزە گـەورەکان، وەک هـۆزی جبران، چـوار فەوجیـان هەبـوو، ئـەوان بـە سـەر خێڵەکانـی تـری ناوچەکـەدا زاڵبـوون و دەیانتوانـی تـرس و تیـرۆر دەرهـەق بـە هـۆزە بچووکەکانـی تـر بڵاوبکەنـەوە کـە لەنـاو حەمیدیـەدا نەبـوون[3]. هەربۆیـە زۆرجـار

(1) Ibid, pg 67.

(2) Vanly, The Kurds in the Soviet Union. Kreyenbroek, Philip G. & Stefan Sperl (Eds.). The Kurds: A Contemporary Overview. Pg 197.

(3) McDowall, pg 59.

سـەرباز و کەرەسـتەی حەمیدیەیـان بـۆ یەکلایـی کردنـەوەی ناکۆکییـە خێڵەکییـە ناوخۆییـەکان بەکاردەهێنـا. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش فەرمانیـان لـە دەوڵەتـەوە وەردەگـرت و تێکـڕای سـەپاندن و سـنوربەزاندنەکانیان بـۆ پینـە دەکـرا. تەنانـەت هۆزەکانـی نـاو سـوارەی حەمیدیـە ڕێگەیـان پێـدەدرا سـەرکوتی خێڵـە یاخیبووەکانـی کـورد بکـەن [١]. سـودەکانی سـوارەی حەمیدییـە، نـەک تەنیـا چـەک و مەشـق و ڕاهێنـان بـوو، بەڵکـو ئاسـتێکی دیاریکـراوی شـکۆمەندی هۆزگەلێـک بـوو، بەڕادەیـەک ببوونـە فەرمانبـەرداری ناوچەکانـی خۆیـان[٢]. بەجۆرێـک ئەفسـەر و سـەربازانی حەمیدیـە، تەنیـا لـە ڕێگـەی دادگای سـەربازییەوە دادگایـی دەکـران نـەک لـە ڕێگـەی ئیـدارەی مەدەنییـەوە[٣]. بۆیـە سـەرکردەکانی سـوارە بـە درککـردن بـە پارێزبەنـدی خۆیـان، بـە خێرایـی هۆزەکانیـان کـرد بـووە لیـوای تـاڵان و بـڕۆ و چەتەیـی. بەیاسـاش بۆیـان دەپـۆشرا. بـۆ نموونـە سـەربازانی حەمیـدی زۆرجـار دانەوێڵـەی جوتیارانیـان بـە ئاشـکرا دەدزی و بەرهەمـی کێڵگەیەکیـان دەچنییـەوە و مـەڕ و ماڵاتـی ئەوانـی تریـان دەدایـە بـەر بـۆ خۆیـان[٤]. هەروەهـا سـوارەی حەمیدیـە لەلایـەن ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی بـۆ سـەرکوتکردنی سـەرجەم ڕاپەڕینەکانـی ئەرمـەن لـە ڕۆژهەڵاتـی

(1) Olson, pg 9.

(2) Driver, G.R. Studies in Kurdish History. Bulletin of the School of Oriental Studies, Vol. 2, No. 3, 1922. pg 500

(3) McDowall, pg 60.

(4) The Armenian Massacres. New York Times, 16 Dec 1894.

ئەنادۆڵـدا بەکارهـێنران[1]. بـە شـێوەیەک هێزەکانـی سـوڵتان، لەوانـەش سـوارەی حەمیدیــە، هیــچ جیاوازییەکیــان لــە نێــوان ئەرمەنییەکانــی لایەنگـری حکومـەت یـان دژە حکومەتـدا نەدەکـرد، چونکـە زلهێزەکانـی ئەوروپـا ئـارەزووی خۆیـان بـۆ ئیمتیازاتـی مەسـیحییەکانی ئەرمەنسـتان زیــاد کــرد بــوو. بۆیــە بــەو بیانــووەوە کۆمەڵکوژیــی لــە چەندیــن ناوچــەی ئەرمەنســتان ڕوویانــدا و لــە چەنــد شــارۆچکەیەکدا زیانــی گیانیـان گەیشـتە هـەزاران کـەس[2]. بـە گشـتی زیاتـر لـە ٢٠٠ هـەزار ئەرمەنـی لـە نێـوان سـاڵانی ١٨٩٤ بـۆ ١٨٩٦ کـوژران. دوای لەسـەرکار لادانــی ســوڵتان عەبدولحەمیــد لــە ســاڵی ١٩٠٨، ئــیتر ســوارەی حەمیدیـەش وەکـو هێزێکـی ڕێکخـراو هەڵوەشـایەوە[3]. بـەڵام چەنـد یەکەیەکـی هەڵبژێردراویـان لـە خزمەتگـوزاری حکومەتـدا هێڵرانـەوە، تەنیـا ناویـان گـۆڕدرا بـۆ "فەوجـە خێڵەکییـەکان"، زۆربەشـیان برانـە سـنووری یەمـەن و ئەلبانیـا و لەوێـدا جێگیـر کـران.

دیـارە لەوێـش بـۆ چەوسـاندنەوەی هەمـوو ئەوانـە نێـردرا بـوون کـە لــەدژی ئیمپراتۆریەتــی عوسمانــی کەوتبوونــە جموجــوڵ و یاخیبــوون. بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن مامەڵــەی ئــەم یەکانــەی حەمیدیــە لــە باشتریــن حاڵەتــدا مامەڵەیەکــی خــراپ بــوو. بــە گوتــەی ماکــداوڵ، ئــەوان نــەک هــەر زیانێکــی زۆریـان هەبـوو، بەڵکـو شـۆڕەتێکی دڕنـدە و بەربەرییـان بــە بــاڵادا بــڕا بــوو[4]. زۆرینــەی چەکدارانــی کــورد، بــۆ یەکەمجــار لــە

(1) McDowall, pgs 61, 62.

(2) Greene, Armenian Massacres and Turkish Tyranny. Pgs 52, 419, etc.

(3) Mazian, pg 14.

(4) McDowall, pg 63.

یەکەکانــی ســوارەی حەمیدییــەوە مەشــق و ڕاهێنانیــان وەرگــرت[١]، دواتــر فێــری ستراتیــژی ســەربازیی دەبــوون و لەبــواری بەدەســتهێنانی تەکنەلۆژیـای زانیـاری و بەکارهێنانـی کەرەسـتەی سـەربازیدا بەهرەمەنـد دەبــوون[٢]. هــاوکات زۆرێــک لــەو ئەفســەرە کوردانــەی بەرپرســی یەکەکانــی ســوارەی حەمیدیــە لــە ئەســتۆیاندا بــوو، لــە قۆناغەکانــی دواتــردا ڕۆڵــی هاوشــێوەیان لەنێــو ڕاپەڕینەکانــی داهاتــووی جوڵانــەوەی نەتەوەیــی کــورددا دەگێــڕا[٣]. بەجۆرێــک کاریگەرییــان لەســەر تــەواوی ڕێکخســتنە ســەربازییەکانی داهاتــووی ڕاپەڕینــە کودییەکانــدا هەبــوو.[٤]

(1) McDowall, pg 62.
(2) Driver, pg 500.
(3) Olson, pg 15.
(4) Vanly, pg 197

## هێزە کوردییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا

لە کاتێکدا؛ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کەوتبوونە ناو کۆڕی خەباتەوە. لەم کاتەدا دەوڵەتی عوسمانی لە هەوڵی بەکارهێنانی بڕستی سەربازیی کوردەکاندا بوو. بۆیە لەپێناو ئەوەی پێکەوە لە سەنگەری یەک ئامانجدا بمێنێننەوە، داوایان لە کوردەکان کرد، ئیتر ئێستا ئاتاجیان بە ئەزموونی سەربازیی و توانای ڕاهێنراوی ڕێکخستنە کوردییەکانی حەمیدییەیە. هەربۆیە بە گوتەی سەفرەستیان، زۆرینەی ئەو کوردانەی تەمەنی سەربازیی دەیگرتنەوە، یاخود پێشتر لە فەوجەکانی سوارەدا نەبوون. بڕیاری ناو تۆمارکردنیان درا و بوونە بەشێک لە سوپای دەوڵەت. لێرەوە ئەم سەربازە نوێیانە شانبەشانی برا موسڵمانە تورکەکانیان لە نێو یەک ڕێکخستنی سەربازیدا، دژی مەسیحییەکان و ئەرمەنییەکان هاندا.[1] هەڵبەتە تورکەکان هەستی ئاینپەروەریی کوردیان لە هەمبەر هێزو پێکهاتەی ئەرمەن و دییانەکاندا بەکارهێنا. بەڵێ بەهۆی پڕوپاگەندەی دژە مەسیحی و دژە ئەرمەنییەوە، سوپای تورکیا ئەوەندە کوردی خستە نێو گۆڕەپانی گەمەکەوە، کە بەسانایی دەیتوانی تەواوی یەکە سەربازییەکانی پڕ بکاتەوە و سازی سەنگەرەکانیانی ڕووبەڕوو بوونەوەیان بدەن. بۆ نموونە لە نێو یەکینەکانی سەرتاسەری سوپادا، هەریەک لە سوپای یازدەهەم کە بارەگاکەی لە ئێلازیگ، سوپای دوانزەهەم کە بارەگاکەیان لە موسڵ بوو، بە تەواوی کورد بوون. جیا لەوانەش کوردەکان زۆرینەی سوپای نۆیەم و دەیەمی

(1) Safrastian, pg 75

عوسمانیـان پێکهێنابـوو. بـەم شـێوەیە دەوڵـەت توانـی هێـزی پێویسـت و تەیـاری کـورد بـۆ زۆرێـک لـە یەکەکانـی بەرەکانـی ١٣٥ی فەوجـی سـوارەی یـەدەگ دابیـن بکـەن[1]. لـە ڕاسـتیدا ئـەم هێزانـە کۆڵەکـەی سـەرەکی سـوپای عوسمانـی بـوون، چونکـە بـە ئەزمـوون و شـارەزایی خۆیـان، دەیانتوانـی لـە بەرەنگاربوونـەوەی هەڕەشـە و هێرشـەکانی ڕوسـیا بـۆ سـەر ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی، بەتایبەتـی لـە بـەرەی ڕۆژهەڵاتـەوە ڕێگریـی لـە هـەر پێشـڕەوییەک بکـەن. لـە کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا، سـەردەمێکی نـوێ لـە پۆتانسـێلی سـەربازیی و نەزمی ڕێکخراوەیی کوردیـدا هاتـە ئـاراوە. دیـارە پێـشتر بـە هـۆی ڕێککەوتنـی سـایکس پیکـۆی ئایـاری سـاڵی ١٩١٦، کوردسـتان لـە نێـوان هەریـەک لـە ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی و فارسـدا نەمابوویـەوە[2]، بەڵکـو ئـیتر جوگرافیـای کوردسـتان ناوچەیـەک بـوو لـە نێـوان چەنـد دەوڵـەت نەتەوەیەکـی نوێـی وەک (عێـراق، سـوریا، تورکیـا، فـارس)دا دابـەش بـوو. لـە باشـووری کوردسـتان و ئـەو بەشـەی تورکیـا لـە باکـووری کوردسـتاندا، تـاڕادەی ئەسـتەم، ئاسـان نەبـوو لەشـکری کوردگـەرا پێکبهێنرێـت. ئەمـە وێڕای دابەشـبوون و دابڕانـی جوگرافییـان لـە یەکتریـی. لەگـەڵ ئەوشـدا ژمارەیەکـی زۆر لـە ڕۆشـنبیرانی کـورد کەوتبوونـە خۆیـان تاوەکـو سـوود لـە پشـێوی و نائارامییەکانـی ناوچەکـە وەربگـرن، یاخـۆ هـەر هیـچ نەبـێ لۆبییێکـی پەیوەسـت بـە خواسـتی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـورد پێکـەوە بنێـن. دیـارە لـە دەسـپێکدا بیرۆکەکانـی بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی

(1) Olson, pg 18.

(2) 45 McDowall, pg 115

کوردیی فرە بە باشی بەڕێوەدەچوو، چونکە بەریتانیا، وەک زلهێزترینی ناو هاوپەیمانان، هەم دەسەڵاتدار و هەم دەستڕۆیشتوو بوو لە ناوچەکەدا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١٨دا ڕەزامەندی خۆی دەربڕی لەسەر پشتیوانی پێناوی سەربەخۆیی کورد لە باشووری کوردستاندا. بەم پێیە هەرچەند، پشتیوانی بەریتانیا، بەشێوەیەکی سنووردار، تەنیا لە بوارگەلی ڕاوێژی سیاسی و ئیدارییەوە بیری لێکرابوویەوە. بۆیەکا دەبوو گەلی کورد لەهەر شتێکی تردا بەرپرسیارێتی خواستێکی وەها چارەنوسسازی لەئەستۆدا بوایە، بۆنموونە کورد دەبوو لە نەزمی چێکردنی حکومەت و پێکەوەنانی دەسەڵاتی دادوەری و داهات و سەربازی خۆیەوە خواستەکانی بگەیەندایەتە کەناری ئارام. لێرەشدا دامەزراندنی سوپایەکی تایبەت بە کورد، لەبەردەم مەیدانخوازییەکی گەورەدا بوو، چون دەستبردن بۆ بابەتێکی وا، بەبێ باجی خەڵکی کوردستان تێنەدەپەڕی. ڕاستە بەریتانیا بەڵێنی مەشق و ڕاهێنانی دابوویە هێزی سوارەی شێخ مەحمود بەرزنجی، لەوکاتەشدا ناوبراو سەرۆکی ڕێچکانی سۆفی قادری و ئەرستۆکراتێکی ئێجگار کاریگەر و کەسایەتییەکی کوردی باشووری کوردستان بوو. بەشێوەیەک لەکاتی جەنگ و پاش جەنگیشدا پێگە و پێناوی خۆی لەدەست نەدابوو.[1] بەڵام لەڕەوشێکی وادا هەر بیرکردنەوەکی ئۆتۆنۆمی و هەر پێکەوەنانێکی ئەرتەشی تایبەت بە کورد، لەبەردەم هەڕەشە و گوڕەشەی لەناوچوندا بوو. چونکە لە ڕاستیدا نە ئینگلیز و نە حکومەتی کەمالیستی تورکیش، کە وردە وردە دەبوویە ئەمری واقیع

(1) Eskander, pgs 141-143.

لـە ئاسـیای بچوکـدا، هەردووکیـان گەرەکیـان بـوو لـە گـڕ و گێچەڵـی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ خـۆلادەن، بەتایبەتـی کوردسـتانێک بتوانێـت بەرگـری لـە خـۆی بـکات[١].

کەواتــە لەسیاســەتی گشــتی ئینگلیزەکانــدا، بیرۆکــەی نەتەوەیەکــی دانپێدانــراو لــە باشــووری کوردســتاندا، لــە ئاســتی پراکتیکــدا پشــتیوانی نەدەکــرا. شــاراوە نییــە؛ بەشــێکی ئــەو تێگەیشــتنە بەریتانیــی و هەرێمییــەش، پەیوەســت بــوو بــە لاوازی لۆژیکــی بەڕێوەبــردن و توانــا و تەڕحــی دەوڵەتداریــی کوردییــەوە. بۆیــە بەدڵنیاییــەوە لــەو قۆناغــەدا یەکـە سـەربازییەکانی هەرێمـی کوردسـتان، ئەگەرچـی لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتــی بەریتانیــادا بــوون، وەلــێ هێشــتا دڕدۆنگییــەک لەمــەڕ فەرمیبونیـان بوونـی هەبـوو[٢]. هـاوکات بڕسـتی سـەربازی کـورد لـە باکووری کوردسـتاندا، بـە هـۆی سـەرهەڵدانی جوڵانـەوەی ڕزگاریخوازیـی نەتەوەیـی و ناسـیۆنالیزمی تورکییـەوە بـە بەڕابەرایەتـی مسـتەفا کەمـال، گەلـێ جیـاواز بـوو لـەو دۆخـەی لـە باشـووردا هاتبـووە پێشـەوە. لەوێنـدەر هێزێکـی زۆر و زەبەنـدی کوردیـی، لەوانـە هـەردوو هـۆزی پێشـووی یەکەکانـی حەمیـدی و غەیـرە حەمیدییـەکان، جارێکـی دیکـە لەژێـر پڕوپاگەنـدەی عوسمانـی و ئیسلامەتـی و برایەتـی تـورک و کـوردەوە وەهـا ڕامکرابوونـەوە، تەنانـەت فرەجـار ئـەم هێزانـە بەشـداری شـەڕەکانی ڕزگارکردنـی تورکیایـان دەکـرد و شــەڕی هاوپەیمانانیــان وەک شــەڕی داگیرکاریــی وڵات وێنــا دەکــرد[٣].

(1) Eskander, pg 145/ McDowall, pg 126.
(2) Eskander, pg 157.
(3) McDowall, pg 191.

بۆنموونــە لەکاتــی دەرپەڕاندنــی یۆنانــی و ئەرمەنییەکانــدا، کۆلۆنێــڵ خالیــد بەگــی جبران فەرمانــدەی پێشــووی یەکــەی دووەمــی حەمیدییــە، ڕۆڵێکــی کاریگەریــی هەبــوو. لــە تــەواوی ئــەو جەنگانــەدا ژمارەیەکــی زۆر لــە ڕووس و ئەرمەنییــەکان لــە ڕۆژهەڵاتــی ئەنادۆڵــەوە تارنــران و وڵات خرایــە ژێــر دەســتی تورکیــا. لێــرەوە تورکیــا دەبــوو وەک خاکــی دەســەڵاتی تورکیــا بناسرێــت، کــە تــورک و کــوردی موســڵمان پێکــەوە لەبۆتــەی کۆمەڵگــەی تورکیــادا یەکێتییــەک پێکبهێنــن. بەمــەش ئومێــدی هــەر ڕێگایەکــی سیاســیی بــۆ ســەربەخۆیی، هــەر هــەوڵ و هیوایەکــی کــوردی بــۆ دروســتکردنی ســەربازی پەیوەســت بــە خۆیــان بــە شــێوەیەکی یاســایی و ڕێپێــدراو هــەم لــە باکــوور و هــەم لــە باشــووری کوردســتان تێکــڕا کلۆمــدران. لێــرەدا نیــازی ناوچەیــی تایبــەت بــە ئاینــدەی کــورد بەرەبــەرە ڕۆشــنبوویەوە. ئــیتر تەنیــا داد و پشــتیوانییەک بــۆ پرســی کــورد کــە لەئــارادا مابــوو بێــت، تەنیــا لــە ئاســتی ناوخۆییــدا مابوویــەوە، ئەویــش زیاتــر شــێخەکان شــیمانەی وەهــا وێردێکــی کوردبوونیــان لــە زیهنــدا مابــوو. ئەوانیــش زیاتــر وەک دەســەڵاتی باڵادەســتی ئایینــی، نەمانــەوە، بەڵکــو بوونــە ســەرکردەی سیاســی و ســەربازیی ئــەو قۆناغــەی قــەدەری کــوردەکان. ئەوەتــا بــە گوتــەی ڤــان برۆنەســن، کاریگەریــی نێــوان هــۆزەکان و تەریقەتــی شــێخایەتی پــەرەی ســەند. دواجــار ئــەم پەرەســەندن و هەماهەنگییــە، بــووە بایسی ســەپاندنی دەســەڵاتی خۆیــان بەســەر گەورەتریــن هــۆزە کوردییەکانــی باکــوری کوردســتاندا. بەڕادەیــەک بیریــان لــە خواســتی خۆبەڕێوەبــەری هەرێمەکانیــان کردبوویــەوە[1].

(1) Van Bruinessen, Martin. The Kurds and Islam. Working Paper 13,

زەمینــەی زیادبوونــی دەســەڵاتی شــێخەکان بــە جۆرێــک جیــاواز بــوو، کــە جڵــەوی دەســەڵاتی چەکــداری و تەنانــەت فەرماندەیــی ســەربازی ناوچەکانیــان کەوتــە دەســت. ئەمــەش لــەو ســۆنگەیەوە بــوو کــە شــێخەکان و شــوێنکەوتووانیان هیــچ بژاردەیەکــی دیکەیــان بــێ لــە بــژاردەی هەڵگرتنــی چــەک و خەبــات بــۆ ســەندنی هــەق و دانپێدانانــی فەرمــی و ناوچەیــی نەدەبینییــەوە. جێگــەی خۆیەتــی نموونــەی دووان لــە شــێخە جەســور و جوامێــرەکان بهێنینــەوە. ئەوانیــش شــێخ ســەعید لــە پالــۆی باکــووری کوردســتان و شــێخ مەحمــود بەرزنجــی لــە ســلێمانی باشــووری کوردســتاندا. ئــەوان توانیــان ســەرکردایەتی شــوێنکەوتووانی خۆیــان بکــەن، کــە هەمــوو ئەوانــەی لەســایەی ئەوانــدا چەکیــان هەڵگرتبــوو، بریتیــوون لــە پێشــمەرگەی کــورد. ئــەوان پێشــمەرگە بــوون، چــون لــە تــەواوی ململانــێ ســەربازییەکاندا، هەوڵیــان دەدا لەڕێگــەی خەباتــی چەکدارییەوە،کاریگەرییــان لەســەر سیاســەتی زلهێــز و باڵادەســتەکاندا دابنێــن.

Islamic Area Studies Project, 1999. Pg 15.

## سەرهەڵدانی شێخ مەحمودی بەرزنجی

هەریەک لە ئینگلیز و تورکەکان، تەنیا کوردیان بە قازانجی ململانێ سنوورییەکاندا بۆ ماوەیەکی کاتی بەکارهێنا.[1] شێخەکانی ناوخۆی کوردستان، ئەوانیش بەشێک بوون لەو ستراتیژەی سیاسەتی زلهێزان، کە بەمەبەستی نەیارێتی زلهێزە ناوچەییەکانی دی، درابوونە پێش پێشهاتە چەکدارییەکانی ناوچەکەوە. یەکەمین بانگەوازی چەکهەڵگرتنی کورد لە باشووری کوردستاندا، لە ماوەی دەسەڵاتی بەریتانیا و هاتنی بۆ عێراق و ویلایەتی موسڵ دەستی پێکردبوو، هەر بۆیە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٩ دا شێخ مەحمودی بەرزنجی وەک خاوەنموڵک و دەسەڵاتی ڕۆحی خەڵکی سلێمانی، دەستیدابوویە دەنگۆی ڕاپەڕین و شۆڕێکی چەکدارییەوە. بۆیە پێش ئەوەی ناوبراو بکرێتە پارێزگار و بەرپرسی سلێمانی، لەلایەن ئۆردووی ئینگلیزەوە بڕیاری باڵبەسکردنی دەرکرابوو. بەجۆرێک تەواوی بەرپرسانی سیاسی و سەربازی بەریتانیا لە ناوچەکەدا. [2]ڕاستەوخۆ لەپاش دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵی ناوچەکە، کەوتبوونە جڵەوگیرکردنی جوڵانەوە ناوچەییەکان. لێرەوە شێخی بەرزنجی، بە پشتیوانی هێزێکی چەکدار و سوارچاکی ناو شوێنکەوتە خێڵەکییەکانی سنووری کوردستانی ئێرانەوە، پشتیوانی کراو و خۆی وەک حاکمی شاری سلێمانی ناساند و تەنگیان بەو ئینگلیزانە هەڵچنی کە هاتوونە ناوچەکەوە. جەنگاوەرە خێڵەکییەکانی هەردوو سنوری وڵاتی ئێران و عێراق، بە خێرایی خۆیان لەگەڵ شێخ مەحموددا ڕێکخست و بوونە هاوپەیمانی، چون شێخ مەحمود لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی بەریتانییەکاندا، زیاتر

(1) McDowall, pg 140.

(2) Eskander, pg 152.

دەنگی دلێر و سەرکەوتوو بوو. بە گوتەی دیڤید ماکدۆناڵ، هێزەکانی شێخ بە شێوەیەکی بەرچاو بریتیبوون لە بەرزنجییەکان و ئەو چەکدارانەی ئەودیو (هەورامانی دزلییەوە، لەژێر فەرماندەیی مەحمودخانی دزلیدا بە سەدان چەکدار و سوارچاک و پیادەوە، بەدەنگ ڕزگارکردنی شاری سلێمانی و شێخ مەحموودەوە هاتبوون- وەرگێڕ)، هەمەوەندییەکان، کە لەسایەی کەریم بەگی فەتاح بەگ و بەشێک لە هۆزە نەیارەکانی جاف، جبوری، شێخ بیزێنی و ناوچەی شوانەوە پێکهاتبوون. لێرەوە بەرەبەرە ژمارەی چەکدارەکانی دەوری شێخ مەحمود، تاوەکو پێش هێرشکردنە سەر سەربازانی ئینگلیز و بەرژەوەندییەکانی زیاد بوون [1]. هاوکات بێ لەو چەدارانەی لە سلێمانیدا گردبوونەوە، هاوکات لە دەڤەری بارزانەوە، بارزانییەکانیش لەژێر فەرماندەیی سوارچاکی لاو، مستەفا بارزانی تەمەن ١٦ ساڵدا، کە دواتر وەک سەرکردەی داهاتووی دۆزی ناسیۆنالیستی کوردیی هاتە ناو کۆڕی خەباتەوە[2]. ناوبراویش لەو قۆناغەدا فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی چەکداریی بەشێکی کوردستانی عێراقەوە کرد. بارزانی و پێشمەرگەکانی بە فەرمانی شێخی بارزان، شێخ ئەحمەدی بارزان، لە ڕێگادا بەرەو کۆمەکی شێخ مەحمودی بەرزنجی کەوتبوونە ڕێ، بەجۆرێک زەواری زەلامەکانیان، شیوی پیاوانیان تێپەڕاند بوو. وەلێ پێش ئەوەی بگەنە مەنزڵ، هەر لە ڕێگەدا، کەوتبوونە مەتەرێز و بۆسەی بێبەزەییانەی چەتە و چەکدار و پاسەوانانی سنووری ڕێگاکەوە. لەگەڵ ئەوشدا بارزانی و پیاوەکانی گەیشتبوونە شوێنی مەبەست، وەلێ تازە دێر بوو، بۆیە نەیانتوانی نیازی کۆمەک و چالاکییەکەیان شوێنێکی ئەوتۆ

(1) McDowall, pgs 157, 158.

(2) Atroushi, Alex (KDP Webmaster). Mustafa Barzani. http://www.xs4all.nl/~tank/kurdish/htdocs/lib/barzani.html. Acquired 19 July 2005.

بگرێـت[1]. ئـەو شـەڕڤانان و شۆڕەسـوارانەی بارزانی، تەنیـا بەشـێک بـوون لـەو هێـزە تایبەتـەی بەنیـازی دەسـگرۆیی ڕاپەڕینەکەی شـێخ مەحمـود، گەورەیی و هەسـتی بـەرزی نیشـتمانییان نوانـد بوو. شـێخ مەحمـود لەگەڵ ئەوەی هۆشـی بـەلای گەشەسـەندن و گەورەبوونـی هێـزی سیاسـی و سـەربازیی ناوچەکـەوە هەبـوو، وەلـێ تەنیـا بـژاردەی چەکداریـی لەپێشـدا بـوو، بۆیـە ئاتاجـی بـە بەردەوامـی هێـرش و هەڵکوتانـە سـەر سـەربازگە و سـەنگەرەکانی ئینگلیـز هەبـوو[2]. لـە درێـژەی پێشـڕەوییە چەکدارییەکـەی شـێخ و هاوەڵەکانیـدا، دوو لیـوای بەریتانیـی لـە دەربەنـدی بازیانـی نزیک سـلێمانیدا، دروسـت لـە مانگی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩١٩دا پێشـیان بـە جوڵانـەوە چەکدارییەکەیـان گـرت و لـە کۆتاییـدا توانیـان شـێخ مەحمـود دەسـتگیربکەن و بـەرەو داگیرگەکانـی خۆیـان لـە هیندسـتاندا دووریبخەنـەوە.[3] لـە ڕاسـتیدا هەر لەسـەرەتاوە، شـێخ ئـەوەی لـەلا پەنهـان نەبـوو کـە ڕاسـتەوخۆ ناتوانێت شکسـت بـە ئینگلیـزەکان بهێنێـت،[4] تەنیـا هیـوای دەخواسـت بـە داکۆکیکـردن و سـووربوونی لەسـەر خواسـتی کوردسـتانێکی یەکگرتـووی ئـازاددا، بتوانێـت لەڕێی تەقوتـۆق و کاری پارتیزانییـەوە دانپێدانانـی دەوڵەتانـی گـەورە، هەبوونـی ناسـیۆنالیزمی کوردیی بسـەلمێنێت[5]. هەربۆیـە شـێخ مەحمـود بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە دەسـەڵاتە مەعنەوییەکانـی خـۆی، وەک سـەرکردەیەکی ئایینـی، لـە سـاڵی ١٩١٩دا داوای

(1) Barzani, pg 21.
(2) McDowall, pg 157.
(3) Ghassemlou, pg 63.
(4) Olson, pg 61.
(5) Eskander, pg 152.

جیهاد و جەنگی دژ بە ئینگلیزەکان ڕاگەیاند بوو[1]. ئەوەبوو لەم گۆشە نیگایەوە توانی پشتیوانی زۆرێک لە کوردی بەشەکانی دیکە فەراهەم بکات و ببێتە کەواسووری پێش پێناوە کوردییەکە[2].هەرچەندە جەوهەری جوڵانەوەکەی شێخ، شوناس و پاڵنەرێکی ئایینی لەپشتەوە بوو، بەڵام دەبێت لە ڕاستەقینەی ڕێگەکەشدا، ڕازی کوردبوون و بیری ئازادیخوازیی نەتەوەیی و سیاسی نەتەوەیەک فەرامۆش نەکەین، کە لەپێناو باشتربوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری و تایبەتمەندیی تێکۆشانە کوردییەکە هەستابوونە سەرپێ. سەرەڕای دژایەتی و دنەی دەوڵەتان و سەرپێچی بەشێک لە هۆزە کوردییە ناوچەییەکانی دیکە، کە دەشێ لە ترسی گەشەسەندنی دەسەڵاتی شێخ مەحموودا ملیان بە بزووتنەوە چەکدارییەکەی شێخ نەدەدا. بەڵام شەڕڤانانی شێخ مەحمود، نەک سارد نەببوونەوە، بەڵکو بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی بەریتانیا. تەنانەت پاش دەستگیرکردنی شێخ و دوورخستنەوەی، هێشتا هیوایان بە جۆشدانی جەماوەر و درێژەدان بە بزووتنەوە چەکدارییەکە مابوو. هەڵبەتە لە قۆناغی نەبوونی شێخدا، چیتر لە ژێر یەک سەرۆک و سەرکردایەتیدا ڕێکنەخرانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی هۆزە چەکدارەکانی ناوچەکە، ئەوانەی دڵسۆزیان بۆ شێخ نواندبوو، بە شێوەیەکی چالاکانە دژ بە بەریتانیا لێنەوی بوون و بەشدارییان لە چەندین چالاکی وەک هەڵکوتانە سەر بنکە و بارەگاکانی ئینگلیز و لێدان و تەقە لە ئەفسەرە سەربازییەکانی بەریتانیادا دەکرد و بەو بۆنەیەشەوە لە سەربازە پلەدارەکانی ئینگلیزیان دەکوشت و بەشدارییان لە یاخیبوون

(1) McDowall, pg 158.

(2) Ghassemlou, pg 63.

و ڕاسانە ناوخۆییەکاندا دەکرد[١]. بەم چەشنە، نیازیان بوو فشار لەسەر ئۆردوی ئینگلیز بکەن. تاوەکو بیسەلمێنن هێشتا شێخ مەحمود نەکەوتووە و توانای پەکخستنی پڕۆژە سیاسی و ئیدارییەکانی ئینگلیزیان هەیە[٢]. هەڵبەتە هێزە سەربازییە کوردییەکانی پاش شێخ، گرەوی گەمە سیاسییەکەیان بردەوە و توانیان جۆرە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ لەهەمبەر بەریتانیادا بسەلمێنن[٣]. ئەوەبوو ئینگلیزەکانیان ناچار کرد، دروست لە ساڵی ١٩٢٣دا بەفەرمی ملبدەنە بەر بانگەوازی بزووتنەوە چەکدارییەکە و دان بە ئۆتۆنۆمی کورددا بنێن[٤]. حکومەتی بەریتانیا، لە دەسپێکی پڕۆژەکەیدا بۆ عێراقی نوێ، شا فەیسەڵ وەک براوەی بژاردە عەرەبییەکان، کرد بە شای عێراق و حکومەتێکی نوێیان بۆ پێکهێنا[٥]. حکومەتی نوێ، هەلومەرجی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا، هەلومەرجێکی هەرێمیش شان بەشانی خۆی، خواستی ئێران و تورکیای لەهەمبەر هەرجۆرە ئۆتۆنۆمییەکی لۆکاڵی لادایە پەرێز و دەرەوەی مێژووی ململانێکانەوە[٦]. بۆیە شێخ و شوناسی ئۆتۆنۆمی و حکومەتەکەی لە لۆژیکی لایەنە زاڵەکانی زەواری دیپلۆماسییەتی دنیا داگیرکراوەکەدا، سڕایەوە و واژۆی دوورکەوتنەوەیان دایە دەست خودی مەلیکی کوردستان خۆی[٧].

---

(1) McDowall, pg 158.
(2) Eskander, pg 153.
(3) Eskander, pg 154/ McDowall, pg 160.
(4) McDowall, pgs 159, 169.
(5) Revolt in Mosul is Reported. New York Times, 2 January 1923/ Harrison, Marguerite E. Turbulent Kurds Stage Another Uprising. New York Times, 15 March 1925/ Kurds Killed Ten of British Column. New York Times, 26May 1925.
(6) McDowall, pg 172.
(7) Ghassemlou, pg 66.

## ڕاپەڕینی شێخ سەعید

لـە کاتێکـدا شـێخ مەحمـود لـە باشـووری کوردسـتانەوە خەباتـی بـۆ ئۆتۆنۆمـی و سـەربەخۆیی کـورد دەسـپێکرد بـوو. هـاودەم ڕاپەڕینێکـی هاوشـێوە لـە سەرانسـەری باکووری کوردسـتانەوە دژی حکومەتـی ساوای تورکیـا ڕاگەیەنـرا. ئـەم ڕاپەڕینـە پـاش یاخیبوونـی کوچگیـری هـات، کـە لـە سـاڵی ١٩٢٠ دا خەسـڵەتێکی خێڵەکییانـەی لـە خۆیـدا بەرجەسـتەکردبوو. پـاش ئـەوە، ئـیتر ڕاپەڕینـی شـێخ سـەعید بەرچاوترین بەرخودانـی ناوچەکـە بـوو، چونکـە شـەڕڤانانی کـورد خواسـتی خەباتەکەیـان بـۆ ئۆتۆنۆمی ئاشـکرا کردبـوو، هـاوکات توانیبووشـیان دەسـت بەسـەر چەندیـن چـەک و چـۆڵ و پێداویسـتی و بـارەگای حکومـی و دامـەزراوەی تورکیـادا بگـرن[١]. بەگشـتی بارودۆخـی تورکیـا و تەمبێکردنـی شـێخ و سـەرۆکهۆز تێکوپێکدانـی تەکـێ و خانەقـاکان[٢]. شکسـتی ئـەم ڕاپەڕینانـەی وەک کۆچگیریـش بوونـە ئیلهامبەخشـی حکومەتـی نوێـی تورکیـا، تاوەکـو جـددیتر مامەڵـە لەگـەڵ "کێشـەی کـورد" و جوڵانـەوەی جوداخوازیـدا بـکات. بەمـەش دەسـتیکرد بـە دەرکردنـی یاسـاگەلێ، کـە هـەم شوناسـی کـورد و هـەم توانـای حوکمڕانـی شـێخەکانی سـڕ و سـنووردار دەکـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێگـەی ناسیۆنالیسـتی تورکیـای تـەدارەک و تـەواو دەچەسـپاند. لێـرە بـەدواوە بـە بەرنامـە هێـرش بـۆ سـەر مافـە دیموکراسـیەکانی کـورد، زۆر زیاتـر بـوو[٣]. سـەرکردە ناسیۆنالیسـتەکانی کوردیـش ناچـار پەنایـان بـردە بـەر خەباتـی

(1) Olson, pg 32.
(2) O’Ballance, pg 15.
(3) Ghassemlou, pg 50.

نهێنـی و شـاراوەی شـار و گونـدەکان. هـەر لـەم گۆڕانکارییانـەوە گروپـی سیاسـی (ئازادی)یـان لـە دێرسـیمەوە دامەزرانـد[1] ١٩٢١. ئـەم ڕێکخسـتنە بە پێچەوانـەی گرووپـە ناسیۆنالیسـتەکانی پێشـووتری کورد، بە دەستپێشـخەری و دامەزراندنـی پیـاوە سـەربازییە بەئەزمـوون و ئازادیخوازەکانـی کـورد پێکهاتبـوو، نـەک لەلایـەن ڕۆشـنبیر و وردەبۆرجـوای کـوردی شـارەکانەوە.[2]

بـە گوتـەی ڕۆبـەرت ئۆلسـن، هێـزە شـەڕکەرەکانی ڕێکخـراوی ئـازادی، دارای چەندیـن چەکـداری خێڵەکـی و چەندین سـەرکردەیەکی پێشـووی فەوجەکانـی حەمیدییـە بـوون، کـە هەموویـان بـە تفەنـگ و تەدارەکـی جەنگـی و مەشـقی مەیدانییـەوە تەیـار ببـوون، تێکڕایان پێـشتر خاوەندارێتی خەباتـی ڕزگاریخـوازی تورکیـای نوێیـان دەکـرد، بۆیـە ئەمجارەیـان بەهێـز و بەوپـەڕی باوەڕبەخۆبوونـەوە ئازادییـان وەک سـەنگی مەحەکـی مەیدانخوازیـی پرسـی کـورد لێکدەدایـەوە[3]. لەسـەرەتادا و لـە میانـەی گۆڕەپانـە سـەربازییەکەی سەراسـەری تورکیـا و ئـەو بـارە نائاسـاییانەی جارلـەدوای جـار جیاوازتـر ناوچەکەیـان لەقاڵـب دابـوو[4]. ڕێک لـە ئەیلوولی ١٩٢٤دا چەنـد سـەرکردەیەکی ڕێکخـراوی ئازادیـی، بـە ئاشـکرا یاخیبـوون و بـە چـەک و جبەخانـەی جەنگیـی خۆیانـەوە، شانبەشـانی سـەدان سـەربازی پلـە نزمـی شـوێنکەوتوویان، بـەرەو شـاخ و داخەکانـی دوور لـە دەسـەڵات و دامەزراوەکانـی میریـی هەڵهاتن. بەجۆرێک زیاتر لە ٥٠٠ ئەفسـەر و سـەرباز - هـاوکات سـێ کۆمپانیـای کەتیبەیـەک و کۆمپانیایەکـی دیکـەی پەیوەسـت

(1) McDowall, pg 192.

(2) Van Bruinessen, Agha Shaikh and the State, pg 280. 75 Olson, pg 43.

(3) Olson, pg 43.

(4) Van Bruinessen, pg 284.

بـە نەزمـە سـەربازییەکەی ئـەو قۆناغـە، پێکـڕا ڕیزەکانـی تورکیایـان بـەرەو دامێنـی دەسـەڵات و بنـاری بزووتنـەوە کوردییەکـە کەوتنـەڕێ و پەیوەسـت بـوون بـە هێـزی چەکداریـی کوردییـەوە[1]. لـە بەرامبـەر ئـەو یاخیبوونـە لەپـڕ و لەنـاکاوەی لاوە کوردەکانـی نێـو سـوپادا، حکومەتی تورکیـا لەڕێـی هەواڵگیریـی و بـە هەسـتکردن بـە هێـز و هەژموونـی بەرینـی ئـازادی، بـە خێرایـی دەسـتوبردی کـرد و بەهەڵکوتانـە سـەر سـەرجەم گومانلێکراوانـی گێچەڵەکـە[2]، توانیـان زۆرێـک لـە سـەرکردەکانی ئـەو ڕێکخـراوە ڕاپەڕیـوە دەسـتگیر بکـەن، ئـیتر بـۆ ئـەوان چ قەیدێکـی نەبـوو، چ چەکـدار یـان پیلانگێـڕ، پێکڕایـان ڕەوانـەی حەپـس و حەرەمـی بەندیخانـەکان کـران[3]. بەمـەش حکومـەت توانـی زەبرێکـی کاریگـەر بسـرەوێنێتە بزووتنەوەکـە، چـون دەسـتگیرکردنی دەیانیـان لـە سـەرکردایەتییدا، بەجۆرێـک بۆشـاییەکی بەرچـاوی دەسـەڵاتی لـە نـاو پێکهاتـە سیاسـی و سـەربازییەکەی ئازادیـدا هێشـتەوە[4]. وەلـێ هێشـتا لـە پـاشماوەی ئازادیـدا، شـێخ سـەعیدی پالـۆ، سـاردنەبوویەوە و سـەرهەڵدانەکەی خستەسـەرپێی خـۆی. ئـەو شـێخێکی نەقشـبەندی بـوو، هەروەهـا لەڕێگـەی هاوسـەرگیرییەوە لەتـەک خالیـد بەگـی جبرانـدا پـردی پەیوەندییەکـی پتـەوی پێکهانـی بـوو[5]. خالیـد خەسـڵەتە سـەربازییەکەی کـەم نەبـوو، ئـەو عەقیدێکـی سـوپای تورکیـا و دامەزرێنـەری ئازادیـش بـوو. بۆیـە بەزوویـی پـاشماوەی پیاوانێـک کـە

(1) Olson, pg 50.
(2) Ibid, pg 92.
(3) Van Bruinessen, pg 280.
(4) Olson, pg 94.
(5) Van Bruinessen, pg 280.

لـە چنگـی چاودێریـی دامـەزراوە سـیخوڕییەکانی تورکیـادا قوتاریـان ببـوو، توانـی لەژێـر سـایە و سـەرکردایەتی مەعنـەوی و مونەوەریـی شـێخی پالـۆدا بـەردەوام بێـت. ئـەو پێـی وابـوو، واقیعـی کۆمەڵایەتـی و کەلتووریـی ئـەوە دەخوازێـت، کـە شـێخێک پاڵپشـتی و پشـتیوانی زیاتـری زەمینـەی ڕاپەڕینەکەیـە تـا ئەفسـەرێکی پلـەداری سـوپا. بۆیـە لەیەکـەم هەنـگاوەوە شـێخ سـەعیدی هێنایـە ژێربـاری ڕابەرایەتـی ڕاپەڕینەکـە[1]. شـێخ سـەعید دەسـتبەجێ دەسـتیکرد بـە کۆکردنـەوەی جوانـە جوامێر و بەهەڵوێسـتەکانی ئاواییـەکان و لەناویانـدا لیسـتێک نـاوی فەرمانـدەی لێهاتـوو و لێوەشـاوەی ڕاسـپارد. بەپێـی وتـەی ڤـان بڕۆنەسن:"شـێخ سـەعید دەیزانـی دەروونـی داخلەدڵـی خەڵکەکـە چـۆن سـاڕێژ دەبێـت، بۆیـە توانـا و تاقەتـی ئـەوەی هەبـوو هێزیـان بداتـێ و ڕازییـان بـکات". لەگـەڵ ئەوەشـدا ناوبانگێکـی گـەورەی لـە بـواری خواپەرسـتی و خەسـڵەتی تەقـوا و تەریقەتـدا بۆخـۆی بەرجەسـتە کردبـوو. هەربۆیـە شـێخ سـەعید وەک سـەرکردەیەکی نـوێ و نـاوازەی قۆناغەکـە، دروسـت وەک شـێخ مەحمـود، تۆرەمـەی تـۆوی بیروبـاوەڕ و بانـگ و بانگـەوازی بـۆ هەسـتی یەکگرتوویـی و یەکێتـی ئیسلامـی نێـوان کـوردان شینکردبوو. لێـرەوە شێخ سـەعید توانـی لـە کاتـی بەسـەرکردنەوەی گەلەکەیـدا، گونـد و شـارۆچکە و شـارەکانی ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـی لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٢٥دا بەجوانـی جۆشـدا. لێـرەوە بەشـێک لـە دامـەزراوە و دەسـتە و گروپـە کۆمەڵایەتییەکانـی کـورد وەڵامـی ئەرێنـی بانگـەوازی هەڵگرتنـی چەکیـان چاپوکانـە دایـەوە. لـە کاتێکـدا شـێخ سـەعید فەتوایشـی دەرکـرد و لـە وتارەکانییـەوە بێسـلەمینەوە

(1) Olson, pg 95.

سەرکۆنەی سیاسەتە سیکۆلارییە کەمالیستییەکەی دەکرد. هەروەها بە خەتی خۆی نامەگەلێکی نووسی و بانگهێشتی ژمارەیەکی زۆر لە هۆز و تیرەکانی کوردی کرد تاوەکو بەشدار بن لە نەفیری جیهاد دژ بە حکومەتدا[1]. شێخ بە شێوەیەکی شەخسیش لەگەڵ سەرکردەی عەشیرەت و نوێنەرەکانیان کۆبووەوە. لەنێو ناودارانی ئەوێدەم، مەلا مستەفا بارزانی، وەک نوێنەری هۆزەکانی ناوچەی بارزانی بینی[2]. هەرچەندە هەندێک لە هۆزەکان بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدا و ئەوەیان دایەدواوە کە شوێن شێخ سەعید و شۆڕشەکەی بکەون، بەڵام لە زۆربەی زۆری شار و شارۆچکەکانەوە پێشوازیی و بەدەنگهاتنێکی ئێجگار ئەرێنیی لێکرا. سەرهەڵدانی شێخ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، شێخی خستەناو خەباتێکەوە کە تێیدا لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥دا ناونیشانی خۆی بە ئەمیری موجاهیدان و فەرماندەی ئیمانداران و شەڕڤانانی شەڕی پیرۆز بناسێنێت. بە گشتی ١٥ بۆ ٢٠ هەزار تفەنگەبەدەستی کورد بۆ پشتیوانی لە شێخ سەعید و بانگەوازی ڕێکخستنی ئازادی پەیمانی پێکەوەیی و گردبوونەوەیان بردەسەر[3]. زۆرێک لە شەڕکەرەکان، بە ئەسپ، تفەنگ، تەنانەت چەقۆوە خۆیان تەیار کردبوو. زۆربەی چەکەکانیش کە لە کۆگا و حەشارگەکانی چەک و تەقەمەنی ناوچە سنوورییەکان و سەرانسەری لادێکانەوە دەستیان گرتبوون بەسەریاندا[4]. بەشێکیش لەو هێزە مرۆییانەی میللەتەکە، هەر

(1) Olson, pg 95/ Van Bruinessen, pg 285.

(2) Atroushi, Alex. Mustafa Barzani. Pg 1. etc. 85 Olson, pgs 95, 102.

(3) Olson, pgs 95, 102.

(4) 86 Safrastian, pg 82.

لـە پێـش یاخیبوونەکـەوە، بۆخۆیـان خاوەنـی چـەک و چەقـۆ و کەرەسـتەی جەنگـی جۆراوجـۆری خۆیـان بـوون یاخـۆ هەندێکیـان لـە ئەرمەنەکانـەوە ئـەو چەکانەیـان چنـگ کەوتبـوو. ئەمـە سـەرەڕای ئـەو هەمـوو هـەوڵ و هەرایـەی تورکیـا بـۆ داماڵینـی چـەک و چـۆڵ هـەر کوردێکـی ئـەو ناوچانـە. لێـرەوە هێـزی پێویسـتی شـەڕکەری کـورد، لـە هەرچـی لـە هۆزەکانـەوە، هاتبوونــە پێشــەوە، ئـیتر بیانوویــەک بــۆ دواخســتنی داســتان و جەنــگ جێگـەی نەدەبوویـەوە[1]. بۆیـە بـە وردی و بـە گورجـی گـەڕ و پێشـنیار و پلانـی هێرشـکردن دانـرا. لـە داڕشـتنی دەسـتوور و پلانـی شـەڕدا، شـێخ سـەعید و سـەرکردە دیارەکانـی دیکـەی ئـازادی کـە نەکەوتبوونـە نـاو داوی دەسـتگیریی و مابوونـەوە، پێکـڕا پێنـج بـەرەو بازنـەی گەورەیـان دامەزرانـد، ئـەو بازنانـە هەرکامێکیـان کەوتبـووە کـن شـێخێکی ناوچەیەکـەوە و گـوێ بەرئـاوازی ئـەو شـێخە بـوون. ئـەم سـەرکردە سـەرۆکهۆز و شـێخانەش، لەلایـەن ئەفسـەرانی پێشـووی سـوارەی حەمیدییـەوە، ڕاوێـژی سـەربازی و هـاوکاری پێویسـت دەکـران، بەمـەش پێکهاتەیەکـی پتـەوی سـەربازییان بـۆ یاخیبوونەکـە یادگـرت[2]. دوای داڕشـتنی دروسـتی ڕێکخسـتن، دەستنیشـانکردنی بەرپرسـیارێتی یەکـەکان، ئەوانیـش بەسـەر نـۆ بـواری جیاجیـادا دابەشـکران. دواجاریـش بـارەگای گشـتی هێـزە سـەربازییەکان شـێخ سـەعید لـە ئاگـری داغـەوە دەستنیشـان کـرا. لەوێـوە و بـە هێزێکـی دوو هـەزار کەسـییەوە، جەنابـی شـێخ پارێزگاریـی لێدەکـرا [3] .

(1) Van Bruinessen, pgs 286, 292.

(2) Vanly, The Kurds A Contemporary Overview, pg 197. 89 Bedr Khan, Sureya. The Case of Kurdistan Against

(3) Bedr Khan, Sureya. The Case of Kurdistan Against Turkey. Pgs 49, 50.

بەمجـۆرە و لـە کاتـی دەسـتپێکردنی ڕاپەڕینەکـەدا، شـەڕڤانانی شـێخ سـەعید کـە تـا ئـەوکات خۆیـان لەقـەرەی ڕووبەڕووبوونـەوەی نزیکـەی ٢٥ هـەزار سـەربازی تورکیـا دەدا(١). ئەوەبـوو لەگـەڵ یەکـەم زەنـگ و زەبـری ڕاپەڕینەکـەدا، کۆنترۆڵـی تـەواوی ویلایەتێـک لـە نزیـک دیاربەکـردا ڕاگەیەنـرا(٢). ئەمـە و جگـە لـە دەستبەسـەرداگرتنی سـنوری ڕزگارکـراو، هـاوکات بەدەسـتهێنانی تەقەمەنـی زیـادەش زەفەرێکـی دیکـەی گورچکبـڕ بـوو کـە لەدوژمـن درا. بەمـەش سـەرکەوتنی پێشـوەختەی ڕاپەڕینەکـە، هێنـدەی تـر متمانـەی مەردومەکـەی بـە یاخیبوونەکـە خسـتە دڵیانـەوە. ئەمـەش دەرگای بـەڕووی پشـتیوانی زیاتـری کوردانـدا کـردەوە(٣). بۆیـە بەدرێژایـی ململانێـکان، چەکدارانـی شـێخ سـەعید هـەم تاکتیکـی سـەربازی ئاسـاییان بەکارهێنـا، بەتایبەتـی لـە هێرشـی فرەقۆڵیـدا و لـە هەوڵـدان بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی شـارۆچکە و شـارەکان یـەک لـەدوای یەکتریـی، هەمیـش پەنایـان بردبـووە بـە شـەڕی ناتەقلیـدی، بـۆ ئەمـەش شۆڕشـگێڕان لەنێویـان خۆیانـدا تاکتیکـی گەریلاییـان گەیاندبوویـە قولایـی قۆڵەکانـی ڕووبەڕووبوونەوەکـەوە(٤). بـۆ وێنـە لـە ڕێکخسـتنە سـەربازییە ئاسـاییەکەدا، کاتـی هێرشـکردنە سـەر دیاربەکـر ئـەوە بەدیـار کەوت، کـە لـە ڕاپۆرتەکانـدا، میریـی زیـاد لـەو زەمینـە سـەربازییەی کـورد بەشـێوەیەکی زۆر سـادەی جەنـگ، جوڵانەوەکەیـان

(1) Olson, pg 107.

(2) Turkish Kurdistan Rises in Revolt. New York Times, 25 Feb 1925.

(3) Olson, pg 108.

(4) Olson, pg 110/ Nazaroff, Alexander I. Old Turks War on New, Aiding Kurdish Revolt. New York Times, 19 April 1925.

جـۆش دەدا، بانگەشـە و دەنگـۆی دەسـتێوەردانی دەرەکـی و نێودەوڵەتـی کردبـووە هـەرا و هەڵڵایەکـی زۆر، تاوەکـو پاسـاوی پلیشـانەوە و سـوتان و بڕینـی بزووتنەوەکـەی چنگکەوێـت[1]. سـەرەڕای نوانـدن و نیشـاندانی بوێریـی و بەهێزیـی، لـە شـەڕڤانانی شـێخ سـەعیدەوە، حکومەتـی کەمالیسـتی تـورک، توانـی بـە خێرایـی، هێزەکانـی کۆبکاتـەوە و تێکڕایـان بـۆ سـەرکوتکردنی یاخیبوونەکـە ڕاکێشـێتە بەرەکانـی جەنگـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، تاوەکـو سـەرەتای مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٢٥، ٩٥ شەڕوشـۆڕ و بەیەکدادانـی بزووتنەوەکـە و بـەرەی ئەرتەشـی تورکیـا بـەردەوام بـوو[2].

لـەو ڕێککەوتـەوە بـە گەمـارۆدان و گرتنـی شـێخ سـەعید، ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو، نەیدەویسـت بکەوێتـە دەسـتی دەسـەڵات، هەربۆیـە هەوڵیشـی دابـوو، بـەرەو قۆڕنـە و قوڵـی سـنوورەکانی ئێـران خـۆی و خەباتکارەکانـی هاوەڵـی قوتـار بـکات. وەلـێ نەکـرا و لـە ٢٧ی نیسـانی ١٩٢٥دا کەوتـە دەسـتی دوژمـن. پاشـان بـە گەرماوگەرمی دادگاییـان کـرد[3]. لێـرەوە لەسـەر ئـەو کار و کـردەوە توندوتیژیانـەی دژ بـە حکومەتـی تورکیـا بەرپرسـایەتییان خرایـە ئەسـتۆی. دواجـار خـودی شـێخ سـەعید، لەگـەڵ ژمارەیـەک لـە شـوێنکەوتوانی شـێخ لـە ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٢٥دا بڕیـاری لەسـێدارەدان بەسـەریاندا جێبەجێکـرا[4]. پاشـان بـەدەردی بزووتنـەوە و بەرخودانـی کـورد لـە عێراقـدا، کـە لـە سـەردەمی شـێخ مەحمـوددا مەیدانخوازییـان دەکـرد، لەوێـش ئـەو

(1) 5,000 Kurds Attack Turks at Diarbekir. New York Times, 11 Mar 1925

(2) Nazaroff, 19 Apr 1925

(3) Van Bruinessen, pg 290

(4) Olson, pg 127.

شـوێنکەوتوانەی شـێخ سـەعید کـە هێـشتر لـە ژیانێـدا مابوونـەوە، لـە دوای لەناوچوونــی ســەرکردەکەیان، هــەر هێــرش و هەڵمــەت و پلانــی پارتیزانییــان ڕووبــەڕووی میریــی ڕانەدەگــرت. بۆنموونــە تەنیــا لەمیانــی ســاڵانی نێــوان ١٩٢٥ تاوەکــو ١٩٢٦، چەندیــن چالاکــی جۆربەجۆریــان ئەنجــام دا[١]، بەردەوامیــش ئۆپەراســیۆنی گەریلایــی دژ بــە یەکــە ســەربازییەکانی تورکیــا و تەمبێکردنیــان تەناهــی تورکیــای تێکدابــوو. تورکیــاش بــەردەوام کێوماڵــی کادیرانــی کــردە گەریلاییەکــەی دەکــرد، دواجــار توانیــان زۆرترینــی ئــەو شــەڕڤانانەی کــە مابوونــەوە قۆڵبــەس بکــەن و دانــە بەدانەیــان لــە قەنــارە بــدەن[٢].

هــاوکات لــە مانشــێتی ڕۆژنامــەی فەرمــی میللەتــەوە کەوتنــە وێــزەی ڕاپەڕینــەکان و وێنــەی دروســتی دلاوەرانــی کوردیــان دەشــێواند. هــاوکات داکۆکیــان دەکــرد لەســەر ئــەوەی دەبــێ بەتــەواوی و لەبێخــەوە ڕەگــی بیرکردنــەوە نەتەوەییەکەیــان هەڵکێشــن.

هەرچەنــدە بــە گوتــەی ڤــان برونەســن، نــە گــەریلاکان، نــە ســەرکردەکانی ڕاپەڕینــی ئاراراتیــش کــە دواتــر ڕوویــدا، لــە نەزمــە نەتەوەییەکــەدا نەسرەوتــوون، تەنانــەت هیــچ دەســتەواژەیەکی ئایینیشــیان بەکارنەهێنــاوە. ئــەو دەیــەوێ بڵــێ، بەهــۆی پەرەســەندنی هۆشــیاریی ناســیۆنالیزمی کوردییــەوە، ســەرەڕای دەســپێکی شارســتانییەت و بەمۆدێرنکردنــی وڵات، ئــەوا پرســوجۆی، کوردبــوون بــووە دۆزێکــی چەســپاوی چارەنوســاز. بەجۆرێــک جیــا لــە پاڵنــەرە ئایینییەکانیــش،

(1) Van Bruinessen, pg 291

(2) Eight Kurds Put To Death. New York Times, 30 December 1926.

کـە هێشـتا هـەر مابـوون، تەنانـەت دامەزراندنـی کارمەندێکیـش دەبـوو لەســەر بنەمــای پەیمانێکــی خێڵەکــی یــان ڕێچکانێکــی شــێخایەتی بووایـە[1]. ئـەوەش توخمێکـی تایبەتمەنـدی کۆمەڵگـەی کوردیـی بـوو، کـە وێـڕای سـڕینەوەی سـەرلەبەری ئامـاژە ئاینییـە میللیـەکان، کەچـی هـەر مابووبـوون، بـەڵام بەنیسـبەت خەباتـی ناسیۆنالیسـتی کوردانـەوە، ئیرادەیـەک مابـوو، ئیـرادەی شـەڕکردن بـۆ کوردسـتان، بـەردەوام ببـووە بیروبــاوەڕ، ببووە بانگەوازێکــی ڕەوا بــۆ هەڵگرتنــی چــەک. لێــرەوە شـەڕڤانانی کـورد، یـان پێشـمەرگەی ئاینـدە، لـە کوردسـتاندا، ببـووە بابـەت و براندێکــی نەتەوەیــی و لــەو چەمکــە چەقبەســتووانەی لــە شۆڕشــە کلاسـیکییەکانی سـەرەتادا وەک موجاهیـد و لـە دنیابینـی دیپلۆماسـیی و مەکـری میللەتانـی سەردەسـتدا لـە بـرای ئایینـی جیادەکرایـەوە

(1) Van Bruinessen, pg 299.

## خۆیبوون (ڕاپەڕینی ئارارات)

سـەرەڕای شکسـتی ڕاپەڕینـی شـێخ سـەعید و ئـازادی، ڕۆشـنبیران و سـەرکردە ناسیۆنالیسـتەکانی کـورد، هـەروا دەستەوسـان دانەنیـشتن، بەڵکـو بـەردەوام بـوون لـە نەخشـە و پلاندانـان لەپێنـاو بەدیهێنانـی کوردسـتانێکی سـەربەخۆدا[1]. تاوەکـو دواجـار کۆمەڵەیەکیـان بەنـاوی خۆیبـوون (سـەربەخۆیی) پێکهێنـا. ئـەم کۆمەڵەیـە وەک ئۆرگانێکـی بـاڵای نەتەوەیی، خـاوەن و نوێنـەری تـەواوی دەسـەڵاتە تایبەتمەنـدە نیشـتمانی و نێودەوڵەتییەکانـی کـورد بـوو [2]. سـەرکردەکانی ئـەم ڕێکخـراوە نوێیـە، پێیـان وابـوو کلیلـی سـەرکەوتنەکان، تەنیـا لەخەبـات بـۆ کوردسـتانێکی سـەربەخۆ و لـە وەفاداریـی و وابەسـتەیی هـۆز و تیرەکانـی کـورددا نییـە، بەڵکـو لـەم قۆناغـەدا ئاتاجیـان بـە دامەزراوەیەکـی سـەربازی و تەکنیکـی نوێـی چەکداریـی هەیـە و پێویسـتیان بەوەیـە بـە شـێوەیەکی دروسـت بیـر لـە پلانێکـی پتـەوی نەخشـە بـۆ داڕێـژراو بکەنـەوە[3] . لـەم پێنـاوەدا خۆیبـوون بـۆ بەدەسـتهێنانی پێکهاتەیەکـی پێشـکەوتووی سـەربازیی، دیاریکردنـی ئیحسـان نـوری پاشـای، وەک فەرماندەی گشـتی سـوپای نیشـتمانی نەتـەوەی کـورد دیاریکـرد[4]. نـوری پاشـا، پێـشتر لەنـاو تورکـە لاوەکانـدا ئەندامێکـی زرنـگ و لێهاتـوو بـوو"[5]، وەلـێ کاتێـک یاخیبوونـی شـێخ سـەعید سەرانسـەری کوردسـتانی گرتـەوە،

(1) McDowall, pg 202.
(2) 102 Safrastian, pgs 84, 85.
(3) McDowall, pg 203.
(4) Safrastian, pg 84.
(5) Izady, pg 62.

ئـیتر دەسـتبەرداری ئەندامێتـی ئەرتەشـی تورکیـا بـوو و سەرپەرشـتی هەڵگەڕانـەوەی هێزەکوردییەکانـی نـاو سـوپای تورکیـای کـرد[١]. دواتریـش بـووە دەسـتەی دامەزراندنـی خۆیبـوون و وەک فەرمانـدەی گشـتی لەنـاو کۆمەڵەکـەدا هەمـوو هەوڵەکانـی خـۆی و خۆیبوونـی بـۆ بەدەنگەوەهاتـن و هەماهەنگـی لەگـەڵ وڵاتـە کاریگەرەکانـی ئەوروپـا خسـتەگەڕ. تاوەکـو بتوانـێ لێیانـەوە پشـتوانی و کۆمەکـی کەرەسـتە سـەربازییەکان فەراهـەم بـکات[٢]. کۆمەڵەکـە سـەرەڕای ناڕازیبوونیـان ڕژێمـی کەمالیسـتی تورکیـا، هێشـتاش نـە ئینگلیـزەکان و نـە فەرەنسـییەکان پشـتیوانییەکی ئەوتۆیـان لـە خواسـتەکانی خەباتـی خۆیبـوون نەکـرد[٣]. بـە گوتـەی حەسرەتیـان، ئـەو زلهێـزە ئەوروپییانـەی کـە گوایـا سـەردەمانێک پشـتیوانیان لـە سـەربەخۆیی کـورد دەکـرد، تێکـڕا لـە لایـەن میدیـا و ڕاپۆرتـە ڕۆژنامەوانییەکانـی تورکیـاوە دڕدۆنـگ و دوورەپەرێـز لـە جوڵانەوەکـەی کوردسـتان مابوونـەوە [٤]. خویبـون بـە هاوکارییەکـی کـەم و سـنورداری ئەوروپـا، هەروەهـا بـە پشـتیوانی پارتـی دەشـناقی ئەرمەنسـتان[٥] و چەندیـن هـۆز و کەسـایەتی کاریگەریـی وەک شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی سـەرۆکی هۆزگەلـی بارزانـی کوردسـتانی عێـراق و کـوردی سـووریا و هەمووئەمانـە بـە هانـای خویبونـەوە هاتـن و توانیـان هێڵـی ئاسـنینی سـنورەکە بـەرەو پانتاییەکـی بەرفـراوان و

(1) Van Bruinessen, pg 284.
(2) Ghassemlou, pg 54.
(3) McDowall, pg 203.
(4) Safrastian, pg 85.
(5) McDowall, pg 203.

گوندنشـینی تورکیـا تێوەبگلێنـن[١]. تاوەکـو سـاڵی ١٩٢٨ نـوری پاشـا توانـی گروپێکـی سـەربازی بچـوک و سـنوردار لـەدەوری خۆیـدا کۆبکاتـەوە، کـە تێکـڕا چەکـدار کرابـوون و بـە چەکـی مۆدێـرن مەشـق و ڕاهێنانیـان پێکرابـوو[٢]. ئەمـەش هەنـگای یەکەمـی ئامـادەکاری و دەستپێشـخەری بـوو بـۆ ڕاپەڕیـن[٣]. ئـەم هێـزە ڕێکخـراوە، چیـای ئاراراتیـان کـردە بنکـە و خاڵـی دەسـپێکردنی ڕاپەڕینەکەیـان[٤]. بۆیـە لەچوارچێـوەی پلانـی ئامادەکاریـدا، نـوری پاشـا و پیاوەکانـی توانیـان چیـای ئـارارات بکەنـە وێسـتگەی خەباتێکـی نـوێ. بـێ لـەو چیایـە، توانیـان دەسـتبگرن بەسـەر شـارۆچکەکانی دیکـەی وەک بەتلیـس و وان و زۆربـەی لادێکانـی دەوروبـەری دەریاچـەی وانـدا[٥].

بەمـەش سـەرکەوتووبوون لـە چێکردنـی ناوچەیەکـی بەرفراوانـی ئـازاد و پارێـزراودا.[٦] لێـرەوە ناوچـەی ئـازاد و چەکـداری ڕاهـێنراو و بوونـی ڕێکخراوێکـی بەبەرنامـە، بوویـە مەترسـییەکی مـەزن لەسـەر تورکیـا. بۆیـە بەهـەر شـێوەیەک بـوو بێـت، تورکـەکان، هەوڵـی سـەرکوت و دەسـگرتنەوە بەسـەر ئـەو ناوچـە ستراتیژییـەدا تـەواو نیگەرانـی کردبـوون. هێزەکانـی تورکیـا هـەر لـە سـاڵی ١٩٢٧ هەوڵـی سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەیـان دەدا، بـەڵام سـەرکەوتنەکانیان بەهـۆی

(1) O’Ballance, pg 16.
(2) Izady, pg 62.
(3) Malcontent Kurds Provoke New Crisis. NY Times, 2 Dec 1928.
(4) McDowall, pg 204
(5) Izady, pg 62.
(6) O’Ballance, pg 16 .

نەبوونـی هاوکاریـی و هەماهەنـی هەرێمییـەوە، بەتایبەتـی ئێرانییـەکان کەمتەرخـەم بـوون لـە جڵەوگیرکردنـی جوڵانەوەکـەدا. ئەمـەش بـۆ تورکیـا هـەروا هـەزم نەدەکـرا. چونکـە چیـای ئـارارات هەڵکەوتـوو لـە سـنووری تورکیـا و ئێرانـدا بـوو[1]. تورکـەکان لـە ١٩٢٧وە کەوتبوونـە وێـزەی وێسـتگە سـەربازی و سیاسـییەکەی ئاراراتـەوە. تاوەکـو دواجـار لـە سـاڵی ١٩٣٠ دا هێزەکانیـان دەسـتیان گرتـەوە بەسـەر بنـاری ئـاڕاڕات و ئاوایـی و شاروشـارۆچکە ئازادکراوەکانـدا. ئەوەبـوو پرۆسـەکە لـە مانگـی ئایـارەوە دەسـتی پێکـرد. لەوکاتـەدا سـوپای تورکیـا دەسـتی بـە هێرشـەکانی کـرد، تاوەکـو لـە کۆتایـی مانگـی حوزەیرانـی هەمـان سـاڵدا، بـە زیاتـر لـە ١٠ هـەزار سـەربازەوە توانیـان گەمـارۆی چیـای ئـاڕاڕات بدەن.[2]دیـارە ژمـارەی سـەرباز و بەرنامـەی هـەردوولا هێنـد تۆکمـە بـوو، سـات لـەدوای سـات، سـەربازی نـوێ پەیوەسـت دەبـوون بـە شـەڕگەکەوە[3]. هێـزە کوردییـەکان لـە هەنـاوی هـۆزە کوردییەکانـەوە هاتبوونـە ئـەوێ. نزیکـەی ٦٠ هـەزار سـەربازی تورکیـاش لەلایـەن حکومەتـەوە ڕاپێچـی سـنورەکە کرابـوون. بەرپرسـانی فەڕەنسـی ئیـدارەی سـوریا و بەرپرسـە بەریتانییەکانـی ئیـدارە و ماندێتـی عێراقیـش چاویـان لەسـەر دۆخەکـە بـوو. چەکدارانـی کوردسـتانی باشـوور بەشـێکی زۆریـان وەک پشـتیوانی خۆیـوون، خۆیـان گەیاندبوویـە ئـارارات [4]. بەتایبەتـی هاوکارییـە

(1) McDowall, pg 204.

(2) Turks Fighting Kurds. New York Times, 21 Jun 1930.

(3) Kurds Urge A Revolt. New York Times, 5 Jul 1930.

(4) New York Times, 6 Jul 1930.

سـەربازییەکانی بارزانییـەکان لـە باشـووری کوردسـتانەوە کاریگـەر بـوو[١]، تێکـڕای هاوکارییەکانیـان بریتـی بـوون لەناردنـی ٥٠٠ سـوار و سـوارچاکی چەلەنـگ، کـە لــە قــەزا کوردییەکانــی موسـڵەوە، لەلایــەن "شـێخی بـارزان"ەوە ڕەوانــەی ئــەوێ کـران. هەروەهـا سـەرۆک عەشـیرەتەکانی تـری کــورد، لــە هۆزەکانــی حەتچــۆ و ســیمقو کــە هەردووکیــان لــە هـۆزە کوردییـەکای خەڵکـی سـوریا بـوون، ئەوانیـش لـە سـاڵی ١٩٣٠ دا، بـە هانـای خەباتکارانـی خویبونـەوە چووبـوون. سـەبارەت بـە وڵاتانـێ هەرێمـی، بەتایبەتـی ئێـران، ئـەوا ئەگەرچـی لـە سـەرەتادا لایەنگیریـی بەرخۆدانــی کــورد بــوون، تەنانــەت زۆری پێنەچــوو حکومەتــی ئێرانــی بەرەنــگاری پێشــڕەوییە ســەربازییەکانی تورکیـا بوویـەوە، تورکـەکان ئـەو پێشـڕەویانەیان لــە نــاو ســنوورەکانی ئێرانــەوە بــۆ گەمارۆدانــی چیــای ئــارارات بەکارهانــی بــوو[٢]. بــەڵام ئێرانییــەکان بــە پێشــێلی خاکــی خۆیانیــان دەزانــی[٣]. هــاوکات دەیــان پاســەوانی بــەرەی ســنوورەکانی ئێــران دەســتیان کــرد بــە کڵۆمــدان و داخســتنی ســنوورەکانی فــارس و تورکیـا. بەمـەش ڕێکرییـان لەپێـش هـەر گەشـتیار و ڕێبوارێکـی ناپێویسـت دەکــرد. لــەم میانــەدا هــۆزە چەکدارەکانــی کــورد، لــە ســنوورەکەوە، توانیبوویــان ڕووبەرێکــی بەرفــراوان بهێننــە ژێــر ڕکێفــی خۆیانــەوە[٤]. وردە وردە ئێرانییەکانیــش هەلومەرجــی هەرێمــی و هاوســەنگی و

(1) Izady, pg 62.

(2) Revolt of Kurds Covers Wide Area. New York Times, 31 Aug 1930.

(3) Turks Invade Persia, Wiping Out Kurd Rebels; Report Nothing Left for Diplomats to Settle. New York Times 20Jul 1930.

(4) Turk Soldiers Kill Five Kurdish Chiefs. New York Times, 8 Jul 1930.

هاوسنووریان کردە پاساوی ملدان بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئەرتەشی تورک و دەستبەرداری دنەدانی کورد بوون و سنوورەکانیان بەڕووی ڕاپەڕیواندا کلۆمدا. (١) دواجار بەجارێک ڕاپەڕینە ڕێکخراوەکەی چیای ئارارات، دروست لە پاییزی ساڵی ١٩٣٠دا شکستی هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا ئۆپەراسیۆنەکەی تورک، تاوەکو دەمەو بەهار درێژەیان پێدا، مەبەستیان کێوماڵ و ڕاوەدونانی ڕاپەڕیوان و هەرکەسێکی تر بوو کە لە لایەنگیریی نوری پاشا و خۆیبووندا تێوەگلابێ (٢).

بەمەش بەزمی بزووتنەوە چەکدارییەکانی پێشوو، هەمان دەرئەنجام و دەستووری دۆڕان و دەرپەڕاندنی شکستاوی شوناس و بەرنامەی ڕاپەڕینەکەی گرتەوە. بێ لەوەش، ئەرتەشی تورکیا، فرە بێزەیی و بێڕەحمانە، ڕژانە ناو مەنزڵ و ماڵبەماڵی مەردومەکەوە. ئەوەی تۆسقاڵێک گومانی گیربووایە، بێگوێدانە هیچ ئاداب و ئەخلاقێکی سەربازیی، سزای مەرگ و ملپەڕاندن و زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا دەسەپێنرا. وێڕای وێرانکردن ڕەز و باخ و بەرهەمی کشتوکاڵی ئاواییەکان. هەزاران جەوانی جوامێر و دلاوەری دێهاتەکانی سنووری ئاراراتیان کەیلی کوشتن و بڕین کرد(٣). سەرەڕای شکستەکە، هێشتا خۆیبوون و ڕاپەڕینی ئارارات هێمایەکی گرنگ

(1) Persia Yields to Turkey. New York Times, 3 Dec 1930.

(2) Turks Hold Revolt of Kurds Crushed. New York Times, 18 Oct 1930/ Persian Troops Rout Kurds. New YorkTimes 4 Apr 1931/ Kurds Renew Border Raids. New York Times, 8 Apr 1931.

(3) 127 The Turco-Kurdish Campaign. Bekir, N.M. (M.D.), Editorial Commentary, New York Times 22 Oct 1930/ McDowall, pg 206.

و گەواهییەکـی گـەورەی گۆڕانکاریـی بـوون لـە لۆژیکـی چەکداریـی و چارەنوسـیی چالاکییـە سـەربازییەکانی کـورددا. بایەخـی بابەتەکـەش لەبـەر سـێ هـۆکاری گرنـگ بـۆ مێـژووی پێشـمەرگە دەخەینـەڕوو:

**یەکـەم:** یەکەمجـار بـوو لـە مێـژووی کـورددا، هێزێکـی سـەربازی بـە تایبـەت پەیوەسـت بـە ئایدیالـی ناسیۆنالیسـتی کوردییـەوە دامەزرێـت. پێـشتر جوڵانـەوەکان لەژێـر کاریگەریـی شـێخ و عەشرەتـدا عینوانیـان پێـدەدرا. وەلـێ سـەردەمەکە سیمای هۆزگەرایـی و خەسـڵەتی خێڵگەرایـی خسـتبووە پەرێـزی پێشـهاتە نوێیەکانـی زیهنییەتـی کۆمەڵگـەوە، چونکـە ناسـیۆنالیزم ببـووە بەدیـل و هۆکارێکـی گرنـگتر بـۆ تێکـڕای تەوژمـە چەکدارییـە چارەنوسسـازەکانی نەتـەوەی کـورد.

**دووەم:** ڕاپەڕینـی خۆیبـوون، پەیوەندیـی و ڕایەڵـەی ڕێکخسـتنێکی فرەبـوار و فرەمـەودا بـوو، بەتایبەتـی ببـووە پـردی پەیوەنـدی و گەشەسـەندنی نێـوان هۆزەکانـی دەڤـەری بـارزان، دروسـت دنیابینییەکـی وەهـا پـەردەی لەسـەر پەنهانـی ناسـیۆنالیزمێکی کوردانـە لادەدا و جوڵانەوەکـەی لەچوارچێـوەی لۆژیکێکـی ناوچەییـدا نەدەناسـاند. هەرچەنـدە مـەلا مسـتەفای بارزانـی دەسـتی بـاڵا و بـە بەرنامـەی لـە ڕاپەڕینـی شـێخ مەحمـودی بەرزنجیـدا هەبـوو، هـاکات لەگـەڵ شـێخ سـەعیدی پیرانیشـدا پێشـوەختە کۆبووبـووەوە، بـەڵام هەمـوو ئـەو پشـتیوانییە چەکدارییـەی کـە لـە هۆزەکانـی دەڤـەری بارزانـەوە بـە ڕێکخـراوی خوییـون خرابوویـەڕوو ( بـۆ نموونـە، بـە سـەرۆکایەتی شـێخ ئەحمـەدی بـارزان و بـە فەرماندەیـی مـەلا مسـتەفا) هەماهەنگییەکـی بـێ وێنـە بـوو. هەربۆیـە ئـەم ئاسـت و پێنـاوی پشـتگیرییە بـەردەوام،

بــە بەهێزیــی و بــاوەڕەوە بڕســتی دابوویــە دنیابینــی و زیهنییەتــی زەواری تێکۆشــانی ناســیۆنالیزم. بۆیــە بوویــە بەرنامــە و بــاوەڕ، بوویــە گیانێکــی زینــدوو لــە گەشــەکردنی چەکداریــی پێکەوەییــدا، ئــیتر وەک پێشــمەرگەی داهاتــوو بــە تایبەتــی لــە ناوچــەی بارزانــەوە، بڕســتی بزووتنەوەیەکــی بەریــنتر بناغــەی بــۆ دانــرا. لــە کۆتاییــدا دەتوانیــن بڵێیــن، ڕاپەڕینــی ڕێکخســتنەکانی خۆیبــوون و ڕایەڵەکانــی لەتــەک بەشــەکانی کوردســتاندا، بایســی بەریەککەوتنــی بەرژەوەندییــە نێونەتەوەیــی و هەرێمییەکانــی ناوچەکەبــوو دژ بــە بزووتنــەوی ناســیۆنالیزمی کوردیــی. گرفــت و گۆڕانکاریــی سنوریی لەنێــوان وڵاتــە هەرێمیەکانــدا، هێشــتا هــەر بایســی ناکۆکــی نێوانیــان بــوو. وەلــێ بەرپابوونــی بزووتنــەوە ناسیۆنالیســتییەکە و تەقوتــۆق و تێکۆشــانی کۆمەڵــە و ڕێکخســتنەکانی کــورد، بــوو بەخاڵــی هاوبەشــی بەرژەوەندیــی نێوانیــان. بۆیــە تێکــڕا بەشــێوەیەکی کاتــی ناکۆکیەکانیــان وەلا دەنــا. لەدەرهاویشــتەی لۆژیکێکــی وەهاشــدا بــوو کــە لــە درێــژەی هەوڵەکانیانــدا بــۆ ســەرکوت و بندەســتکردنی بڕســتی ســەربازیی کــورد، ڕووبــەڕووی ڕاپەڕیــن و ڕابوونــی بارزانییــەکان بوونــەوە.

### دەسپێکی ناو و ناوبانگی بارزانیی

لێرەدا پێش ئەوەی بەدواداچوونی زیاتر بۆ پێشینەی پێشمەرگە و ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕاپەڕینەکانی کورددا بکەین، ئەوەجەمان بەوەیە لە کاریگەریی هۆز و تیرە و شێخەکانیان بکۆڵینەوە. هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین، نە تەنیا هەر سەرکردەکانی ئەم هۆزە (شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی) کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە لەهەمبەر نومایانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دیتووە. بەڵکو ئەوان لە سەرەتای ململانێ ناسیۆنالیستییەکەی کوردەوە، ئامادەییان هەبووە. لێرەوە واتا و وێنا و پێناسەی پێشمەرگە، یان خەباتکارانەی دەسپێکی جوڵانەوە ناسیۆنالیستییەکەی کورد بەرجەستە دەبێت. ئایا ئەوانە کێن، ئەوانەی ڕووبەڕووی مەرگ دەبنە، ئەوانە لەپێناو دۆزی نەتەوەکەیاندا، چەکهەڵدەگرن و خەبات دەکەن، هاوکات سڵ لە مەرگ و مەیدانی جەنگ ناکەنەوە، ئەوانە پێشمەرگەن. هەڵبەتە لەسەرەتاوە کاریگەریی تەریقەت و شێخەکانی گوندی بارزان، بۆ یەکەمجار لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، لەسەر دەستی تاجەدین تەریقەتی شێخایەتییان وەرگرت[1]. ئیتر ئەو وەک یەکەم شێخی بارزان بناغەی ئیرشاد و ئیمانی ئەو دەڤەرەی نوێکردەوە. گوندی بارزان دروست دەکەوێتە سنووری باکووری بەشی کوردستانی عێراقەوە[2]، ڕێک لە پەناو دامێنی شاخەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوە لە کوردستانی عێراقدا

(1) Eagleton, pg 47.

(2) Barzani, Massoud. Mustafa Barzani and the Kurdish Liberation Movement (1931-1961). Pg 17.

هەڵکەوتـووە کـە دەکەوێتـە بەرزاییەکانـی سـەری سـەرەوەی زێی گـەورە[1]. سـەرەتا بـارزان نـاوی گوندێکـی گەلـێ گچکە بـوو، وەک هـەر ئاواییەکی ئەو سنوورە، هیـچ تایبەتمەندییەکـی سـەرنجڕاکێش و سـیمایەکی جیاکـەرەوەی ئەوتـۆی نەبـوو. جگە لەو داتاشـین و دیکـۆری بەردینی ماڵانـەی کە تەنانەت شـێخەکان، ماڵ و مەنزڵ و هەوار و هەرزاڵی مانەوەشـیان، شـکڵێکی تایبەتی ئەوتۆیان جیا لە خەڵکانی دی پێنەدرابوو، بەجۆرێک شوێنی نیشتەجێبوونیان نادیـار بـوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا گوندنشـینانی گوندی بـارزان، ناوبانگێکی دێرینییـان سـەبارەت بـە نواندنـی نەریتی ئازایەتـی و لەهەمبەر ئاشـنایەتیان لەگـەڵ ئاشـیان و ژینگەی مانەوەیانـدا مەیدانخوازییەکـی مەردانەیان دەکرد. بەگوێـرەی گەواهـی ئنگلتـۆن جۆنیـز، لـە بابەتـی بارزانییەکانـدا، جەنگاوەری دلێـر و بەتوانـا، هـاوکات هاوکاریـی و بەدەنگەوەهاتنـی هۆزەکانـی دەرێ، ببـووە ناسـنامە و مۆرکی مێژوویان. ئەم خەسـڵەتانە ڕێگەی بـۆ بارزانییەکان کردبوویـەوە تـا بتوانـن لەناو نـەزم و نەریتـی خێڵەکانەوە، بتوانـن بەرگری لە خۆیـان بکـەن. پـاش ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی تورکیـا بڕیـاری لـە سـێدارەدانی شـێخ عەبدولسـەلام بارزانییـان لە سـاڵی ١٩١٤ دا جێبەجێکـرد[2]. ئیتر برایەکی جـەوان و جەحێڵـی بەنـاوی شـێخ ئەحمـەدی بـارزان، کـە تەمەنـی تەنیـا ١٨ سـاڵان بوو، بەرپرسـیارێتی عەشـیرەتەکەی گرتە ئەستۆ. شـێخ ئەحمەد لەسەر ڕێبـازی براکـەی بەردەوامـی دا بـە حوکمڕانـی دەڤەرەکـە. شـێخ ئەحمـەد لەیەککاتـدا هـەردوو دەسـەڵاتی ئایینـی و سیاسـیی گرتـە دەسـت و بـوو بـە شـێخ و فەرمانـڕەوای ناوچەکـە [3].

(1) Eagleton, pg 47.

(2) Ibid, pg 48.

(3) Barzani, pg 20.

لێرەوە گەشەسەندنی دەسەڵاتی ئایینی شێخ ئەحمەد، سەریکێشا بۆ چەشنە چەلەحانێ و تۆمەتێکی ناڕەوا، ئەوەتا بە گوتەی ئیزادی، شێخ ئەحمەد لە ساڵی ١٩٢٧دا نەویوویە نەریت و مەزهەبێکی نوێی ئایندارییی، چون هەوڵی تێکەڵکردن و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی هەرسێ ئایینەکانی دییان(مەسیحیی)، گاور (جوو) و ئیسلام. ئەمەش تەنیا لە پێناوی یەکخستنی دانیشتوانی کوردی ناوچەکە، چون لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینیەوە پارچە پارچە و پەرتەوازە بوون. تەنانەت لە پەنای پەیامی ڕیفۆرمحوازی شێخدا، خەڵکێک خورافە و خواستی لابەلایان خستبووە کۆڕی کەلتورە ئاینداریيەکەوە. هەڵبەتە گرنگە بوترێت؛ بیرۆکە نوێیەکانی ئیمان و ئیلاهییەتی شێخ ئەحمەد، دروست تا ساڵی ١٩٣١ بەشێکیان بانگەشە و دەنگۆی هۆزە ڕکابەرەکانیان بوون[1]. هاوکات بەکاوەخۆ بەرنامەی حکومەتی نوێی عێراق نانەوەی تەڵە و تەکبیرێ بوو بۆ سڕینەوەی سەرانی هۆزەکە، کە بەم دواییە لەگەڵ بەریتانییەکان کەوتبوونە کردەی هاوبەشی سەربازی و پێکەوە پەیمانی لەناوبردنی گڕوگێچەڵی کوردایەتی و هەژموونی هۆزەکانی دەڤەری ناڕازی بارزانیان دا [2].

بە گوتەی مەسعود بارزانی، نیازی عێراق خۆچەمین و خۆلادن بوو لە باسوخواسی کوردایەتی. بارزانی سووربوو لەسەر ئەو ڕاستییەی؛ ئامانج و گرفتی گەورەی دەسەڵاتی عێراق، عەوداڵی بارزانییەکان بوو لە پرسی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتیدا. بۆیە ململانێی نێوان بارزانی

(1) Izady, pg 64.

(2) McDowall, pgs 172-179.

و هێـزە عێراقییـەکان لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٣١ کەوتـە قۆناغێکـی نوێـوە و ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆ دەسـتی پێکـرد تاوەکـو سـاڵی ١٩٣٢ درێژەی کێشـا. لە پیشـگرتن لـە نواندنی نەبـەردی بارزانییەکاندا، زۆرێـک لە فەرماندە و هێـزی ئاسمانـی شـاهانەی بەریتانیـا بەشـدار بـوون. ئـەوکات، لەگـەڵ ئـەوەی مـەلا مسـتەفای بـارزان، هێشـتا تەمەنـی تەنیـا ٢٨ سـاڵان بـوو، وەلێ وەک جەوانێکـی جوامێـر و دڵگـەرم، بـە نیشـاندانی بەهرەمەنـدی و بڕسـتی باڵادەسـتییە سـەربازییەکەی، بە بەرگری و هێرشـە پارتیزانییەکانی، توانایەکی نـاوازەی سـەلماند، بەجۆرێک وەک دلاوەرێکی دەگمـەن و هەڵکەوتوو، بوێری و ورەی شـەڕڤانانی وەها بەرزکردەوە، بەڕادەیەک متمانەیان بەسـەرکردایەتی بارزانـی، سـایکۆلۆجیایەکی سـەیری دابوونـێ.

هەرچەندە بەهۆی نابەرابەریی ژمارەی سـەربازانی عێراقی و بۆردوومانی بـەردەوام و بەربەریانـەی هێـزی ئاسمانی بەریتانیا، توانیان گـرەوی گۆڕەپانی جەنگەکـە بەرنـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، تاوەکـو مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٣٢ لەبەرخـودان و بەرگریـی بـەردەوام بـوون[1]. دواجـار شـێخ ئەحمـەد بارزانـی و براکانـی و دەسـتەیەکی کـەم لـە پیاوانـی شـوێنکەوتەیان، ناچـار بـوون داوای مافـی پەنابـەری لـە حکومەتـی تورکیـا بکـەن. تورکیـا بەدەنـگ داواکاریـی پەنابەرێتـی بارزانییەکانـەوە هـات، هەرچەنـدە شـێخ ئەحمەدیان لـە شـوێنکەوتووانی جوداکـردەوە و بەجیـا ڕەوانـەی ئەنقـەرەی پێتەختیـان کـرد، بـەڵام مـەلا مسـتەفا و محەمـەد سـدیقی بـرای بـۆ مـاوەی یـەک سـاڵی ڕەبـەق، لەپـاش ڕادەسـتبوونی شـێخ ئەحمـەد بەتورکیـا، هێشـتا ئـەوان لـە مەتەرێـزی سـوپای عێراقـدا مابوونـەوە و بـەردەوام بوون لە شـەڕی پارتیزانی

(1) Barzani, pgs 27, 30, 36.

دژ بـە هێـزە عێراقییـەکان. ئەوەبـوو پێش ئـەوەی خۆیان بەناچـاری و نەمانی هیـچ بژاردەیـەک بـۆ بەردەوامـی بەرخودان، ناچـار ئەوانیش ڕادەسـت بوون. پـاش ماوەیـەک بەهـۆی لێبوردنـی گشـتییەوە بارزانییەکان وەلێ (بەبێ شـێخ ئەحمـەد و فەرماندەکانـی ڕاپەڕینەکـە)، دروسـت لـە بەهاری سـاڵی ١٩٣٣دا جارێکـی تـر ڕێگەیـان پێـدرا بگەڕێنـەوە بـۆ زێـد و ماڵیـان لـە بـارزان. وەلـێ دیسـانەوە بۆیـان دەرکـەوت، کـە میریـی بەردەوامـە لـە فشـار و فەرتەنـەی نابەجـێ دژ بـە خەڵکـی سـیڤیلی ناوچەکـە، ئیـدی خەڵکانێکـی خەباتـکار و دڵسـۆزی دەڤەرەکـە، پێـشتر دەسـتیان گرتبـوو بەسـەر زۆرێک لـە چەکوچۆڵ و پێداویسـتی سـەربازیدا و حەشـاریان دابـوون بـۆ ڕۆژێکـی دیکـە و بـۆ گەڕێکـی دیکـەی ململانێکانیـان لەگـەڵ نەیارەکانیاندا. لە دواجـاردا هەریەک لـە مـەلا مسـتەفای بـارزان و شـێخ ئەحمـەد بارزانـی بـرای گـەورەی، پـاش ڕادەسـتبوونیان بـە تورکیـا، ئـەو ڕژێمـە ڕادەسـتی عێراقـی کردنـەوە[1]. بۆیـە لـە بەندیخانـەی موسـڵدا بـە دەستبەسـەری، دروسـت لـە سـاڵی ١٩٣٣ دا، ئـەو دوو برایـە بەیەکتریـی شـاد بوونـەوە. پـاش بەسـەربردنی ماوەیـەک لـە زیندانـی موسـڵ، ئـەم کەڕەتەیـان هـەر بـە دەستبەسـەری و لەژێـر چاودێری و چەپۆکـی دامـەزراوە هەواڵگرییەکانـی ڕژێمـی پادشـایەتیدا، بـران بـەرەو شـارە جیاجیاکانی ناوەڕاسـت و باشـوور و تاوەکو سـاڵانی ١٩٤٠ لەوێندەر لە دەربـەدەری و دیـاری غوربەتـدا مانـەوە. لـەو ماوەیـەدا وێسـتگەکانی ژیانی دەربەدەرییـان بریتـی بـوون لـە موسـڵ، بەغـدا، ناسریـە، کفـری و ئاڵتـون کۆپـری تادواجـار لەگـەڵ هەلومەرجـی هەژیـوی گۆڕەپانی سیاسـیی عێراقدا، خۆیـان گەیانـدەوە کوردسـتان و مـەلا مسـتەفای بارزانی لە شـاری سـلێمانیدا

(1) McDowall, pg 180.

جێگیر بوو. پاش ئەوەی ماوەیەک لە سلێمانیدا مانەوە، مەیلی گەڕانەوە بۆ بارزانی زێدی خۆیان، بەشێوەیەکی نهێنی خۆیان دەرباز کرد. جێگەی ئاماژەیە بڵێین ئەو چەکدارانەی هۆزی بارزان کە بەشێوەیەکی نهێنی، هەر لەزێدی خۆیاندا مابوونەوە، ئەوانیش ڕووبەڕووی فشاری بەردەوامی گرتن و ڕاوەدونان و تەنانەت کوشتن ببوونەوە [١]. دیارە لە دەسپێکدا لە دەڤەری بارزان نەریتی ناکۆکییە عشایەرییەکان بوونیان هەبوو، بەڵام زەبر و زیندان و فشاری حکومەتی عێراقی دژ بەگەشەکردنی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی، بووە بایسی ئەوەی ئەوان وەک سەرکردەی دیاری کورد زیاتر زەمینەیان بۆ بڕەخسێت. چون بە درێژایی ئەم ململانێ سەرەتاییانە، بارزانییەکان بە بەردەوامی سەرکردایەتی و لێهاتوویی سەربازی خۆیان پیشان دەدا، هاوکات ئەزموون و ئازایەتییان لە ئاستێکدا بوو کە سوپای بێئەزموون و تازە دامەزراوی عێراقی، بەبێ کۆمەکی بەریتانیا، بڕستی ڕووبەڕووبوونەوەی مەیدانی بارزانیەکانیان نەبوو[٢].

جگە لەوەش، دەربەدەری دیاری غوربەت، فاکتەرێکی دیکە بوو بۆ ژیانی سیاسیی بارزانییەکان، تاوەکو لە شارە گەورەکانی دیکەی عێراقەوە، بتوانن بوارێکی ئەوتۆیان لەهەمبەر دیدی نوێ و بیرۆکەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، بە شکڵێکی شارستانییانە شرۆڤە بکەنەوە. ئەم فەرهەنگە نوێیەی پێڕەوی ناسیۆنالیزم، بە تایبەتی بۆ مەلا مستەفا بارزانی گرنگییەکی ئەوتۆی هەبوو، چونکە بارزانی زێدەتر باوەڕی بە هێزێکی سەربازیی ڕێکخراوی ڕاستەقینە هەبوو، کە سەربازەکانی

(1) Barzani, pgs 37, 41, 43

(2) Barzani, pg 49.

تـژی و تەییـار بـن بـە ڕۆحـی ڕاسـانی نەتـەوە و بیـری کوردپەروەریـی. ئـەو دەرکـی بـەوە کردبـوو، کـە بەڵـێ بەهـۆی بیـری هۆزگەرایـی و لەژێـر چەتـر و چوارچێوەیەکـی هۆزگەراییـدا، یاخـود بـەو شـەوکەت و شوناسـەوە، شـیمانەی شکسـت و دۆڕان دەکات و هیچـکات ناتوانـن حکومەتـی عێراقـی ببەزێنـن. هەربۆیـە پـاش تێکەڵبوونـی بارزانـی و خەباتکارەکانـی بـارزان لەگـەڵ ئەزمـوون و ئـەو واقیعـەی دیمەنـی سیاسـی و ڕەوتە ناسیۆنالیسـتییە عەرەبییـەکان و هـزر و هێـزی ئایدیۆلـۆژی هەرێمەکـە و عێراقـی تێکەوتبـوو، بارزانـی خوێندنـەوەی دروسـتی دەهێنـا و دەبـرد، دەیزانـی لـەو قۆناغـەدا خواسـتی خۆبەڕێوەبـەری، خواسـتێکە هێشـتا هـزری عێراقییـەکان عادەتـی پێنـاکات[1]. بۆیـە بارزانـی، بـە تاوتـوێ و تەڕحـی تیۆرێکـی تێکـەڵ بـە ڕاوێـژ و ڕوانگـەی ڕۆشـنبیری کوردیـی و نەتەوەپەرسـتەکانی ئـەودەم، توانـی گەڵالـەی گۆڕانکارییـەکان لـە سـەرلەنوێ سـەرکردایەتی ڕاپەڕینێکـی نـوێ و هەمەلایەنـدا جـۆش بداتـەوە.

(1) McDowall, pg 290

## سەرهەڵدانەوەی هێزەکانی بارزانی و ڕاپەڕینی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)

لەگــەڵ دەســپێکی جەنگــی دووەمــی جیهانیــدا، داگیرکارییــەکان، ســەرنجی گەلانــی جیهانــی بــەرەو دۆخێکــی دژوار ڕاکێشــا، جارێکــی تــر بارزانییــەکان و هۆزەکەیــان، بەپاســاوی ناکۆکییەکانــی نێوانیــان لەگــەڵ میریــدا، چــون هێشــتا لەگــەڵ حکومەتــی عێراقــدا چارەســەریی ناکۆکییــەکان و قەرەبــووی کاولکاریــی و زەبــر و زیانــی کردەســەربازییە بەردەوامەکانــی پێشــوو نەکرابــوو. هــەروا لەدەرێــی متمانــە بەیەکتریــی مابوونــەوە.

بۆیــە تەنگــژەی دۆخــی ناوخــۆی عێــراق لــە ســاڵی ١٩٤١ دا، هەروەهــا تێکچوونــی ڕەوشــی بەغــدا، پێدەچێــت بــۆ دڵنیابوون لــە پابەندبوونــی عێراق بــە دۆزی هاوپەیمانانــەوە، جارێکــی تــر ئاتاجیــان بــە ئینگلیــر دەبــوو. چــون لەهــەر ســەرهەڵدانێکدا، گریمانــەی ئەوە دەکــرا، عێراق لەچنگــی داگیرکاریی بەریتانیــا بچێتــە دەرەوە[1]. بۆیــە یەکگرتنــەوەی مســتەفا بارزانــی و زێــد و گەلەکــەی، دیســانەوە مەیدانخوازییــەک بــوو بەســەر دەســەڵاتی عێــراق[2].

دواجــار لــە ســاڵی ١٩٤٣دا پــاش ئــەوەی عێــراق دووچــاری هەڵاوســانێکی گــەورە ببوویــەوە[3]. لەبەرانبــەردا ئینگلیزەکانیــش بایەخێکــی ئەوتۆیــان بــە پرســی کــورد نــەدەدا، هــاوکات بنەماڵەی بارزانیــش لەژێر تینوتــای ئاوارەیی و دەربەدەریــدا دوچــاری ژیانێکــی تاقەتپڕوکێــن ببوونــەوە. تەنانــەت لە ماوەی

(1) O’Ballance, pg 21.

(2) 142 Barzani, pg 43. 143 Roosevelt, pg 256. 144 McDowall, 290. 145 Barzani, pg 43. 146 McDowall, pg 290.

(3) Roosevelt, Archie. For Lust of Knowing: Memoirs of an Intelligence Officer. Pg 256

مانەوەیـان لـە سـلێمانیدا، دۆخـی داراییـان هێنـدە خـراپ بـوو، ناچـار ببوون تەنیـا بـۆ مانەوەیـان و هەڵسـوڕانی بژێـوی و ژیانیـان پەنایـان بردبـووە بـەر کڕیـن و فرۆشـیی و کاری زێڕنگەریـی. دواجار بۆیە بارزانـی پلانی گەڕانەوەی بـۆ بارزان بەزوویی خسـتە بـواری جێبەجێکردنـەوە و خۆیانی دەربـاز کرد[1].

هەربۆیـە بـێ لەو ستراتیژە سیاسـییەی بۆی تێدەکۆشـان، بـاری ئابووریش پاڵنەرێکـی دیکـەی پێشـنیاری گەڕانەوەیـان بـوو[2]. هەرچەنـدە بارزانـی پەیوەندیـی لەتـەک ڕەوتـە ناسیۆنالیسـتەکانی کـورددا لـە سـلێمانیدا هەبـوو، کـە دیـارە ئـەوان پێـش سـاڵێک، هاوکاریی تاوتـوێ و تەڕحـی دەربـاز بوونـی بارزانـی بووبـن[3]. دواجـار دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە شـێخ ئەحمـەد بارزانی، مـەلا مسـتەفا لەگـەڵ دوو کەسـی نزیکـی خۆی لـە سـلێمانییەوە دەرچوون و پەڕینەوە بۆ دیوی سـنووریی ئێران[4]. لەوێشـدا لە سـنوورەکانی شـارۆچکەی شـنۆی ئێرانەوە. بەڕێگەی نهێنی و شـاراوەدا، گەیشـتننەوە سـنووری بارزان و بـە خەڵـک و خـزم و هاوگوندییەکانـی خۆیـان شـادبوونەوە [5] .

بەگەڕانـەوەی بارزانـی، باسوخواسـی لەنێـو خەڵکـی ناوچەکـەدا بـووە وێـردی سـەرزاران. لێـرەوە زۆربـەی سـەرۆک هۆزەکانـی دەرو دراوسـێی دەڤەرەکـە و خەڵکانێکـی تامـەزرۆی تێکۆشـان و تەڕحـی ناسیۆنالیسـتی کـوردی، هـاوکات لەگـەڵ ئـەو سـەربازە کوردانـەی نێـو ئەرتەشـی عێـراق، تێکـڕا لـەدەوری بارزانـی گردبوونـەوە و گەڕێکـی دیکـەی ڕاپەڕیـن و

(1) Roosevelt, pg 256.
(2) McDowall, 290.
(3) Barzani, pg 43.
(4) McDowall, pg 290.
(5) Barzani, pg 43.

ڕاسـان لـە کەللـەی دابـوون[١]. بۆیـە بارزانیـش هـەر لەگـەڵ گەڕانەوەیـدا، بەبـێ هیـچ دوودڵییـەک، دەسـتووری دامەزراندنـی هێزێکـی چەکـداری خسـتەبەرنامەیەوە. ئەوەبـوو بـە تەنیـا لەمـاوەی دوو هەفتـەدا، توانیـان هێزێکـی چەکداریـی ٧٥٠ کەسـیی کۆبکەنـەوە و پڕچـەک بکرێـن[٢]. ئـەم هەنـگاوەش هەوڵێکـی هەوەنتـە نەبـوو، بەڵکـو مەیدانخوزاییەکـی ئاشـکار بـوو لەبـەردەم هەر هەوڵێکی هەرێمی و هێزێکی داگیرکەردا. لەدەسـتپێکدا شـەڕڤانانی بارزانـی هەر لـەو دەوروخولـەی دەڤەری بارزاندا دەسـتیان دایە چەنـد وردە ئۆپەراسـیۆنێک[٣]. بۆنموونـە هەڵیانکوتایە سـەر بنکەی پۆلیس و چەنـد بارەگایەکـی سـەربازی سـنوورەکە[٤]. وەک ئەوەی بیانەوێ سـەرلەنوێ پەیامـی پێشـوەختی خۆیـان، لەهەمبـەر گەشـە و تینوتـاوی ڕێکخسـتنەوەی سـەربازی هێزەکانیـان نیشـان بدەنەوە. لێـرەوە وردە وردە لاوانـی ناوچەکە، ڕوویـان لـە یەکـە چەکدارییەکانـی بـارزان دەکـرد و نـاوی خۆیـان لەڕیـزی ڕێکخسـتنە سـەربازییەکەدا تۆمـار دەکـرد. بەجۆرێـک تەنیـا لەمـاوەی دوو مانگـدا ڕێـژەی چەکدارەکانی پەیوەسـت بە بارزانییەوە، بـۆ ٢٠٠٠ چەکداری چەلەنگ و نیشـتمانی بەرزبووەوە[٥]. هاوکات سـەربازانی کوردی نێو سـوپای عێـراق، بەخۆیـان و چەکەکانیانـەوە، ڕیـزی سـوپای عێراقیـان جێدەهـێڵا و پەیوەندیاییـان بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی بارزانـەوە دەکـرد[٦].

---

(1) McDowall, pgs 292-293
(2) Barzani, pg 44
(3) Barzani, pg 44.
(4) O’Ballance, pg 24.
(5) Barzani, pg 44.
(6) O’Ballance, pg 24.

هەربۆیــە بەنیــازی ڕێکخســتنی ئــەم هێــزە پەرەســەندووە، بارزانــی هەســتا بــە چێردنــی چەنــدان گروپــی جەنــگاوەری جیاجیــا کــە هــەر کامێکیــان خــۆی لــە ١٥-٣٠ چەکــداردا دەبینییــەوە. بوونــی ئــەم هێــزە، هــەروا بێــکار و هەڵوێست نەمانــەوە، بەزوویــی هەڵیانکوتانــە ســەر بارەگاو بنکــە ســەربازییەکان و دامــەزراوە داپڵۆســێنەرەکانی ناوچەکــەدا.[١]

هــاوکات بەدرێژایــی ســاڵی ١٩٤٣ توانیــان دەســتبگرن بەســەر چەندەهــا چەکوچۆڵــی ســەربازی و کــۆگای تەقەمەنیــدا. بارزانــی لــە دەســپێکی جەنگەکانــەوە، ســەرنجی دەدایــە ڕێکخســتنەکە و بــەوردی چــاوی لەســەر دیاریکردنــی فەرمانــدە لێهاتــوو و لێوەشــاوەکانی نــاو یەکــە چەکدارییەکانــی بــوو. هــاوکات بەپێــی پێگــە و توانــاو پســپۆرییان لەبــوارە جیاجیاکانــدا، هەرکامێکیانــی لەبــواری فەرماندەیــی، مامەڵــەی لۆجســتیکی و پۆســت و پلــەی شــیاو بەخۆیانــدا دادەنــا. [٢] پــاش دیاریکردنــی بەشــەکان و ســپاردنی بەرپرســایەتی بــە هەرکەســێکیان، بۆخۆیشــی لــە ســنووری بیستریــدا بــارەگای تایبــەت بەخــۆی و ســەرکردایەتی جوڵانەوەکــەی دامەزرانــد. ئــەوێ گوندێــک بــوو دەکەوتــە نێوەنــدی ڕێگــەی نێــوان هێزەکانــی ڕەوانــدوز و بارزانــەوە. بەمجــۆرە بڕیارەکانــی بارزانــی دیاریکردنــی چەندیــن فەرمانــدە و ســەرکردەی لێوەشــاوە، بۆئــەوە بــوو بــاشتر توانایــان بەســەر کۆنتــڕۆڵ و کــردەی ڕێکخراوەیــی هێزەکانــدا بشــکێت. ئەمــەش هەســتێکی تــژی لــە ڕۆحــی بەرپرســایەتی و هەماهەنگــی ۆ هاوڕێیەتــی خزاندبــووە نێــوان ڕیزەکانــی ڕێکخســتنی ســەربازی بارزانــەوە. لــە دەســپێکی ڕووبەڕووبوونەوە

(1) Barzani, pg 55.

(2) Ibid, Appendix I.

توندەکانـدا، یەکەمیـن سـەرکەوتنی مێژوویـی بەسـەر هێـزی ڕاهـێنراو و پڕچەکـی سـوپای عێراقیـدا دەنگدانەوەیەکـی فرەوانـی هەبـوو.[1]

لـە ئەنجامـی دەستبەسـەراگرتن و کۆنترۆڵـی ناوچەیەکـی بەرفـراوان و پاکردنـەوەی لـە هێزەکانـی سـوپای عێراقیـی. هـاوکات نواندنـی دڵسـۆزی و دڵخۆشـی خەڵکـی سـنوورەکە بـۆ سـەرهەڵدانی چەکداریـی بارزانیی. بارزانـی بەشـێوەیەکی فەرمـی داوای ئۆتۆنۆمـی لـە حکومەتـی عێراقـی کـرد. هەروەهـا داوای ئازادکردنـی تێکـڕای زیندانیانـی کـورد، لـە نێویانـدا شـێخ ئەحمـەد بارزانـی دوپاتکـردەوە. ئەوەبـوو لەوەڵامـی داواکارییەکانـی بارزانـدا، بەبـێ هیـچ هەڵوێسـتەیەک، داوای ئۆتۆنۆمییـان دایـە دواوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا حکومەتـی عێـراق بـە درێژایـی دەسـپێکی چلـەکان، بەناچاریـی لەگـەڵ بارزانیـدا کەوتـە نـاو دانوسـتان و نیـازی گفتوگـۆی چارەسـەرییەوە[2]. لەئاکامـدا دانوسـتانە بەردەوامەکانـدا، بڕیـاری ئازادکردنـی شـێخ ئەحمـەدی بـارزان درا. هـاوکات لەبەرامبـەر پێشـگرتن بـە هەوڵەکانـی ڕژێـم بـۆ دروسـتکردنی درز و دابەشـبوونی نیشـتمانی، ئەوەبـوو لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٤ دا، بارزانـی چەمـک و دەسـتەواژەی "جـاش"ی لـە هەمبـەر هـەر غەیانێکـی کـورددا، دەرهـەق بـە جوڵانـەوە چەکدارییەکـەی کـورد هێنایـە نـاو بەکارهێنانـی بـاوی نـاو جوڵانـەوە کوردییەکـەوە[3]. بەکارهێنانـی دەسـتەواژەیەکی وا، لـە بـاوەڕی بارزانیـدا، بـەراورد و ناسـاندنی هـەر ئینسـانێکی دوور لـە نومایانـی دڵسـۆزی بـۆ

(1) Ibid, Appendix I.

(2) McDowall, pg 293.

(3) Eagleton, pg 53.

دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیەتی[١]. بۆیە جاش بەواتای بێچووە گوێدرێژ لە زمانی کوردیدا، وەک ئامرازێک بوو بۆ ڕەخنەی ئاشکرا لەو کەسانەی کوردن، وەلێ هاوکاری حکومەتی عێراقیی و نەیارانی نەتەوەکەیان دەکەن. ئەمەش دواڕادەی دەربڕینی سووکایەتیی بوو بەو پۆلیس و جاشە کوردانەی کە کەوتبوونە وێزەی هاووڵاتیانی خۆیان [٢].

لەگەڵ ئەوەشدا، قۆناغێکی دیپلۆماسیی لەنێوان مستەفا بارزانی و حکومەتی عێراقیدا، بەشێوەیەکی ئەرێنی دەستیپێکرد. هەڵبەتە ئەم بژاردەیە، لە پەنابردن بۆ گفتوگۆ و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی دیالۆگدا، بەشێکی بەهۆی هەوڵ و هاوسۆزیی، چەند بەرپرسێکی کوردی ناو حکومەتی عێراقەوە بوو [٣]. دوای دەستلەکارکێشانەوەی کابینەی حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٤٤دا، دەستەیەکی نوێی حوکمڕانی لە کابینەی نوێدا دەستبەکاربوون.ئەم کابینەیان بە پێچەوانەوە، باوەڕی بە بەدەنگەوەهاتنی پرسی کورد و خواستەکانی بەرخودانی بارزان نەبوو. هەربۆیە تێکڕای هەوڵەکانی لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەی شاندەکانی نێوان هەردوولا هەوڵەکانیان درا بەئاودا و هەموو ئەو جیاوگانەی جوڵانەوەکەش بەدەستی هێنابوون، دیسانەوە کەوتنە مەترسیی و مەتەرێزی دوژمنەوە. بێ لەوەش هەموو ئەو دیپلۆماتکارانەی لایەنگری کورد بوون، بەفەرمی لە کارەکانیان دوورخرانەوە[٤].لێرەوە کردنەوەی خولێکی نوێ و گەڕێکی تازەی دوژمنایەتی نێوان عێراقی-کورد هاتە ئاراوە. لەبەرامبەریشدا

(1) Barzani, pg 65.
(2) 160 Ibid, pg 44.
(3) Eagleton, pg 52.
(4) Barzani, pg 70.

مستەفا بارزانی هێزە چەکدارەکانی ڕاسپاردەوە بۆ ئەنجامدانی کردەوە و چالاکی سەربازیی زیاتر[١]. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە بۆیان ڕوونبوویەوە ئەوان تەنیا باوەڕیان بە زمانی چەک هەیە[٢]. هەربۆیە بەزوویی بارزانی هێزەکانی دابەشکردن بەسەر سێ بەرەی سەرەکیدا:

بەرەی مەرگەوەڕ- ڕەواندوز، لەژێر فەرماندەیی مستەفا خۆشناودا بوو، کە ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عێراقی بوو. ئەوی ڕاستەوخۆ وابەستەبوو بە فەرماندەیی مستەفا بارزانییەوە، کە خۆی فەرماندەی گشتی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان بوو[٣]. حکومەت لەپلانی لایەنگیریی خێڵەکی و بەریەککەوتنی کێشە ناوخۆییەکاندا بوو، پێی وابوو واقیعێکی وا، ڕێکخستنە سەربازییەکە لاواز و لەبار دەبات[٤]. لەبەرامبەردا بارزانی دەستی برد بۆ بابەتێکی گرنگ، ئەویش یەکخستنی یەکە سەربازییەکەی بوو لەچوارچێوای پارتێکی سیاسی و ڕێکخستنێکی بە میتۆد و بەرنامەدا، بۆیە بە ڕەزامەندی شێخ ئەحمەد بارزانی، لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا (پارتی ئازادی کورد) ی پێکهێنا. ئەم پارتە بە پلەی یەکەم لە ئەفسەر و بەرپرسە سەربازییە حکومییەکانی کورد و وردەبۆرجوای کوردی نێو شارەکان پێکهاتبوو[٥].

پێش ئازادی، حزبی ڕزگاری کورد لە گۆڕەپانەکەدا بوو، ئەم حزبە مەبەستی بوو تەواوی چین و توێژەکانی کورد یەکبخات و ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراق بەدەستبهێنێت. هاوکات هەر لە سایەی ستراتیژی

---

(1) McDowall, pg 292.
(2) Barzani, pg 77.
(3) Barzani, pg 77.
(4) Barzani, pg 73.
(5) O’Ballance, pg 26

پارتەکەشـدا، بـەردەوام هەوڵـی دروسـتکردنی یەکـە چەکدارییـەکان بـە ئامانجـی بەرگریکـردن لـە کوردسـتان درێژەیـان هەبـوو [١]. سـەرەڕای فەرمانـی بارزانـی بـۆ پێشـگرتن لـە هەڵگیرسـاندنەوەی شـەڕ. بـەڵام ململانێ و ئاڵۆزییـەکان دروسـت لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٤٥ دا[٢]، لەجەرگـەی شـارۆچکەی مەرگەڤـەردا پێکـدادان قەومـا.[٣] ئـەم پێکدادانـە توندوتیژیـی لێکەوتـەوە و بـووە بایسـی کوژرانـی کەسایەتییەکی نـاسراوی کـورد بەنـاوی وەلـی بـەگ و چەنـد ئەفسـەرێکی پۆلیسـی عێراقیـش پێوەبـوون. [٤]

کوژرانـی وەلـی بەگ، کاردانـەوەی توندی جەماوەری کـوردی لێکەوتەوە، بەجۆرێـک خەڵکەکـە بەبـێ هیـچ مۆڵەتێکـی فەرمـی حکومیـی، دایـان بەسـەر بنکـە و بارەگاکانی پۆلیسـی مەرگـەوەردا[٥]. سـەرەنجام جەنگاوەرانی جوڵانەوەکـەی بارزانـی، بەخێرایی لە ڕۆڵـی ناوبژیوانیکردنی پشـێوییەکانەوە، هەوسـاری ڕاپەڕینەکەیـان گرتـە دەسـت. [٦]لـەم کاتـەدا حکومەتـی عێراقـی لـە هەوڵـی دامرکاندنـەوەی دەمـی ڕاپەڕینەکـەدا بـوون. بۆیـە پێویسـتیان بـە ڕەوانەکردنـی هێـزی سـەربازی زیاتـر بـوو[٧]. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو بـە ڕاگەیاندنـی یاسـاگەلێکی سـەربازی نـوێ کەوتبوونـە هەڕەشەوگوڕەشـەی کردەگەلـی سـەربازیی بۆسـەر ناوچـە نائارامـەکان. لـەم میانەشـدا داوایـان دەکـرد، بەزوویـی بارزانـی خۆی ڕادەسـتی حکومەتی عێراقی و یاسـا بکات[٨].

(1) McDowall, pg 294
(2) Ibid, pg 78.
(3) O'Ballance, pg 27 / Barzani, pg 82
(4) Eagleton, pg 53 / Barzani, pg 82.
(5) Barzani, pg 83.
(6) Eagleton, pg 53.
(7) Roosevelt, pg 260.
(8) Barzani, pg 85.

لەگەڵ ئەوەی هیچ بژاردەیەکی دیپلۆماسی و هەوڵێکی ناوەنگیریی لە ئارادا نەمابوو. لەبری ئەوە حکومەت چەندین یەکەی سەربازی هێنابوویە ناوچەکەوە و جێگیری کردبوون و دەیانەویست پێش بە پەرەسەندنی یاخیبونەکە بگرن ونەهێڵن زیاتر لەوەی ڕوویداوە بتەنێتەوە.(١)

لەم کاتەشدا وەکو ئامادەکارییەک بۆ زاڵبوون بەسەر زەفەری دووژمندا، مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانیدا کۆبوویەوە. کۆبوونەوە بۆ بابەتی بەڕێوەبردنی جەنگەکە بوو. بۆئەوەی فەرماندەی بەرەی جەنگەکان بەدروستی دیاری بکەن. سەرەنجام بڕیاریان دا، مستەفا بارزانی پێویستە بۆخۆی سەرکردایەتی هێزی بەرەی ئاکرێ بکات. هەروەکچۆن محەمەد سەدیق بارزانی برای شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفایش، سەرکردایەتی بەرەی مەرگەوەڕ – ڕەواندوزی پێسپێردرا. لەبەرەی ئامێدیشدا، سەرکردایەتی جەنگەکە بە حاجی تەها سپێردرا. هاوکات بڕیار درا، ئەسعەد خۆشەوی وەک بەرپرسی گەمارۆدانی گاریسۆنی بیلا و ئامادەکاری بۆ هێزەکانی بەرەی ئاکرێ دیاری بکرێت. سوپای عێراق لە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی لێوارەکانی ڕۆژهەڵاتی چیای قەلەندەردا شکستیان هێنا و بەرەو گەلی گەڕێنرانەوە. لەم ئۆپەراسیۆنە گەورەیەی سوپای عێراقدا، هێزەکانی بارزانی لەتەواوی بەرەکانەوە سەرکەوتوو بوون، بەڵام زیانێکی زۆریان بەرکەوت، لەنێو زیان و قوربانییە مرۆییەکاندا، فەرماندە محەمەد سەدیق بارزانی زۆر بە سەختی زامدار کرابوو. (٢)

لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراقی هەروا بەسانایی لێنەگەڕا. بۆیە

(1) Roosevelt, pg 260.
(2) Barzani, pgs 87, 89.

لە ٤ی ئەیلوولی ١٩٤٥ دا، دیسانەوە هێرشەکانیان بەردەوام بوون. بەو پێیەی یەکەکانی سوپاکەیان لە ئاکرێ و ڕەواندوز، لەگەڵ یەکەیەکی پۆلیسدا لە ئامێدییەوە ڕووەو بارزان جێگیر کرابوونەوە [١]. هەرچەند ڕۆژێک دواتر، شەڕی مەیدان مۆریک قەوما، لەم شەڕەشدا جارێکی دیکە چەکدارانی بارزانی خۆیان لە دژی بۆردومان و قەسفی قین لەدڵانەی سوپای عێراقیدا ڕاگرت. شەڕەکە بەشێوەیەک بوو، سەریکێشا بۆ شەڕی دەستەویەخە و تێکپژانی هێزەکان لەگەڵ یەکتریدا. لێرەدا سوپای عێراقیی بەئاشکرا جڵەوی بەرەکەیان لەدەستدا نەمابوو، بۆیە ناچارکران لە سەرلەبەری سنووری جەنگەکەدا جێگە بەخۆیان نەگرن و بەرەو سەنگەرەکانی پاشەوەیان پاشەکشە بکەن [٢]. ئەمە لەکاتێکدا بوو، بەردەوام بە بۆردومانی چڕی فڕۆکە فریای سوپای عێراقیی دەکەوتن. هێشتاش هێز و تینی جەنگاوەرانی بارزانی، بەڕادەیەک بەهێز بوو، کە گەمەیان بە ئیرادە و تاکتیکەکانی جەنگی دوژمن دەهات[٣]. بەڵام لە کۆتاییدا سەرەڕای سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی سنووی بارزان و بادینان، تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلوولی ١٩٤٥، حکومەتی عێراقی توانی ڕەوتی ململانێکان بە ئاڕاستەی ئامانجەکانی خۆی بگۆڕێت[٤]. چونکە حکومەت بە میتۆدی مەکر و مەکرەمە، زۆرێک لە هۆزە ناوچەییەکانی ڕازی بە دژایەتیکردنی

(1) Roosevelt, pg 260.
(2) Barzani, pg 89.
(3) Roosevelt, pg 260.
(4) Eagleton, pg 53.

بارزانییەکان و هاوکاریکردنیان لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا کرد [١]. ئەم چەکدارە خێڵەکییانە، لەوانەش زۆرێک لە ئەندامانی هۆزەکانی زێباری و بەرواری و دۆسکی و گەلێ لە موهاجرینەکان، کە هێشتا دڵسۆزییان بۆ چەند کوڕێکی سەید تەهای شەمدینان نەدەشاردەوە لە هەماهەنگییەکەی حکومەتدا ڕۆڵیان بینی[٢]. دواجار هەموو ئەوانە هێرشیان کردە سەر جەنگاوەرانی بارزانی و تەواوی توانا و تاکتیکی ڕووبەڕووبوونەوەکانیان لە بەرگریکردن لە زێد و ژیانی کوردەواریی وەستاند[٣]. لەگەڵ ئەوەشدا جەنگاوەرەکان ملیان نەدا و هێرشی زیاتری سەربازانی عێراقییان بۆسەر ناوچەکە وەستاند. لە کۆتاییدا هێرشی هۆزە غەیانەکانی کورد، شانبەشانی سوپای عێراقی، داگیرکردن و دەستبەسەراگرتنی ناوچەی بارزانی لێکەوتەوە. دروست لە ٧ی ئۆکتۆبەردا، بارزانی بەناچاریی فەرمانی بە تێکڕای هێزەکانی کرد، لە سەرانسەری ناوچەکەدا پاشەکشە بکەن و بەرەو سنوورەکانی کوردستانی ئێران خۆیان دەرباز بکەن. ئیدی لەودیو سنوورەکانەوە بنەماڵەی بارزانی و لایەنگرانیان، لە گوند و شارۆچکە جۆراوجۆرەکانی سنووری ناوچەی مەهاباددا نیشتەجێ بوون. بەڵام لەوێش هەروا لە ئۆردوگاکانی ئاوارەییدا دانەکەوتن، بەڵکو بەگوڕوتینێکی نوێوە پەیوەست بوون بە بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردەوە، ئەو بزووتنەوەیەی دروست لە هەمان قۆناغدا، لە سنووری ناوچەکەدا، خەریکی زەمینەسازیی بوو بۆ دامەزراندنی هێزی

---

(1) Roosevelt, pg 260.

(2) Eagleton, pg 54.

(3) Roosevelt, pg 260.

پێشـــمەرگەی کوردســـتان [1]. دەتوانرێـــت بوترێـــت؛ ســـەرەتای چلـــەکان، لـــە گۆشـــەنیگای مێژووی پێشـــمەرگەوە، گرنگییەکـــی ئەوتـــۆی هەیـــە. هەرچەنـدە تـا ئاوکاتیـش پێشـمەرگە وەک نازناوێکـی فەرمـی نەکەوتبـووە نـاو ناوانـەوە، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە ئـەم ناووناوبانگـەی پێشـمەرگە، کاتێـک هاتەکایـەوە کـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی بـۆ هەوڵجـار لـە سـاڵی ١٩٤٣دا گەڕایـەوە بـارزان.[2] لێـرەوە و لـەم دەسـپێکەوە بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە جەنگـی دووەمـی جیهانـی، پشـێوییەکانی بەریتانیـا و عێـراق، ڕێـک لـەم کاتـەدا بارزانـی دەرفەتـی قۆناغەکـەی قۆسـتەوە و توانـی بـە تـەڕح و تەکبیرەکانـی، بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ خۆنـەوار و خەباتکارەکانـی نـاو ڕێکخسـتنە سیاسـییەجیاجیاکان، لەسـایە و سـەهەندی خۆیـدا، خەباتـی جەنگاوەرانـی کـورد، لەڕیـزی ڕێکخسـتنێکی تۆکمـەدا، لەنـاو پێوەندییـە خێڵەکییەکانـەوە، بخزێنێتـە نـاو ناوەندێکـی نەتەوەییـەوە و پێناسـەیەکی پەیامـدار بـکات بەبـەر پێشـمەرگەدا. دیـارە ئـەم بڕسـت و بیرۆکەیـەش، پێشـینەیەکی هەبـوو، چـون هەوڵـەکان لـە ئیمپراتۆریەتـی عوسمانییـەوە، هەنگاویـان بـۆ نـرا بـوو، وەلـێ وەکئـەوەی تیشـکی خرایـە سـەر، سـوارە حەمیدییـەکان هـەرزوو ڕووبـەڕووی شکسـتی شوناسـێکی وەهـا بوونـەوە. هەربۆیـە هێمایـەک بـۆ بیرۆکـەی دامەزراندنـی هێزێکـی ڕێکخراوەیـی، دەگەڕێتـەوە بـۆ بارزانییـەکان.

لـەم قۆناغەشـدا لـە سـایەی سـەرکردایەتی و بیرۆکـەی ڕێکخراوەیـی و تاکتیکـی بارزانیـدا تـەواوی جەنگاوەرانـی بارزان پاشەکشـەیان کـرد. بێگومان

(1) Barzani, pgs 94, 95.

(2) Ibid, pg 55.

هـەر هێزێکـی دیکـەی نەریتـی نەیدەتوانـی ئـەو ئەنجامـە بەدەسـت بهێنێـت کـە ئـەوان بەدەسـتیان هێنـا. یاخـۆ لـەوەش گرنـگتر ئـەو پاشەکشـە تاکتیکییـە بـێ لەبارزانـی ئەسـتەم بـوو ئەنجـام بدرایـە[1]. پێویسـتە ئـەوەش بڵێیـن نواندنـی ئـەو دڵسـۆزییە سـەربازییەی کـە بـۆ بارزانییـەکان سـەلمێنرا، هـەم بەهـۆی پێگـەی خێڵەکییانـەوە بـووە، هەمیـش بەهـۆی ئـەو ئەزمـوون و خەباتـەوە بـووە کـە سـاڵەها بـوو دژی حکومەتـی عێـراق بینیبوویـان. هەڵبەتـە بـەردەوام بۆچوونـی جیـا، لەمـەڕ پاڵنەرەکانـی پێشـمەرگایەتی و ڕاپەڕینـی بارزانییـەکان جێگـەی مشـتومڕی بابەتییانـە بـوون. ئەوەتـا دیڤیـد ماکـداوڵ لەم سـۆنگەیەوە کارەکتەری مسـتەفا بارزانی وەک ناسیۆنالیسـتێکی سەرسـەخت دەداتـەدواوە، ئـەو بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە ڕاپەڕینەکانـی بارزانـی، تەنیـا بـۆ فەراهەمکردنـی دەسـەڵاتی ناوچەیـی عەشـیرەتەکەیان دەسـتپێکردووە. [2]بـەڵام ئـەدی بارزانـی نەبـوو حزبـی ڕزگاری دامەزرانـد. کەوایـە هەرچەنـد سروشـتی هێـزە چەکدارییەکـە هەڵهێنجـراوی هـۆزەکان بـووە. وەلـێ میتـۆدە مێژووییەکـەی ڕزگاری و بیرۆکەکەی، ناسـاندنی بارزانی سـەرکردەیەکی ناسیۆنالیسـتی بەهێزتـر دەکات. هـاوکات هەماهەنگیکـردن لەگـەڵ کیانـە کوردییەکـەی مەهابـادی ئێرانـدا، دیسـانەوە بایسـی بابەتێکـە کـە تێیـدا هەژموونـی بارزانـی و شـۆڕەتی جەنـگاوەرە بارزانییـەکان خاڵـی خۆڕسـکی خەباتێکـی میللـی و گەواهـی گۆڕانکارییەکـی گەلـێ کاریگەریـی نـاو کەلتـووری کوردایەتـی بـوو.

(1) Barzani, pg 95.

(2) McDowall, pg 293.

**کۆماری کوردستان لە مهاباد**

کۆمــاری کوردســتان لەمەهابــاد وەک ئەســتێرەیەکی گەشــی بزووتنــەوەی ناسیۆنالیســتی کوردیــی دەدرەوشــێتەوە. هەرچەنــد ئــەم ماوەیــە کــورت بــوو، وەلــێ لەهەمبــەر ناســنامە نەتەوەییەکــە و دامەزراندنــی فەرمــی هێــزی پێشــمەرگەدا، هــاوکات لــە ئاســتانەی ڕۆڵــی مســتەفا بارزانیــدا وەک پاڵەوانێکــی جەنــگاوەر، تێکــڕا لــە گەلەریی گیانی زینــدووی گەلــی کوردســتاندا چارەنوســسازانە چەســپاون. کەواتــە لەگــەڵ تەمەنــی کەمــی ئــەم دەوڵەتــە نەتەوەییــەدا، لــە کۆتاییــدا بۆیەکەمجــار بیرۆکــەی نیشــتمانێکی پەیوەســت بــە کــورد هاتــە ئــاراوە. وەلــێ بەداخــەوە بــۆ چارەنوســی نەتــەوەی کــورد، چونکــە کیانــی کۆمارەکــە تەنیــا ١٢ مانگــی خایانــد. واتــە لــە کانوونــی دووەمــی ١٩٤٥ وە تاوەکــو کانوونــی دووەمــی ١٩٤٦ درێــژەی کێشــا[1]. لــە ســاڵانی ســەرەتای جەنگی دووەمــی جیهانیــدا، لەگــەڵ مانــەوەی داگیرکردنــی عێــراق لەلایــەن بەریتانیــاوە، یەکێتــی ســۆڤیەتیش دەســتی بەســەر باکــووری ڕۆژئــاوای ئێرانــدا گــرت. ســوپای ســوور مەبەســتی بــوو ئەوێ وابەســتە بــکات بــە پــردی پەیوەندییەکانــی و ڕایەڵــە و ڕێگــەی گەیانــدن و گواســتنەوەی پێداویســتییە گرنگەکانــی یەکێتییەکــەی[2]. بەمجــۆرە هاوشــێوەی داگیرکردنــی عێــراق لەلایــەن بەریتانیــاوە، ئەویــش بەهــۆکاری جەنگــەوە لــەڕووی پێداویســتییەوە، کەموکورتــی ڕووی لە پێداویســتییەکانی کردبوو.

---

(1) See Appendix B: Maps map 4 for a depiction of Boundaries of the Kurdish Mahabad Republic.

(2) Jwaideh, Wadie. The Kurdish Nationalist Movement: Its Origins and Development. Pg 713.

لـەم کاتەشـدا بزووتنەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد لـە گەشـەکردندا بـوو.[١] ئـەوان ئــەم جوڵانەوەیــان وەک پەنجەرەیەکــی ئــاوەڵا و دەرفەتێــک دەزانــی، بەتایبــەت لــەو کاتــەدا کۆمەڵــەی ژیانــەوەی کورد(ژێــکاف) وەک حزبێکـی ناسیۆنالیسـتی دیموکراتـی وردەبۆرجواکان، کـە زۆرینـەی دامەزرێنەرانـی لـە چینەکانـی ناوەنـد بـوون، دەسـتیان لەگـەڵ بارزانیـدا تێکـەڵ کـرد بـوو. لـەم هەلومەرجـەی جوڵانـەوەی کوردییەکـەدا، دواجـار لەگـەڵ سـۆڤیەتی داگیرکـەر، بەنیـازی بیرۆکـەی دروسـتکردنی کۆمارێکی کوردیــی وابەســتە بــە سپۆنســەری ســۆڤیەت کەوتنــە دانوســتانەوە. ئـەوان نیازیـان وابـوو بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ و لـە دەرەوەی کۆنترۆڵـی ئێرانــدا ئاڕاســتە بکرێــن[٢] .

هەربۆیـە سـەرکردایەتی کۆمـارە کوردییـە سـاواکە، کەوتنـە نـاو داوی دەسـەڵات و بیرۆکەی بەرژەوەندییەکانی سـۆڤییەتەوە. لەم میانەدا سـەپۆرتی سیاسـەت و ڕاگەیاندنـی کۆماری مهاباد کـرا و قازی محەممەد، ڕێبەری ئایینی و کەسـایەتی نـاوداری مەهابـاد، لەنـاو بازنـەی بیرۆکـە ناسیۆنالیسـتییەکەی ژێکافـدا خـۆی دەبینییـەوە. هـاوکات ناوبـراو وەک کادیرێکـی لیبـڕاڵ دیموکراتیـش هەبوونـی جێگـەی ڕەزامەنـدی و خۆشـحاڵی سـۆڤییەتییەکان بـوو. دواجـار لەلایـەن سـۆڤیەتییەکانەوە گوشـاری ئەوتـۆی خرایەسـەر، بـۆ ئـەوەی ژێـکاف بەجێبهێڵێـت و لەبەرانبـەردا پێکـەوە حزبێکـی ناوەندگـەرا ناولێبێنـن. [٣]ئەوەبـوو لـە ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٤٥دا شـاندێکی سـەرانی کورد،

(1) Ibid, pg 713.

(2) Roosevelt, Middle East Journal, pg 252..

(3) McDowall, pg 240..

بەسەرکردایەتی قازی محەممەد بانگهێشتی ئازەربایجانی سەر بە سۆڤیەت کران. هەر لەوێ لەگەڵ سۆڤیەتدا لەسەر دابینکردنی پارە و پشتیوانی، مەشقی سەربازی، دابینکردنی چەکوچۆڵی جەنگیی لەوانەش تانک، تۆپ، دۆشکە و تفەنگ ڕێککەوتنیان واژۆ کرد. هاوکات بەڵێنی سۆڤییەتیان لەسەر سەندنی مافی ئۆتۆنۆمییان، لەچوارچێوەی ئێراندا بەمسۆگەریی پێدرا [١]، لە بەرامبەر ئەو پاڵپشتییەدا کورد دەبوو واز لە لۆژیکی کۆمەڵەی ژێکاف و ناوەڕۆکەکەی بێنن. دیارە کۆمەڵەی ژێکاف لە چاوی چەپ و کۆمۆنیستەکاندا، وەک دەربار و دەسکەلای ئیمپریالیزم دەهاتەبەر باس. بۆنموونە لەم کاتەدا باغیرۆفی سەرۆکی ئازەربایجانی سۆڤیەت، ژێکافی بە ئامرازێکی ئیمپریالیزمی بەریتانیا، ناوزەد کرد[٢] . بۆیە لەبری ئەو ناو و ناوەڕۆکە پێشنیاری پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران" (KDP-I) بەکۆی دەنگی شاندەکەی سەرکردایەتی کورد و ئەوانەی سۆڤیەت سایشکرا و پەسەندیان کرد. هاوکات باغیرۆڤ سەرکردەکانی مەهابادی ئاگادارکردەوە، کە بەهیچ کلۆجێک متمانە بە مەلا مستەفا بارزانی نەکەن[٣]. باغرۆڤ لەبەر نەریتە ناسیۆنالیستییەکەی بارزانی بوو، کە ئەوی وەک سیخوڕێکی بەریتانی ناو دەبرد. قازی محەممەدیش ئاگاداری گەمەکان بوو، ئەو دەیزانی بە دەربڕینی نەیارێتی خەسڵەتە خێڵەکییەکان و دەستپێوەگرتنی ئایدیایەکی کەمتر لە دیموکراسی، دەیتوانی پێگەی خۆی وەک سەرۆکی کۆمارەکە مسۆگەر بکات[٤]. بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەی لە ئازەربایجانی

(1) Eagleton, pg 44..

(2) Roosevelt, MEJ, pg 254..

(3) Eagleton, pgs 45, 46.

(4) Roosevelt, MEJ, pg 255.

سۆڤیەتدا، ڕاستەوخۆ لەگەڵ بارزانیدا کۆبووەوە. ناوبراو سەربردەی سیاسەتی سۆڤیەتی ڕوونکردەوە. لەم میانەدا پێگە و پێناوی بارزانی و شکۆی شەڕڤانەکانیشی لەسایەی پارتە نوێیەکەدا ناساند.[1] بۆیە بارزانیش ڕاستەوخۆ ڕەزامەندی لەسەر پاڵپشتیکردنی قازی محەمەد و پارتی دیموکراتی کوردستان دەربڕی[2]. بەڵام بە مەرجی فەراهەمێنانی فەزایەکی ئازاد و دابینکردنی پێداویستی بۆ بنەماڵە و هێزە چەکدارەکانی، کە ٣٠٠٠ هێزی چەکداریان لە مەهابادا جێگیر ببوون. ڕەنگە بارزانی پێشتر لەڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت کۆبوبێتەوە[3]. هەڵبەتە لەپێناو ڕەوینەوەی گومانەکانی سۆڤییەت، لەهەمبەر سروشتی کاری کۆمەڵە و ئاڕاستە و ئامانجەکانی پێشوویان بووە. [4] کەواتە قۆناغەکە هێند دیپلۆماسییەتی خواستووە، تاوەکو دەستەبەری متمانەی سۆڤییەتەکان بکرێت. تاڕادەی ئەوەی بارزانی ڕەزامەندی لەسەر هاوکاریکردن و پشتیوانی قازی محەمەد دەربڕی بوو. لەم میانەشدا ویستوویەتی خۆی لە چاودێری گشتیی بەدوور بگرێت. هەڵبەتە مەبەستی بووە، نەبنە بایسی هەر فشارێکی ئەوتۆ لەسەر یەکێتی سۆڤیەت، هەڵبەتە گریمانەی ئەوە دەکرا کە لەلایەن حکومەتەکانی عێراق و بەریتانیاوە، سۆڤییەت ڕووبەڕووی لۆمەی لاکردنەوە بەلای بارزانی بکرێتەوە. قازی محمد لەگەڵ ٦٠ سەرۆکهۆزدا، لەنێویاندا مەلا مستەفای بارزانیش ئامادە بوو، هەستان بە سازدانی پلاتفۆرمێک، کەتێیدا حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-یان

(1) Roosevelt, For Lust of Knowing, pg 268.

(2) Eagleton, pg 56.

(3) Barzani, pg 99.

(4) Eagleton, pg 56.

دامەزراند[١]. هـاوکات هـەر لـەو کەرنەڤاڵـەدا، حکومەتێکی میللـی کوردییان ڕاگەیانـد و ئـاڵای فەرمـی نەتەوەیی کوردیان بەرزکردەوە. لەهەمان کاتیشـدا، خەڵکـی ئازەربایجانـی ئێـران، لەلایـەن وەک کیانێکـی هاوسـنووری کۆمـاری مهابـاد، ئەوانیـش جـاڕی خۆبەڕێوەبەرییـان، بـە سپۆنسـەری سیاسـەتی سـۆڤییەت دابـوو. لێرەوە قـازی محەممـەد وەک یەکەم سـەرۆککۆماری کورد هەڵبژێـردرا و لـە ٢٢ی سـەرماوەزی ١٩٤٦ دا، بەشـێوەیەکی فەرمـی کۆمـاری مەهابـاد لەدایـک بـوو. سـەرۆککۆماری نوێـی کـورد، حکومەتێکـی ڕاسـپارد، کـە پێکهاتبـوو لـە سـەرۆکوەزیران و کابینەکـەی[٢]. وەزارەتەکانیـش بریتـی بـوون لـە: محەمەد حوسـێن خان سـەیف قازی وەزیـری جەنگ، کـە ئامۆزای قـازی محەمـەد و کاپتنـی فەخـری پێشـووی جەندرمـەی ئێـران بوو، سـەیفی قـازی، ئامـر خان شـکاک، حەمەڕەشـید خانی بانـە، زیرۆ بـەگ هەرکی و مەلا مسـتەفا بارزانـی کـە هەموویان پلـەی مارشـاڵیان وەرگـرت. هەریەکێک لەم مارشـالانەش جـل و بەرگـی تایبـەت بـە فۆرمـی جەنەڕاڵـە سـۆڤیەتییەکانیان لەبـەردا بـوو، "تـەواو بـە پـێڵاوی بـەرز و سەرشـانی لاکێشـەیی ڕەق و کلێتـەی گاریسـۆنی سـوورەوە"[٣]. هەڵبەتـە سـۆڤیەتییەکان بـەردەوام بوون لە سـەپاندنی هەژمـوون خۆیـان، بۆنموونـە ئـەوان لانیکـەم ٦٠ قوتابـی کوردیان بەتایبەتـی ڕەوانـەی کەمپەکانـی مەشـق و ڕاهێنانـی سـۆڤییەت کردبـوو لـە ئازەربایجاندا. [٤]هەمـوو ئەمانـەش ئاڕاسـتەیەکی ئاشـکری ئامادەبوونی زیاتر و هێشـتنەوەی زیندوویەتـی ژیانـی سیاسـی خۆیـان بـوو لەناوچەکـەدا.

---

(1) Barzani, pg 99.

(2) Eagleton, pg 57.

(3) Roosevelt, MEJ, pg 257.

(4) Roosevelt, For Lust of Knowing. Pg 268.

بە گشتی سوپای میللی مەهاباد، بەشێوەیەکی پلەبەندی، خودان ٧٠ ئەفسەری پلەبەرزی چالاک، ٤٠ ئەفسەری بەرایی و ١٢٠٠ ئەفسەری پلەتایبەتی خوارەوە پێکهاتبوون[1]. لەم میانەدا بارزانی، پلەبەندییەکی وردی بۆ فەرماندەکانی ژێر سایەو فەرماندەیی خۆی کردبوو. یەکە سەربازییەکەی بارزانی، پێکهاتبوو لە چەندین فەرماندەی بە ئەزموون و ئاکادیمی و سالاری ناو سوپای عێراقی، لەوانە بەکر عەبدولکەریمی وەک فەرماندەی فەوجی یەکەم، لەگەڵ محەمەد ئەمین میرخان و مەمەند مەسیح و فارس کانیبۆتی لە پلەی فەرماندەییدا شوێنکردنەوە. هاوکات هەریەک لە مستەفا خۆشناو لەگەڵ سەعید وەلی بەگدا وابڕیار درا بوو بکرێنە فەرماندەی فەوجی دوو. هاوکات خۆشەوی خەلیل، مستەفا جەنگیر و میر حاج ئەحمەدیش کرابوونە فەرماندەی فەوجی سێ. جیا لەوانیش ساڵح کانیلنجی، حەیدەر بەگی عارف بەگ و وەهاب ئاغای ڕەواندوز کرابوونە فەرماندەی فەوج.[2]جگە لە دانانی چەندین جەنگاوەری بارزانی لە ئاستی باڵای فەرماندەییدا، هاوکات قازی محەمەد بەمانای وشە کۆمەکی کارەکتەرەکانی کەرتی سەربازیی و گەیاندنی وەزارەتی بەرگریی بەئاستێکی سەردەمیانە دەکرد. بۆیە لەئاستی گونجاودا شوێنی شیاوی کردبوونەوە. ئەو لەبابەتی داتاشینی وشە و واتای پڕبەپێستی پلەکانی سەربازیدا، دەیەویست بەشێوەیەکی زانستی و دوور لە دنیابینی خێڵەکی و خەسڵەتی باندگەرایی بوونی جەنگاوەرەکنی جێگەبکاتەوە. بۆنموونە لەسەر فەرمانی قازی محەممەد،

(1) Eagleton, pg 78.

(2) Barzani, pg 100.

لیژنەیـەک لـە نووسـەران و ئەدیبـان هەڵبژێـردران تاوەکـو زاراوەی جیـاواز و جـوان و ڕەسـەنی کوردیـی بـۆ پۆسـتە سـەربازییەکانی کـوردی بدۆزنـەوە. ئەوەبـوو لـە نێـو چەندیـن وشـەی وێرکـراودا، لیژنەکـە وێـڕای هەوڵـی سـتانداردکردنی وشـەی کـوردی لەهەمبـەر بەکارهێنانـی یەکجـۆر وشـەی واتـادار بـۆ سـەربازیانی پێشـمەرگە، هەسـتان ئـەم زاراوەیەیـان بـە واتـای کەسـێک کـە ڕووبـەڕووی مـەرگ دەبێتـەوە دیاریکـرد. پێشـمەرگە لـەڕووی چەمکـەوە، ئـەو کەسـەیە کـە ئاڵنـگاری و مەیدانخـوازی مـەرگ دەکات و ئامادەیـە لـە پێنـاو هـەر پاسـاوێکی نەتەوەکەیـدا بمرێـت [1]. سـەرەڕای سـەرهەڵدانی هەندێـک لـە نارەزایـی و ناوگەلێکـی دیکـە. قـازی محمـد لـە جێگیرکردنـی پێشـمەرگەدا و دواتـر لەلایـەن پەرلەمانـی کوردسـتانەوە یەکلایـی کـردەوە. بارودۆخـی تەناهـی کۆمـار زۆر درێـژەی نەکێشـا. زانیارییەکان لەبـارەی نیـازی گەڕانـەوەی گێچەڵـی ئێرانییـەکان و ترسـی کشـانەوەی کۆمەکـی سیاسـی و ئابـووری و سیاسـی سـۆڤیەت، لەئـارادا بـوو. زۆرێـک لـە پێشـمەرگەکان، بەتایبـەت بـازووی بەهێزیـان و بـە بەشـێکی زۆریـان، بریتـی بـوون لـە پێشـمەرگەکانی مـەلا مسـتەفا بارزانـی لـە بەشـی سـنووری باشـووری کۆمـار جێگیـر کرابـوون[2]. ئـەوان لـە ٢٩ی پووشـپەڕی ١٩٤٦ دا، تەنیـا پێنـج ڕۆژ دوای ئـەوەی کۆمـاری مەهابـاد ڕێکەوتنامـەی هـاوکاری سـەربازی لەگـەڵ ئازەربایجانـی دراوسـێدا واژۆ کردبـوو.[3] دروسـت یەکەمیـن فەوجـی کـوردی بـوون کـە هەڵکەوتـوو لـە گۆشـەی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی کۆمـاردا لـە قەهـراوادا بارگەوبنەیـان

(1) Chyet, Michael L. Kurdish-English Dictionary, pgs 452, 453.

(2) Jwaideh, pg 749.

(3) Roosevelt, MEJ, pgs 257, 258.

خستبوو. ئەو فەوجە لە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا، ڕووبەڕووی هێزێکی تۆکمە و تەیاری ئێرانی بوونەوە، کە خۆیان دەدا لە نزیکەی ٦٠٠ سەرباز[١]. ئەوان بە تۆپ و تانکی تایبەت، بە سوارچاکی بەهێز و ڕاهێنراوەوە ئامادەکرابوون[٢]. وەلێ پشتیوانییەکانی پێشمەرگەی مەهاباد، پشتیوانی لۆکاڵی بوون، کە زۆربەیان چەندین هۆزی بچووکی کوردییان لەخۆگرتبوو، ئەو هۆزانەی "هەمیشە ئامادەی شەڕوشۆڕ و خەسڵەتی جەنگە خێڵەکییەکان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزەی بارزانی، بەشێوەیەک بڕستی دایە تێڕای یەکە سەربازییەکانی دیکەی هێزی پێشمەرگەی کۆماری میللی مهاباد. لەو داستانەی پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەیی بارزانی، کە بەخێرایی توانیان تواناکانی خۆیان لەدژی هێزەکانی ئێران نیشان بدەن. چونکە بە لەپێشچاوگرتنی ژمارەی زۆر و کەرەستەی پێشکەوتوویان، بۆیە هەستان بە دانانی بۆسە بۆیان. لەو کەمینەدا کە بۆ یەکەمین یەکە ئێرانییەکان لە سنووری قەهراوا دانرا. پێشمەرگەکانی بارزانی توانیان ٢١ سەربازی عەجەم بکوژن و ١٧ کەسیشیان بریندار بکەن، هاوکات ٤٠ سەربازیشیان ئاڵای سپییان هەڵکرد و بەڕیز دەستلەسەر شان وەستان تاوەکو قۆڵبەس کران. ئەو بۆسەیە وەک یەکەم سەرکەوتنی سەربازی بۆ کۆماری میللی کورد لە مهاباد هاتە هەژماردن. لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەی مەهاباد، تەواوی تیمە سیخوڕییەکانی ئێرانییان لە ناوچەکەدا سەرقاڵ کردبوون بەخۆیانەوە. ئەوە لە کاتێکدا ئێرانییەکان بە درێژایی سەرەتای مانگی

(1) Eagleton, pg 86..

(2) Roosevelt, MEJ, pg 260.

ئایاری ١٩٤٦ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی هێز و کۆمەکی جەماوەرییان دەدا[١]. بۆیەش دەستیان دابوویە جۆرەها بانگەشە و دەنگۆی لابەلا و بێناوەرۆک. واژۆی ڕێککەوتنی ئاگربەست، لە ٣ی ئایاری ١٩٤٦ دا، لە نێوان هەردوو هێزە کوردییەکان و جەنەڕاڵ عەلی ڕەزمئارا لەکاتێکدا بوو، کە ئێرانییەکان لە جوڵە سەربازییەکانیاندا بەتەواوی دڕدۆنگ و نائومێد بوون[٢]. لەهەمانکاتدا ئەم ئاگربەستە، دەروویەکی دڵنیاکەرەوە بوو، تاوەکو گەنج و جەوانانی جوڵانەوە کوردییەکە، کەمەندکێشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن. ئەوەبوو هێند گەنجان گەرەکیان بوو بێنە نێو ڕیزەکانی ڕێکخستنە سەربازییەکانەوە، تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٦ هێزە کوردییەکان نزیکەی ١٢ هەزار و ٧٥٠ پێشمەرگەیان لەخۆگرتبوو. کە هەزار و ٨٠٠یان هێزی پیادەی تایبەت بوون و لەسایەی فەرماندەیی مستەفا بارزانیدا بەڕێوە دەبران. هاوکات زۆرینەی هێزەکان وەک سەربازی سوارە و سوارچاکی گۆڕەپانەکانی مەشق خۆیان تۆمار کردبوو[٣]. بە گوتەی ئینگلتۆن جۆنیز حکومەتی ئێران نەیانتوانی کۆنترۆڵی هێزە پیادە ڕاهێنراوەکان بکەن، چون بەسانایی لە هەرد و بەندەن و بەردەڵان و زەوییەکانیاندا حەشاریان دەدان[٤]. وەلێ سوارەکان ئاسانتر ئامبازیان دەبوون و چەکدەکران. لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٤٦ دا، فەوجی دووەمی کورد لە مامەشا (میل قەرەنی) لەلایەن دوو کەتیبەی ئێرانییەوە، لەڕێگەی تۆپ و تانک و بە پشتیوانی فڕۆکەی

---

(1) Eagleton, pgs 86, 90.

(2) Roosevelt, pg 269.

(3) 215 McDowall, pg 243

(4) Eagleton, pgs 92, 93.

شـەڕکەرەکانی تارانـەوە هێرشـیان کرایـە سـەر[1]. ئـەم کەڕەتەیـان ئامانجـی هێرشـی ئێرانییـەکان، خـۆی لە دوو خواسـتی سـەرەکیدا دەبینییـەوە. چونکە، یەکـەم: ئامانجیـان دەستبەسـەرداگرتنەوەی بەرزتریـن خاڵـی ستراتیـژی ناوچەکـە بـوو[2]. دووهەمیـان ئامانجیـان پێشـگرتن بـوو لـەو ناوچانـەی سـەربازە نیشانەشـکێنەکانی کـورد، چونکـە لێیانـەوە بەتـەواوی فشـاریان خسـتبووە سـەر جموجوڵـی ئەرتەشـی ئێرانییـەکان. ئـەوان بـە چەکـی نیشـانەهەڵگر، درێغیـان لـە بچوکتریـن جموجوڵـی جەنگـەکان نەدەکـردەوە، چـون هێرشـیان بـۆ سـەر ئۆتۆمبێلەکانـی دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی ئێـران کاریگەریـی دانابـوو. هـاوکات هەرچەنـدە حیسـاباتەکانی شـەڕی مامەشـا جیاواز بـوو، بـەڵام پێشـمەرگەکان دیسـانەوە بەکەڵـک وەرگرتنیـان لـە تاکتیکـی ڕووپۆشـکردنی ڕووخسـاری سـەربازە نیشانشـکێنەکانیان، ڕێـک وەک دانانـی بۆسـە بۆیـان، ئەمجارەیـان خۆیـان حەشـار دابـوو [3].

هەربۆیـە پێویسـتە بوترێـت؛ مسـتەفا بارزانـی بـە دروسـتی پێشـبینی ئـەوەی کردبـوو کـە هـەر ڕادەسـتبوونێک لـە لوتکـەی گردەکانـەوە گریمانەیەکـی ئەسـتەمەو مەگـەر بەمـردن ئـەوە ڕووبـدات .[4]

بـە گوتـەی مەسـعود بارزانـی، دوای ئـەوەی هێزەکانـی ئێـران توانیـان دەسـتیان بـگات بـە بەشـێکی سـەرەوە، لێـرەدا خۆشـەوی بۆخـۆی سـەرکردایەتی هێـزی پێشـمەرگەی کـرد، ئـەو هێـزەی کـە لەلایـەن فەوجـی

(1) Barzani, pg 104.
(2) Eagleton, pg 95.
(3) Barzani, pg 104.
(4) 220 Eagleton, pg 96.

یەکەمی کوردییەوە کۆمەک کرا بوو، بۆیە لە هێرشێکی بەرپەرچدانەوەی سەرکەوتوودا، وەها هێرشی ئێرانییەکان بەرپەرچدرایەوە کە بەتەواوی تێکشکێنران [1]. گێڕانەوەی تری شەڕەکە، بەجۆری دیکە باسکراوە، تەنانەت وەک سەرکەوتنێکی ئێرانییەکان نیشانی دەدەن، هەرچەندە لە ڕاستیدا سەرکەوتنەکە پەیوەستە بە مۆراڵی کورد و زیادکردنی متمانەی خەڵکی ناوچەکەوە بە پێشمەرگەکان.[2] ئەوەتا بە گوتەی ئینگلتۆن، لەو شەڕەدا تەنانەت هیچ هێزێکی گەورە و بەهێزی کورد و سۆڤیەت نەگەیشتبوون و بەشدار نەبوون. کەواتە جێهێشتن و پاشەکشەی هێزەکانی بارزانی لە پێگە و شوێنی بەرگرییەکانیاندا، لەکاتێکدا بوو کە گەمارۆکان گیریان دابوون. لەڕەوشێکی وادا پاشەکشە و ڕێگەدان بە ئەرتەشی ئێرانی بۆ دەستبەسەراگرتنی بەرزاییەکانی گردۆڵکەکە ڕوویداوە. هەروەها ماکدۆڤاڵ بەدواداچوون و پرسوجۆی هێزی کورد لەو ناوچەیەدا دەکات و دەڵێت: "خۆ دوورنییە نەبوونی هەر هێزێکی پشتیوانی لەو شەڕانەی کورد و هێرشەکانی دەسپێکی نیازی گەڕانەوەی ئێرانییەکاندا، پەیوەست بووبێت بە نەریتی ناتەبایی نێوان خێڵە خۆخۆرەکانی کوردەوە"[3].

هەر بە وتەی دیڤید ماکداوڵ، عەمر خان، کە سەرۆکهۆزێکی کوردی ناوچەییە، ناوبراو پاش وەرگرتنی بەرتیلێکی فرە لەلایەن سۆڤیەتەوە، هەستا تەواوی چەکدارەکانی عەشیرەتەکانی

(1) Barzani, pg 104.
(2) O›Ballance, pg 31.
(3) McDowall, pg 243.

سەر بە هۆزەکانی شکاک و هەرکییەکانی پاشگەزکردەوە و تێکڕایانی بەرەو باشوور گەڕاندەوە. هەڵبەتە ئەم شەڕڤانانە، زۆرێکیان جیا لە پێشمەرگە خۆبەخشەکانی بارزانی، لەگەڵ چڕبوونەوەی شەڕی شەڕگەکاندا، پەیتا پەیتا لە بەرەکانی شەڕەوە هەڵدەهاتن. هەرچۆنێک بێت، شکستی سەربازی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی مامەشادا، سوپای ئێرانی خستەسەر سەودای چێردنی تاوەری چاودێری سەربازی و توانیان دەست بەسەر بەرزایی و لاپاڵ و لوتکە ستراتیژییەکاندا بگرن، بەمەش دەروویان لەپێدا واز و والا کرا، تا زیاتر زەمینەی هێرشی دیکە و دەرفەتی لەبارتریان بۆ بڕەخسێت. [1] نەبوونی فیدارسیۆنێکی وابەستە و یەکێتییەکی خێڵەکی، بەتایبەتی لە دوای شەڕی مامەشاوە، بەجارێک بناغەی هەماهەنگییە کۆمەڵایەتییەکەی نێوان هۆزەکانی هێنایە لەرزە.

دەشێ ئەوەش وابەستە بووبێت بە کەمبوونەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی هۆز و تیرەکانی کوردەوە، چون ئەوان کەمترین بەرژەوەندیی خۆیان لەپایەداربوونی کۆمارەی مهابادا دەبینییەوە. بۆیە هەرزوو لەگەڵ سەگوەڕی ئێوارەدا فرۆش و فەتارەتی حکومەتەکەیان خستبووە سەر ساجی بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەی کورد. هاوکات پێویستە ئەو ڕاستیەش بوترێت، لەنێو تێکڕای هۆزەکاندا، هەموو ئەوانەی لەهەناوی حکومەت و کۆمارەکەی قازی محەمەددا مەیدانخوازیی داگیرکەریان دەکرد و لە بانگی سەربەخۆیی کۆماردا کەوتوونەگەل گۆڕانکارییە نوێیەکانی ناوچەکەوە. بەداخەوە

(1) O›Ballance, pg 32.

تەنێ پێشـەمەرگەکانی شـوێنکەوتە و پشـتوپەنای بارزانـی و بارزانییـەکان، وەکـو تاقـە هێـزی جەنـگاوەر و پارێـزەری مهابـاد مابوونـەوە.

ئـەوان سـەرەڕای نواندنـی دڵسـۆزییان، فاکتـەری دیکـەش لەئارادابـوو تاوەکـو جەنگـی مانونەمـان بکـەن. چـون چەکدارانـی بارزانـی دارای کێشـە و گرفتـی خۆیـان بـوون لەگـەڵ حکومەتـدا، هـاوکات کەمـی و کەمبوونـەوەی خـۆراک و خراپـی بارودۆخـی تەندروسـتی و نەبوونـی دەرمانـی و دەوایـەک، ببـووە هـۆی بڵاوبوونـەوەی جۆرێـک نەخۆشـی ترسـناک لەناویانـدا، بەجـدی ئـەم هـۆکارە ئاسـتەنگێکی گەلـێ کاریگـەر بـوو، کـە لـە توانـای شـەڕکردنی خسـتبوون[1]. لـە ئەنجامـدا، چارەنوسـی هێـزی پێشـمەرگەی کۆمـاری مەهابـاد تـا کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٤٦ دا بـەرەو دابـڕان [2]و نەمانـی بڕسـت و توانـای سـەربازی ببوویـەوە[3] ، چونکـە تەنانـەت یارمەتییـە بەڵێندراوەکانـی سـۆڤیەتیش هـەر لـە چاوەڕوانـی پێشـمەرگەکاندا مایـەوە و ئێسـتاش ئەوەیـە کـە بگـەن[4]. لێـرەوە ئـیتر کۆمـاری مەهابـاد ڕووبـەڕووی سـەختترین مەیدانخـوازی داڕووخانـی یەکجاریـی بـووەوە، بەتایبەتـی کاتێـک هێزەکانـی ئێـران، ئـیتر دەرگەیـان بـۆ خرابوویـە سەرپشـت و پەیتـا پەیتـا پلانیـان دادەنـا بـۆ گەڕانـەوەی مهابـاد بـۆ سـەر ناوەنـد. ڕاسـتەوخۆ لەپـاش دەستبەسـەرداگرتنی ئازەربایجانـی ئێـران لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٤٦ بەتـەواوی تەنگیـان بـە کۆمـاری کوردسـتان هەڵچنـی بـوو. هەربۆیـە پـاش ماوەیەکـی

(1) Barzani, pg 105.

(2) Roosevelt, MEJ, pg 261. 225.

(3) Roosevelt, MEJ, pg 265.

(4) Roosevelt, MEJ, pg 266.

کـەم، لـەو ڕووداوەی ئازەربایەنجـان، ئیـدی دانوسـتانەکان بـە مەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی داگیرکردنـەوەی ئاشـتیانەی شـاری مەهابـاد دەسـتیان پێکـرد. لەسـەرەتای دانوسـتانەکاندا، کلیلـی هـەر ڕێککەوتنێکیـان، بریتـی بـوو لەکشـانەوەی هێزەکانـی بارزانـی لـە ناوەنـد و سـنوورەکانی کۆمـاری مهابـاددا. ئـەم داواکارییەیـان دوای ئـەوە کرابوویـە مەرجـی سـەرەکییان، کـە دەیانزانـی بارزانییـەکان بـە پێشـمەرگە و خاوخێـزان و بنەماڵەکانیانـەوە، لـە ١٥ی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٦وە لەسـنورەکانەوە دەربـازی نێـو شـاری نەغـەدەی کوردنشـین ببـوون. بۆیـە کاتێـک سـوپای ئێـران چوونـەوە نـاو شـاری مەهابـاد، ئـەوکات بـە فەرمـی کۆتاییـان بـە ژیانـی یـەک سـاڵەی کۆمـاری کوردسـتان هێنـا[1].

(1) Barzani, pg 116.

**سەربردە و ململانێکانێ مێژووییەکانی پاش کەوتنی مهاباد**

سەربردە و ململانێکانی دوای کەوتنی مەهاباد، دروست دوابەدوای ڕووخانی مەهاباد قۆناغێکی نوێ هاتەپێشەوە. لەم قۆناغەشدا دیسانەوە بارزانییەکان و پێشمەرگەکانیان ڕووبەڕووی ململانێی مێژوویی و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتە نەتەوەییە هەرێمییەکان بوونەتەوە. ئەوان بەبێ پشتیوانی هەر نەتەوەیەکی دیاریکراو، دروست دوای جێهێشتنی مەهاباد و فەرمانی دامەزراندنی پشتێنە و سەنگەری بەرگریی لە نێوان سنووری مەهاباد و نەغەدەدا، هەر لەوێدا مەلا مستەفا و چەند ئەفسەرێک لەلایەن بەرپرسانی ئێرانەوە پێیان ڕاگەیەنرا، کە دەبێت تێکڕایان دووربخرێنەوە و چەکەکانیان ڕادەست بکەن و بەزوویی بێنە ژێر سایەی ناوچە تەناهییەکانی ئێران، تاوەکو پەنابەرێک ملکەچی ڕێساکانی حکومەتی شاهەنشاهی بن. ئەگەر نا، ئەوا حکومەتی ئێران ناچارە بەزوویی فەرمانی کردەی سەربازی لەدژیان ئەنجام بدات[١]. هەرچەندە ڕەنگە مەلا مستەفا بەو پێشنیازە ڕازی بووبێت، بەڵام شێخ ئەحمەد بارزانی بە سەرپێچییەوە وەستا و ڕایگەیاند: جەنگاوەرانی بارزانی، کەوتنە ناو تەنگژەیەکی تاقەتپڕوکێنەوە. مەلا مستەفای بارزان، ماتڵی کرد تا ڕەوینەی شەختە و بەفری کوێستانەکان، لەگەڵ لەباریی کەشوهەوای کوێستانەکان، ئیدی جەنگاوەرەکانی ڕووەو سنوورەکانی عێراق ئاڕاستەکردەوە.[٢]هەم بارزانی و هەم هەوڵەکانی تاران، لەدۆخێکی چەقبەستوویدا گیردرابوون.

(1) Barzani, pg 116.

(2) Eagleton, pg 117.

زاڵبــوون بەســەر بارزانیــدا، بابەتێکــی ئاســان نەبــوو. چونکــە مســتەفا بارزانــی تاکتیکێکــی تــەواو ســەربازییانەی داڕشــت. هەســتا پێشــمەرگەکانی بەســەر چەنــد بەرەیەکــدا دابــەش کــرد و هــەر بەرەیەکــی ســپاردە یەکێــک لــە فەرماندەلێوەشــاوەکانی. بۆنموونــە هەریــەک لــە عەلــی خەلیــل، ســاڵح کانیەلنجــی و کاکــۆ مــەلا عەلــی ئەرکــی فەرماندەیــی بــەرەی نالــۆس-ســۆفیانیان پێســپێردرا. هــاوکات حەســەن عەلــی سلێمان کاکشــار، ســوڵتان مەرعــان ئاغــا و مەحمــود میــرە کرانــە فەرماندەکانــی بــەرەی قەڵاتــان. بــەدەر لــەوان هەریــەک لــە ئاریــس خانــۆ و مەحمــود ئەحمــەد بابکەیــش، کرانــە فەرماندەکانــی بــەرەی ئەلبــە- کۆیک. لەکۆتایشــدا ئەســعەد خۆشــەوی و محەمــەد ئەمیــن میرخان و شــێخۆمەر شــانەدەری هەرســێکیان وەک فەرماندەکانــی بــەرەی مەرگــەوەڕ دیاریکــران. پێــشتر کەســانێک لەوانــەی پێشتریــش ئاماژەمــان پێیــان کردبــوو، ئەوانــە ســەرکردایەتی هێــزی پێشــمەرگەیان گرتبــووە ئەســتۆ، بۆنموونــە ســاڵح کانیەلەنجــی و محەمــەد ئەمیــن میرخــان (هەردووکیــان لــەدوای هەڵمەتەکانــی ســاڵی ١٩٤٣ بــۆ ســەر بنکەکانــی پۆلیســی عێــراق لــە فەرمانــدە بەرچــاوەکان بــوون)، بــەڵام پێویســتە بوترێت، نەمــان و لەســێدارەدانی چەنــدان ئەفســەری لێهاتــووی کــورد لەڕیزەکانــی ســوپای عێراقیــدا، بــووە بایســی گۆڕانکاریــی بــەردەوام لــە پۆســت و پێگــە هەســتیار و باڵاکانــی هێــزی پێشــمەرگەدا، ئــەم ئاڵوگۆڕانــە، بارزانــی بەناچــاری دەســتی بــۆ دەبــردن[1]. هێشــتاش پێشــمەرگەکانی بارزانــی، لــەڕووی ڕێــژەو ڕاهێنانیــان و ئەزموونــی جەنگــی و باوەڕیــان بــە دۆزی ڕاپەڕینێکــی ڕەوا، لەهەمــوو جەنگاوەرەکانــی دیکــەی

(1) Barzani, pg 121.

نـاو گۆڕەپانـی گیانـە نەتەوەییەکـەی کۆمـاری مهابـاد، ئەکتیـڤ و ئـازا و ئەویندارتـر لـەوان لەنـاو لۆژیکـی خەباتـە چەکدارییەکـەدا مێژوویـان تۆمـار دەکـرد. سـەرەڕای هەوڵەکانـی ڕژێمـی ئێـران بـۆ داماڵینـی چـەک و کێوماڵـی جەوانانـی کـورد لـە پاشماوەکانـی شـاری مەهابـاددا. لەوکاتەشـدا هێشـتا پێشـمەرگەکانی بارزانـی توانیـان دەسـتبگرن بەسـەر ۳ هـەزار تفەنـگ و ۱۲۰ دۆشـکە و چەندیـن نارنجۆکـی دەسـتی و دوو تۆپـی ۷۵ میلـم، کـە تێکڕایـان بـە شـاراوەیی و بـە قاچـاخ گەیاندبوویـە دەسـت ناوچـە پارێزراوەکانیـان. [1] ئـەم کەرەسـتە و تۆپانـەی کـە تێکڕایـان کەوتنـە دەسـت فەرماندەیـی ئەفسـەری پێشـووی سـوپای ئێرانـی تەفراشـیان، لەگـەڵ شـەش دانـە ئەفسـەری دیکـەی مەشـقپێکراوی کـورددا. ئەفراشـیان و ئـەو ئەفسـەرانەش، وەک ئـەوەی خـودا خسـتبێتییە دڵیانـەوە، دڵسـۆزانە تایـن ببـوون تـا لـەو دۆخـە هەژیـوەدا، ببنـە مایـەی میهـر و مەزنایەتییەکی زۆر بـۆ جەنگاوەرەکانـی بارزانـی[2]. ئەوەبـوو لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ۱۹٤۷دا، کەڕەتێکـی تـر، پێشـمەرگەکانی بارزانـی ڕووبـەڕووی دوژمنـە ئێرانییەکانیـان بوونـەوە.[3] لـەم گـەڕەی گێچەڵـی بێڕەحمانـەی ئێرانییەکاندا، پێشـمەرگەکان توانیان جارێکـی دیکـە بەوپـەڕی ورەو ویژدانـی پڕشـکۆی نەتەوەییـەوە خۆڕاگرانـە بەگـژ هێـزی دوژمنـدا بچنـەوە.[4] بەگشـتی لـە زۆرێـک لـە شـەڕە جۆراوجۆرەکانـی درێژایـی ناوەڕاسـتی مانگـی ئـاداری

(1) 233 Eagleton, pg 115.

(2) Barzani, pg 121.

(3) See Appendix B: Maps map 4 for a depiction of the location of battles following the fall of the Kurdish Mahabad Republic.

(4) 236 Ghassemlou, pg 78..

ئـەو سـاڵە، پێشـمەرگە لـە بەرامبـەر هێرشـە زۆر و زەبەندەکانـدا، بڕسـتی بەرگریکـردن و بەرخودانیـان بەهێزتـر لـە هەرکاتێـک هێنابوویـە جـۆش و خرۆشـی خەباتەکـەوە. لەکاتێکـدا هێزەکانـی ئێرانیـش بەبـێ وەسـتان بـەردەوام بـوون لـە هێرشـەکانیان. تەنانـەت زۆرجاریـش دنـەی هـۆزە ڕکابەرەکانـی پێشـمەرگەیان دەدا. ئەوانـەی بـە جۆرەهـا دەسکیسـەو دیمەنـی سـاختەوە خرابوویـە خوێنیانـەوە، کـە دەبێـت بارزانییـەکان لـە ژینگـەو پێگـەو پاوانـی ئاواییەکانیانـدا دەرپەڕێنـن. بـەڵام پێشـمەرگە، توانیـان بەسـەر تـەواوی تـەڕح و تەکبیرەکانـی دوژمنـدا سـەرکەون. بەهێزتریـن داسـتانی مێژوویـی کەلەنێـو کـۆی سـەرکەوتنەکاندا تۆماریـان کردبـوو. بریتـی بـوو لـە داسـتانی شـەڕی نالـۆس. لـەو داستانەدا هێزەکانی پێشـمەرگە بـە شـێوەیەکی زۆر کاریگـەر، تـەواوی چەکـە دەستبەسـەردا گیراوەکانـی دوژمـن و گوللـە تۆپـی تۆپخانەکانیـان بەکارهێنـا. ئـەم زەبـر و زیانـەی داریـە دوژمـن، چـاوەڕێ نەکـراو بـوو بۆیـان. چونکـە بەجارێـک بەرپەرچدانەوەکـە بـووە بایسـی کوشـتنی زۆرێـک لـە سـەربازە دیارەکانـی ئەرتەشـی ئێرانـی، لەوانـە عەقیـد کەلاشـی[1] کـە فەرماندەیـی فەوجەکانـی ئێرانـی لـە دەسـتدا بـوو.[2] بـێ لەکوشـتنی ئەوانـە، پێشـمەرگە ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەفسـەر و سـەربازانی ئێرانیـان بەزیندوویـی کەوتبـووە دەسـت و کەلەپچـە کرابـوون. بەمـەش ورەو وزەی سـەربازانی ئێرانـی و ئەرزشـیان لـە گۆڕەپانـی ڕووبەڕووبوونەوەکانـدا لەدەسـت دابـوو.

گرینگترینـی ئـەو بابەتانـەی پەیوەسـت بـە پێشـمەرگە، کـە لـە شـەڕە

(1) Eagleton, pg 120.

(2) Barzani, pg 121.

جۆراوجۆرەکانــی دوای کەوتنــی قــەوارەی مەهابــاددا ئەزموونیــان کــرد. بریتــی بــوون لــە بۆســەدانان و خســتنە کەمینــی کوتوپــڕی ئــەو یەکــە سەربازییانەی ڕژێـم کـە نیـازی پێشـڕەوییان هەبـوو. جیـا لـەو چالاکییانـە، کوشــتنی ٥٠ ســەربازی دوژمــن و گرتنــی لیــوای بەشــۆرەتی جەهانبانــی ئێرانـی، کـە کـوڕی ژەنـەڕاڵ جەهانبانـی بـوو. دروسـت کردەیـەک بـوو کـە شــکۆ و شــەوکەتی ســەربازانی ســوپای ئێرانیــان وردوخــاش کــرد. [١]

دیـارە لەسـەرەتاوە لیـوا جەهانبانی وەکـو موزایەدەیـەک مەیدانخوازییان پێکـرد و بەکاریـان هێنـا. گوایـە هەنگاوێکیشـە بـۆ ڕزگارکردنـی بارزانییـەکان تـا لەژێـر هێرشـەکانی هێـزی ئاسمانـی ئێرانیـدا خۆیـان و خانەوادەکانیـان پێـوە نەبـن[٢]. هەڵبەتـە هێرشـە ئاسمانییەکانـی ئێـران، تەنیا ڕێگـەی ڕاگرتنی هاوسـەنگی ڕووبەڕووبوونـەوەکان بـوو. ئەگینـا بۆحۆشـیان بـاشتر ئـاگادار بــوون کــە لەبــەرەی بەرخودانەکــەدا، بارزانییــەکان لەکامــە کێــوی ورە و ویقـاری جەنگەکانـدا گیرسـابوونەوە و ئەوانیـش لەکامـە کونـج و کەلەبـەری هەڵهاتنــدا هەناســەیان دەهاتــەوە بەبــەردا. بۆیــە هێرشــی لەنــاکاوی فڕۆکـەکان، فریادڕەسـی شـێوازی ئێرانییـەکان بـوو. بەتەنیـا ڕێگـەش بـوو بـۆ سـزادان و سـایکۆلۆژیای تۆڵـە لـە بارزانییـەکان. چونکـە تەنیـا لەڕێگـەی هێرشـە ئاسمانییەکانـەوە، زەبـر و زیانـە گیانییـەکان لەسـەر سـوپای ئێـران، کەمتریــن قوربانیــان لێدەکەوتــەوە، بــەڵام بەنیســبەت بارزانییەکانــەوە، بۆردومــان و هێرشــی یەکبیــن و بەردەوامــی فڕۆکــە جەنگییەکانــی ئێــران شــەڕگەکانی لــە پێشــمەرگەکانی بارزانــی کردبوونــە گۆڕســتانێکی گــەورە.

(1) Eagleton, pgs 120-121.

(2) Barzani, pg 124.

ناچــار بارزانــی بــڕاردەی دیکــەی بــێ لــە پاشەکشــەی پێشــمەرگەکانی لەودیــو ســنووەکانی ئێرانــەوە، لەبەردەســتدا نەبــوو. بڕاردەیــەک دەبــوو، زۆر بەخێرایــی، بــەدەم پاشەکشــەیەکی تاکتیکییــەوە، تاوبدەنــە ســنوورە ستراتیژییەکانــی کوردســتانی عێــراق. پێشــنیاز و پلانــی بارزانــی لــە ســۆنگەی ستراتیژێکــی چەنــد لایەنــەوە بــوو:

پێویســت بــوو، شــێخ ئەحمــەد بارزانــی، دوای وەرگرتنــی گەرەنتییەکــی نــووسراو، بگەڕێتــەوە ســنووری زێدەکــەی خــۆی، وەلــێ بــە مەرجــی دەرچوونــی لێبوردنێکــی گشــتییەوە لــە لایــەن دەســەڵاتدارانی عێراقــەوە. دواجــار پێشــهاتەکان زەمینەســازییان بــۆ کــرا. ئەوەبــوو شــێخ ئەحمــەد، بــە زۆرینــەی هۆزەکەیــەوە، هــەر هیــچ نەبێــت، لــە تەقوتــۆق و بۆردومانــی فڕۆکەکانــی ئێــران دەربازیــان بــوو. بــێ لــە شــێخ و ماڵبــات و خاوخێزانــی خەباتــکارە بارزانییەکان. لەنێــو ئەوانیشــدا، ئەفســەرە ســەربازییە کوردەکانــی پێشــووی ســوپای عێــراق، کــە لــە ماوەکانــی ڕابــردوودا ســەرکردایەتی پێشــمەرگەیان لــە ئەســتۆ گرتبــوو. دروســت وەکــو تەوژمــی دووەمــی پاشەکشــەی بارزانییــەکان لــە دەڤــەری مەهابــادەوە، ئەوانیــش ڕادەســت بوونــەوە. پێــشتر پێشــنیازەکە، ببووە بڕیارێکــی هەســتیار، لە بڕیارەکــەدا بــە شــێوەیەکی شەخســی مســتەفا بارزانــی وەهــا لەقەڵەمدرابــوو، تــا ســەرکردایەتی زۆربــەی پێشــمەرگەکانی کۆمــار لەخــۆ بگرێــت. بــەڵام هــەر زوو پلانــی گەڕانەوەکــە و بڕیارەکــەش ڕووبــەڕووی ئەنجامێکــی ئاڵــۆز بــووەوە. چونکــە کاتێــک گروپــی یەکــەم لــە دەروازەی کلاشــینیانەوە، ســنووری ئێرانیــان بــەرەو خاکــی عێــراق تێپەڕانــد. هــەر لەوێــدا ســوپای عێراقیــی دەســتبەجێ دەســتیان بەســەر

هەمــوو ئەفســەرە کــوردە هەڵهاتووەکانــی نــاو ســوپاکەیاندا گرتبــوو، ئەوانــەی لەماوەکانــی ڕابــردوودا، پەیوەســت ببــوون بەبارزانییــەوە. ئــیتر بەگوێــرەی زانیــاری و هەواڵەکانــی گەیشــتوو، بەزوویــی پــاش گرتنیــان و دادگاییکردنیــان، بەشــێوەیەکی ســەرپێییانە، ژمارەیەکــی زۆریــان لەســێدارە دران. [1] بۆنموونــە لــە نێــو ئــەو ئەفســەرە کوردانــەی لــە ســێدارە دران، هەریــەک لــە ئەفســەران عیــزەت عەبدولعەزیــز، مســتەفا خوشــناو، محەمــەد مەحمــود و خەیــروڵڵا عەبدولکەریــم بــوون. ئــەوان تێکــڕا پێــش وادەی لەســێدارەدانیان، هەریەکێکیان بــەدەم دروشــم و دەربڕینــی نیشــتمانپەروەرانەیانەوە هاواریان کردبــوو:" ســوپاس و مانەوە بــۆ ئایدیالی ناسیۆنالیزمی نەتــەوەی کــورد[2]. بــێ لــەم ئەفســەرە ئــازا و دڵســۆز و دلێرانــە، هــەر لەنێــو شــوێنکەوتوانی بارزانیــدا، لەکاتــی گەڕانەوەیانــدا زۆرترینــی بارزانییــەکان، ڕووبــەڕووی هێــزە عێراقییــەکان وەســتابوونەوە[3]. چونکــە وەک ئاماژەمــان بــۆ دان، بارزانــی بــەر لــە بەزاندنــی ســنووری عێراق، هێزەکانــی خۆیانیــان دابــەش کــرد بەســەر پێنــج بــەش و بازنــەی ســەرەکیدا، لەوانــە هــەر بەشــێکیانی ســپاردبوویە، شــێخ ســلێمان، ئەســعەد خۆشــەوی، مامەند مەســیح و محەمــەد ئەمیــن میرخــان، هــاوکات لــەو پێوەندیەیــدا مســتەفا مزووریشــی بە فەرمانــدە دانــا بــوو[4]. ئــیتر ئــەم فەرماندانــە توانیوویــان لەســەر بنەمــای بەرچاوڕوونی، پێشــمەرگەکانیان بەرنــەوە نــاو کوردســتانی عێــراق. بەشــێوەیەک کــە توانیبوویــان شکســت

(1) Eagleton, pg 121.
(2) Jwaideh, pg 766.
(3) Barzani, pg 127.
(4) O'Ballance, pg 34.

بـە پۆلیسـی عێـراق و هێـزە جـاش و کرێگرتـەکان بهێنـن، چـون دەوڵەتـی عێراقـی، بەدەنـگ مەرجـی گەڕانـەوەی پێشـمەرگەکانی بارزانییـەوە نەهـات[1]. ئەوەبـوو ئـەم فەرماندانـەش دوای سـەرکەوتنەکەیان، لـە دەروازەکانـی سـنووری هاوبەشـی هـەردوو عێـراق و ئێرانـدا. دواجـار هەریـەک لـە مستەفا بارزانـی و فەرماندەکانـی دیکـەی بـەش و بانـەکان، تێکـڕا توانیـان لـە ٢٥ی نیسـانی ١٩٤٧دا، بـە سـەرلەبەری پێشـمەرگەکانیانەوە بچنـەوە بنـاری بـارزان. بەمـەش سـوپای عێراقیـی دەستەوەسـتان نەوەسـتان، بەڵکـو دەسـتیان دایە کۆکردنـەوەی هەمـوو هێزەکانیـان بـەرەو سـنووری بـارزان و دەوروبەریـان. لـەم دۆخـەدا و لـە هاتنـی هێـزی بێشـوماری سـوپای عێراقـدا بـۆ ناوچەکـە، بارزانـی دەرکـی بـەوە کـرد، کـە بـاشتر وایـە جارێکـی تـر ئـەو سـنوورە لـە وێرانەیـی بپارێـزن و دووربکەونـەوە. هـاوکات نـە سـنوورەکانی تورکیـا، نـە ئێرانیـش کەڵکـی پەنـادان و پەنابەرییـان نەبـوو، چـوون وەک ناوچەیەکـی ئـارام بـۆ هێـزی پێشـمەرگە نەدەبـینران. بۆیە بارزانـی بڕیاریـدا، بەهـەر شـێوەیەک بـووە، بـژاردەی بەردەمیـان پەڕینـەوەی هێزەکانیانـە بـەرەو سـنوورەکانی یەکێتـی سـۆڤیەت [2]. لێـرەوە گەشـتی دوورودرێـژ و تاقەتپڕوکێنی پێشـمەرگە بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت، دروسـت لـە کۆتاییەکانـی مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٩٤٧وە دەسـتپێکرد. بەرەبـەرە بـە وەرگرتـن و دابینکردنـی شـوێنی مانـەوە و پێداویسـتییەکانی هێزەکـە، بەتایبەتـی لـە گونـدە کوردنشـینەکانی سـەرەڕێگادا کوڕانـە کەوتبوونـە ڕێگـەی نەهاتـەوە[3].

(1) Eagleton, pg 126.
(2) Eagleton, pg 126.
(3) Barzani, pgs 129-132.

دواجـــار بارزانـــی و هێـــزی پێشـــمەرگە، توانیـــان ڕێـــگای خۆیـــان بـــە درێژایـــی ســـنووری ئێـــران و تورکیـــا پێکـــەوە تـــەی بکـــەن و بـــەرەو ئاڕاســـتەی باکـــوور، ڕوو بـــە ســـنووری یەکێتـــی ســـۆڤیەت دابوویانـــە ڕێگەکـــەوە. هەمیشـــە لەگـــەڵ تێپەڕینیـــان بـــۆ نـــاو خاکـــی ئێـــران، هێزەکانیـــان بـــە ســـەرکردایەتی بارزانـــی، خۆیـــان بـــۆ هـــەر هێرشـــێکی ســـەربازیی چاوەڕوانکـــراو و هـــەر ئەگـــەری گریمانەیەکـــی ئێرانییـــەکان ئامـــادە کردبـــوو. دیـــارە پێشـــمەرگە بـــە کەڵـــک وەرگرتـــن لـــە لێهاتوویـــی ئـــەو پێشـــمەرگە پاڵفتەکراوانـــە لـــە هـــەر ژەنـــگ و ژەهرێکـــی خیانـــەت و خۆفرۆشـــی، زۆر بـــە وریاییـــەوە وانەیەکـــی زەنگینیـــان لـــە ڕابـــردووی کاری پارتیزانـــی و پەنهانکاریـــی بینـــی بـــوو، بۆیـــە دەیانتوانـــی خۆیـــان لـــە ئەگـــەری هێـــرش و هەڵمەتـــی لەنـــاکاوی ســـەربازی ئێـــران بپارێـــزن. تەنانـــەت لـــەو هێڵـــە سنووریانەشـــدا کە هـــەر دزەکـــردن و تێپەڕینێکیـــان تـــەواو ئەســـتەم بـــوو، ئـــەوا پێشـــمەرگە بەبـــێ ســـڵەمینەوەیەک ســـەریان پێـــوە دەنـــاو نەیارەکانیـــان بـــە تاکتیکـــی گەریلاییـــەوە گرفتـــار کردبـــوو. بـــۆ نموونـــە لـــە ٩ی حوزەیرانـــی ١٩٤٧دا پێشـــمەرگەکان هێرشـــیان کـــردە ســـەر ئاڕســـتەی قۆڵـــی ســـوپای عێـــراق[1]. بەمـــەش ئێرانییەکانـــی دێـــوێنران. ئیـــدی لـــە کاتـــی ئـــەم هێرشـــە دوو بەرەییـــەدا، پێشـــمەرگە بـــە ســـەرکردایەتی مســـتەفا بارزانـــی و ئەســـعەد خۆشـــەوی، توانیـــان بەســـەریاندا ســـەرکەون و ســـەدان ســـەربازی ئێرانیـــش لەنێوبـــەرن. جیـــا لـــەوەش چەندیـــن تانکـــی جەنگیـــان تێکشـــکاند. بەجۆرێـــک بەتـــەواوی تۆپخانەیەکـــی ســـەرەکی ڕژێمیـــان بێکاریگـــەر کـــرد و فڕۆکەیەکـــی جەنگـــی

(1) Eagleton, pgs 127-128.

ئێرانیشیان خستە خوارەوە [1]. بەم شێوەیە بە درێژایی گەشتە گەریلایی و مێژووییەکەیان، دواجار زیاتر لە ٥٠٠ پێشمەرگە خۆیان و خێزانەکانیان [2]، لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ دا توانیان بە سەرکەوتوویی بدەن بەناو ڕووباری ئاراسدا و دەربازی یەکێتی سۆڤیەت ببن. لێرەوە جەنگاوەرەکانی بارزانی وەک هێزێکی شەڕکەری دانپێدانراو[3]. پێش هەموو شتێک وەکو سەربازانی کۆماری مەهاباد ناسنامە و نازناوی پێشمەرگەیان پێدرا، کە زاراوەکە ناوێکی لێکدراوی کوردییە، ئیتر پێشمەرگە لەبری وشەی سەرباز کە وشەیەکی فارسیی بوو، بەکاردەهێنرا بۆ جەنگاوەرانی کورد. [4] ئەمەش پێناسەی ئەوەبوو کە ئەوان لە چوارچێوەی فارسیدا هاتونەتە دەرێ و دۆزێکی پەیوەست بە بوونی نەتەوەیی خۆیانیان هەیە کە دەربڕی دڵسۆزی و مۆڕاڵێکی کوردانەی لەخۆیدا چەسپاند بوو. لەگەڵ "ناونانی"یاندا، هاوکات گەشەسەندنی پێکهاتەی سەربازیی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری مەهابادەوە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کرد. لێرەوە ڕێکخراوە سەربازییەکە، تەنیا لە چەکدارانی عەشیرەتی بارزانیشدا قەتیس نەمابوو. بەڵکو لە ئیدارەی فەرمی مەهابادەوە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەفسەر و سەربازانی کوردستانی ئێران و عێراق تێکەڵ بەیەکتریی کران. لە هێزی هەردوکیانەوە، توانرا هێزێکی یەکگرتووی

(1) Barzani, pg 133.

(2) Ibid, pg 361

(3) Eagleton, pg 129.

(4) See also Appendix B: Maps map 3 for a depiction of the Barzani route to the U.S.S.R. 252 Chyet, pgs 452, 453.

کوردیـــی پێکەوەنێـــن، کـــە بوونـــە هێزێـــک، هەمـــوو هێڵێکـــی هونـــەرە عەشـــاییەکەی ڕابردوویـــان تێپەڕانـــد. پـــاش ڕووخانـــی کۆمـــاری کوردســـتان لەمهابـــاد، ڕێکخســـتنی هێـــزە کوردییەکـــەش کۆتایـــی هـــات، بـــەو پێیـــەی زۆرێـــک لـــە شـــەڕڤانان گەڕانـــەوە نـــاو هۆزەکانـــی خۆیـــان. ئـــەوە تەنیـــا پێشـــمەرگەکانی بارزانـــی و ئەوانـــی دیکـــەی دڵســـۆز بـــۆ مســـتەفا بارزانـــی بـــوون، وەک تاکـــە هێزێکـــی کـــوردی لـــە گۆڕەپانەکـــەدا مابوونـــەوە. مانەوەشـــیان بـــە ناونیشـــانی نوێنەرایەتـــی ناســـیۆنالیزمی کوردییـــەوە بـــوو، لـــەم پێناوەشـــدا بـــوو کـــە کەوتبوونـــە کێبڕکێـــی سیاســـەتەکانی ڕژێـــم و ملپێچییـــان لەهەمبـــەر حکومەتـــی ئێرانـــی دەنوانـــد. دواجـــار لەنێـــو ســـوپای داگیرکـــەردا دایانەپـــاڵ دراوســـێیەکی دوورتـــر، بەبـــێ ڕادەســـتبوون، بەجەنـــگ و کشـــانەوەی تاکتیکـــی ســـەربازییەوە، ســـنورەکانی ســـۆڤیەتیان هەڵبـــژارد [1]. پێشـــمەرگەش کاتێـــک زانیـــان فەرماندەکانیـــان هیوایەکیـــان بـــێ لـــە هەڵهاتـــن لـــەو واقیعـــە هەژیـــوە پـــێ نەمـــاوە، بۆیـــە ئەوانیـــش بەبـــێ دوودڵـــی شـــوێن ســـەرچڵی و بڕیـــارە مێژووییەکـــەی بارزانـــی کەوتـــن.

(1) According to Dana Adams Schmidt, Barzani inquired about refuge for him and his men in the U.S. while in a meeting with U.S. Ambassador George V. Allen in Tehran. (Schmidt, pg 104.)

## پێشمەرگە لە یەکێتیی سۆڤیەت (١٩٤٧-١٩٥٨)دا

لەگەڵ چوونە ناو یەکێتی سۆڤیەتەوە، پێشمەرگەکان لە گوزەرانێکی دژواردا خۆیان بینییەوە. هەر لەوێ دەمودەست بەرەو ئۆردوگایەکی تەلبەندکراو بران. ئۆردوگایەک سەرلەبەری سیاجەکەی تەلی دڕکاوی بوو، هاوکات وەردیانەکانی شورەی لە هەر چوارلاوە چاودێری پەنابەرەکانیان دەکرد. بە گوتەی مەسعود بارزانی، لایەنی سۆڤیەتی خستبوونیە ژێر لێپێچینەوەیەکی توندوتۆڵەوە. ئەو خواردنە کەمەی کە پێیان ڕادەگەیشت، نان و ئاو و نیسک و سوپێکی سادە بوو. ڕێک وەکو دەسبەسەر و دیلی شەڕ، شوێنیان کرابوویەوە. ئەوەی لەهەمووی زیاتر لەسەر دڵی پێشمەرگە پەنابەرەکان توند ببوو، دابڕان و جوداکردنەوەی مەلا مستەفا بارزانی و جیاکردنەوەیان بوو بەسەر چەند ئۆردووگایەکی ئامادەکراودا. ئەم دەستبەسەریی دەرهاوێشتەی دنیابینی ئەو قۆناغەی ستالین بوو. ئەوەبوو بارزانیان بەرەو نەخچوانی ئەرمەنستانی یەکێتی سۆڤییەت دوورخستبوویەوە. پاش چەند هەفتەیەک زانرا چ ئەتەکێتێکی هەواڵگیرییانە دەرهەق بەو پەنابەرانەی کورد کرابوو.دیارە بەوەشەوە نەوەستان، دیسانەوە بارزانیان بەرەو شوش شوێنبزر کرد. لەوێشدا دڵیان ئاوی نەخواردەوە تاوەکو بردیانە باکۆی پێتەختی ئازەربیجانی سۆڤیەتی. زۆرترینی سەرکردە و فەرماندەکانی پێشمەرگەش دوور لە ژن و منداڵ و خێزانەکانیان خزێنرابوونە خێوەتە خراپ و نالەبارەکانی گوزەرانەوە. بۆنموونە نموونەی ئەو بەرپرسانەی لە خێزانەکانیان دابڕێنرابوون، شێخ سلێمان و عەلی محەمەد سەدیق و سەعید مەلا عەبدوڵڵا و چەند فەرماندەی دیکە دیارترینیان بوون.

هەڵبەتــە ئــەم دۆخــی دابڕانــە درێــژەی نەکێشــا، ئیــدی لەکۆتایــی ســاڵی ١٩٤٧ دا پــاشماوەی هۆزەکانــی دیکــەی بــارزان و پێشــمەرگەکە دابــڕێنراوەکان لــە مــەلا مســتەفای بارزانــی، تێکــڕا ئەوانــش هێنرانــە باکــۆ. لێــرەوە جارێکــی تــر تێکــڕای پێشــمەرگەکان بــە فەرماندەیــی ئەســعەد خۆشــەوی لــەو دیــاری غوربەتــەدا ڕێکخرانــەوە.

هــەر لــەو ســەردەمەدا هەریــەک لــە خۆشــەوی، ســەعید وەلــی بــەگ، محەممــەد ئەمیــن میرخــان، مامەنــد مەســیح و مســتۆ مزووریــی وەک فەرمانــدە نوێیەکانــی ڕێکخســتنەوەی پێشــمەرگەکان دەستنیشــان کرانــەوە. جیالــەوەش دەرفەتــی دەســتگرۆیی و پێدانــی پــەلاس و بەرگــی ســەربازی و تەنانــەت چەکوچــۆڵ و مەشــق و ڕاهێنانــی ســەربازییان پێدەکــرا. تــەواوی ئــەم ڕێوشــوێنانە لەسەردەســتی چەنــد ئەفســەرێکی شارەزای شــورەوییەوە بەڕێوەدەبــران. بــێ لــەوەش بەشــێوەیەکی پراکتیکــی بەشــدارییان لــە چەنــدیــن وردە ئۆپەراســیۆنی ئاســاییدا پێکــرا. هەڵبەتــە مامەڵەیەکــی میزاجی لەتــەک پەنابەرانــدا دەکــرا، هەرئــەوەش فاکتــەری لەپــڕ ڕاوەســتانی ڕاهێنــان و مەشــقی پەنابەرانــی نیشــتەجێی نێــو کەمپــەکان بــوو. هەواڵگرانــی ســۆڤییەتی بەوەشــەوە نەوەســتان، بەڵکــو تــەواوی جموجــوڵ و هاموشــۆی نێــو کەمپــی کــوردە بارزانییەکانیان خســتەژێر چاودێــری خۆیانــەوە. مانەوەی منــداڵ و ژن و ئەرکــی ســەختی ژیانیــان بەبــێ هیــچ کۆمەکێکــی دەوڵەتیــی، گەنجانــی بارزانــی و پیاوانــی نێــو کەمپەکانیــان ناچــار بــە کاروکەســابەت و دۆزینــەوەی ســەرەداوێکی ســادە کردبــوو، بــۆ هەڵســوڕانی گوزەرانــی ســەختی خێزانەکانیــان. لــەم بارەیــەوە بەرپرســایەتی دۆخەکــە و دەرکــی دژوارییەکانــی ژیــان، لــە ســۆنگەی بارزانییــەوە، ناچاریــان کــرد نامەیەکــی

تایبەت، ئاڕاستەی جۆزیف ستالینی سەرۆکی ڕوسیا بکات. هەر لەم بارەیەوە دانا ئادەم شمیت ناوەرۆکی کۆبوونەوەیەکی بارزانی لەگەڵ جۆرج ئاڵنی باڵوێزی ئەمەریکا لە تاراندا بڵاودەکاتەوە، کە لەبارەی مافی پەنابەرە بارزانییەکانی سۆڤیەتەوە پرسیویەتی(شمیت، ل١٠٤.)

پاش ئەوەی جارێکی تر فەرماندەکانی پێشمەرگە و هەموو ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون لێکیان دابڕین، لە کۆتاییدا ساڵی ١٩٥١ هەمووان بە دیداری یەکتریی شادبوونەوە. ئامجارەیان تێکڕایان لەژێر بارودۆخێکی باشتردا لە هەرێمی تاشقەندی ئۆزبەکستانی سۆڤیەتدا، پاش ئەوەی برابوونە ئەوێ، کەوتنە ناو دۆخێکی جێگیر و جیاواز لەو دابڕان و دەردەسەرییەی لە نەخچەوان و باکۆدا بەسەریاندا هاتبوو. لێرە بەدواوە وەک ئەوەی ئەوان نەبووبن، نۆرەی خێر و خۆشییەکی چاوەڕێ نەکراو چلمنییەکەی پێشوویانی ڕەواندنەوە. ئۆزبەگستان دەروویەکی دڵگیری بەڕوودا کردنەوە. ئەوانەیان کە خوێندەوارییان هەبوو، دەرفەتی باشتریان بۆ ڕەخسا و تەنانەت هەندێکیان توانیان ببنە خاوەنی بڕوانامەی بەرزی زانکۆیی و ئەکادیمی.[1] جیالەوەش بەشێک لە پیاوانی پێشمەرگە، کەوتنە ناو ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خۆماڵیانەی خانمانی شۆخوشەنگی سۆڤییەتییەوە و ژیانی هاوسەرییان لەگەڵدا پێکهێنان. ئافرەتانی ئەوێ، ئەوانەی هاوژینەکانیان لە جەنگەکانی دووەمی جیهانیدا نەگەڕابوونەوە، بە بێوەیی مابوونەوە و بژاردەی ژیانێکی هاوبەش لەتەک جەنگاوەرانی کورددا، کەوتبووە کەوڵیانەوە [2]. لەکۆتاییدا، پاش بەسەربردنی نزیکەی ١٢

(1) Barzani, pgs 135-143, 150.

(2) Salem, pg 11.

ساڵی تەمەن و چەشتنی زەجری دوورەوڵاتیی، شوێنکەوتوانی بارزانی و بارزانییەکان ڕێگەیان پێدرا، وەک هەر هاووڵاتییەکی پلەیەکی ئەوێ، ژیانێکی "ئاسایی" بژین. هەڵبەتە بارودۆخەکان و ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی ئەوێ، بۆ مەلا مستەفا بارزانی باشتر بوو، چونکە بارزانی وەک ڕابەرێکی کارێزمای کورد، شەرەفمەند و شوێنبایەخ بوو لەلای سۆڤیەتییەکان. هەربۆیە ئیمتیازاتی سەرکردەیەکی خەباتکار و دەربەدەریی پێبەخشرا بوو. هەربۆیە خودی بارزانی، بە درێژایی ساڵانی مانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا، توانیبووی لە ڕێگەی ڕادیۆی سۆڤیەتەوە،[1] ڕازی ڕاسانە کوردییەکە شیبکاتەوە، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو بەرنامەی پەیوەست بە زمانی کوردیی وەشان بکەن. بۆخۆیشی لە بواری تیۆرییەوە، بەشداری خولی زمان و پێگەیاندنی سیاسەت و ڕاهێنانی گرنک و بەبایەخی بینیبوو[2]. هەرچەندە زۆرێک لە سەرچاوەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە بارزانی پلەی جەنەڕاڵی لە سوپای سۆڤیەتدا پێدراوە، بەڵام مەسعود بارزانی ئەم بانگەشانەی دابوویە دواوە[3].

هاوکات بارزانی ئەوێی کردبووە مەکۆی مەیدانخوازییەکانی، لەوێوە لایکردبوو بەلای ئاڵوگۆڕی پەیام و ڕایەڵەی ڕێکخستن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردانی هەندەران و پەنابەری سەراسەری جیهاندا[4]. نامەنووسی بارزانی بووە لەگەڵ کوردانی دەربەدەر لە

(1) Edmonds, MEJ, pg 62.
(2) Kinnane, pg 59.
(3) Ibid, pg 59/ Kurdish Red Seen as Leader. New York Times, 8 Apr 1959.
(4) Bagrzani, pg 140.

سەرانسەری جیهان، لەنێو ئەو کارەکتەرانەی کە چاویان بە بارزانی کەوتبوو، هەریەک لە جەلال تاڵەبانی و عیسمەت شەریف وانلی وەکو ڕایەڵەیەکی گرنگی گەیاندنی نیاز و نواڕینی بارزانی بە کوردەکان کاریان دەکرد[1]. لەم نێوەندەدا، کۆدەتای سەرکەوتووی عەمید عەبدولکەریم قاسم و سەربازانی ئازادیخوازی شوێنکەوتووی لە عێراقدا، کە لە تەمووزی ١٩٥٨دا کەوتبوونە خۆیان، توانیان لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی عێراق و کورددا هەڵبدەنەوە. لە دەرهاێشتەی ئەو خاڵی وەرچەرخانەدا بوو، کە دوای ماوەیەکی کەم لە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی پادشایەتی، عەبدولکەریم قاسم بە بڕیارێکی فەرمی لە شێخ ئەحمەد بارزانی خۆش دەبێت و ڕێگەش بە مەلا مستەفا بارزانی و شوێنکەوتووانی و پێشمەرگەکەکانی دەدا بگەڕێنەوە عێراق[2]. بەمجۆرە چیرۆکی دەربەدەری بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، دوای ١٢ ساڵ سەرگەردانی کۆتایی هات.

لەگەڵ گەڕانەوەشیاندا، جارێکی دیکە پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سیاسەتی ناوخۆیی عێراقدا بینییەوە.

(1) 260 Ibid, pg 150. 261 Edmonds, MEJ, pgs 3, 7.

(2) Edmonds, MEJ, pgs 3, 7.

# بەشی سێیەم:

## پێشمەرگە لە عێراقی نوێدا (١٩٥٨-٢٠٠٣)

شۆڕشـــی ســـاڵی ١٩٥٨، دەشـــێت یەکێـــک لـــە دەرهاویشـــتەکانی دووەم جەنگـی جیهانـی بـوو بێـت. لـەو خاڵـی وەرچەرخانـەدا وێـری پرسـە نەتەوەییەکـەی کوردیـش کرایـەوە. چونکـە وەختبـوو هەلێکـی دووبـارە دەرگـەی لەسـەر داواکارییـە ڕەواکانـی ڕێکخسـتنە کوردییەکانـدا خسـتبوویەوە سەرپشـت. هـەر لـەو دەرگای دەرفەتانـەوە بـوو، خواسـتی سـەربەخۆیی یـان ئۆتۆنۆمـی لـە ڕێگـەی سیاسـییەوە سـەرەی خـۆی دابوویـە دەسـت بارزانـی و پارتـی. چونکـە پارتـی بەوپـەڕی گەشـبینیەوە لـە حوکمڕانانـی نوێـی عێراقـی دەڕوانـی. هـاوکات زۆرێکیـش لەکوردەکانـی عێـراق دەنگیـان لەپاڵ ڕەنـگ و ڕوانگـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا دۆزیبوویـەوە. بەگوێـرەی ئەنجومەنـی نوێـی حوکمڕانـی عێـراق، دەبـوو دەسـەڵات لەنێـوان هەمـوو پێکهاتـە سـەرەکییە ئیتنـی و ئاینیەکانـدا دابەشـبکرێت، یانـی لـە نێـوان دانیشـتوانی سـوننە و شـیعە و کـورددا [1] . دوای گەڕانـەوەی بارزانـی، ئـیتر پێشـمەرگە و شـوێنکەوتوانی دیکـەی بارزانـی بـۆ یەکەمجـار ڕێگەیـان پێـدرا بـە ئـازادی بگەڕێنـەوە نـاو خاکـی عێـراق. ئـەم لێبوردنـە گشـتییەی عێراقـی نـوێ، لـە ڕێگـەی هەوڵێکـی هاوبەشـی نێـوان سـۆڤیەت و عێراقـەوە سـەری گـرت. لـە چوارچێـوەی یەکـەم هەنـگاوی هەوڵـە هاوبەشـەکاندا، کەشـتیی گرۆزیـای سـۆڤیەتیی بەخـۆی و نزیکـەی ٨٠٠ سەرنشـینەوە، بەنـدەری ئۆدێسـاوە

(1) McDowall, pg 302

بـەرەو بەنـدەری بـەسرە جێهـێڵا. هـەر بـە گەیشـتنی پێشـمەرگە گیانبـاز و خاوخێزانــی بارزانییــەکان، گەلــێ بــە گەرمــی پێشــوازییان لێکــرا. پێشـوازی لـە بارزاییـەکان و لێبوردنـی گشـتی بـۆ زیندانییانـی سیاسـیی، بوویـە سـەرد و سـەردێڕی ڕۆژنامـە و ڕاگەیاندنەکانـی ئـەو قۆناغـە[١] . هەڵبەتـە وەک چـۆن لـە سـاڵی ١٩٤٦ دا قـازی محەمـەد بەهەمـان شـێوە بـە پیـر و بـە پێشـوازی بارزانیـی و سـوارچاکەکانییەوە هـات. بەوجـۆرش مـەلا مسـتەفا وەک شاسـوارێکی شـکۆمەند، بـەدەم وێـردی وەتەندۆسـتی و نیشـتمانپەروەرییەوە، پێشـوازی لێکـرا. ئیـدی بارزانـی و پێشـمەرگەکانی لەژێـر چەتـر و چارەنوسـی سـەرکردایەتی سـەرۆکۆماری نوێـدا بڕیـاری خەباتێکـی نوێیـان دا. بارزانـی بەڵێنەکانـی سەرڕاسـتانە لەگـەڵ عەبدولکەریـم قاسـمدا بـە پراکتیکـی سـەلماند. ئەوەبـوو لەیەکـەم یاخیبوونــی ئەفســەرە ناسیۆنالیســتەکاندا لەموســڵ، کاتــێ ویســتیان قاسـم بەرکەنـار بکـەن، هـەرزوو پێشـمەرگەکانی بارزانـی هاتنەدەسـت و دەرســێکی دەگمەنیــان بــە یاخیبــووان دادا. هەمــان ســاڵی ١٩٥٩، ئیــرادەی ئێــران و تورکیــا، لەمــەڕ لۆژیکــی هێشــتنەوەی کوردســتانی تورکیـا و ئێـران بـە بندەسـتی، دیسـانەوە کەوتـەوە بـەر زەبـر و زمانـی چەکــی پێشــمەرگەوە و نەیانهێشــت پیلانــی پەراوێزخســتنی قاســم و حکومەتەنـەی بهێننـەدی[٢]. هەرچەنـدە بارزانـی بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و فەرمــی فەرماندەیــی هێورکردنــەوەی هەراکانــی موســڵ و کەرکووکــی نەکــرد، وەلــێ ئــەوە پێشــمەرگە بــوون، پێشــگیرییان لــە هــەوڵ و

(1) Barzani, 185-187

(2) McDowall, pg 304/ Barzani, pg 215

هەنـگاوی سـڕکردنی قاسـم کـرد[1]. جیالەوانـەش هـەر سـاڵی ١٩٥٩، ئـەوە بارزانـی بـوو[2]، بەدەنـگ قاسـمەوە قەڵەندەرانـە هاتەدەسـت و گێچـەڵ و گێرەشـێوێنی ڕەشـید لۆلانیـان لـە پێـچ و پەنـای پیلانـی ئێـران و تورکیـاوە تێکـدا و دیسـانەوە بوویـەوە بـە فریادڕەسـی قاسـم و کۆمـاری نوێـی عێـراق، کـە ڕەوتـە توندوتیژەکانـی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی، گەرەکیـان بـوو، عێـراق وەک لایەنگیـر و لانکـەی لۆژیکـی عروبـە و نەتـەوە نەریتییـە تونـدڕەوەکان بهێنێتـەوە. لـە مێـژە ململانـێ و کەلتـوری کینـە و کەتنەکانـی شـێخ ڕەشـید لەگـەڵ بارزانییەکانـدا، گەیشـتبووە ئاسـتێکی نابەجێـوە[3]. ئـەم ئەدەبیاتـەی قاسـم، تەڕحێکـی تەقلیـدی هاشـمیەکان بـوو. ئـەوە ئەنگاوەکانـی حکومەتـی فەیسـەڵ بـوون، کـە فریـای ڕەشـید لـۆلان کەوتـن، ئـەوە پۆلیـس و پیاوەکانـی پاشـایەتی بـوون، کـە لـە ١٩٣١ دا پێکـەوە پەرژانـە سـەر سـەرکوتی یەکەمیـن یاخیبوونـی بارزانییـەکان[4]. کەواتـە ئـەم داخـەی سـەردڵی دلاوەرانـی کـورد، ڕێـک ئـەم کەلتـوری کێبرکێیـەی هـۆز و تیـرە غەیانەکانـی ماڵباتـی بارزانیـان لـە پشـتەوە بـوو. بۆیـە کانـێ بەردەوامـی هـاوکاری نێـوان هێـزی پێشـمەرگە بـە سـەرۆکایەتی بارزانـی و حکومەتـی قاسـم، پاڵنەرێـک بـوو بـۆ پینـەی پشـێوییەکانی پێشـووی پەیوەنـدی نێـوان کـورد و عەرەبـی عێراقیـی. ئـەم پێکەوەییـە، پێناوێکـی گرنـگ و ئەوەجـەی ئاشـنایەتییەکی زێدەتـری زەواری زینـدووی پەیوەندییەکانـی نێـوان برایەتـی کـورد و عـەرەب بـوو.

---

(1) McDowall, pg 304.

(2) Kinnane, pg 61.

(3) Barzani, pg 215

(4) Jwaideh, pg 824..

هەڵبەتـە هەمـوو ئـەو دەسـتکەوتانەی کـورد لـە سـەهەندی سیاسـەتی قاسـمدا قەراریـی لەسـەردابوو بریتـی بـوون لـە:

١. کێشـانی ئامـاژەی خۆرێـک بەسـەر پەرچەمـە نوێیەکـەوە، پیشـاندانی پێکهاتـەی نەتـەوەی کـورد بـوو.

٢. کاندیدکردنی کورد و دانانیان لە پۆستە باڵاکانی حکومەتدا.

٣. لـە دەسـتووری کاتیـدا، بـە بەندێـک دان بـەوەدا نـرا، کـە عێـراق نیشـتمانی هاوبەشـی هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب- کـوردە[١] .

٤. دوورخسـتنەوەی عەقیـد عەبدولسـەلام عـارف، کـە کابرایەکـی ڕەزاگرانـی ڕقئەسـتوور بـوو بەرانبـەر بەکـورد، لەکاتێـدا پۆسـتی جێگـری سـەرۆکوەزیران و وەزیـری ناوخـۆی کابینـە حکومییەکـەی قاسـمیش بوو.؟بۆیـە لادانـی لـە پێگەکەیـدا، وەک ئەوپـەڕی ئەنگاونـان بـەرەو ڕەوینـەوەی دڕدۆنگییەکانـی کـورد بەرانبـەر بـە نەشـتەری ناسرییـەکان لێکدەدرایـەوە. هەرچەنـدە عـارف نەتەنیـا دانـوی لەگـەڵ کـورددا نەدەکـوڵا، بەڵکـو هەروەکـو هەڕەشـەیەکیش بـۆ سـەر قاسـم تەماشـا دەکـرا. [٢] سـەرەڕای ئـەم کـردەوە و ئیمتیـاز و ئـاوڕە بەبایەخانـە بەنیسـبەت بوونـی نەتەوەیـی کـوردەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا کـوردەکان، لەهەمبـەر گریمانـە و گـرەوی گـەورەی گۆڕانکارییـەکان و مسـۆگەرکردنی متمانـە بـە ئایندەیەکـی ئـارام و تەناهییـەوە، هێنـد گەشـبین نەبـوون. ئـەم دڕدۆنگـی و دڵخوتخوتـەی کـورد، بەهانەیەکـی

(1) Izady, pg 67.

(2) Jawad, pg 38..

بێجا نەبوو، بەڵکو لە تەدارەکی تەکبیر و تەونی چنراوی چەندین گەڕ و پاساوەوە، بەجوانی جەبینی جوڵانەوە کوردییەکەیان دەبینی. لە سەرانسەری باکوری عێراقدا زۆرێک لە دوژمنە خێڵەکییە تەقلیدییەکانی بارزانییەکان، لەوانەش عەشیرەتەکانی هەرکی، سورچی، برادۆستی، جاف و پشدەر و تەنانەت شوێنکەوتوانی شێخ مەحمودیش، دنەدنی دژایەتی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی بەسترابوو بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی میراتی موڵکدارییانەوە. بۆیە هەر پەرەسەندنی پەیوەندییەکی پارتی و بارزانی بە ڕژێمی قاسمەوە، قەوانی کۆنی کەلتووری کینەبەرایەتی دەرەبەگەکانی لێدەدایەوە. بەهێزترین بژاردەی بیانوی ئەم هۆزانە، بریتی بوو لە نیشاندان و نەشاردنەوەی ناڕەزایەتییان بەرامبەر بە یاسای چاکسازی کشتوکاڵیی ساڵی ١٩٥٩. دژ بەم یاسایە یەک بە یەکیان دەستیان کرد بە نواندنی تورەیی و توندوتیژیی دژی حکومەتی نوێی عێراق. هەرچەند سەرۆکهۆزەکان هەوڵیان دا دانوستان لەگەڵ قاسمدا نەدەنە دواوە، بەڵام هەوڵەکانیان هەوەنتە و بێهودە مایەوە. هەربۆیە جارێکی دیکەش فەرمانی سەرکوتکردنی ناکۆکییەکانیان سپێردرایە پێشمەرگە و وەک تەواوکار و بەشێکی سەرەکی و هاوبەشی هێزە سەربازییەکانی عێراق عینوانیان پێدرابوو. لێرەدا پشتیوانی پێشمەرگە بۆ قاسم و قەراری ڕیفۆرمە کشتوکاڵییەکەی، گەلێ گران بەسەر ڕایەڵەی ڕێکخستنی پارتی و هۆز و تیرە خاوەنموڵک و زەویوزارەکان کەوت. قاسم لەم لۆژیکی تانە و تیرهاویشتنەوە

بــە کەوانــی کــوردەکان، چەندیــن نیشــانەی نــاڕەوای دەپێــکا. ئەوەتــا:

١. حکومەت وەهای گەیاندبوو کە کاریگەرییە سیاسی و سەربازییەکانی بارزانی، بایسی چاندنی ترسوبیمی ناو هۆزە کوردییەکانی دیکەی کوردە.[١]

٢. دوابــەدوای ئــەوەی پێشــمەرگەی دا بــە گــژی گەورەئاغــا و هــۆزە نەیارەکانــی ڕیفۆرمــە کشــتوکاڵییەکەدا، کەچــی بۆخــۆی بەزوویــی لێبوردنــی گشــتی بــۆ ســەرجەم هــۆزە یاخییەکانــی وەک برادۆســت و پشــدەرییەکان لەمیانــی ســاڵانی نێــوان ١٩٥٩-١٩٦٠ دەکــرد و دوژمنایەتیەکــەی بــۆ بارزانــی هێڵایــەوە.

٣. جیالەوەی لێبوردنی گشـتی، گشـتیيانی گرتبوویـەوە، هاوکاتیش حکومەت دەسـتیکرد بـە دابینکردنـی چـەک و چـۆڵ و پشـتیوانی ئـەو هۆزانـەی کە پێشـتر پەڵپوبیانویـان بـە میریـی گرتبـوو. هەم ئەو هـۆزە یاخیانـە و هەم هۆزەکانـی دیکـەی دژە بارزان، بەدەسکیسـەی قاسـم، پڕچەککران[٢].

٤. وەنەبێــت بارزانــی ئــاگاداری هــەوڵ و هــازی شــاراوەی نێــوان هــۆزەکان و حکومــەت نەبــوو بێــت، نەخێــر، بارزانــی بەباشــی شــارەزای شوناســی شــەڕەنگێزیی و شــەپازللەی بێڕەحمــی سیاســەتی میریــی بــوو. بارزانــی دەیزانــی دەسکیســەیەک بــۆ ڕوخانــی ڕایەڵــەی نێـوان هۆزەکانـی کـورد و کارەکتـەری کاریگەریـی ئـەو لـە ئارادایـە. ئــەم ڕاســتییە بەڵگەنەویســت بــوو، بەتایبەتــی دوای ئــەوەی چەنــد کەســێکیان لــە ئەندامانــی ئاشــنای هــۆزی زێبــاری دەســتگیر کــرد.

(1) Iraq Demotes Arif, Enemy of the West, New York Times, 1 October 1958..
(2) McDowall, pgs 307-310..

ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو کـە گەرەکیـان بـوو، گەڵابـە بارهەڵگرەکانیـان بـە بـاری چـەک و چۆڵـی ئۆتۆماتیکـی و نامـەی ئەفسـەرێکی بـاڵای حکومەتـی عێراقییـەوە، بـەرەو بنکـە سـەرەکییەکانی هـۆزی زێبـار تێپەڕێنـن[1]. بۆیـە دەسـتگرتن بەسـەر بارهەڵگـرەکان و قۆڵبەسـتی بکەرانـی بابەتێکـی وا، بـێ لـە هـاوکاری لۆجسـتیکی ئـەو هۆزانـە بـەدژی بارزانییـەکان، لازم بـە بەڵگەیەکـی لـەوە ڕاشـکاو و ڕوونـتر نەبوو[2].لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا قاسـم نەدەچـووە ژێربـاری بارهەڵگـرە یاسـاغەکانەوە و یارمەتیدانـی هـەر هۆزێکـی کـوردی، بـە دژی بەرژەوەنـدی بارزانییـەکان دەدایـە دواوە. بەمجـۆرە پەیتـا پەیتـا، پێشـهاتەکان، پەیوەندییەکانـی نێـوان قاسـم و بارزانـی، کاڵـتر دەکـردەوە. دواجـار تەقوتۆقـەکان لێـرە و لـەوێ، لەگـەڵ پەرەسـەندنی گـرژی و ئاڵۆزییەکانـی نێـوان قاسـم و سـەرکردە سیاسـییەکان و هـۆز و پێشـمەرگەکانی کـورددا، بەتایبەتـی و بەدرێژایـی سـاڵی ١٩٦٠ بارزانـی هێنایـە ئـەو بـاوەڕەی چیـدی مانـەوە لەگـەڵ قاسـمدا، کەڵکـی نەمـاوە و هـەر سـازش و سیاسـەتێک بـێ لـە ئاسـنی سـارد کوتـان، کەڵکێکـی کاریگەریـی نەمـاوە. هـەر لـەم سـۆنگە سیاسـییەوە بـوو کـە مسـتەفا بارزانـی هەوڵیـدا پشـتیوانی و پەناگەیـەک بـۆ ململانێیەکـی مسـۆگەر و حەتمیـی کۆبکاتـەوە[3].

بـۆ نموونـە لـە تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٠ دا مـەلا مسـتەفای

(1) O'Ballance, pg 39..
(2) Schmidt, pg 75.
(3) Barzani, pg 231.

بارزانـــی خـــۆی گەیانـــدە مۆســـکۆ و لەگـــەڵ بەرپرســـانی "ئاســـتباڵا"ی ســـۆڤیەت، لەنێویانـــدا نیکیتـــا خرۆشـــۆڤ کۆبوویـــەوە[1]. بارزانـــی لـــە دیدارەکـــەدا داوای هـــاوکاری لـــە ســـۆڤیەتییەکان کـــردووە. بـــەڵام ئـــەوان هیـــچ بەڵێنێکـــی پشـــتیوانی ســـەربازییان نەدایـــە بارزانـــی. بەڵکـــو بـــێ لەچەنـــد پشـــتیوانییەکی لاوەکـــی و لابـــەلا بەڵێنێکـــی ئەوتۆیـــان پێنـــەدا. دواجـــار ســـۆڤیەتییەکان دەســـتیان بـــەڕووی بارزانییـــەوە نـــا و ناوبـــراو بەوپـــەڕی نائومێدییـــەوە کۆتایـــی بەســـەردانەکەی هێنـــا[2]. لێـــرەوە بارزانـــی بـــە گەیشـــتنە خاڵـــی بنبەســـت لەگـــەڵ ڕژێمـــی عێراقـــدا، هێـــزی پێشـــمەرگەی کوردســـتانی خســـتەخۆ. ســـەرەتا ویســـتی بەســـەر تەنگـــژە و ناکۆکیـــی هـــۆزە کوردییەکانـــدا زاڵبێـــت و پاشـــان بگرەوبـــەردەی دەرەبـــەگ و خاوەمڵکـــەکان بـــەدژی حکومەتـــی ناوەنـــدی، بەئاڕاســـتەی بەرژەوەندییـــە نەتەوەییەکـــەدا یەکبخـــات. لـــەم دەرفەتـــەوە بارزانـــی توانـــی کۆدەنگییەکـــی کاریگـــەر لەســـەرانســـەری کوردســـتاندا بەدیبهێنێـــت[3]. ئەوەبـــوو ڕووداوەکان، هـــەر لەســـاڵی ١٩٦١دا گەیشـــتنە ئاســـتێک، کـــە پەنابەرنـــە بـــەر کـــردەوەی چەکداریـــی. هەربۆیـــە پارتـــی و ڕێکخســـتنەکانی و هێـــزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان بەفەرمانـــی بارزانـــی، توانیـــان لـــە یەکـــەم کاردانـــەوەدا، تـــەواوی بنکـــە و بـــارەگا و پـــاس و پێگەکانـــی ســـوپای عێـــراق و پۆلیـــس لەســـەرانســـەری کوردســـتاندا کۆنتـــڕۆڵ بکـــەن[4] . ئـــەم بارودۆخـــە بەجارێـــک بەغـــدای شـــڵەژاند و ڕژێمـــی قاســـمی دوچـــاری نائارامییەکـــی بێـــڕادە کـــرد.

(1) Iraq is Troubled by Kurdish Tribe, New York Times, 27 December 1960..

(2) O'Ballance, pg 41..

(3) Ibid, pg 47..

(4) McDowall, pg 310..

لەڕاستیدا قاسم ئامادەکاریی سەربازی کردبوو، تەنانەت جموجوڵی هۆزە کوردییەکانی کردە پاساوی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی دژ بە یاخیبووەکان.[1] کاردانەوەی توندی ڕژێم دژ بە ناڕەزایەتی هۆزە کوردییەکان. بەکارهێنانی فڕۆکە و بۆردومانی ئاواییەکان. کۆکردنەوەی سوپا و چەکوچۆڵی فرە و فراوان لەکوردستاندا. وای لە ڕێکخستنەکانی پارتی کرد، بانگەوازی کاردانەوەی مەدەنی و خۆپیشاندان و مانگرتنی سەرتاسەریی ڕابگەیەنن، ئەم مانگرتنانە ئیرادەی کوردیان پتەوتر کرد، هۆزەکانیش هاوهەڵوێست و یەکگرتووانە هاتنە ڕیزەوە. هەر ئەوانیش مەلا مستەفا بارزانییان بە فەرمی هێنایە ناو ململانێکانەوە، ئەوەتا بە گوتەی دیڤید ماکداوڵ، قاسم لە ئاستانەی دووجۆر گروپی خێڵەکی جیاوازی کوردیدا خۆی دەبینییەوە. هاوکات بایەخیشی بە سەردار و دەرەبەگە کۆنخوازەکان دەدا. وەلێ مەلا مستەفا خودان کارنامەیەکی تێکەڵە بوو پەیوەستەکی هۆزایەتی و نەتەوەگەراییدا[2] .

(1) O’Ballance, pg 47..

(2) McDowall, pg 310..

## شەڕی کورد-عێراق (١٩٦١-١٩٧٠)

لەگەڵ پەیوەستبوونی بارزانی، بە هەڵایسان و یاخیبوونی سەرانسەریی خێڵ و تیرەکانی کوردەوە. ڕاستەوخۆ دەستی کرد بە چەسپاندنی هێزەکانی و دابینکردنی سیستەمێکی ڕێکخستنی کارا وەک تەواوکەری پێشمەرگە کە پێشتریش ئەم دامەزراوەیە هەر لە ژێر سەرکردایەتی بارزانیدا بووە، بەڵام ئەمجارە لەئاستێکی بەرفراواندا، بارزانی سەرجەمی خێڵ و عەشرەتەکانی غەیرە بارزانی و تەواوی گروپ و هێزە چەکدارییە خۆڕسک و نارێکخراوکانیش لەژێرچەتری چارەنوسسازی شۆڕشەکەی بارزانیدا ڕێکخران. هەر لەسەرەتاوە بارزانی پێداگریی کرد، کە پێویستە بە شەڕی پارتزانی و گیردانی پێگەسەربازییەکانی ڕژێم، بەغداد بهێننە ژێرباری ڕازیوون بە خواستەڕەواکانی نەتەوەکەی[١]. دیارە سەربازانی کورد لەناو سوپای عێراقدا، بەڕێژەی سێ یەکی تێڕای ژمارەی سوپای عێراقی دەبوون[٢]. لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشدا، پەیتاپەیتا پەنایان دەهێنایەوە شاخ و دەسبەرداری ئەرک و ڕاژەی سەربازییان دەبوون. ئەمانە، بە پێودانگی ڕاهێنان و ڕۆڵی سەربازییان، بواری پیشەییبوون و ئەزموونی پێشوویان، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەدا هێنایە ئاراوە[٣]. ئەوەبوو تاوەکو پاییزی ساڵی ١٩٦٢، یانی دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێک لە ململانێکانی سەرکردایەتی کورد و حکومەت، بارزانی توانی نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ هەزار سەرباز تەنیا لە

(1) Ibid, pg 310.

(2) Schmidt, pg 61..

(3) 100 Towns Reported Destroyed In Kurds' Revolt Against Kassim. New York Times, 24 Apr 1962..

فەرماندەییەکـەی ژێرسـایەی خۆیـدا ئامـادە بـکات، بەجۆرێـک بـەس لەنێـو ئەوانـەدا ٤ بـۆ ٥ هەزاریـان پێشـمەرگەی مەیدانـی بـوون. جیالـەوان لەنێـو هێزەکانـی دیکـەی بارزانیـدا، بەڕێـژەی ٥ بـۆ ١٥ هـەزار سـەربازی یـەدەگ یارمەتیـدەر و هێـزی تەنگانـەی شـۆڕش بـوون کـە وەکـو یەدەگـی خولانەوە شـەش مانـگ شـەش مانـگ خزمەتیـان دەکـرد. هـاوکات ١٠ بـۆ ٢٠ هـەزار یەدەگـی دیکـەی ناوخۆیـی خۆبەخشـانە ناویان تۆمـار کردبـوو، ئەوانە وەک پاسـەوانی مـاڵ و حاڵـی خەڵکـی و وەک خەباتـکاری خۆبەخشـی خاکـی کوردسـتان خزمەتیـان دەکـرد[1] . بایەخەکانـی بارزانـی بـۆ پێشـمەرگە، پشتبەسـتوو بـوون بـە ئەزموون و ئـەو نەزمە نوێیانەش کە دەگـوزەران. بۆیە پێشـمەرگەی دابەشـکرد بەسـەر گروپگەلێک و هەریەکەیان ناو و ناونیشـان و پێگـەی پێناسـەی دیاریکـراوی هەبـوو، بۆیـە لـە دەسـپێکدا پێشـمەرگەی کوردسـتان پێکهاتبـوون لـە ١٠ دەسـتە، ٥٠ پـەل، ١٥٠ سـورپەل ٣٥٠ لـق، هـەزار سـەرلق. هەڵبەتـە ئاڵوگـۆڕ و گۆڕانکاریـی بـەردەوام بـوو، چـون هەم پەیتـا پەیتـا لاوانـی کـورد، دەهاتنـە نـاو ڕیـزی پێشـمەرگەوە، هەمیـش پێشـمەرگەی دیـار و بەرچـاو و کوڕانی کاریگـەری خەباتەکەش دەچوونە نێو کاروانـی نەمرانـەوە. هـەر لـەو قۆناغـەدا دوو قارەمانـی دیـار و دلاوەری سەردەسـتەی پێشـمەرگەکان بەناوەکانـی محەمـەد ئەمیـن میرخـان و شـێخ عومـەری شـانەدەر شـەهید بـوون[2]. ئەمەش پاڵنەری سـەرەکی بـوو، تاوەکو بارزانی بەناچاری چەندین بڕیاری بەبڕشت و یەکلاکەرەوە لە سەرکردایەتیدا ڕابگەیەنێـت. لەوانـەش میکانیزمێکـی مەیدانـی لەمـەڕ پلـە و پۆسـت و

(1) 285 Schmidt, pg 62.

(2) Barzani, pg 359..

پلەبەندی پێشمەرگەوە دانرا. لەوانەش دەستنیشانکردنیان بەسترابوو بە پلەبەندییەکی بە بەرنامەوە، بەمجۆرە هەر شەڕڤانێک وەکو ئەفسەر تۆمار دەکرا. ئەفسەرەکانیش بەسەر ئەفسەری تایبەت و ئەفسەری بەرایی بواری ئەرک و مافیان دیاری کرابوو. هەر لەنێو ئەو ئەفسەرانەدا، بارزانی هەریەک لە ئەسعەد خۆشەوی بە فەرماندەی کەرتی باکووری ڕۆژئاوا دەستنیشان کرد، بەمەش بەرپرسیارێتی نزیکەی یەک لەسەر سێی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە ئەستۆ گرت. هەروەها دانانی فەرماندەی دیکەی وەک عەباس مامەند ئاغا و شێخ حسێن بۆسکانی، کە لەهەمانکاتدا دووان لە سەرۆکهۆزە بەشۆرەتەکانی کوردەواریی بوون، هەر لەو قۆناغەدا هاتنە دیاریکردن [١]. لە دەسپێکی شۆڕشدا، بایەخدان بە پێشمەرگە و دابینکردنی چەک و پێداویستییەکانیان، پێراگەیشتنی دڵسۆزانەی دەویست. هەرچۆنێک بێت دەبوو، جەوانانی نێو شەڕگەکان چەکدار بکرانایە. لەو دەمەدا چەکی پێشمەرگە بریتی بوو لە تفەنگی لی ئێنفیڵد، تفەنگی ئەڵمانی کۆن، تفەنگی برنۆی دروستکراوی چیک [٢]، تفەنگی نیمچە ئۆتۆماتیکی سۆڤیەتی، سێمینۆڤ، دۆشکە و کلاشینکۆفی سۆڤیەتیی[٣]. هەروەها چەندین چەکی دەستبەسەرداگیراوی نێو بارەگا و سەربازگەکانی ڕژێمیش کەوتبوونە دەست پێشمەرگە، لەوانەش نموونەی دۆشکەی دێگتیارۆڤ و چەندین جۆر چەکی دیکە دەبینران[٤]. هەندێک جۆری چەکیش لە بازاڕە نایاسایی و قاچاخ و لابەلاکانی ناوچەکەدا؟کڕین و

(1) Ibid, pgs 59-62..

(2) Tucker, pg 5. 289 See Appendix A: Weapons of the Kurdish Forces.

(3) . O'Ballance, pg 55.

(4) See Appendix A: Weapons of the Kurdish Forces

فـرۆشتن و مامەڵەیـان پێـوە دەکرا. بێ لـەو لایەنانەش، لەلایـەن خێرخوازانی سـووری، ئێرانـی، یـان کـوردە لوبنانییەکانەوە بە شـێوەی قاچـاخ و بەڕێگەی نهێنـی چەک و پێداویسـتی سـەربازی دەهێنرانە عێراقەوە و لەسـنورەکانەوە ڕادەسـتی پێشـمەرگە دەکـران.[1] لەگـەڵ ئەوەشـدا ، شـۆڕش لـەڕووی چەکی پێویسـتەوە، زۆرجـار پەکی دەکەوت، زۆرجاریش دیـاردەی نەبوون و کەمیی تەقەمەنـی و فیشـەک داخ و دەردێکـی گرانـی خەباتەکـە بوون[2]. هێشـتاش کەسـێکی وەکـو پـۆلارد دەرکـی بـەو ڕاسـتییە کردبـوو کـە دەسـتگرتن بـە فیشـەک و تەقەمەنییـەوە، تەقوتۆقـی بێهـودە و نیشانەشـکێنی نـاو ڕووبەڕووبوونـەوەکان، جۆرێـک بێسـەرەوبەر بـووە. [3] بۆنموونـە پێشـمەرگە دێرینـەکان، زۆر بەخێرایـی لـە کاتـی شـەڕەکاندا، لێهاتوویـان لـە لێدانـی بەرانبـەردا دەسـەلماند.[4] سـەبارەت بـە پێداویسـتییەکانی پێشـمەرگە لـە جلوبـەرگ و تەقەمەنـی و خـواردن و خواردنـەوە و تێکـڕای لایەنـە لۆجسـتیکییەکان بەربەسـتێکی بەهێـزی بەردەم ژیانی شـۆڕش و پێشـمەرگە بـوون. ئـەوە سـەرەڕای یاسـاگەلێک کـە سـنووریان بـۆ شـتانێکی ناپێویسـت لەنێـو فەیلەقەکانـی پێشـمەرگەدا دانابـوو. هـاوکات هەرچەنـدە تەنیـا ئـەو شـتانەی پێویسـت بوون بۆ پارێـزگاری و پێناوی پێشـمەرگە ڕێگەیان پێدەدرا هەڵبگیرێـن، بـەڵام لەگـەڵ زیادبوونـی شەڕەکاندا، پێشـمەرگە ئەشـکەوت و کەنـدڕی کێـو و لاپاڵـە پێـچ و پەنادارەکانی لە سەرتاسـەری ناوچەکەدا ئامادە کـردن، چونکـە زۆرجـار شـتومەکی وەک شـەکر، پەنیـر، دانەوێڵـە، برنـج و

(1) O'Ballance, pg 55.

(2) Schmidt, pg 63/ Tucker, pg 5.

(3) Pollard, pg 161..

(4) Tucker, pg 4, 16.

چەکی زیادەو یەدەگ، دەبوایە بیریان لێ بکرایەتەوە و ئەو شوێنانەش شیاوترین شوێنی پاراستنیان بوون. هەروەها هانی کۆڵبەران دەدرا، تاوەکو لە سەدا ١٠ی بەرهەمەکانیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەن، چونکە پێشمەرگە پارەیەکی کەم یان هیچ پارەیەکی ئەوتۆیان لەبەردەستدا نەبوو(١). سەرچاوە دەرەکییەکان، وەک کوردە هاوسۆز و جوامێرەکانی ئێران و تورکیاش، ڕۆڵێکی ڕاستەقینەیان لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پێشمەرگە و لە دابینکردنی تفاق و تەقەمەنی وچەندین پێداویستی هەنوکەیی گێڕاوە(٢). هەڵبەتە تاوەکو کۆتایی شەڕەکان، ئێرانییەکان بە چەکوچۆڵ و هێزەوە، بەکۆمەکی لۆجستیکی و چەندین چەکی قورسەوە، پشتگیرییان لە دۆز و دەنگی ڕەوای کوردی دەکرد.(٣) جیا لە ئێرانییەکانیش ئیسرائیل ژمارەیەکی زۆر لە کۆماندۆکانی وڵاتەکەی ناردبووە سنوورەکانی کوردستان، ئەوانە ئەرکیان پێسپێردرابوو، کەواتە نەک هەر شانبەشانی پێشمەرگە شەڕیان دەکرد، بەڵکو ئامۆژگاریی و ڕاوێژکارێکی ئێجگار باش و بە بەهرەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی شۆڕشی کوردستان بوون(٤). بۆنموونە ئیسرائیلییەکان هەستا بوون بە دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندییەکان و ڕاهێنانی پێشمەرگە و پێدانی پەیڕەوییەک لەهەمبەر هۆشدارییان لە تێکدەران و تەرەفدارانی دوژمن(٥) . ئەمەریکاش تارادەیەک لە ڕێگەی

(1) 5 Schmidt, pg 64.
(2) Pollard, pg 158..
(3) McDowall, pg 320.
(4) Tucker, pg 39..
(5) Larteguy, pg 92..

دەزگا نهێنییەکانییەوە، سەرەڕای سەپۆرت و پشتیوانی پێشمەرگە[١]. هێشتاش هەلومەرجی شاخ و شۆڕشی کورد، هێند گێچەڵ و گرفتی بێچارەی هەبوون، کە دەتوانرێت بوترێت، بێگومان پیشمەرگە ڕووبەڕووی چەندین مەیدانخوازیی ببوویەوە. بەتایبەتی لە گواستنەوە و هەڵگرتنی شتومەک و چەکدا[٢]. بۆنموونە گەر نیازی چالاکییەک چێبکرایە، ئەوا پێشوەختە دەبوو لە شەوێکدا، بەبێ تێبینی تەگەرەیەکی ئەوتۆ، پەیتا پەیتا پێداویستییەکان و تەقەمەنی و چەک بگەیشتایەتە ڕێگا سەرەکیی و ڕێگا لاوەکییەکان.[٣] زۆرجار پێشمەرگە ناچاردەبوون ئەو بڕەکەمەی پێداویستییەکانی چالاکییەک، دەستیپێوە بگرن و بەچاوی پێداویستی تەواو تەماشای بکەن[٤]. ئادەم شمیت سەبارەت بە یەکێک لە "بارەگا سەرەکییەکان"ی پێشمەرگە بەم شێوەیە نوسیویەتی:" تفەنگەکانیان بە لقی درەختەکانەوە شۆڕببوونەوە[٥]. دوای ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش دەگەنە ئەو باوەڕەی کە ئەم کەڕەتەیان ململانێکان مسۆگەر دەقڵیشێنەوە، چون تەواوی ڕێگاکانی ئاشتەوایی و چارەسەری سیاسیی کلۆمدراون[٦]. دواجار پارتی دیموکراتی کوردستان لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦١ دا، بەشێوەیەکی فەرمی جاڕی جوڵانەوە چەکدارییەکەی داو تەواوی یاخیبوانی هێنانە ژێر باڵی بەرپرسایەتی مەلا مستەفا بارزانییەوە[٧]. بارزانی وەک

---

(1) McDowall, pg 326.
(2) Pollard, pg 159.
(3) O'Ballance, pg 55..
(4) Tucker, pg 16..
(5) Schmidt, pg 64.
(6) Ibid, pg 59. 4
(7) Pollard, pg 161. 4

سەرکردەی باڵا و سەرۆک و سەرۆکایەتیی نەتەوەی کورد سەیر دەکرا[1] . لە نێو سەرکردەکانی پێشمەرگەشدا، پارتی دیموکراتی کوردستان، هەریەک لە ئیبراهیم ئەحمەد، وەک فەرماندەی هێزی مەلومە، جەلال تاڵەبانی، وەک فەرماندەی هێزی ڕزگاری، عەلی عەسکەری وەک فەرماندەی هێزی خەبات و هێزەکانی قەرەداغ دیاریکردن[2]. هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەمێک جیاوازتر بوون. ئەم دابەشبوونە، شتێکی شکڵی نەبوو. ئەوەبوو جیاوازی لەگەڵ پێشمەرگەکانی زۆنی باکووری هەرێمی کوردستاندا، کە ڕاستەوخۆ بە سەرکردایەتی بارزانییەوە بەسترابوونەوە[3]. دواتر دەرکەوت، جیاوازییەکە جەوهەرییە. ئەوەتا لەکاتێکدا چوکترین یەکەی سوپای ڕزگاریخوازی کورد، ڕاهێنەرێکی سیاسی ئاڕاستەی دەکرد، کەچی هێشتاش زۆرینەی هێزە شەڕکەرەکان، هەڵهێنجراوی هۆزە ناوچەییەکان بوون[4]. یانی یادەوەرییەکی ئەو هێزانە لەگەڵ پێشمەرگەی کوردی نێو شارەکان نەبوو [5]. هەڵبەتە تێکڕای ئەو پێشمەرگانەی لە ڕێکخستنەکانی پارتییەوە هاوکاری کرابوون[6]، دواجار هەر لە سۆنگەی بەکارهێنانی ئەم پشتیوانییەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان توانی پێنج دانە کەتیبە و ئەکادیمیایەکی سەربازی بە سەرۆکایەتی فەرماندەیەکی پێشووی پاسەوانی شاهانەی شافەیسەڵ دروست بکات .[7] هەڵبەتە ئەم

(1) Kinnane, pg 69. 4
(2) Stansfield, pg 71.
(3) Kinnane, pg 69. 4
(4) McDowall, pg 311.
(5) Pollard, pg 159. 4
(6) Kinnane, pg 81.
(7) O’Ballance, pg 54/ Jawad, pg 82/ Pollard, pg 159/ McDowall, pg 311. 4

ڕێوشـوێنە هاوشـێوەی هێـزە چەکدارەکانـی کۆماری مەهابـاد گیرابوویە بەر. بۆیـە ئـەم هێـزی پێشـمەرگەیەش ئامـادە بـوون بـۆ بەدیهێنانـی بیرۆکـەی کوردسـتانێکی دانپێدانـراو. کوردسـتانێک لـە پێناویـدا ڕووبـەڕووی مـەرگ ببنـەوە. پاشـان تاڵەبانـی و برایـم ئەحمـەد وەک پێڕێـک، پێشـمەرگەیان دەبەسـتەوە بـە سـەرکردایەتی سـوپای ڕزگاریخوازیـی کـوردەوە[١]. لـە دەسـپێکی ڕووبەڕووبوونەوەکانـەوە تەنیـا ٢٠ کەتیبـەی عێراقـی و شـەش یەکـەی پۆلیسـی گـەڕۆک دژی پەرەسـەندنی یاخیبوونـی کورد هاتوونە سـەر هێڵـی هەڵکوتانە سـەر شۆڕشـگێڕان[٢]. ئەمەش ئاوا هەوەنتـە بۆیان نەچووە سـەر. شـۆڕش بوویـە مۆتەکەیەکـی ترسـناک و تەنگـی بـە بینـی حکومەتـی عێراقـی هەڵچنـی. بەجۆرێـک تاوەکـو سـاڵی ١٩٦٣ نزیکـەی ٤/٣ی سـوپای عێـراق سـەرقاڵی ئۆپەراسـیۆنەکانی شـەڕ و شـەڕگەکانی شۆڕشـی کـورد ببـوون[٣]. بـە پێچەوانـەی پێشـمەرگەوە، ئـەم سـەربازانەی حکومـەت، بـە چەکـی قـورس و زرێپـۆش و جۆرەهـا باڵەفـڕی جەنگـی وەک پاڵپشـتی ئاسمانـی، کـە دروسـتکراوی سـۆڤیەت بـوون و بەرەبـەرە بەهێزتـر دەکـران بەربوونـە بنـارە ئازادکراوەکانـی ژێردەسـتی شۆڕشـگێڕان[٤]. بـێ لـە چەکـی کاریگـەری جەنـگ و جبەخانـەی تژ و تەییار، هێشـتا سـپای عێراقیی لەلایەن جاشـە کرێگرتەکانـەوە پشـتیوانیان لێدەکـران.[٥] هـاوکات هـەروەک چۆن لە ململانێکانـی پێشـووتریان لەگـەڵ بارزانیەکانـدا کردیـان، ئـەوا حکومەتـی

(1) O'Ballance, pg 54

(2) Kurds Reported to Resist Attack. NY Times, 27 May 1962. 313.

(3) Pollard, pg 158.,

(4) Schmidt, pg 71.,

(5) See pg 29 for a definition of the term jash.

عێراقی هەستا بە تۆمارکردنی هۆزە کوردییەکان و چەندەها جەوانی کوردیان خزاندە ڕیزەکانی ڕژێمەوە و کردنییانە سەربازی شەڕکەری حکومەت. ئەمانە زۆربەی زۆریان لەو هۆزانە بوون کە کۆنەقین و خیانەت و خەسڵەتی خێڵەکی لەهەمبەر لەتمە و لێدان و سرەواندنی گورزی تۆڵە لە بارزانییەکان، بە جانی جاشایەتییەوە جۆشدرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە کوردە جاشەکان، لەو کوردە بێکاروبارانە بوون کە لە ڕێگەی هەر ڕێگایەکەوە بووبێ، بەس خەمی خێزان و خواستی مووچە و گوزەرانی ژیان لەپشت جاشایەتییەکەیانەوە جوڵاندبوونی[1]. زۆرێک لە جاشە خێڵەکییەکان خرابوونە ژێر فەرماندەیی سەرکردەی خودی خێڵەکەی خۆیانەوە. بۆ نموونە سریەی سەلاحەدین، کە هێزێکی نوێی جاش و بەکرێگیراوی ناو کورد بوون.[2] نموونەیەکە لە سریەی سوارچاکەکانی سەر بە میریی. لە لوتکەی لاکردنەوە بەلای ئەم ڕازەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاسانی کورددا، سوپای عێراق نزیکەی ١٠ هەزار جاشیان جێگیر کردبوون[3]. بەڵام ئەم ژمارانە تاڕادەیەک دانەدانە دایان لە کەمیی، چونکە کوردەکانی ناو ئەم نەزمەچەکدارییەی نۆرەی نەیارێتی کورد، لە شەڕکردندا لەگەڵ کوردی هاوزمانیاندا زۆرجار زەفەریان نەدەبرد و بژاردەی بێلایەنی بەسەریاندا زاڵ ببوو[4]. بۆیە ڕژێمیش زۆر متمانەی پێیان نەمابوو[5]. هاوکات هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆ زاڵبوون بەسەر ناهاوسەنگی و

(1) McDowall, pg 312.,
(2) O'Ballance, pg 57.,
(3) Schmidt, pg 70.,
(4) O'Ballance, pg 57.,
(5) Pollard, pg 158.

کەمی تەقەمەنی و ژمارەیان لەئاست ژمارەی زۆر و بۆری سەربازانی میریدا، هەوڵیاندا پشت بە تاکتیکی سەربازی و پێڕەویی پارتیزانانە و بۆسەدانان و خۆخستنە مەتەرێزی دوژمنەوە برینی کاریی لە جەستەی جەیشی عێراقیدا دروستبکەن. دواجار لەمیانی دە ساڵی ڕێک لە ململانێی بەردەوام[١]. وێڕای دابەشبوونێکی کاتی لە ڕیزەکانی پارتی و سەرکردایەتی ژێر هەژموونی مەلا مستەفادا، هێشتا هەر هەوڵەکانی میریی، هەوڵی بێئاکام و ناچار بە کردنەوەی بواری بەدەنگەوەهاتنی ئاشتی و دانوستان بوویە بەستێنی بەدیهێنانی باسوخواسی بابەتی بەرابەریی، لەدانانی دەوڵەتی عێراقیدا[٢]. شۆڕشی کورد بۆ نزیکەی دە ساڵی ڕەبەق ڕووبەڕووی هەرجۆرە پیلان و پێشهاتیی شەڕەنگێزانە بوویەوە[٣]. لەم میانەدا مەردایەتییەکی بێوێنە نوێنرا. جگە لە پیاوانی پشمەرگە. ئافرەتانیش لەناو ڕیزەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە[٤]. بەشێوازێکی نهێنی ببوونە بازوویەکی بەهێز بۆ ڕێکخستنەکانی ناوشار و هێزی پێشمەرگەی کوردستان[٥]. بۆنموونە مارگرێت جۆرج، کچە کوردێکی ئاشووری بوو، لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشدا، سەرکردایەتی یەکەیەکی بچووکی پێشمەرگەی لە دەوروبەری ئاکرێدا دەکرد[٦]. مارگرێت پێشتر فەرمانبەری نەخۆشخانە بوو، پاش ئەوەی یەکەیەکی چەکداری جاش هێرشیان کردە

(1) Schmidt, pg 67.,
(2) O'Ballance, pg 58.,
(3) Schmidt, pg 66.
(4) 327 McDowall, pg 312.
(5) Mojab, pg 9..
(6) Schmidt, pgs 135, 160.

سەر ئەو گوندەی ئەوی لێبوو، ئیدی جوامێرانە هاتەدەست و بڕیاری بەرگریی کردنی دا[1]. ئیتر لەوە بەدواوە وەک ڕابەری یەکەیەکی سەربازی لەشاخدا بۆ ماوەی چەند ساڵێک درێژەی بەخەبات دا. تەنانەت چەندین داستانی بەرگری و ئازایەتی لێوەی دەگێڕنەوە، لەوانە چیرۆکی کوشتنی ئەفسەرێکی دڕندەی جاش، بەدەستەکانی خۆی، ببووە وێردی سەرزاری خەڵکی دەڤەرکەی. بەگوتەی شمیت، دواجار مارگرێت بەنهێنی دەچێتەوە ماڵێ، تاوەکو چاودێری باوکە بیمار و کەنەفتەکەی بکات، ئیدی لەڕەوشێکی وەهادا تاوەکو ئەوکاتەی کە دەمرێت، دەرفەتی فەرماندەیی یەکەکەی بۆ نارەخسێتەوە. هەرچۆنێک بوو ئەو فەرماندەیە مێژوویەکی مەزنی تۆمار کرد، بەجۆرێک کە هەزاران پێشمەرگە لەیادی ماڵئاوایی کردنیدا، وێنەی ئەویان بەدیواری هۆدەکانیاندا هەڵواسی بوو. ئەویان وەک پێشمەرگەیەکی گەورە لە یادەوەرییاندا هێشتبوویەوە. بەگشتی سەربازانی کورد لێهاتوویی خۆیان لە تەواوی شەڕەکاندا دەسەلماند، ئەو شەڕانەی لە دژی دوژمنێک بوون کە لە ژمارە و کەرەستەدا زۆر سەرووتر بوون. تەنانەت پێچەوانەی ململانێکانی پێشووترەوە، لە ساڵانی شەستەکاندا هیچ پاشەکشە و تەسلیمبوون ڕووینەدەدا. دواجار بەهۆی پێشەنگییەکانی پێشمەرگەوە، دانوستان بووە تاکە بژاردە و ئامرازی عێراقییەکان بۆ مامەڵە لەگەڵ شۆڕشدا[2]. بۆیە ئەم هێزەی ئەمجار خودان تایبەتمەندی جیاواز بوون. هەرچەندە هێزەکانی پێشمەرگە لە قۆناغی مەهاباددا چالاکییان بەخۆوە دەبینی، بەڵام ئەمجارە پێکهاتەی پێشمەرگە زۆر جیاواز بوو لە هەر

(1) Tucker, pg 38..

(2) Schmidt, pg 135.

لەشکرێکی پێشووتری کورد. بەمجۆرە لەگەڵ پێشکەوتنی ململانێکاندا، بەتایبەتی فۆرمی پێشمەرگایەتی لە ڕاپەڕینێکەوە کە بنەمای خێڵەکیی دەیجوڵاند، گوازرایەوە بۆ شەڕگەلێکی تەواو جیاواز، لەم کاتەدا هەندێک لە عەشیرەتەکان کە بەشێوەیەکی خێڵەکی و نەریتییانە دەژیان، جەنگاوەرانی فەیلەقێکیان لەژێر ناوی خۆیاندا بۆ کۆدەکرایەوە[1]. پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانییەکان، ئەم مۆدێلەیان وەک بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی خۆیان پیشان دەدا. بەمجۆرە هەر یەک لەو هۆزانە، لەچوارچێوەی ناوی پێشمەرگەدا سەرکەوتوو بوون لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەی خۆیاندا. بۆنموونە هۆزەکانی باکووری ڕۆژئاوا لەگەڵ هۆزەکانی ناوەڕاستی کوردستانی عێراقدا، تێکڕا بە سەرۆکایەتی ڕاستەوخۆی بارزانی بەڕێوە دەچوون، هاوکات هێزەکانی باشووری هەرێمی کوردستان سپێردرابوونە فەرماندەیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد/جەلال تاڵەبانی بەڕێوە دەچوون.[2] هەر بەمجۆرەش سنوورەکانی پێشمەرگە، بەگوێرەی جیاکردنەوەی ئەم بەرانە دابەشکرابوون. بۆنموونە لەو سێ بەرەیەدا، جۆرێک لە تایبەتمەندی ئایدیۆلۆژیای سیاسیی فەرماندەکان ڕەنگدانەوەیان لە ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەدا هەبوو. جیا لە هەژموونی هێڵە ئایدیۆلۆژییەکانی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، هاوکات تاقم و دەستەی خێڵەکیش، لە گۆڕەپانەکەدا هەبوون و بەردەوام شەڕەکانی خۆیان لە دژی کۆنترۆڵی حکومەت زیندوڕاگرتبوو.

لێرەدا، هەر لە قۆناغی شەستەکان و شۆڕشی ئەیلوولدا هێزی

---

(1) Tucker, pg 38.

(2) Schmidt, pg 61

پێشـمەرگەی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانیـش بوونـی هەبـوو. ئـەم هێزانـە یەکـەم سـوپای ڕێکخراوایـی کـورد بـوون لـە عێراقـدا، کـە تـەواو ئامانجێکـی ناسیۆنالیسـتییان هەبـوو. لـە ڕووی ئایدیۆلۆژییـەوە مسـتەفا بارزانـی و پێشـمەرگەکانی کوردسـتان، نوێنەرایەتـی پرسـی سـەربەخۆی کوردسـتانیان دەکـرد، ئـەوان ئەوەیـان نەدەشـاردەوە کـە خەبـات بـۆ کوردسـتانێکی سـەربەخۆ لـە بەنـد بـە بەنـدی میتـۆد و مەیدانخوازییاندایـە. هەڵبەتـە تاکتیکـی شـەڕی پێشـمەرگایەتی، تێکەڵەیـەک بـوو لـە تیـۆرە تاکتیکییەکانـی چۆنێتـی جەنگەکانـی کـۆن و جەنگەکانـی نـوێ. بۆنموونـە تاوەکـو شۆڕشـی ئەیلـوول، هێشـتا وەکـو پەنابـردن بـۆ سـوارەو سـوارچاکیی پەیـڕەو دەکـرا. ئـەوە لەکاتێـدا بـوو، ئـەو نەزمـەی نێـو نەبەردییـەکان، بـاوی نەمابـوو[1] کەچـی پێشـمەرگە هێشـتا زۆرێـک لـە ستراتیژییـە پارتیزانییەکانـی لەنێو شـەڕگەکاندا، لەڕێگـەی پلانـی بەکارهێنانـی سـوارەی هێـستر و ئەسپەوە سـەرکەوتووانە ئەنجـام دەدا. یاخـود شـێوەی شـاردنەوە و حەشـاردانی چـەک و چەکەمەنـی لـە کۆگاکانـی کێـو و تونـدی تـەڵان و بەندەنـەکان کـراون. بەجۆرێـک چەکـەکان لـە حەشـارگەکانی شـاخەوە هێشـتا هـەر بۆنـی حەکایەتـی حەشـارگەکانی چەکوچۆڵـی بیسـتەکان و سـەردەمی ڕاپەڕینـی شـێخ سـەعیدی پیرانـی دەدا. کەواتـە لـە شۆڕشـی شەسـتەکاندا، کۆگاکانـی چـەک بەشـێوەیەکی کلاسـیکی کار و کەڵکیـان لێوەرگیـراوە. هـاوکات هەندێـک لـە ستراتیـژی تەقلیدیـی دیکـەی شۆڕشـی ئەیلـوول، بریتـی بـوو لـە بەکارهێنانـی شـاخ و شـوێنە عاسـی و بـەرزەکان، بەتایبەتـی بارگەوبنـە خسـتنی سـەنگەرەکان و دابینکردنـی پێگـە و

(1) Ibid, pg 66.

دامەزراندنـی شـوێنی قەناسـی قەناسبەدەسـتەکان و جێگـەی جێگیربوونیـان.

بەگشتی لێدانی لانکە و سەنگەر مەتەرێز و کەمینی کردەیی دژ بەدوژمن لـە تایبەتمەنـدی و تەڕحە تەقلیدییەکانی جەنگ و جوڵانـەوە چەکدارییەکەی شۆڕشـی کـورد بـوون. هەربۆیـە زۆرێـک لەناوچـەکان بـە جێبەجێکردنـی ئـەم تەڕحـە تەقلیدییانـە و بە ئەزموونکردنیـان لەلایـەک و لەهەمانکاتـدا بـە کەڵکوەرگرتـن لـە بیرۆکـە مۆدێرنەکانـی ململانێـی چەکداریـی، ڕێـک ڕەنگدانـەوەی ڕێکخسـتنی سـەربازی و پلەبەنـدی و پێکهاتـەی پلەدارەکانـی پەیڕەویکردنـی سیسـتەمە سـەربازییە نوێیـەکان بـوون.

بەگشـتی توانـا و تەڕحەکانـی پەرەپێـدان بـە پێشـکەوتنی پێشـمەرگە گەیشـتبووە حەدێـک، کـە لـە ڕوانگـەی حکومەتـی عێراقـەوە حسـابێکی ئەوتـۆ و ترسـێکی لەڕادەبـەدەر دەخوێنرایـەوە. بۆنموونـە لـە مـاوەی چەنـد خولێکـی دانوسـتان و ئاگربەسـتی نێوان حکومەتـی عێراقیی و سـەرکردایەتی کـورددا، بەتایبەتـی لـە کایـەی پێدانـی پەیمانـی ئۆتۆنۆمیـدا بـۆ گەلـی کـورد. ئەوا بەئاشـکرا و ڕۆژی ڕوونـاک داوای هەڵوەشـاندنەوەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانیان دەکـرد. [1] ڕێـک بـە چەشـنی چاوەڕوانـی ئـەوان لــە ڕادەســتبوونی پێشــمەرکە، بارزانــی چاوەڕوانــی ڕادەســتبوونی ســوپا بـوو. بـەردەوام بارزانـی پێـی وابـوو:" لەهـەر ئانوسـاتێکدا، بەرکەنارکـردن و هەڵوشـانەوەی هێـزی پێشـمەرگە و شـەڕڤانی هـەر جوڵانەوەیـەک، وەکـو گیرکردنــی گالیســکەیەک لــە پێــش هەوســاری هێــستر و ئەسپەشــێکانی گالیسـکەکەوە وەهایـە، لەکاتێکـدا هەچەهەچەیـە و چاوەڕوانـی ڕاکێشـانی

(1) Ibid, pg 287..

گالیسـکەکە و غاردانـی بەسـەزوانەکانن". مەبەسـتی بارزانـی لـەو پەنـدە پێکەنیناوییەدا، خسـتنەڕووی ڕازی ڕاسـتەقینەی پەیمانـی پێشـمەرگایەتییە. چـون شـاراوە نییـە، کـە بوونـی پێشـمەرگە پەیوەسـتە بـە دۆزی کـوردەوە. بۆیـە بوونێکـی جەوهەرییـە و بەهیـچ کلۆجێـک ناتوانرێـت هـێمای هەڵوەشـانەوەی بیریشـی لێبکرێتـەوە. کەواتـە لـە بـاوەڕی بارزانیـدا، هـەر گریمانەیەکـی هەڵوەشـانەوە و توانـەوەی پێشـمەرگە، بەبـێ ئـەوەی نەتـەوە کـورد بـە ئامانجـە ڕەواکان و چارەسـەریی بنەڕەتیـی دۆزە ڕەواکـەی، ئـەوا گریمانەیەکـی گەلحۆیانەیـە و بـەس. هـەر ئـەم پێداگرییـەی پارتـی و بارزانیـش بـوو، ناسـنامە و نازنـاوی سـەربازانی کوردیـی، بـە بەڵگـەی لۆژیکییـەوە، لکاندبـوو بـە پارتـی و بارزانییـەوە. هـاوکات هـەر لـەم گۆشـەنیگایەوە بـوو کـە بڕیارەکـەی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان بـۆ ناونانی شـەڕڤانانیان بـە "پێشـمەرگە" بوویـە ئەمـری واقیـع و وێنایەکـی ویژدانـی لەنێـوان هـەر هاووڵاتییەکـی کـورد و پارتیـدا کێشـا. لەدەرهاویشـتەی ئـەم مامەڵـە و مەنهـەج و مەیدانخوازییـەی بارزانیـدا، نـەک هـەر قەبـارە و قورسـایی پێشـمەرگە زیادیکـرد، بەڵکـو گـەر کەسـێکیش بـۆ ئـەوەی ببوایـە بـە سـەربازێکی کـورد و ئـەو نـاوەی بـە بـاڵادا ببڕایـە، ئـەوا دەبـوو لـە زەمینـە خەبـات و زیهنییەتـی سـایکۆلۆژیای خـودی خۆیـەوە، ئامادەیـی تەواوی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی مـەرگ، تەنیـا لەپێنـاو کوردسـتاندا، بـە دڵوگیـان کاری لەسـەر بکرایـە. بارزانـی هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە، پێودانـگ و پەیامـی خـۆی لەهەمبـەر ئـەخلاق و ئیتیـک و ئازایەتـی پێشـمەرگەدا کردبـووە پێشـمەرجی پێناوێکـی پاراوی پەروەردەیـی لـەلای هـەر کوردێـک.

## لێکترازانی ڕیزەکانی پێشمەرگە

هەڵبەتـە دیوێکـی نەرێنـی ناوخـۆی ڕیزەکانـی پێشـمەرگە، بریتـی بوو لە دابەشـبوون و دواتـر کەرتبوونـی کردارەکـی هێـزی پێشـمەرگە بەتایبەتـی لـە هەسـتیارترین دۆخی شۆڕشـدا. دروسـت لەم قۆناغە ناسـکەدا، نانەوەی تەڵە و تەڕحـی تەمـاع و تیکـەی چـەوری چوارچێـوە هەرێمییەکە لەنێـوان بارزانی لەلایـەک و تاڵەبانی/برایـم ئەحمـەد لەلایەکـی تـرەوە قەومـا[1]. قۆناغـی پەرەسەندنی دووبەرەکی لە نێوان مستەفا بارزانی و دەستەبژێرانی خۆنەوارو ڕووناکبیرانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، دروسـت هاوشـێوەی ڕابوونـی نەتەوەیـی عەشـیرەتی بارزانـی، هـەم بـۆ مێـژووی پێشـمەرگە و هـەم بـۆ مێـژووی گشـتیی ناسـیۆنالیزمی کـورد گەواهییەکـی گرنـگ بـوو. لـەم میانـەدا هێزی پێشـمەرگە بڕیـاری یەکلاکـەرەوەی لەهەمبـەر بردنەوەی گـرەوی گۆڕانکارییەکـەدا دەدا. هـەم بارزانـی و هەم هێڵی مەکتەبی سیاسـی پارتـی، لەلایـەن ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلالەوە، چاویان لەسـەر ڕاکێشـانی ڕوانگـە و لایەنگریـی پێشـمەرگە بـوو. گەرەکیان بوو لـەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هێـزی پێشـمەرگە کەمەندکێـش بکـەن. هەروەهـا لـە ڕووی جوگرافییـەوە، بەشـێکی زۆری دابەشـبوونی پێشـمەرگە، لەنێـوان بارزانـی و ئیبراهیـم ئەحمەد/تاڵەبانیـدا، بەسـەر دوو شـێوەی جیـاوازدا جێگەیـان کرابوویـەوە. لەلایـەک بەرژەوەنـدی عەشـیرەتەکانی باکـووری هەرێم و لەلایەکـەی ترەوە ڕەوتـی ڕۆشـنبیرانی باشـوور دابەشـکارییە جوگرافییەکەیـان نەخشەکێشـا بـوو[2]. چونکـە ڕۆشـنبیرانی باشـوور لـە ڕووی ئایدیۆلۆژییـەوە پێکهاتبـوون

(1) Jawad, pg 178.

(2) Gunter, pg 228..

لـە هـۆزە کۆنەپەرستە تەقلیدییـە لیبراڵییـەکان. بۆیـە زۆرێـک لەوانـەش کـە لەڕێگـەی ئیبراهیـم ئەحمـەدەوە بیرۆکـەی سۆشیالیستی/کۆمۆنیسـتییان لـە بـاوەش گـرت بـوو، هەوڵیـان دەدا ئاراسـتەی ئایدیۆلـۆژی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـەرەو پلاتفۆرمێکـی چەپگـەرا بـەرن. وەلـێ بارزانـی، تەنانەت لە قۆناغـی دەربەدەریـی و دوورکەوتنەوەیـدا لـە یەکێتـی سـۆڤیەت، هەرچـی ئاراسـتە ئایدیۆلۆژییـەکان و ئایدیاڵـی کۆمۆنیزم هەبوو، تێکـڕا دەیدانە دواوە. هەربۆیە بارزانی هەر پشـتگیرییەکی لە فەلسـەفەی مارکسـیی و میتۆدەکەی بێپێـچ و پەنـا دەدایـە دواوە.[1] هـەر لەو کاتـەدا پارتی دیموکراتی کوردسـتان، هەسـتا بـە دەستنیشـانکردنی بارزانیـی وەکـو "سـەرۆکی فەخـری" هەمـوو کـوردی کوردسـتان، ئـەوە لـە کاتێکدا بوو کە بارزانی هێشـتا لـە دەربەدەریدا دەژیـا. بەمجـۆرە لەناوخۆدا، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بارزانـی وەک فەرمانـدەی بـاڵای کـورد و کـۆی بزووتنـەوەی نەتەوایەتـی کـورد ناسـاند[2]. پـاش گەڕانـەوەی بارزانـی بـۆ عێـراق، لەناوخـۆی پارتیـدا، ڕەوتێـک کـە دژ بە زێدەڕۆیـی و زەمینـەی ڕابەرایەتی و هەژموونە کارێزمییەکـەی بارزانی بوون. ئـەم ڕەوتانـە لەپێـچ و پەنـای گوتـار و گەمـەی ئایدیۆلۆژییەوە ئامبـازی پارتی ببـوون و هەریـەک لـە ئیبراهیم ئەحمەد و جـەلال تاڵەبانی نیگـەران کردبوو. سـەرەتای ناکۆکییـەکان لەهەنـاوی شۆڕشـدا ڕەنگدانـەوەی دەبـینرا. ئـەوان پێیـان وابـوو؛ ئامانجەکانـی بارزانـی لەسـەرووی ئامانجەکانـی پارتییـەوەن[3]. لـەم میانـەدا بارزانـی هەوڵـی دەدا ئـەم نائارامییـە نەهێڵێـت. ئەوەبـوو ئاگربەسـتی کورتخایەنی نێوان شـوبات و حوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٣، لە لۆژیکی

(1) Jawad, pg 160..

(2) Izady, pg 212.

(3) Schmidt, pg 288, 289.

بارزانیدا دەرفەت و ساتێکی مێژوویی بوو بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان. هەربۆیە لەبەرامبەردا تاڵەبانی هەستی بەو ڕاستییە کردبوو، بۆیە دژایەتی ئاگربەستەکەی دەکرد و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕژێمی عارف جێی متمانە نییە[1]. هەربۆیە ئەم جیاوازییە لەمەڕ دانوستان زیاتر تەشەنەی دەسەند. بارزانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆک عەبدولسەلام عارفدا دەستی دابوویە دانوستان. نەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئۆرگانە سیاسییەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەئاکامی ئەو نزیکبوونەوەیەدا لەنێوان بارزانی و عارفدا، ئیبراهیم ئەحمەد هەڵوێستی توندی نیشان دا، چونکە بەجارێ بارزانی گەشە زیاتری بە هێزی پێشمەرگەدا و ئیدی دەیتوانی بەسانایی نەیارانی بکاتە دەرەوەی هەر هاوکێشەیەکی هێز و دەسەڵات. بۆیە ئیبراهیم ئەحمەد کەوتە بانگەشەی ئەوەی کە چیدی نابێ باڕازنی بە مەیل و میزاجی خۆی، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ئاڕاستە بکات. هەربۆیە بڕیاریدا تەواوی فەرمانەکانی بارزانی پشتگوێ بخرێن و کاریان پێنەکەن. سەرەڕای بانگەشەکانی ئیبراهیم ئەحمەد، هێشتا پێشمەرگەکانی کوردستان نەچوونە ژێر باری بەرهەڵستییەکانییەوە، بەڵکو بە نواندن و نیشاندانی دڵسۆزییان بۆ بارزانی مانەوە[2]. لەبەرامبەردا هیچ ڕێگەیەکی ئەوتۆ بۆ مانەوەی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد نەمایەوە[3]. ناچار بەخۆیان و ٤٠٠ پێشمەرگەی شوێنکەوتوویانەوە، بڕیاری جودابوونەوەیان داو لە تەمووزی ١٩٦٤ دا، بەرەو سنوورەکانی ئێران بەنیازی پەنابەری ڕێگەی جیاوازی خۆیان دایەبەر. بەمجۆرە بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد کێبڕکێیان

(1) Gunter, pg 228..
(2) Jawad, pg 168. 2
(3) Ibid, pg 172

دەکرد بۆ نوێنەرایەتی دۆزی نەتەوەیی کورد. ئەمەش لە بەرژەوەندی حکوومەتی عێراقیدا هەڵسوڕا.[1] دواجار کاتێک بارزانی و حکومەت نەکەوتنە ڕێککەوت و جەنگ دەستیپێکردەوە. ئەمجارەیان تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بەنیازی قۆستنەوەی دەرفەت و تۆڵەی تارنانیان، دەرگای دانوستانیان خستەوە سەرپشت و گەڕانەوە باوەشی عێراق. دواجار کاتێک بارزانی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی مسۆگەر کردو چەسپاندی، ئیتر بوو بە پێشەنگی دانوستانە فەرمییەکان لەگەڵ حکومەتی عارفدا. ئەوبوو لە ساڵی ١٩٦٧دا ئەوەیدایە دواوە کە پێشمەرگە ببێتە بەشێک لە جەنگی عەرەب ئیسرائیل و بیانێرێتە نێو شەڕی ئیسرائیلەوە[2]. هاوکات ڕەوشی شۆڕش وەکخۆی مایەوە تاوەکو سەرهەڵدانی کۆدەتای حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ دا.[3] ئەم کۆدەتایە بووە هۆی ئەوەی، بەعسییەکان بژاردەی گفتوگۆکانیان لەگەڵ بارزانیدا درێژەپێبدەن. هاوکات تاڵەبانیش وەک هاوپەیمانێکی عارف، کە لە بەغدادەوە گیرسابوویەوە، بکاتە دەرەوەی هەر هاوکێشەیەکی نوێنەرایەتی دۆزی کوردەوە. تا ئەوکاتیش هێزەکانی تاڵەبانی بەپشتیوانی حکومەتی عێراق، کەوتبوونە جەنگ و مەتەرێزی ململانێوە لەگەڵ بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا. تەنانەت لە هاتنە سەرکاری حزبی بەعسیشدا، بە پاڵپشتی بەعسیش و هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی پێکەوە نەیانتوانی شکست بە بارزانی و پێشمەرگەکانی بهێنن[4]. ئەوەبوو کۆتاجار

(1) Ibid, pg 179.

(2) Gunter, pg 228.

(3) Jawad, pg 210/ Gunter, pg 228.

(4) O’Ballance, pgs 88, 89.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دا، حزبی بەعس بەناچاری دەستی کرد بە دانوستان لەگەڵ بارزانیدا. ئەوان لە چوارچێوەی هەوڵەکانیاندا بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ململانێ دە ساڵییەی نێوان کورد و بەغداد بهێنن ڕێگەی دانوستانیان ئەزموون کرد[١]. ئەوەبوو لە گەڕی دانوستانەکاندا، سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی فەرماندەیی حزبی بەعس هاتە کوردستان و لەگەڵ بارزانیدا کۆبووەوە. لەمکاتەدا هەریەک لە ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی بژاردەیەکی ئەوتۆیان لەبەردەمدا نەمایەوە، جگە لە گەڕانەوەیان بۆ ژێر سایەی سەرکردایەتی بارزانی. هەڵبەتە دیسانەوە ئایندەی پێشمەرگە، خاڵێکی سەرەکی نێوان خاڵە ناکۆکەکان بوو[٢]. کاتێک حکومەتی عێراقی بۆیان ڕوونبووەوە کە ناتوانن بارزانی ڕازی بە هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە بکەن، ناچار ڕەزامەندیان دەربڕی لەسەر ئەوەی پێشمەرگە وەک هێزێکی فەرمی لەچوارچێوەی ئەرکی پاراستنی سنوورەکاندا بمێنێتەوە[٣]. ئەمەش بەردەوام تاکتیک و نەریتێکی دێرینی داگیرکەران بووە و عوسمانییەکان یەکەمجار دەستیان بۆ بردبوو[٤]. لە ئامانجەکانی بەغدادیشدا دەبوونە پارێزەری میحوەری کۆماری عێراق. بارزانی داوای کردبوو؛ پێویستە ١٠ هەزار پێشمەرگە بەشێوەیەکی ئەکتیڤ و مەیدانی بمێننەوە.[٥] بەڵام حکومەتی بەعس تەنیا ڕێگەی بە ٦ هەزار پێشمەرگە دا، هاوکات لەسەر ئەوەش ڕەزامەند بوون کە نزیکەی هەشت هەزار پێشمەرگەش، بەشێوەی

(1) Gunter, pg 229.
(2) Ministry of Information, pg 139.
(3) Jawad, pg 261.
(4) Ministry of Information, pg 139.
(5) Jawad, pg 261.

نـاکارا ناویـان هەبێـت و مانگانە موچەی خۆیـان وەربگرن. هـاوکات بڕیاردار کـە خێزانـی پێشـمەرگە شـەهیدەکانیش موچـە و بژێـوی و خانویـان بـۆ دابیـن بکرێت. لێـرەدا حکومـەت نیـازی بـوو، کۆمەڵـی کـوردی تێکـەڵ بـە عێراقـی نـوێ و کۆمەڵـی عەرەبـی بـکات یاخۆ لەبۆتـەی باڵادەسـتی نەتەوەی عەرەبـدا بیانتوێنێتـەوە[1]. ئەوەبـوو دواجـار لەئەنجامـی ڕێککەوتنـی سـاڵی ١٩٧٠ دا، هەریـەک لـە ئیبراهیـم ئەحمـەد و تاڵەبانـی گەڕانـەوە ژێـر سـایەی سـەرکردایەتی بارزانـی. لێـرە بـەدواوە ناوبانگـی بارزانـی وەک سـەرکردەی بـاڵای نەتـەوەی کورد زیاتر چەسـپێندرا. سـەرەڕای ڕاگەیەنراوی ئاشـتی، بەڵام هێشـتا بێمتمانەیـی و بێبەڵێنـی لەنێوانیانـدا نەڕەیبویـەوە.

(1) Ministry of Information, pgs 147,135.

## شەڕی دووەمی کورد و عێراق (١٩٧٤-١٩٧٥)

هەرچەنـدە لـە سـاڵی ١٩٧٠ تـا ١٩٧٤ ململانێیەکـی چەکداری ئەوتـۆ ڕووینـەدا، بـەڵام گرژییەکانـی نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـورد بـە بـێ وەسـتان بەردەوامییـان هەبـوو. داواکارییـە سیاسـییەکانی دەسـتەبەری مافـی کـورد و هەوڵـی تێـرۆری مستەفا بارزانـی، بوونـە ئامـاژەی ناتەبایـی و گەڕێکـی تـری توندوتیـژی بەغـداد بەرامبـەر بـە کـورد[1]. ئەوەبـوو بەرەبـەرە تاوەکـو سـاڵی ١٩٧٣، بـێ ئومێدیـی بەتـەواوی باڵـی کێشـا بەسـەر بزووتنـەوەی کوردایەتییەکـەدا. چونکـە پەیتـا پەیتـا ڕاپۆرتەکانـی پەیوەسـت بـە نیـازی بەعـس و سـوپای عێراقـی ئامـاژەی ئەوەبـوون کـە دەبێـت پێداویسـتی "گازی ژەهـراوی" لـە یەکێتـی سـۆڤیەتدا بـەچ بیانوێـک بێـت، پەیـدا بکـرێ[2]. بۆیـە سـەرکردایەتی کـورد، دیسـانەوە پێشـمەرگەیان وەک تاکـە پەناگـە و قـەڵاو قـەدەری مافـی چارەنوسـییان بەهەنـد وەرگرتـەوە. چونکـە پـاش ماوەیەکـی کـەم دیسـانەوە حکومـەت کەوتبـووەوە ململانـێ و بیانـوی بێمانـا. بەتایبەتـی لەسـەر ئـەرک و هەیکەلـی فەرماندەیـی پاسـەوانی سـنووری پێشـمەرگە کەوتبوونـە نـاو گـەڕ و گێـروگازی خۆدزینـەوە لـە ڕێککەوتنـەکان. ئـەوە لـە کاتێکـدا بـوو کـە حزبـی بەعـس گەرەکـی بـوو پێشـمەرگە لەژێـر فەرماندەیـی سـوپای نیشـتیمانیدا بێـت، بـۆ ئـەوەی هێـزی مرۆیـی کـورد بەکاربهێنـن و هێـرش بکانـە سـەر ئێـران و هەروەهـا بـۆ هـاوکاری شـەڕی عەرەبـی

(1) NY Times, 10 Mar 1975

(2) Kurdish Representative's Call on State Department. U.S. Department of State, Memorandum of Conversation, 5 Sept 1973.

و ئیسرائیلی لە ساڵی ١٩٧٣ دا پێشمەرگە پێشقەڕەوڵی جەنگەکان بن. بەڵام بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگرییان لەسەر ئەوە بوو کە پێشمەرگە وەک پاسەوانی سنوور پێویستە لە ژێر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆدا بن. هاوکات حکومەتی عێراقیش بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی کورد، گەرەکیانە بە فرتوفێڵ کوردەکان لەخزمەتی سەربازی بدزنەوە. بۆ ئەم مەبەستە هاتوون زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەسیان وەک پێشمەرگە ناساندووە، تاوەکو لەخزمەتی سەربازی بەخشراو بن[١]. جیا لەوەش چەندین تۆمەتی کوشتن، ڕفاندن، دەستدرێژی و دزی هاوشێوەی ئەو تۆمەتانەی نزیکەی ٧٠ ساڵ پێشتر لە سەر سوارەی حەمیدیە سەپێندرابوون ڕووبەڕووی پێشمەرگە کرابوونەوە. بارزانی هەرزوو تێگەیشت کە ململانێ مێژوویەکە لە ئارادا ماوە. بۆیە بەتەواوی پێگەی پێشمەرگەی چەسپاند و بە درێژایی سەرەتای حەفتاکان بەردەوام بوو لە دامەزراندن و توندوتۆڵکردنی تواناو هێزی پێشمەرگە. ئەوەبوو لە کۆتا جاردا تاوەکو بەهاری ساڵی ١٩٧٤ نزیکەی ٥٠-٦٠ هەزار پێشمەرگە لە ڕیزەکانی پارتیدا و لەژێر فەرماندەیی بارزانیدا ناویان تۆمار کرد بوو[٢]. جیا لە خۆڕێکخستنەوەی ناوخۆ و پێشمەرگە، هاوکات پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لەئارادا هەبوو. بەتایبەتی هەریەک لە ئێران و ئیسرائیل ئامادەبوون پێداویستی و چەک و تەقەمەنی ببەخشنە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چونکە

(1) 356 Ghareeb, pgs 109, 122, 124, 125.

(2) Pollard, pg 176.

ئـەوان هەوڵیـان دەدا ڕژێمـی ناسیۆنالیسـتی عەرەبـی عێراقـی و ئەحمـەد حەسـەن بەکـر بـە لاوازی بهێڵنـەوە و نەهێڵـن سـەرکەوتوو بێـت[١]. هەروەهـا ئەمریـکا لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا بـە شـێوەیەکی جیاوازتـر لـە ڕابـردوو، زۆر بـە ئاشـکرا بەڵێنـی هاوکاریکردنـی پێشـمەرگەی دابـوو[٢]. ئەوەبـوو لـە ڕێگـەی سـی ئـای ئەیـەوە بڕێکـی زۆر پـارە و چەکـی بـۆ پێشـمەرگە دابیـن کردبـوو. ئـەوە ڕوون بـوو کـە ئەمەریـکا بـەم سیاسـەتەی بەرپەرچـی پەیوەندییەکانـی عێراقـی لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەتدا دەدایـەوە. ئەوەبـوو ئـەم هاوپەیمانییـە نێودەوڵەتـی و هەرێمییـەی کـورد، زۆر بـە خێرایـی تووڕەیـی ڕژێمـی بەعسـیان گەیانـدە ئاسـتێکی وا، کـە بڕیـاری نامرۆڤانـە و ترسـناکی لـێ دەوەشـایەوە[٣]. بارزانـی بـۆ ڕێگرتـن لـە هـەر پێشـهاتێکی نەخـوازراو، لەڕێگـەی ڕاوێـژکارە ئیسـرائیلی، ئێرانـی و تەنانـەت ئەمریکییەکانـەوە، بـاشتر لـە جـاران، هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانی تۆکمـە و تەیـار، بـە تونـدی ڕێکخسـتەوە. هـاوکات پـاش جاڕدانـەوەی جەنـگ و ڕووبەڕووبوونـەوەی یەکتریـی، ئەمجارەیـان دەسـبەرداری تاکتیکـە پارتیزانییـەکان ببـوون[٤]. بەڵکـو پێشـمەرگە وەک یەکەیەکـی سـەربازی تـەواو ئاسـایی ئامـادە کرابـوو[٥]. بارزانـی بەڵێنـی پێداربـوو کـە پشـتیوانی سـەربازی نێودەوڵەتـی بـە درێژایـی ململانێـکان بـەردەوام دەبێـت، بۆیـە فەرمانـی بـەو یەکانـە

(1) McDowall, pg 330, 331.
(2) 360 McDowall, pg 331.
(3) Jawad, pg 312.
(4) Ghareeb, pg 162, 163.
(5) Ibid, pg 335.

کـرد کـە ڕووبـەڕووی دوژمنـی عێـراق ببنـەوە. ئەوەبـوو لـە یەکـەم ڕووبەڕووبوونـەوەی هێـزی پێشـمەرگەدا، توانـرا دەستبەسـەرداگرتنی شـارۆچکەی زاخـو و ناوچـە سـنوورییە ستراتیژییەکانـی تورکیـا و دەوروبـەری کۆنتـڕۆڵ کـران[١]. هـاوکات بارزانـی بەشـێوەیەکی فەرمـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی پێشـنیارکراوی حکومەتـی عێراقـی دایـەدواوە، ئـەو بڕیـارەی سـاڵی ١٩٧٤ حکومـەت خسـتییە چوارچێـوەی جێبەجێکردنـەوە[٢]. بەپێـی سـەرنجی دیڤیـد ماکـداوڵ، لـەم خولـی خەباتـەدا، ستراتیجـی بارزانـی دوو لایەنـە بـوو:

یەکەمیـان بریتـی بـوو لـەوەی بەدرێژایـی هێڵێـک لـە زاخـۆوە تاوەکـو دەربەندیخـان کۆنترۆڵـی ناوچـە سـنوورییە سـەخت و شـاخاوییەکان بکرێـت و بکرێنـە بنکـەی بزووتنـەوە چەکدارییەکـە[٣].

دووەمیـش بریتـی بـوو لـە کردنـە ئامانجـی کێڵگەکانـی نەوتـی کەرکـووک و هێشـتنەوەیان لەچوارچێـوەی مـەودای تۆپخانەکانـی هێـزی پێشـمەرگەدا. هەرچەنـدە پێشـمەرگە چەکـی قورسـی مۆدێرنیـان نەبـوو، بـەڵام توانیبوویـان بەپێـی پێویسـتییەکانی قۆناغـی جەنگەکـە چەکـی پێویسـت بـۆ ئاسـتی تواناکانـی ڕژێمـی بەعـس مسـۆگەر بکـەن[٤]. بۆنموونـە هاوەنـی ئەمریکـی، چەکـی ١٢٢ ملـم، چەکـی تایبەتـی دروسـتکراوی سـۆڤیەت و RPGیـان لەبەردەسـتدا بـوو[٥]. پێشـمەرگە

(1) Pollard, pg 179.
(2) 364 O’Ballance, pg 95.
(3) McDowall, pg 337.
(4) O’Ballance, pg 93.
(5) Many of these Soviet arms were seized by the peshmerga from Iraqi

لــە پێگــە شــاراوەکانی خۆیانــەوە توانیــان لــە شــوێنی شــاراوە و قــەڵای قەنــاس بەدەســتەکانیانەوە، زیانــی بەرچاویــان لــە ســوپای عێراقــی دەدا و ڕێگەیــان نــەدەدا هێزەکانــی عێراقــی پێشــڕەوی بکــەن[١]. بەمجــۆرەش شکســتی گــەورە ڕووبــەڕووی عێراقییــەکان بوویــەوە، بۆنموونــە بەپێــی زانیارییــەکان پێشــمەرگە زیاتــر لــە ١٠٠ فڕۆکــەی عێراقــی خســتۆتە خــوارەوە، هەروەهــا زیاتــر لــە ١٥٠ تانکیشــی تێکشــکاندووە[٢]. بــە گوتــەی پــۆلارد ئــەو پێشــمەرگانەی کــە مابوونــەوە درکیــان بــەوە کــرد کــە چــیتر دەبێــت بــە تاکتیکــی ســەربازی بکشــێنەوە، چونکــە ناتوانــن کۆنترۆڵــی شــارەکان بکــەن[٣]، دواجــار بەجارێــك وێــڕای ڕاپەڕاندنــی چەنــد نەخشــەیەکی ســەرقاڵکردنی ســوپای ڕژێــم، بــەرەو ناوچــە ســنوورییەکان فەرمانــی پاشەکشــە جێبەجێکــرا.[٤] هەرچەنــد ئــەم تاکتیکانــە ڕێگەیــان بەپێشــمەرگەی کــورددا، ڕێژەیەکــی بەرچــاو و چاوەڕواننەکــراو بــۆ حکومەتــی عێراقــی، لــە ســەرباز و بەرپرســانی ســوپای عێراقــی لەنێوبــەرن. چونکــە بەشێکیشــی بریتــی بــوو لــە خۆپارێــزی لــە هێــزی قەناسبەدەســتی ڕژێــم و ئــەو ڕێوشــوێنەی ئەوانیــش مەبەســتیان بــوو زۆرتریــن دەســتی تۆڵەکردنــەوە بوەشــێنن[٥]. نموونــەی چەندیــن ڕووبەڕووبوونــەوەی نێوانیــان،

---

soldiers and weapons points. (Tucker, pg 5).See Appendix A: Weapons of the Kurdish Forces See Appendix A: Weapons of the Kurdish Forces.

(1) O'Ballance, pg 95

(2) Iraqi Forces Seize Most Kurdish Towns. New York Times, 27 Sept 1974.

(3) Pollard, pg 179.

(4) 371 O'Ballance, pg 96

(5) Tucker, pg 30.

ئـــەو ڕاســـتییەی ســـەلماند کـــە هاوســـەنگی شـــەڕەکە لەبەرژەوەنـــدی پێشـــمەرگەدایە، بەتایبەتـــی لەســـنووری قـــەڵادزی و ڕێگـــەی ســـەرەکی سـلێمانیدا، سـەرکەوتنی گـەورە بەدیهـات[1]. بەڕادەیـەک هێـزی ئاسمانـی عێراقـی، بەبـێ ڕەچاوکردنـی هیـچ پێودانگێکـی سـەربازی ڕێگەپێـدراو، کەوتـە وێـزەی شاروشـارۆچکەکانی کوردسـتان. بەجۆرێـک زیـان و زەبـری کاریگەریـی لـە پێشـمەرگەی کوردسـتان دا، وەلـێ هێشـتا نەیانتوانـی سـەرکەوتوو بـن و بـە ئامانجـە جەنگییەکانیـان بگـەن[2]. سـەرکەوتنی بـەرەی قـەڵادزێ، یەکێـک لـە گرنگتریـن گۆڕانکارییەکانـی هاوکێشـەی شـەڕەکە بـوو بـە بەرژەوەنـدی پێشـمەرگەدا شـکایەوە[3]. لەگـەڵ زیادبوونـی زیانەکانیـان و گرتنـی خاڵـە سـەرەکییەکانی دابینکـردن و پاراسـتنی پێگـە ستراتیژییەکانـی عێراقییـەکان، بـە درێژایـی زسـتانی سـاڵی ١٩٧٤، بـووە بایسـی ئـەوەی هیواکانـی کـورد بـۆ سـەرکەوتن سـەنگی مەحەکـی مەیدانخوازیـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد بـن[4]. بـەڵام ئـەم شکسـتانە بەغدادیـان ناچـار بـە سـازش و سـەردانەواندن کـرد بـۆ نەیـارە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـی. ئـەوە بـوو دوایـن لێدانیـان لـە هێـزی پێشـمەرگە لـە ڕێگـەی ڕێککەوتنـی جەزائیـرەوە جێگـەی خـۆی گـرت[5]. ڕێککەوتنەکـە لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٥ دا لـە نێـوان هەریـەک

(1) Iraqi Forces Seize Most Kurdish Towns. New York Times, 27 Sept 1974
(2) 4 Tucker, pg 30.
(3) Pollard, pg 179.
(4) Iraqi Forces Seize Most Kurdish Towns. New York Times, 27 Sept 1974.
(5) Iran and Iraq Sign Accord to Settle Border Conflicts. New York Times, 7 Mar 1975.

لــە ئێــران و عێراقــدا واژۆ کرابــوو[١]. دواجــار بــە سازشــی عێراقییــەکان لــە دانپێدانانــی بەشــێک لــە ئاوڕێژگــەی شــەتولعەرەب و ســنووردارکردنی هــەر پەنــادان و پشــتیوانییەک لــە گروپــە ئۆپۆزســیۆنەکانی نێوانیــان[٢]، حکومەتــی عێــراق دڵنیایــی تــەواوی مســۆگەر کــرد، دڵنیاییــەک کــە چیــدی ســنووری نێــوان هــەردوو وڵات دادەخرێــت و ئاسایشــی ناوچەکــە دەخرێتــەوە ژێــر چاودێریــی یەکترییــەوە.[٣] بەمــەش کۆتایــی بــە هــەر دەســتێوەردان و دزەکردنێکــی ئێــران و پشــتیوانییەکی کــورد هــێنرا[٤]. ئەوەبــوو لەگــەڵ ڕاگەیاندنــی ڕێککەوتنەکــەدا، دەمودەســت تۆپخانەکانــی ئێــران، بــە خێرایــی بــەرەو قوڵایــی خاکــی ئێــران گەڕێنرانــەوە[٥]. بەمــەش هێــزی پێشــمەرگە، پەڕوباڵــی کــراو هەمــوو پشــتیوانییەکی ســەربازی و کۆمەکێکــی ئەوتۆیــان لــێ زەوتکــرا. لەگــەڵ کۆتایــی هاتنــی پشــتیوانی ئێــران، هاوپەیمانانــی ئێرانیــش دەســبەرداری پشــتیوانیکردن لــە دۆزی کــورد بــوون. بــەم پێیــە ڕێککەوتنــی جەزائیــر بووبــە پەڵەیەکــی ڕەش و خیانەتێــک کــە پێشــمەرگە دێرینــەکان لــە یادەوەرییانــدا بــۆ هەمیشــە مابوویــەوە. لــەم یادەوەرییــە تاڵــەدا، کــورد ئەمەریــکای خســتە خانــەی خیانەتــەوە. وەکــو خیانەتــی کیســنجەر لــە دۆزی نەتەوەیــی کــورد چــووە نــاو لاپەڕەکانــی مێــژووەوە[٦]، چونکــە لەســەر ئــەو بنەمایــە بــوو،

---

(1) Pollard, pg 180..

(2) Iraqis Reported Attacking Kurds. New York Times, 10 Mar 1975.

(3) McDowall, pg 338.

(4) New York Times, 7 Mar 1975.

(5) Pollard, pg 180.

(6) Tucker, pg 26. (Kissinger refers to then-U.S. Secretary of State Henry Kissinger.)

ئەمەریکییـــەکان بـــە پێچەوانـــەی ســـەرجەم سیاســـەتی ڕابردوویـــان و لەنـــاکاودا کـــۆی یارمەتییـــە ســـەربازی و داراییەکانیـــان بـــۆ پێشـــمەرگە وەســـتاند[1]. ســـەرکردایەتی کوردیـــش بـــۆی دەرکـــەوت؛ ئامانجـــی ئەمریـــکا لەهـــەر جـــۆرە پشـــتیوانییەکی پێشـــوویاندا، تەنیـــا و تەنیـــا لاوازکردنـــی عێـــراق و ڕێگریکردنـــی ئـــەو وڵاتـــە بـــووە لـــە هێرشـــکردنە ســـەر ئێـــران و بەرژەوەندییەکانیـــان- نـــەک هاوکاریکردنـــی کـــورد بـــۆ گەیـــشتن بـــە مافـــی ئۆتۆنۆمیان[2].ئـــیتر هەمـــوو ئەوپشـــتیوانییەی ئەمەریـــکا لـــە بـــواری تانـــك و فڕۆکـــەی جەنگیـــدا، بـــێ لـــە خەیاڵێکـــی فەنتـــازی و زووتێپـــەڕ هیچـــی دیکـــە نەبـــوو[3]. هەربۆیـــە بـــە نەمانـــی هـــەر جـــۆرە هاوســـۆزی و هاوکارییەکـــی کـــورد، جارێکـــی تـــر نەتـــەوەی کـــورد، وەک نەتەوەیەکـــی بـــێ پشـــت و پەنـــا، بەتەنیـــا و بێکـــەس مایـــەوە[4]. هـــاوکات هێزەکانـــی عێـــراق ڕۆژێـــک دوای واژۆکردنـــی ڕێککەوتنامـــەی جەزائیـــر، هێرشـــیان کـــردە ســـەر ســـەرجەم پێگەکانـــی پێشـــمەرگە[5]. بەتایبەتـــی دەســـتیانگرت بەســـەر مۆڵگەکانـــی پێشـــووی پێشـــمەرگە لـــە چیـــای زۆزک، چیـــای ســـەرتیز و چیـــای هەندرێـــن، بەمـــەش بـــە ســـەدان پێشـــمەرگە و خەڵکـــی بوونـــە قوربانـــی و کارەســـاتێکی گـــەورە بەســـەر پێشـــمەرگەدا قەومـــا[6]. هێرشـــەکان لەکاتێکـــدا بـــوون، هیـــچ جـــۆرە هاوکارییەکـــی دەرەکـــی لەگۆڕێـــدا نەمابـــوو،

(1) Safire, William. Son of 'Secret Sellout'. 11 Feb 1976.
(2) Blum, pg 145.
(3) Saleem, pgs 40, 41.
(4) The first time being by the Soviet Union in 1947 in Mahabad.
(5) Pollard, pg 180.
(6) NY Times, 10 Mar 1975.

هـاوكات ورده ورده كەمبوونـەوەی پێداویسـتییەكانی تەقەمەنـی و خـۆراك ڕووی لــە بەرەكانــی پێشــمەرگە دەكــرد. ئەمــەش بــووە هــۆی ئــەوەی بارزانــی بڕیــاری پاشەكشــە و چۆڵكردنــی چیــاكان بــدات.[1] لەگــەڵ یەكەمیــن زەنگــی ڕادەســتبووندا زیاتــر لــە ٢٠٠ هــەزار كــورد بــەرەو ســنوورەكانی ئێــران بــە پێشــمەرگە و خاوخێزانیانــەوە بــەڕێ كەوتــن.[2] لەنێـو پەنابەرانـدا، ٣٠ هــەزار پێشــمەرگە هەبــوون[3]، وەلــێ زۆرێــك لــەو پێشــمەرگانەی مابوونــەوە بەناچــاری دەســتبەرداری چەكەكانیــان بــوون و خۆیــان ڕادەســتی هێزەكانــی عێــراق كــردەوە. هەندێكیشــیان بــە هیــوای درێــژەدان بــە شــەڕ و ڕادەســتنەبوون لەســەرەتاوە خۆیــان مــەڵاس داو بــە نهێنــی لــە چیاوچۆڵەكانــدا مابوونــەوە[4].

بــە گشــتی شــەڕی كــورد و عێــراق لــە ســاڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥دا بــە ئاكامێكــی تراژیــدی كۆتایــی هــات[5]. لــەم كاتــەدا ســەركردایەتی پارتیــش پەنایــان بــردە بــەر ســنوورەكانی ئێــران. هەروەهــا بارزانیــش داوای مافــی پەنابەریــی لەئێــران كــرد جارێكــی تــر تــا ســپاردنی دواهەناســەی لــە ســاڵی ١٩٧٩دا نەگەڕایــەوە[6]. ئەمــە دەســپێكی قۆناغێكــی دژوار و تراژیــدی بــوو. پێشــمەرگەكان تەنیــا دەیانتوانــی تەماشــای ئەوەبكــەن كــە چــۆن هــەزاران كــورد لەزێــدی خۆیــان ڕادەگوازرێــن و گوندەكانیــان

(1) Pace, Eric. Iraqi Kurds Face Arms Shortages. NY Times, 13 Mar 1975.
(2) For a first hand account of the Kurdish exodus out of Iraq, see Saleem pgs 50-52
(3) Pollard, pg 180.
(4) Neumann, Ronald E. Iraqi Kurds in Iran: Situation of Request. U.S. Espionage Den. V 31:49-54
(5) O'Ballance, pg 98, 102
(6) Ghareeb, pg 174

وێـــران دەکرێـــن و ملیۆنـــان هاووڵاتـــی کـــورد بـــە زۆری زۆرداریـــی تێکـــەڵ بـــە کۆمەڵـــگای عێراقیـــی دەکرێـــن و لـــە ناســـنامەی نەتەوەیـــی خۆیـــان دادەبڕێـــن[1]. ئـــەم ئاکامـــە شـــومە دوای زیاتـــر لـــە ٤٠ ســـاڵ لـــە شـــەڕ و پێکـــدادان هاتەپێشـــەوە. بەجۆرێـــک دەکرێـــت بڵێیـــن؛ دوایـــن ئۆپەراســـیۆنی ســـەربازی مســـتەفا بارزانـــی، دیســـانەوە بـــە نســـکۆیەکی نەتەوەیـــی کۆتایـــی هـــات. ئـــەم نســـکۆیە گـــەر یەکـــەم جـــار لـــە لایـــەن یەکێتـــی ســـۆڤیەتەوە لـــە ســـاڵی ١٩٤٧دا لـــە کۆماری کوردســـتان لـــە مەهابـــاددا بەرۆکـــی بزووتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی کـــوردی گرتبێـــت، ئـــەوا ئەمجـــارە لـــە جەزائیـــرەوە چاڵێکـــی تـــر بـــۆ چارەنووســـی نەتەوەیـــی کـــورد هەڵکەنرایـــەوە.

(1) McDowall, pg 340

**دامەزراندنی یەکێتی**

ئەندامـە دڵسـۆز و متمانەپێکراوەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، سـەرلەنوێ مافـی سـەرکردایەتیکردنی جوڵانـەوەی ڕزگاریخوازییـان بـۆ هەریـەک لـە کوڕانـی مـەلا مسـتەفای بارزانـی، ئیدریـس و مەسـعود بارزانـی بـە ڕەوا دەزانـی[١]. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو، هـەر لـە هەنـاوی ڕیزەکانـی شۆڕشـدا، ناکۆکـی و ناتەبایـی لـە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردووەوە بـە شـاراوەیی مابوویـەوە. ئەوەبـوو لەگـەڵ نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلوولـدا، لەگـەڵ غیابـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی و کەوتنـی شۆڕشـدا، هەمـوو ئەوانـەی نـاڕازی بـوون لـە ئاڕاسـتەی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بەشـێوەیەکی جیـا دەسـتیان کـرد بـە دروسـتکردنی ڕێکخسـتنێکی تایبـەت و سـەربەخۆ بـە خۆیـان. لـە نێـو ئـەو گروپـە دابەشـبووانەدا یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لـە تەمـووزی سـاڵی ١٩٧٥ دا، لەسـەر دەسـتی جـەلال تاڵەبانـی و لـە شـاری دیمەشـقی پێتەختـی سـوریادا پێکهـێنرا[٢]. بەمجـۆرە یەکێتـی بریتـی بـوو لـە شـوێنکەوتوان و پێڕەوانـی پێشـووی تاڵەبانـی،[٣] لەچوارچێـوەی ڕێکخـراوە چەپەکانـی کۆمەڵـەی عێراقـی و بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتاندا سـەریدەرهێنا.[٤] لـە نێـو سـەرکردایەتی یەکێتیـدا فەرمانـدەی هەڵکەوتـووی پێشـووی شـۆڕش، عەلی عەسـکەری بوونـی هەبـوو. عەسـکەری، لەپـاش نسـکو، بـۆ شـارەکانی باشـووری عێـراق، شـاری ناسریـە

---

(1) Ibid, pg 343

(2) 398 Facts on File, 2 Aug 1975.

(3) Izady, pg 214.

(4) 400 McDowall, pg 343.

دوورخرابوویـــەوە[١]. ئەوەبـــوو لەگـــەڵ ڕاگەیاندنـــی حزبـــە نوێیەکـــەدا، وەکـو فەرمانـدەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی یەکێتـی دەستنیشـانکرا[٢]. دیـارە یەکێتـی وەکـو چەترێکـی بەرەیـی وابـوو کـە چەنـد کۆمەڵـە و ڕەوتێکـی ئایدیۆلـۆژی شـاراوە و ناکۆکـی نـاو شۆڕشـی ئەیلوولـی لەژێـر ناویـدا پێکـەوە گرێدابـوو[٣]. دواجـار ئـەم هێـزە سـەرهەڵداوەی یەکێتـی بەشـێک لـە پێشـمەرگە دڵسـۆز و نزیکەکانـی تاڵەبانـی و میلیشـیا چەکدارەکانـی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی لەژێـر نـاوی یەکێتیـدا کۆکردبوویـەوە[٤]. کۆمەڵـە هێزێکـی چەکـداری سـنورداری بچـوک بـوو، نیـازی درێـژەدان بـە شـۆڕش لـە هەناویـدا مابوویەوەبـە. هەرچەنـدە هێشـتا بەتـەواوی ڕێـک نەخـرا بـوو، بـەڵام چەندیـن هەڵمەتـی دژ بـە حکومـەت و دامەزراوەکانـی، لەژێـر نـاوی یەکێتیـدا ئەنجامدابـوو. هەڵبەتـە لـە هاوینـی ساڵی ١٩٧٥ەوە بـە درێژایـی سـاڵی ١٩٧٦ ناوبەنـاو چالاکـی چەکداریـی ئەنجامـدەدران[٥]. لەبەرانبـەردا پاشماوەکانـی شـۆڕش، بەهیـچ جۆرێـک لەگـەڵ بڕیـاری بەرەنـگاری و دابەشـبوونی ڕیزەکانـی شۆڕشـدا نەبـوون. بۆیـە هـەر هەڵوێسـتێکی نوێیـان لـە چوارچێـوەی کۆدەنگـی سـەرکردایەتی کـورددا دەبینییـەوە. بـەڵام ڕێکخسـتنەوەی پێشـمەرگەی یەکێتـی لـە سـاڵی ١٩٧٧ دا بەتایبەتـی کاتێـک تاڵەبانـی لەپـاش دەربەدەریـی و دوورەوڵاتـی لـە دیمەشـقەوە گەڕایـەوە عێـراق.

---

(1) Stansfield, pg 83..
(2) O'Ballance, pg 103.
(3) Stansfield, pg 83.
(4) Ghareeb, pg 182..
(5) Stansfield, pg 84.

ئـیتر بـارەگای تایبـەت بەخـۆی لـە نـۆکان، دیـوی سـنووریی کوردسـتانی ئێـران و لــە قەندیلــدا لــە کوردســتانی عێراقــدا قوتکــردەوە. هــاوکات تاڵەبانــی پێشــمەرگەکانی خــۆی بەســەر چەنــد هەرێمێکــدا دابەشــکرد. ئەوەبــوو لــە هــەر قەزایەکــی کوردســتانی عێراقدا، هەرێمێکــی چەکدارییــان جێگیــر کــرد. لێــرەوە ئۆپەراســیۆنەکانی یەکێتــی لــە سـنووری هـەر قەزایەکـدا، پەیوەسـت بـە سـنووری چالاکییانـەوە جێگیـر کـرا. ئـیتر ئۆپەراسـیۆنە نهێنییـە گەڕۆکەکانـی یەکێتـی کـە زۆربەیـان شــەوانە شــوێن ئامانجەکانیــان دەکەوتــن، دەســتیان دایــە چەندیــن چالاکـی چەکداریـی لەناوچـە سـنووری و جەرگـەی شـارو تەنانـەت شـارە گەورەکانیشــدا. بــە سروشــتی حــاڵ، پێکهاتــە بەرەییەکــەی یەکێتــی و پەیوەندیکردنــی پەیتاپەیتـای پێشــمەرگە بۆنـاو ڕیزەکانیـان، بـووە بایسـی ناکۆکـی زیاتریـان لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا. ئـەوان لـەڕووی لۆژیکـی سیاسـیی و ئایدۆلۆژییـەوە، باوەڕیـان بەنەریتـی کوردایەتییەکـەی بارزانــی و پارتــی نەبــوو. ئــەم جیاوازییــەی جوڵانــەوە چەکدارییەکانــی نێوانیــان، ســەری کێشــا بــۆ بەریەککەوتنــی چەکداریــی لەنێــوان پارتــی و یەکێتیــدا[1]. ئەوەبـوو لـە مانگـی تەمـووزی ١٩٧٦ و کانوونـی دووەمـی ١٩٧٧ و شــوباتی ١٩٧٧ دا، چەندیــن پێکدادانــی بچــووک لــە نێــوان پێشــمەرگەکانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و یەکێتیــدا ڕوویــدا، پێــشتر پێشــمەرگەی کوردســتان، بــەم ڕەنگــە لولــەی چەکەکانیــان نەکردبــووە یەکتریــی. بەتایبــەت ئــەو پێشــمەرگانەی خــودان دوژمنێکــی هاوبــەش بــوون لەگــەڵ ڕژێمــی عێراقیــدا. ئــەم ململانێیانــە بــە درێژایــی کۆتایــی

(1) Ibid, pg 85.

حەفتاکانـــی ســـەدەی ڕابـــردوو، یەکبیـــن بـــەردەوام بـــوون. دەتوانرێـــت بوترێـــت دیارتریـــن و کاریگەرتریـــن پێکدادانـــی چەکداریـــی نێـــوان هـــەردوولا، لـــە مانگـــی نیســـانی ســـاڵی ١٩٧٨ دا لـــە ناوچـــەی برادۆســـتدا قەومـــا. لـــە ئەنجامـــدا عەلـــی عەســـکەری فەرمانـــدەی بەشـــۆڕەتی یەکێتـــی و هێـــزە ٨٠٠ کەســـییەکەی کـــە بەفەرمانـــی تاڵەبانـــی بـــە چەنـــد ڕەتڵێکـــی ڕێکخـــراو ڕەوانـــەی ئـــەو ســـنوورانە کرابـــوون، یەکێتـــی بانگەشـــەی ئـــەوەی دەکـــرد، کـــە هێزەکـــەی عەلـــی عەســـکەری، نیازیـــان بـــووە، هەمـــوو ئـــەو چـــەک و جبەخانەیـــەی گردیـــان کردبوویـــەوە، لـــەو ســـنوورانەوە وەربگـــرن. دیـــارە یەکێکـــی ئامادەکاریـــی گواســـتنەوەی چەکەکانـــی لـــە ســـنوورەکانی کوردســـتانی تورکیـــاوە ڕێکخســـتبوو. بۆیـــە بـــە گەیشـــتنی گروپەکانـــی پێشـــمەرگەی یەکێتـــی بـــۆ ناوچەکـــە، پێشـــوەخت، لەلایـــەن یەکینەیەکـــی پێشـــمەرگەی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، بـــە ســـەرۆکایەتی ســـامی عەبدولـــرەحمان، لـــە مەتەرێـــزدا دەبـــن بۆیـــان. هـــەر بەگەیشـــتنی زەوارەکەیـــان بـــۆ زۆنـــی دیاریکـــراو، هێرشـــیان دەکەنـــە ســـەر. هەرچەنـــدە عەلـــی عەســـکەری هەوڵیـــداوە هیـــچ شـــەڕێک نەقەومێـــت. تەنانـــەت بانگەشـــەی هـــاوکاری ســـەربازیی نێـــوان پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان و یەکێتیـــی لـــەدژی ڕژێمـــی بەعـــس هێناوەتـــە گـــۆڕێ، وەلـــێ تـــازە کارلـــەکار تـــرازا بـــوو. بەریەککەوتنەکـــە ناهاوتـــا بـــوو. نزیکـــەی حـــەوت هـــەزار و ٥٠٠ پێشـــمەرگەی پارتـــی لـــەو ســـنوورانەدا جێگیـــر کرابـــوون[١]. بەشـــێکی زۆریـــان بەتـــەوای شـــارەزای ناوچەکـــە بـــوون[٢]. بـــەڵام هێزەکـــەی یەکێتـــی

(1) McDowall, pg 344, 345.

(2) Gunter, pg 230.

پێــش ئــەوەی بکەونــە بــەر زەبــری چەکەکانــی پارتــی، بەهــۆکاری هێرشــی ئاسمانــی عێــراق و ئێرانــەوە دووچــاری شــپرزەیی و شــەڕێکی نابەرابــەر ببوونــەوە. لەئەنجامــدا لــەو شــەڕەدا نزیکــەی ٧٠٠ پێشــمەرگەی یەکێتــی کــوژران، کــە عەلــی عەســکەری فەرماندەشــیان لەنــاو کوژراوەکانــدا بــوو. زیانــە زۆر و زەبەندەکــەی یەکێتــی وایکــرد، زۆرێــک لــە پێشــمەرگەکان دەســـبەرداری یەکێتـــی بـــن و لەنـــاو ســـەرکردایەتییەکی بەهێزتـــر و کاریگەرتــردا خۆیــان ببیننــەوە[١]. لــە هەمانکاتــدا پێشــمەرگەکانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانیش لــە کۆتایــی حەفتاکانــی ســەدەی ڕابــردوودا بــە هەواڵــی مەرگــی چەنــد ســەرکردەیەکی مێژوویــی و کاریگەریــان دوچــاری شــۆکێکی گــەورە هاتــن. یەکەمیــان کۆچــی دوایــی ئەســعەد خۆشــەوی، فەرمانـــدەی دێرینـــی پێشـــمەرگە بـــوو. ناوبـــراو لـــە مانگـــی گوڵانـــی ســـاڵی ١٩٧٨دا ماڵئاوایـــی لـــە تێکۆشـــان کرد. خۆشـــەوی وێـــڕای ئـــەوەی بــرا بچوکــی پێشــمەرگەی ئەفســانەیی کــورد، خەلیــل خۆشــەوی بــوو[٢]. هــاوکات پێــش دروســتبوونی ســوپای کۆمــاری مهابــاد، یەکێــک بــوو لــە ســەرکردە مەیدانییەکانــی هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان. بۆیــە بەبــێ دابــڕان هــەر لەســەردەمی مســتەفا بارزانییــەوە، هەمــوو ئاســتەکانی پێشـــمەرگایەتی تاوەکـــو گەیشـــتنی بـــە پلـــەی فەرمانـــدەی فەیلـــەق بەدەســـتهێنا بـــوو. دووەم و قوڵتریـــن خـــەم و خەســـارێک ڕووبـــەڕووی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و هەمــوو کوردســتان بــوو بێتــەوە، بریتــی بــوو لــە کۆچــی دوایــی مــەلا مســتەفا بارزانــی[٣] . بارزانــی پــاش نســکۆی

(1) Stansfield, pgs 87-89.

(2) See the 1946 Battle of Mamashah – pg 38.

(3) Barzani, pg 360.

شـــۆڕش، لـــە ســـاڵی ١٩٧٥دا، ڕوویکـــردە ئێـــران. لـــە ســـاڵی ١٩٧٦ دا بەمەبەســـتی وەرگرتنـــی چارەســـەریی نەخۆشـــی شـــێرپەنجەی ســـییەکانی، بـــەرەو بیمارســـتانی ئەمەریـــکا کەوتـــەڕێ[١]. دواجـــار لـــە١ی ئـــاداری ١٩٧٩ دا لـــە یەکێـــک لـــە نەخۆشـــخانەکانی واشـــنتۆن دی ســـیدا کۆچـــی دوایـــی کـــرد. پاشـــان ڕۆفاتـــی بارزانییـــان بـــەرەو کوردســـتانی ئێـــران هێنایـــەوە و لـــە شـــاری کوردنشـــینی شـــنۆدا بەخاکـــی کوردســـتان ســـپێردرا[٢]. هەڵبەتـــە نەیارانـــی بارزانـــی لەچوارچێـــوەی پیلانێکـــدا، زەفەریـــان بـــە مـــەزاری مـــەلا مســـتەفا بارزانـــی گەیاندبـــوو. بۆیـــە ماڵباتـــی بارزانـــی ناچـــار بـــوون جارێکـــی تـــر ڕۆفاتەکـــەی بگوازنەوە.بـــۆ شـــوێنێکی پارێـــزراو. بـــەم جـــۆرە بارزانـــی وەک بەرچاوتریـــن ســـەرکردەی ســـەدەی بیســـتەمی کـــورد، گەڕانـــەوەی تەرمەکەشـــی تینوتـــاوی ڕێکخســـتنەوەی شـــۆڕش و هێـــزی پێشـــمەرگەی بەتیـــنتر کـــرد. بارزانـــی وەک دامەزرێنـــەر و داهێنـــەری یەکەمیـــن هێـــزی پێشـــمەرگەی پارێـــزەری نەتـــەوەی کـــورد چـــووە تۆمـــاری مێـــژووی نەتەوەیەکـــەوە[٣].

(1) Ghareeb, pg 181.
(2) O’Ballance, pg 115.
(3) Tucker, pg 6.

## جەنگی نێوان ئێران و عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨)

دوای ماوەیەکی کەم لە کۆچی دوایی مستەفا بارزانی، دوو نەیارە سەرەکیی و سەرسەختەکەی دراوسێ، هەریەک لە سەرۆککۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر و شا محەممەد ڕەزای پەهلەوی ئێرانی هەردووکیان لە سەر تەختی دەسەڵات دوورخرانەوە. لە دوای ئەوان هەرکام لە سەدام حوسەین و ئایەتوڵڵا خومەینی لە شوێنیاندا کرانە سەرۆک. پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ دۆخی نوێدا ساچا و پێشمەرگەکانی خۆی لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومینیدا وەک هاوپەیمانێکی دژ بە خیانەتی شا، ڕێکخست. مەسعود بارزانی لە ساڵی ١٩٧٩ دا، گەڕایەوە کوردستانی عێراق، لەوکاتەشدا هێزێکی پێنج هەزار کەسی ڕێکخست[1]. وەلێ یەکێتی کەمتر بە پیر پاڵپشتی و پشتیوانییەکانی ئێرانەوە بوو، گوایا ئایدۆلۆژیای چەپەکان بە پێچەوانەی عەقیدەی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامییەوە ئاڕاستەی دەکردن[2]. لە دەسپێکی هەڵایسانی جەنگی ئێران و عێراق، سیاسەتی ناوچەکە لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠-وە ئاڵۆزتر بوو، بەتایبەت کاتێک سوپای عێراق دەستیان دایە هێرشکردن بۆ سەر سنوورەکانی ئێران[3]. لەم گۆشە نیگایەوە پارتی وەک هاوپەیمانێک کە یەک دووژمنی هاوبەشیان هەبوو، ڕاستەوخۆ دەبوو بگلێتە بازنەی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی گروپە کوردییە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. بەتایبەتی هێرشکردنە

---

(1) Ghareeb, pg 184.
(2) Stansfield, pg 90.
(3) Pollard, pg 184.

سەر پارتی دیموکراتی کوردی ئێرانی دژە حکومەت (KDPI).[١] لە تێگەیشتنی مەسعوود بارزانیدا، ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەرزشی زیاتر بوو[٢]. لەبەرانبەردا تاڵەبانی و یەکێتی، وەها وێنای دۆخەکەیان دەکرد، گوایا هەر ململانێیەکی نێوان کورد، بۆ دۆزی گشتی کوردستان مایەی نەنگی و زیانە. لێرەوە بۆخۆیان دژایەتی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیان، چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی سەربازییەوە دەکرد[٣]. لەم پێشهاتە نوێیەی جەنگە هەرێمییەکەدا، پارتی و یەکێتی دەستیان کرد بە هێرش کردنە سەر یەکتریی و هەریەکەیان لایەنگیریی و لۆبییان لەنێو جەماوەری کورددا بەدەستهێنابوو.

هاوکات لە مەیدانی شەڕی پارتیزانیشدا زۆر بە باشی مەشق و ڕاهێنانیان بینی بوو. بەشێوەیەک هیچ کام لە هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵی ئەوەیان نەدەدا، کە بەرامبەر ئەوی دیکە سازشێک بکەن[٤]. لەبری ئەوە بۆسە و هێرشی لەناکاو و لێدان و تیروتوانجیان دژ بەیەکتریی پەیڕەو دەکرد[٥]. هاوکات هەردوولا هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی خۆیان بە قازانجی خۆیان بە کاردەهێنا[٦]، بە هۆی ئەوەوە کە

(1) McDowall, pg 346.

(2) Ghareeb, pg 185.

(3) Clash between Kurdish Groups. BBC Summary of World Broadcasts, 21 Aug 1981/ PUK Statement. BBC Summary of World Broadcasts, 20 Nov 1981.

(4) BBC Summary of World Broadcasts, 21 Aug 1981

(5) Kurdish Operations in Iraq in Final Quarter of 1981. BBC Summary of World Broadcasts, 6 Feb 1982.

(6) BBC Summary of World Broadcasts, 6 Feb 1982

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەگـەڵ ئێرانـدا نزیکایەتـی هەبـوو. یەکێتیـش پێداویسـتییەکانی پێشـمەرگەکانی خـۆی لـە سـووریا و لیبیـاوە بـۆ پـڕ دەکرایـەوە. ئـەم ئەزموونـی ناتەبایـی و نەریتـی لێکدوورییـە، نەبڕایـەوە و دیسـانەوە کوردسـتانی عێراقیـان بەسـەر ناوچەکانـی باکـوور و باشـووردا دابـەش کـرد[1]. ڕێـک وەک ئـەوەی لـە پشـێوییەکانی پێشـمەرگە و شـەڕی شەسـتەکاندا هەرێمەکەیـان لەنێوانیانـدا لـەت کردبـوو. پێشـمەرگەی هـەردوو حـزب بـەردەوام بـوون لـە شـەڕە هەرێمـی و ناوخۆییەکـەدا. بەجۆرێک پێشـمەرگەی هـەردوو حـزب دەیانتوانـی زیـان بـە هێـزە سـەربازییەکانی یەکتریـی لـە ناوچەکانـدا بگەیەنـن. دواجـار لـە ١٩٨٢ جۆرێـک لـە هەماهەنگـی لەنێوانیانـدا هاتـە پێشـەوە، بۆئـەوەی بتوانـن بەئـازادی لەناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی یەکتریـدا هاموشـۆ بکـەن. بەگشـتی هـەر هەماهەنگی و ڕێککەوتنێکـی کاتی و هەر ئۆپەراسـیۆنێکی هاوبەشـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی یادەوەرییەکـی سـەرکەوتنی بـەدواوە بـووە[2]. ئەوەبـوو ئۆپەراسـیۆنێکی هاوبەشـیان لـە سـلێمانی لـە ئابـی ١٩٨٢ دا ئەمجامـدا. دروسـت وەک لـە نەبەردییەکانـی پێشـووتردا، پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەر چـەک و پێداویسـتییەکانی دوژمنـدا گـرت. لـە نێـو غەنیمەتەکانـدا داو و دەرمـان، ئۆتۆمبێـل، چەکـی جـۆری ئارپیجـی، چەنـدان جـۆری چەکـی قورسـی دیکـەی وەک تانکـی جەنگـی هەبـوون[3]. بـە پێچەوانـەی شـەڕەکانی پێشـووەوە هێـزی پێشـمەرگە بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی نێودەوڵەتـی و خواسـتی ئیمتیازاتـی ناوچەیـی لـە

(1) McDowall, 346, 347.

(2) 425 Gunter, pg 230.

(3) O'Ballance, pg 127/ BBC Summary of World Broadcasts 6 Feb 1982.

ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەستان بە لێدانی کاریگەرتر و ڕفاندنی سیاسییەکان، شمەک و دەزگا و پێداویستییەکان. شەڕی ئێران و عێراق ببووە شەڕێکی کاریگەر، کە زیانیان لە بەرژوەندییەکانی یەکتریی دەدا.[1] هەروەها ئەو جەنگە پێشمەرگەی هەردوو حزبی ئێجگار ماندوو کرد بوو. جیالەوەش تورکیا دەرفەتی بۆ ڕەخسا بوو، تاوەکو باشتر بندەستی کوردەکانی خۆی، لەقاڵب بدات. بۆ ئەم مەبەستەش هەر پێشکەوتنێکی پێشمەرگەی بە بیانوی ڕاپەڕینی کوردەکانی خۆی لێکدەدایەوە. بۆیە تەواوی بنکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە عێراق وێران کرد و سەدان پێشمەرگەی کوشتن[2]. هەروەها لە ئەیلوولی ١٩٨١ وە تا مانگی ئایاری ١٩٨٢ ئێران زنجیرەیەک هێرشی بەرەنگاربوونەوەی بۆ سەر عێراق دەستپێکرد. ئێران لە هەردوو بەرەی باشووری عێراق و کوردستانی عێراقدا بەرەی جەنگی کردەوە.

ئەم هێرشانەی ئێران بوونە ئاستەنگی جدیی لەبەردەم مانەوەی یەکێتیدا، کە گروپەکەی ناچار کرد تەواوی بارەگاکانیان لە سنووری ئێران و عێراقەوە بگوازنەوە و لە کەناری هێزەکانی عێراقدا دابمەزرێن.[3] یەکێتی بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو کەوتە ناو ناوبژیوانی و دانوستانەوە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا[4]. ئەوەبوو لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ ئاگربەستی بەمەبەست دانوستان لەگەڵ بەغدادا کرد. لێرەوە یەکێتی توانی گرەنتی سەلامەتی هێزەکانی بەڕووی عێراقدا

(1) Kurds Announce Kidnappings. New York Times, 29 May 1985.
(2) McDowall, pg 347.
(3) Pollard, pgs 193-199..
(4) McDowall, pg 348.

مسـۆگەر بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـوودی لـە ڕێککەوتنەکـە وەرگـرت و تەنانــەت چەکوچۆڵــی سەربازیشــی لەڕژێمــی عێراقییــەوە بەدەســت گەیشـت[١]. ئەمـە وایکـرد بەشـێک لـە سـەرکردایەتی یەکێتـی نـاڕازی بـن و نەیاندەویسـت بکەونـە نـاو ڕازی ڕێککەوتنێکـی وەهـاوە. لەوانـە کـۆسرەت ڕەسـووڵ عەلـی زۆرێـک لـە پێشـمەرگەکانی یەکێتـی بەئاشـکرا لەگـەڵ هاوپەیمانییەکـەدا ناکـۆک و ناتەبـا بـوون[٢]، بەجۆرێـک بەشێکیشـیان وازیان لـە حزبەکـە هێنـا و پەیوەسـت بـوون بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە[٣]. هەرچەنـدە ئاگربەسـتی سـاڵی ١٩٨٤ ماوەیەکـی کورتـی خایانـد. چونکـە لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٥دا سـەدام حوسـێن کـە ئـەودەم هاوکارییەکـی زۆری ئەمەریـکای وەرگـرت بـوو، چـیتر پێویسـتی بە هـاوکاری پێشـمەرگەی یەکێتـی نەمـا بـوو. بۆیـەکا بەبـێ پێشـمەرگەی یەکێتیـش دوای شکسـتی سـوپای عێراقـی لـە جەنگـی فـاودا لـە شـوباتی ١٩٨٦ دا، سـەدام حوسـێن زانـی هێـزی مرۆیـی و ژمـارەی سـەربازانی عێراقیـی بـەراورد بـە ئەرتەشـی ئێـران گرفتـی بـۆ دەسـازێنن. هەربۆیەشـە نەیتوانـی ڕێگـە لـە شکسـتپێهێنانی ئێرانییـەکان بگرێـت[٤]. لێـرەوە بـۆ قەرەبووکردنـەوەی ئـەو شکسـتە سـەربازییە چـاوەڕوان نەکـراوە، حکومەتـی عێـراق هەسـتا بـە هەڵمەتێکـی بەرفراوانـی بەسـەربازگرتن لەسەرانسـەری وڵاتـدا. هـاوکات هەربڕیارێکــی لێخۆشــبوونی ســەربازگیریی هەڵوەشــاندەوە، بۆنموونــە وەرگرتـی سـەرباز لـە کۆلێژەکانـەوە بڕیـاری لەسـەر درایـەوە. لێـرەوە لەنێـو

(1) Diplomats Report Iraqi Deal with Kurds. New York Times, 4 Jan 1984.

(2) Stansfield, pg 90. 9

(3) McDowall, pg 349

(4) Pollard, pg 219.

ئـەو سـەربازە نوێیانـەی کـە ڕاپێچـی بـەرەی سـەربازی و بنکەکانـی مەشـق و ڕاهێنـان کرابـوون. ژمارەیەکـی زۆر قوتابـی کـورد ناویـان هاتبوویـەوە. لەنـاو ئـەو قوتابیانـەدا، لاوێـک بەنـاوی ئەحمـەد عەبـدوڵڵا نـاوی هاتبوویـەوە، بۆیـەکا ملـی نـەدا و ڕیزەکانـی سـوپای عێراقـی جێهێشـت و پەیوەنـدی بـە ڕیـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە کـرد[1]. دواجـار ئەحمـەد عەبـدوڵا سـەری لـە ئەفسـەری هەواڵگریـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە دەرچـوو[2]. مەبەسـتمانە بڵێیـن، بارگاویکـردن و بەکارهێنانـی خوێنـەوار و ڕۆشـنبیرانی وەک ئەحمـەد عەبـدوڵڵا هـەم ڕێگربـوو لـەوەی ببنـە ئامـرازی دەسـتی عێراقییـەکان و بەعـس، هەمیـش هـاوکاری پێشـمەرگە و دۆزی ڕەوای ڕابوونـە نەتەوەییەکـەی خۆیانیـان دەکـرد. ئـەم پێشـمەرگانە نوێیانـە، بـە هـەزاران گەنجـی کـورد بـوون، کـە پەیتاپەیتـا سـەنگەرەکانی سـوپای عێراقیـان چـۆڵ دەکـرد و دەهاتنـە نـاو هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە. بـۆ نموونـە لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٩٨٧دا تـەواوی فەوجێکی ٤٠٠ کەسـی، بەجارێـک پەیوەندییـان بـە یەکێتییـەوە کـرد.[3] ئەوانـە نـە تەنیـا هـەر خۆیـان، بەڵکـو چەکەکانیشـیان هاوردبـوو. پێشـمەرگە لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٩٨٧ دا، لەژێـر یـەک بـەرە و یـەک فەرماندەیـی هاوبەشـدا، بـە یەکگرتوویـی شانبەشـانی یەکتریـی ڕووبـەڕووی حکومـەت و سـوپای عێـراق بوونـەوە. ئـیتر پێشـمەرگە لـە هـەردوولاوە دەیانتوانـی سـوود لە پشـتیوانییە سـەربازییەکانی ئێـران وەربگـرن، بەمـەش بێگومـان ئۆپەراسـیۆنەکانیان

(1) 435 Tucker, pgs 41-46.

(2) Kurdish Guerrillas Escalate Mountain War Against Iraq. Associated Press, 14 Jun 1987.

(3) McDowall, pg 352.

فـراوانتر دەبـوون و ئاسـانتر دەسـتیان بەسـەر بـارەگا و بنکە سـەربازییەکانی دووژمـن لـە سەرتاسـەری کوردسـتانی عێراقـدا دەگـرت[1]. بەمجـۆرە هێرش و هەڵمەتەکانـی پێشـمەرگە و چالاکییـە پارتیزانییەکانیـان تـا ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٨٨ لێـرەو لـەوێ تەنگـی بەڕژێـم هەڵچنـی بـوو[2]. ئەوەبـوو دروسـت لـەو ڕێککەوتـەدا توانیـان دەسـتبگرن بەسـەر شـارۆچکەکانی ڕەوانـدوز، شـەقڵاوە و ئەتروشـدا[3]. هـاوکات هێرشـە پێکەوەییەکانـی پارتـی و یەکێتـی و ئێـران ڕژێمـی سـەدام حوسـێنیان ئێجـگار قەڵـس و قوشـقی کردبـوو. بۆیـە لـە نەخشـەی ورد و بـە بەرنامـەدا بـۆ ڕێگرییکـردن لـە پەیوەندیکـردن بـە ڕیزەکانـی پێشـمەرگە و ترسـاندنی لاوانـی کـورد، حکومەتـی عێـراق بـە ئاشـکرا زیندانییـە کوردەکانـی لـە سـێدارە دەدا، یاخـود ئەشـکەنجەدان و ئـازار و ئەزیەتـی هەرکەسـێک گومانـی پەیوەنـدی پێشـمەرگەی لێبکرایـە بەشـێوەیەکی بـەربڵاو وەک ڕەشـبگیریی ناوچـە کوردسـتانییەکانی گرتەوە[4]. بەجۆرێـک کەمپەکانـی زینـدان و گرتووخانـەکان تـژی بـوون لـە لاوانـی بێتاوانـی کورد، کوشـتنی هەڕەمەکـی و سـزادانی بێبەزەییانـە ببوویـە وێـردی سـەرزاری خەڵکـی بەشـمەینەتی کوردسـتان بـوو[5]. ئـەم نەزمـە لـە سـاڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ وە بـە چـڕی دەسـتی پێکردبـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا

---

(1) O'Ballance, pg 144.

(2) Iranian Military Communiques and Reports. BBC Summary of World Broadcasts, 23 March 1988/ Iran reportsmilitary successes by Iraqi Kurdish dissidents. BBC Summary of World Broadcasts, 13 May 1988/ PUK operations against Iraqi forces. BBC Summary of World Broadcasts, 21 June 1988..

(3) McDowall, pg 352. 441 Tucker, pg 34.

(4) Tucker, pg 5.

(5) McDowall, pg 353.

سزادانی هاووڵاتیانی مەدەنی کورد وەکو تۆڵەی چالاکییەکانی پێشمەرگە دیاردەیەکی دیکەی دەسەڵاتی بەعسییەکان بوو. ئەم ئۆپەراسیۆنە بەربەرییانە، بە فەرماندەیی عەلی حەسەن مەجیدی ژەنەراڵی عێراق لە تێکڕای کوردستاندا بەڕێوە دەچوو. هاوکات هێزەکانی عێراق بە مەبەستی پچڕانی پردی پەیوەندی، لە دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگەدا، هەزاران ڕۆڵەی کوردیان جینۆساید کرد[1]. تەنانەت حکومەتی عێراق چەکی قەدەغەکراوی تاقیکردەوە و دەستی کرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە سەنگەرەکانی پێشمەرگە. ئەوە بوو لە چەند شوێنێکدا، لەوانە:

لە شاری هەڵەبجەدا بەهۆی بەکارهێنانی غازی خەردەل و سارینەوە لەلایەن سوپای عێراقەوە، هەروەها بەهۆی نەبوونی هیچ کەرەستەیەکی خۆپارێزی و هۆشیارییەکی هاووڵاتیانی شارەکە، شارەکەیان جینۆساید کرد[2]. تەنانەت زۆرێک لە پێشمەرگەکانیش ماسکی خۆپارێزیان نەبوو، بەڵکو دەم و چاو و لووتیان بە پەڕۆی تەڕ دادەپۆشی [3]. لە کۆتایی ئەم هێرشانە و لە دوای ئاگربەستی ئێران و عێراق لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ دا، هێشتا هەر کیمیاباران و کوشتوبڕی کوردەکان بەردەوام بوو. بڵاوبوونەوەی زرێپۆش و تانک و فڕۆکەکانی عێراق لە کوردستاندا، بە هەزاران کوردیان ناچار بە هەڵهاتن و دەربەدەریی کرد. لەنێویاندا زۆرێک لە پێشمەرگە و خێزانەکانیان هەر لە دۆخی دەربەدەریدا

(1) O’Ballance, pg 169.

(2) Tucker, pg 5.

(3) Fleeing Assault by Iraqis, Kurds Tell of Poison Gas and Lives Lost. New York Times, 5 Sep 1988.

مابوونـەوە[١]. بەشـێوەیەکی گشـتی نزیکـەی ٤ هـەزار گوندیـش ڕاگوێـزران و وێـران بـوون. بەگشـتی ڕێـژەی ئاوارەبوونـی هاووڵاتیانـی کـورد خـۆی لـە ملیـۆن و نیوێـک دەدا. بەتێکڕایـش لـە نێـوان ١٥٠ بـۆ ٢٠٠ هـەزار هاووڵاتـی بێتاوانـی کـورد کـوژران. حکومەتـی عێـراق جارێکـی دیکـە سـەرکەوتوو بـوو لـە نەهێشـتنی هەڕەشـەی کوردبـوون، ڕێوشـوێنە تونـدو بـە بەرنامەکانـی ڕژێـم هێنـد سـەختگیر و سـامناک بـوون، نزیـک بـوو بەتـەواوی کاریگەریـی شـەڕی پێشـمەرگە و جوڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد وشـک بـکات[٢]. دوایـین بەرخۆدانـی پێشـمەرگە، لـە پـاش ئاگربەسـتی ئێـران و عێراقدا، لـە سـەرەتای ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٨٨ دا ڕوویـدا، بەجۆرێـک لەجـۆرەکان توانـی ئۆپەراسـیۆنەکانی ڕژێـم هەڵوێسـتە پێبکـەن. ئەوەبـوو[٣].

(1) Fleeing Assault by Iraqis, Kurds Tell of Poison Gas and Lives Lost. New York Times, 5 Sep 1988.

(2) 447 McDowall, pgs 360-361/ Ochsenwald and Fisher, pg 659.

(3) 448 McDowall, pg 360/ Lewis, Paul. Iraqi Says Kurd Uprising Has Been Defeated. New York Times, 4 Sep 1988. McDowall, pg 368

**١٩٨٩-١٩٩٠**

لـە قۆناغـی نێـوان ١٩٨٩ -١٩٩٠ دا، سـەرەڕای هێرشـە دەگمـەن و دوور لـە بەهـا ئینسـانییەکانی حکومەتـی عێـراق بـۆ سـەر کوردسـتانی عێـراق، بـەڵام هێشـتا ئیـرادە و ڕۆحـی تێکۆشـانی پێشـمەرگە بـەردەوام بـوو. هێشـتا لـە ژێـر دەسـەڵاتی بـەرەی کوردسـتانیدا پارتـەکان بـە یەکگرتوویـی مابوونـەوە[1]. مەسـعود بارزانـی و جـەلال تاڵەبانـی زۆر بـە وریاییـەوە لـە بایەخـی درێـژەدان بـە خەباتـی کـورد و دۆزەکـەی تێگەیشـتبوون[2]. هەروەهـا گەلـی کـورد کـە بەشـێکی زۆریـان لـە پەناگـە کاتییەکانـی سـنووری ئێـران و تورکیـادا دەژیـان و دەربـەدەر بـوون، پێویسـتیان بـەوە هەبـوو بزانـن، ئایـا هێشـتا هێزێکـی کوردیـی لـە گۆڕەپانەکـەدا مـاوە، ئایـا خۆرێکـی ئاسـۆ لـە ئـارادا هەیـە تاوەکـو لـە پێناویـدا چاوەڕوانـی هەڵهاتنـی بکـەن[3].

بەمجـۆرە و لەگـەڵ پەراوێزخسـتنی دۆزی کـورد و جارێکـی تـر پلیشـانەوەی پێشـمەرگە لەنێـوان ڕێککەوتنـی ئێـران و عێراقـدا، بـەڵام دەسـەڵاتی سیاسـی کـورد، جارێکـی دیکـە توانـی نوێنەرایەتـی تەنیـا ئومێـدی کـوردان بـۆ ئۆتۆنۆمـی ئاینـدەی وڵات، لـە ئەسـتۆ بگـرن. بارزانـی و تاڵەبانـی بـە هەسـتکردن بـە پێویسـتییەکانی خەبـات و بـاوەڕی بەردەوامیـدان بـە بەرخـودان، لەگـەڵ ئـەوەی توانـای ئەنجامدانـی

(1) McDowall, pg 368, T . Jane’s Defence Weekly, 12 Aug 1989.

(2) 450 he Changing War for Kurdistan

(3) 451 How the Kurds Are Cared For: 7 Months in Tents. New York Times, 31 Mar 1989. McDowall, pg 368.

ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانیشیان لەسنوورەکانەوە لێکڵۆم درابوو، وەلێ ئەو چەند هەزار پێشمەرگەیەی کە لە شاخەکاندا مابوونەوە، بەبڕیارێکی ورد و تۆکمە، تێکڕا ڕێکخرانەوە و دابەشکران بۆ سەر چەندین تیمی بچووک بچوکدا[١]. ئامانجی ئەم تیمانە کەمکردنەوەی کاریگەرییە سەربازییەکانی عێراق و ڕێگریکردن بوو لە ئاشکرابوون و دزەکردنی سیخوڕ و کۆنتڕۆڵی زیاتر و هەر پێشهاتێکی نەخوازراو.

گەر لەسەردەمی مەلا مستەفای بارزانیدا، هەرتیمێک پێکهاتبوون لە ١٠ بۆ٦٠ چەکداری ڕاهێنراوی باش، کە زیاتر تفەنگی ئەی کەی، دۆشکەی سووک و مامناوەند، هاوەنی ٨١ ملم و ملم و RPGیان لەبەردەستدا بوو[٢]. هەروەها کۆگای چەک و پێداویستییەکانیشیان لە چیاکاندا حەشاردابوون[٣]. هەروەها یەکێتی مادام دەستی ڕاگەیشتبوو بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی سوریا، ئەوا بەهەندێک لە ستراتیژە نوێیەکان چەندین بۆسەی سەرکەوتوویان ئەنجامدا[٤]. بەشێوەیەک هەڕەشەیان لە ئامانجە ئابورییە گرنگەکانی عێراق دەکرد، وەک تەقانەوەی هێڵی بۆرییە نەوتەکان و چەندین چالاکی دیکە[٥].

(1) McDowall, pg 368

(2) Jane's Defence Weekly, 12 Aug 1989. See also Appendix A: Weapons of the Kurdish Forces.

(3) McDowall, pg 368. Jane's Defence Weekly, 12 Aug 1989. 455. New York Times, 4 Sep 1988.

(4) Jane's Defence Weekly, 12 Aug 1989

(5) Turkey Offers Temporary Haven to Top Iraqi Kurd 457 O'Ballance, pg 183, 184.

## پێشمەرگە لە کاتی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیاباندا (١٩٩٠-١٩٩١)

هێرش و چالاکییەکانی پێشمەرگە تاوەکو مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوون. بەشێوەیەک توانای هەراسانکردنی حکومەتی عێراقیان هەبوو. لەمکاتەدا لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوەیت، بووە بایسی هەڵوێست وەرگرتنی بەرەی کوردستانی. ئەوەبوو بەرەی کوردستانی بەزوویی بڕیاریدا هێرشەکانی بۆ سەر ئامانجە عێراقییەکان کۆتایی پێبهێنێت[1]. چونکە دۆخەکە ئەوەی دەخواست کوردیش ببێتە بەشێک لە هەوڵەکانی ڕووخانی ڕژێم. ئەوەبوو دەستیانکرد بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکییەکاندا[2]. هێزی هاوپەیمان بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت. لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە ڕابەرایەتی دەکرا. بۆیە بەرەی کوردستانی لەو ڕاستییە بە ئاگابوون کە ئەمەریکا بەدوای هاوپەیمانییەتێکی متمانەپێکراودا درێغی ناکەن. لێرەوە دەیانزانی کە هەر پشتیوانییەکی کورد ئەستەمە بدەنە دواوە.

لەم چوارچێوەیەدا سەرکردایەتی کورد ئۆفەرێکی لە سەدام حوسێن سەرۆک کۆماری عێراقەوە بۆ خرایەڕوو، کە داوای پێنج ساڵ ئاشتی و ئاگربەستی دەکرد. لەناوەرۆکەیدا، مەبەستی باشترکردنی ئاستی ژیانی کورد و کوردستان دەخوێنرایەوە. هەڵبەتە دیار بوو، سەدام حوسێن هەستی بە سەختی بەرەنگاربوونەوەی هاوپەیمانان کردبوو[3]. بۆیە هەر هیچ نەبێت، هەڕەشەی چەکداریی کورد

(1) O'Ballance, pg 183, 184

(2) Hussein Visits Kurds and Pledges Prosperity. New York Times, 26 Oct 1990.

(3) Stansfield, pg 92/ McDow

لــە باکــوورەوە بوەســتێنێت. بــەڵام کــورد لەگــەڵ دانــەدواوەی هــەر هاوپەیمانییـەک لەگـەڵ سـەدام حوسـێندا، هێشـتا پشـتیوانی نێودەوڵەتییـان بەدەســت نەهێنابــوو. لەمکاتــەدا هێزەکانــی پێشــمەرگە یانــی لەکاتــی یەکـەم هەنـگاوی جەنگـی ئەمریـکا و عێراقـدا بـە بێلایەنـی مابوونـەوە. وەلــێ بــەرەی کوردســتانی لــە ئەگــەری هــەر پێشــهاتێکدا ئامادەکاریــی پێویســتی کردبــوو. بەگوێــرەی بڕیارەکانــی KNF، پێشــمەرگە هێــزی شـاراوەی خـۆی لـە ڕووی چۆنیەتـی و چەندێتییـەوە فـراوانتر کـرد بـوو، لەگــەڵ ئەوەشــدا دەســتی دابوویــە هەڵمەتێکــی پڕوپاگەنــدەی بەریــن بـــۆ هەڵگیرســـاندنەوەی هەســـت و هیـــوای ناســـیۆنالیزمی کوردیـــی. بەشــێوەیەک بەجارێــک هەمــوو هەڵهاتــووە کوردەکانــی نــاو ســوپای عێراقـی، تەنانـەت شانبەشـانی تۆڕێکـی بەرفراوانـی زۆربـەی هـەرەزۆری یەکــە چەکدارەکانــی فیرقــە و فەوجەکانــی جاشــەکان واتــە ئــەم تــۆڕە نوێیـەی نێـوان پێشـمەرگە-جاش، دواجـار ڕێگـەی لەبـەردەم پێشـمەرگەدا وازکـــرد، کـــە بەشـــێوەیەکی بەهێـــزی هەرگیـــز چاوەڕواننەکـــراو ببنـــە پشـــتیوانی یەکتریـــی[1]. هـــاوکات پێشـــمەرگە بڕیـــاری لێخۆشـــبوونی بـــۆ ســەرجەم جاشــەکان جــاڕدا. هەربۆیــە هەریەکێــک لــەم کارانــە ســوودی ئەوتـۆی بـۆ پێشـمەرگە هەبـوو. بەشـێوەیەک کاریگەرییەکانیـان لـە چەنـد مانگــی دوای یەکەمیــن جەنگــی ئەمریــکا و عێراقــدا ئێجــگار زیادکــرد.

(1) Stansfield, pg 92/ McDowall, pg 370

## ڕاپەڕینی ١٩٩١

سوپای عێراق، کە بە پێنجەم گەورەترین سوپای جیهان ناسرابوو. بێباکانە و بەوپەڕی نواندنی سەرچڵییەوە کەوتە ناو داوی جەنگی ئەمەریکا و هاوپەیمانانەوە(١). جەنگەکە بە خێرایی هێرشی سەربازی هاوپەیمانان دەستیپێکرد، بەشێوەیەک سوپای عێراق ناچار کرا، لەکوێتدا بەبێ بەرگریی بکشێنەوە دواوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو هەزاران ئۆتۆمبێلی سەربازی و تانک و زرێپۆش و چەکوچۆڵی سەربازی لەناوچوون و هەزاران قوربانی گیانیش لە ناو ڕیزەکانی سوپای عێراقدا کەوتەوە(٢). ڕاستەوخۆ پاش هێرشی هاوپەیمانان، زۆرێک لە سەربازە عێراقییەکان ڕیزەکانی خۆیان جێهێشت و چیدی متمانەیان بە ڕژێم و سەرکردایەتی سەدام حوسێن نەما. هاوکات هەزاران هاووڵاتی شیعەمەزهەبی بێزار و بێنەوای عێراقی، لەنێویاندا زۆرێک لە سەربازانی شیعەی عێراقی، سوودیان لە شکستی عێراق و دابەزینی مۆراڵی مەیدانەکانی شەڕ وەرگرت و دەستیان دایە، یاخیبوون و ئاژاوەگێڕییەکانیان لە سەرتاسەری باشووری عێراقدا دەستپێکرد. (٣)

ئەمەش تەنیا چەند هەفتەیەک دوای ئاگربەستی هاوپەیمانان و عێراق لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩١ دا بوو، کە بەجارێک نزیکەی دە شاری

---

(1) CDI Primer: Iraqi Military Effectiveness. CDI (Center for Defense Information), Eye on Iraq. 12 November 2002.

(2) Jaffee Center for Strategic Studies. War in the Gulf: Implications for Israel./ Al-Jabbar, pg 5.

(3) 463 Fierce Fighting reported in Basra; Kurds reportedly in control of Sulaymaniyah. BBC Summary of World Broadcasts 12 March 1991.

باشووری عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی بەعسدا نەمان و جەماوەری جۆشدراوی ڕاپەڕین یەک لەدوای یەک کۆنتڕۆڵیانی کردن[١]. شانبەشانی باشوور، ڕۆحی شۆڕش لە کوردستانی عێراقیشدا کەوتە جوڵە و جەماوەری جەرگەی شارەگەورەکانیشی گرتەوە. بە هاندانی هەڵگەڕانەوە و دەستبەسەرداگرتنی جاشەکانی ڕانیە، ڕێک لە ٥ی ئاداردا، دانیشتوانی کورد و هەزاران سەربازی فیرار و هەڵهاتووی بەرەکانی جەنگ بە خێرایی، وەک پێشمەرگەی شەوان، بەجارێک کۆنترۆڵی حکومەتیان لە ڕانیە، چوار قورنە، کۆیە، سلێمانی، هەڵەبجە، عەربەت، دهۆک، زاخۆ و کەرکووک کرد و بەمەش لە ٢١ ئاداردا تەواوی کوردستان کەوتە دەست پێشمەرگە و جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان[٢]. هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە ٢٧ی شوباتەوە چەند جارێک پێگە سەربازییەکانی باکووری عێراقیان کەوتبووە دەست. ئەوان بە هاوکاری جاش و دانیشتوانی کورد هاتنەپێشەوە و ئازادکردنیی بەرایی شارۆچکەکانیان قۆستەوە و قۆناغێکی دیکەیان بە تاکتیکێکی ورد بەڕێوەبرد[٣]. ئەمجارەیان پێشمەرگە بە پێچەوانەی ململانێکانی سێ دەیەی پێشوو، لەسەر هەمان بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی شارەکاندا درێژەیان بە بەڕێوەبردنی شارەکان دەدا[٤]. بەمجۆرە تاوەکو تا ١٤ی ئادار، بەرپرسانی کورد نزیکەی ٧٥٪ی کوردستانی عێراقیان کۆنتڕۆڵ کرد[٥]. هەمووو هەنگاوەکانیش بە

(1) 464 Al-Jabbar, pg 8. 465 McDowall, pg 393.

(2) McDowall, pg 393.

(3) BBC Summary of World Events, 12 March 1991/ Al-Jabbar, pg 11.

(4) Al-Jabbar, pg 12.

(5) Iraqi rebels ‘will defy bloodbath’. The Guardian, 14 March 1991.

سەرکردایەتی پێشمەرگە و هاوکارییەکی زۆری جاشەکان و یاخیبووانی خەڵکی کورد ئەنجام دەدران[١]. ئەوەبوو لە ١٤ی ئاداردا ڕاپەڕین گەیشتە موسڵ[٢] و لە ١٧ی ئاداردا گەیشتە سنوورەکانی کەرکووک[٣]. سەرکەوتن بەسەر شارە دەوڵەمەندە نەوتییەکەدا،[٤] ئەوشارەی ساڵەهابوو وەك زێری ڕەش، خەڵکەکەی خۆی لەخێروبێرو داهاتی بێبەشکرابوو[٥]، ئەوەبوو دوو ڕۆژ دواتر لە ١٩ ئاداردا ئاماژەکان دەرکەوتن[٦]، بەڵام گەشبینی کورد و کۆنترۆڵی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا تەمەنی کورت بوو، چونکە حکومەتی عێراق بەخێرایی هەوڵی گەڕاندنەوەی ناوچەکانی دەدا، بەتایبەتی کۆنترۆڵی کەرکووک کارێکی هەروا ئاسان نەبوو. ئەوەبوو پاش دووبارە داگیرکردنەوەی باشووری عێراق و شکستهێنانی یاخیبووانی شیعە[٧]. هێزە عێراقییەکان سەرنجیان خستە سەر پێشمەرگە و دانیشتوانی کوردی عێراق، لەم پێناوەدا سڵیان لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کورد و پێشمەرگە نەدەکردەوە. ئەوەبوو سوپا، بە بەکارهێنانی باڵەفڕی جەنگی، تۆپخانەی قورس و تانک و زرێپۆشەکانی کە زۆربەیان لە هێڵی پێشەوەی کوێتدا بوون،[٨] بەڵام پاش هێرشی هاوپەیمانان

(1) McDowall, pg 371.
(2) The Guardian, 14 Mar 1991.
(3) Iraqi Troops reportedly retake towns, heavy fighting continues. United Press International. 17 Mar 1991
(4) McDowall, pg 372.
(5) UPI, 17 Mar 1991.
(6) McDowall, pg 372.
(7) Cockburn, pg 28.
(8) McDowall, pg 372.

تێکڕا کشێنرانەوە بۆ گیانی پێشمەرگە[١]. لێرەوە بە جۆرەها تفەنگ و دۆشکە و هاوەن و چەکی ئاسایی، سوپایەکی پڕچەک و چەکدار، زۆر بە خێرایی بەسەر ناوچەکەدا زاڵبوونەوە و توانیان هەریەک لە کەرکوک و هەولێر، کە گەورەترین شارە کوردییە ڕزگارکراوەکان بوون بگرنەوە[٢]. هەڵکەوتەی جیۆسیاسی ئەم شارانە، لەبەرژەوەندی تاکتیکی جەنگی پێشمەرگەدا نەبوون، چونکە هەردووکیان لە دەشتاییەکی خوار دامێنی شاخەکانەوە هەڵکەوتبوون[٣]. بۆیە پێشهاتەکە، پێشمەرگەی ناچار بە پاشەکشە کردەوە. هاوکات نەدەتونرا بەبێ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی ئەوتۆ پێشگیریی لە سوپایەکی وەها تۆڵەئەستێن و توندوتیژ بکرێت[٤]. ئەوەبوو هەموو ئەو چەکدارانەی نێو شارە کوردییەکان بەناوی پێشمەرگەی شەوانە پێکهاتبوون، چەشنی شێرەبەفرینەیەک توانەوە[٥]. لەبەرامبەردا کەمی کەرەستەی جەنگی، کەمی خۆراک و هیچ جۆرە پشتیوانییەک، بووە بایسی ئەوەی ئەو هێزە عێراقییەی کە هاتبووە پێشەوە، لەکاتێکدا کە چەندین پێشمەرگە و جاشیان تێدابوون، بەرەبەرە بەرگریی لەدەستبدەن و شارەکانیان تەسلیم بکەنەوە و بەرەو شاخەکان هەڵبێنەوە[٦]. پێشمەرگە بە خێرایی پێگە لەدوای پێگە

(1) Pollack, pg 263.
(2) McDowall, pg 372.
(3) Cockburn, pg 28.
(4) Saddam deploys Guards to quell Baghdad revolt. The Independent, 25 March 1991.
(5) O'Ballance, pg 187. 3
(6) Kurds Flee Homes Again as Baghdad Bombs North. Christian Science Monitor, 2 April 1992. 3

پاشەکشەیان کرد. بەشێکی شکستەکەش وابەستە بوو بە بێسەروبەریی و بێبەرنامەیی بەرەی کوردستانییەوە. هەریەک لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لەوەدا دوچاری سەرسوڕمان هاتن کە بە تەنیا پاسەوان و پێشمەرگە دڵسۆز و دلاوەرەکانیان بەچواردەورەوە مابوون. ئیتر ئەو چەند پێشمەرگەیەی مابوونەوە، لە چەند ناوچەیەکی سنووریدا خۆیان ڕاگرت. هەرچی سوپای عێراقیش هەبوو لە پێشڕەویدا پەیتاپەیتا تا دوورترین خاڵە سنوورییەکانیان کەوتەوە دەست. ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانی سوپای عێراق بوو، هاوهەڵوێستی هەموو خەڵکی کوردستان بوو، بەجارێک لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی سوپای عێراقی، زەواری زیاتر لە ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار هاووڵاتی کورد بەرەو هەردوو سنوورەکانی وڵاتی ئێران و تورکیا قەتارەیان بەستبوو[١].

سەدام حوسێنی سەرۆک کۆماری عێراق بە پاشەکشەی پێشمەرگە و چۆڵکردنی شارە کوردییەکان دڵی ئاوی نەدەخواردەوە. بەڵکو فەرمانی بە بەردەوامی هێرش بۆ سەر سەنگەرەکانی شاخ و پێگەی پێشمەرگەکان و هەموو ئەو کوردانەی لە کۆڕەوی ملیۆنیدا ملی ڕێگەی نەهاتیان گرتبوویەبەر دابوو. توانای ئۆپۆزسیۆنی پێشمەرگە بۆ خاوکردنەوەی هێزی زەمینییە عێراقییەکان و هێرشی ئاسمانی عێراق زۆر سنووردار بوو. چونکە سوپا سڵی لە خەڵکی مەدەنی نەدەکردەوە و هێرشی دەکردە سەر پەنابەرانی کورد و لە سنوورەکانیشدا بە تۆپ و تەیارە تەنگیان بە هاووڵاتیانی هەڵهاتوو هەڵچنی بوو.[٢] تەنانەت جارێکی دیکە سوپای

(1) McDowall, pg 373

(2) Iraqi Helicopters “attack” refugee camps; influx into Iran and Turkey continues.

عێراقـی فەرمانی بەکارهێنانـی چەکـی کیمیاییـان دژ بەناوچـە کوردییـەکان بـۆ دابـەزێنرا بـوو. هەرچەنـدە بەگوێرەی ڕاپۆرتـەکان یەکێـک لـەو مـاددە کیمیاییانـەی کـە بەسـەر کـوردە هەڵهاتووەکانـدا، بـە باڵەفـڕە جەنگییـەکان بەردرابوویـەوە، بریتـی بـووە لـە مادەیەکـی تـۆزاوی و خنکێنـەر[١].

دواجـار لەسـەر خواسـتی بڕیارنامـەی ٦٨٨ی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، لـە ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێونەتەوەییـدا، زەمینەیـەک ڕەخسـا، تاوەکـو زۆرێـک لــە گــەلان و ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکان بــە هانــای کــۆڕەوی کــوردە هەڵهاتووەکانـەوە بچـن و هـەر هیـچ نەبێـت لـەو دۆخـەدا پێداویسـتییە سـەرەتاییەکانی وەک خـۆراک و چاودێـری پزیشـکییان بـۆ دابیـن بکـەن.

لـە نێـو ئـەو وڵاتـە سـەرەکیانەی کـە هـاوکاری دۆخـی نالەبـاری کوردیـان کـرد. ئەمەریـکا ئامادەیـی دەربـڕی بـوو. ئەمەریکییەکان سـووربوون لەسـەر ئـەوەی بڕیارنامەکـە ڕێگە بە پاراسـتنی سـەربازیش دەدا. هەروەها بەگشـتی نزیکـەی ١٢ هــەزار ئەندامــی خۆبەخــش و خزمەتگوزاریــی ســەربازی ئەمەریکـی لـە عێراقـدا مانـەوە. مانەوەشـیان بـۆ مەبەسـتی پشـتگیریکردن لەهـەر ئۆپەراسـیۆنێکی دابینکردنـی ئارامـی و تەناهیـدا خـۆی دەبینییـەوە. ئـەم هێـزە ئەمریکییـە بەسـەر دوو گروپـدا دابەشـکرابوون:

کـە بریتـی بـوون لـە هێـزی ئەرکـە هاوبەشـەکانی ئەلفا و براڤـۆ و گروپـی ١٠ی هێـزە تایبەتەکانیـان. پێشـمەرگە لـە هـەردوو پارتی دیموکراتی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتاندا ڕۆڵێکـی دانەبڕاویـان لـە ئۆپەراسـیۆنەکانی هێــزە تایبەتەکانــی ئەمریــکا و گروپــە نێودەوڵەتییەکانــی دیکــەدا هەبــوو.

BBC Summary of World Broadcasts, 12 April 1991/ McDowall, pg 373.
(1) Cockburn, pg 29..

هەرچەنـدە ئەزموونـی ساڵەهای ساڵی خیانـەت و بێبەڵێنـی ئەمەریکییـەکان بەرانبەریـان بەسـانایی بیرنەدەچوویـەوە، بەجۆرێـک هـەر هاوپەیمانییەکیـان لەگەڵـدا وەک هاوپەیمانێتییەکـی لـەرزۆک دەبینـی، بۆیـە بەگومانـەوە لـە هـەر جوڵـە و جێکەوتەیەکـی ئەمریکییەکانیـان دەڕوانـی.[1] لەبەرئەوە سـەرەتا پێشـمەرگە و فەرماندەییەکانیـان گومانـاوی بوون، بـەڵام بەکاوەخـۆ پـردی پەیوەندییـەکان تۆکمەتـر و متمانـەی نێوانیـان گەورەتـر دەبـوو. لێـرەوە ئـیتر پێشـمەرگە بەوپـەڕی ئامادەکارییـەوە دەسـتی کـرد بـە پاڵپشـتیکردنی هەمـوو ئـەو هەوڵـە فریاگوزارییانـەی هاتوونـە هەرێمـی کوردسـتانەوە. هەڵبەتـە پێشـمەرگە دەبـوو ئەرکـی پاراسـتنی هەمـوو ئـەو ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییانەیان لـە ئەسـتۆدا بووایـە. [2]بۆیـە بـە سـەرۆکایەتی نەوشـیروان مسـتەفا، زۆرێـک لـە یەکەکانـی پێشـمەرگە، ئەرکـی ئاسایشـیان بـۆ هاوپەیمانەکانیـان دابیـن کـرد و دواتریـش سەرانسـەری کوردسـتانیان لـە بریـکار و سـیخوڕەکانی ڕژێمـی عێراقـی پاکـردەوە. ئـەم هەماهەنگییـەی پێشـمەرگەو ئەمەریکییـەکان پێـی نایـە قۆناغێکـی نوێـوە، قۆناغێـک کـە کەڵـک و کەلەبەرێکـی کاریگەریـی لەنێـوان هێـزی پێشـمەرگە و ئەمەریکیەکانـدا لـە جەنگـی دووەمـی کەنـداوی ٢٠٠٣ لێکەوتـەوە. بەپێچەوانـەوە، کارلێکـی کردەیـی لەنێـوان پێشـمەرگە و بەریتانییـەکان، بـەو ڕادەیـە ڕێگـەی بۆخـۆش نەکرابـوو. هـەر لەچواچێـوەی هاوکاریکردنـی هەوڵـە فریاگوزارییەکانـدا، داوا لـە پێشـمەرگە کـرا، ئارامـش و دڵنیایـی خەڵکـی سـڤیل و سـەلامەتی گیانیان لەئەسـتۆ بگـرن. ئەوە لـە کاتێکدا بـوو؛ دانیشـتوانی کـورد هەنگاویـان بـەرەو ژیانێکـی نـوێ، لـە گەڕانـەوە بـۆ زێـد و زەمینـەی ژیانـی ڕابردوویـان هەڵگرتبـوو[3].

(1) Clancy, pgs 471-490.

(2) Kurdish Wars 1945-2001, Regiments.org, 11 May 2005.

(3) Clancy, pgs 471-490.

**١٩٩١-١٩٩٥**

لەسەر ئەو ئامادەکاریی و ئەزموونی پەیوەندییەی پێشمەرگە و ڕێکخراوە فریاگوزارییەکان بوو کە لە ساڵانی نێوان ١٩٩١-١٩٩٥ دا، زۆرینەی زۆری خەڵکی کوردستان لە ناوەندی شارەکان و کۆمەڵگە زۆرەملێکان و ئاواریی و دەربەدەریی سنوورەکانی ئێرانەوە بەرەو گوند و زێدی خۆیان بەدڵێکی پەرۆش و پێناوێکی پتەوی گۆڕانکارییەوە گەڕانەوە. هێزە نێودەوڵەتییەکان لە مانگی تەمووزی ١٩٩١دا دیسانەوە بوونە گەواهیدەری گۆڕانکارییەکی دیکە.[١] ئەوەبوو پێشمەرگە ڕووبەڕووی پاشماوەی هێزەکانی عێراق بوونەوە. لەم بەریەککەوتنە نوێیەی پێشچاوی ناوبژیوانە نێونەتەوەییەکانەوە، هێلیکۆپتەری جەنگی عێراقییەکان هێرشیان دەکردە سەر کەمپەکانی پەنابەران. هێشتاش لێشاوی لێقەوماوانی کورد بۆ ناو سنوورەکانی ئێران و تورکیا بەردەوام بوو[٢]. لەو ماوەیەدا هێزەکانی پێشمەرگە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانیدا جێگیرکرابوون. ئەوەبوو لە ٢٠ی تەمووزدا، ئەم هێزانە لەگەڵ یەکە سەربازییەکانی ڕژێمی عێراقدا کەوتنە گەڕێکی دیکەی جەنگەوە و توانیان لە گرتنی شارەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لەهەمانکاتیشدا هەریەک لە تاڵەبانی و بارزانی لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا کاریان دەکرد، ئەوان لە هەوڵی دانوستاندن و گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ بەغدادا بۆ دەستەبەری مافەکانی میللەتی کورد کەوتبوونە ناو هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییە چڕەکانی

(1) McDowall, pg 378.
(2) O’Ballance, pg 194.

چارەنوسی نەتەوەکەیانەوە. لەهەمان کاتیشدا شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ سەرجەم یەکەکانی سوپای عێراقدا، بە درێژایی پاییزی ساڵی ١٩٩١ لە کەرکووک و کفری و کەلار و سلێمانییەوە هەڵگیرسابوویەوە.[١] بۆ نموونە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا دوای ئەوەی گوایە پێشمەرگەکان ٦٠ دانە سەربازی عێراقییان لە نزیک شاری سلێمانیدا کوشتووە. لەکاردانەوەی ئەو دەنگۆیەدا، تۆپخانەکانی ڕژێمی عێراق بەربوونە وێزەی شارەکان. دواجار پێشمەرگە هاتنە دەست. وەلێ ئیدی سوپای عێراقی لەناوەندی شارە کوردییەکاندا بڕستی بەرگری و بەرگەگرتنی ململانێیەکی سەرتاسەری لەگەڵ پێشمەرگەدا پێنەما بوو[٢]. هاوکات چاوی چەندەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتییش لەسەر دۆخی کورد کارتێکی کاریگەری فشار و کارێکی هەروا هەوەنتە نەبوو[٣]. دواجار لە کۆتاییەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا، سەرۆک کۆماری عێراق سەدام حوسێن فەرمانی گەمارۆدانی کوردستانی عێراقی دەرکرد، بەشێوەیەک پێشمەرگە لە هەموو شار و شارۆچکەکانەوە لە بەرامبەر سەپاندنی گەمارۆی سیاسی و ئابووریدا، سەرلەبەری سوپای عێراق و گروگێچەڵی دامەزراوەکانی ڕژێمیان پێچایەوە. هاوکات لە بڕیارێکی مێژوویی و چارەنوسسازیشدا حکومەتێکی کوردستانی لەچوارچێوەی عێراقدا، کە بەرئەنجامی هەڵبژاردنێک ئازادانە بوو پێکهێنرا. یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکارییەکانی کوردستان، پێکهێنانی حکومەت و بڕیاری دروستکردنی

(1) McDowall, pg 379.

(2) O'Ballance, pg 196, 197.

(3) See Appendix B: Maps map 6 for a depiction of the Kurdish Autonomy Region of the early 1990s.

هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە بوو کە لەیەکەم هەنگاووە هێزەکە لە ٨٠ هەزار پیاو پێکهاتبوون[1]. ئەم هەنگاوە، بریتی بوو لە نەهێشتنی هەرجۆرە چەکدارێکی نافەرمی. هەرچەندە بیرۆکە و بڕیاری هێزە یەکگرتووەکە نەیتوانی درێژە بکێشێت. چونکە نە پارتی دیموکراتی کوردستان و نە یەکێتی ئامادە نەبوون دەستبەرداری دەسەڵاتی سەر هێزەکانی خۆیان بن. بەڵام لەهەندێک قۆناغدا هەر لەو دەسپێکەوە بڕیاری پێکەوەیی و هەماهەنگییەکی یەکگرتووانە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئەنجام دراوە[2]. ئەوەبوو لە ئەیلوولی ١٩٩٢ دا، یەکەم ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی پێشمەرگە لە ژێر فەرماندەییەکی نوێدا دامەزرا بوو. یەکەم ئەزموونی کاری پێکەوەییان بریتی بوو لە هێرشێکی هاوبەشی پێشمەرگە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ دا، ئەم هێرشە بۆ سەر کوردانی تورکیا ئەنجامدرا[3]. ئەوان بەبێ هیچ هەماهەنگییەکی ئەوتۆ هاتبوونە سنوروەکانی هەرێمەوە و پێگەی سەربازی تایبەت بەخۆیان دانابوو[4]. لەلایەکی ترەوە، جۆرێک لە هەڵپە و بەکارهێنانی هێز لەدژی یەکتریی و لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا ببووە دیاردەی ناو یەکەکانی پێشمەرگە، بەگوتەی دیڤید ماکداوڵ، هەندێک لە فەرماندەکان هەڵدەستان بە کڕین و فرۆشی یەکە تایبەتییەکانی خۆیان[5]. دواجار لەمانگی ئایاری ١٩٩٤دا ململانێ لە نێوان پێشمەرگەکانی پارتی

(1) McDowall, pg 380.
(2) O'Ballance, pg 201.
(3) McDowall, pg 384.
(4) Gunter, Kurdish Predicament in Iraq. Pg 75.
(5) McDowall, pg 386.

دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـدا سـەریهەڵدا و و سەریکێشـا بـۆ جەنگێکی ناوخۆیـی سەرتاسـەریی. سـەرەتا شـەڕەکە لەسـەر کێشـەی زەوی و زار لـە شـارۆچکەی قەڵادزێـوە قەومـا.[1] دواتـر لـە ڕەوانـدوز و شـەقڵاوەدا پـەرەی سـەند. لێـرەوە ئـیتر چەندەهـا شـەڕی پچڕپچـڕ بـە درێژایـی هاوینـی ئـەو ساڵە کوردسـتانی گرتـەوە و بـە سـەدان کـوژراو لـە ڕیزەکانـی هـەردوولادا هەبـوون. دواجـار بـە ئاگربەسـتێکی کاتـی لـە ئابـی ١٩٩٤ دا کۆتاییـان بـە شـەڕە ناوخۆییەکـە هێنـا[2].

(1) Gunter, MEJ, pg 233/ McDowall, pg 386.

(2) McDowall, pg 386.

**شەڕی ناوخۆی کورد (١٩٩٥-١٩٩٨)**

تاوەکــو ناوەڕاســتی ســاڵانی نــەوەدەکان پێشــمەرگەکانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و یەکێتــی، بەشــێوەیەکی پراکتیکــی کوردســتانیان بەســەر ناوچەکانــی ســنووری دەســەڵاتی خۆیانــدا دابــەش کردبــوو[١]. ڕاســتەوخۆ پــاش کۆتایــی هاتنــی جەنگــی نێــوان عێــراق و هاوپەیمانــان. هەرلایەنێکی کــوردی. لەهەوڵــی تۆکمــە و تەییارکردنــی هێــزی ســەربازی خۆیــدا بــوو. ئەودەمــە پارتــی خاوەنــی ٢٥ هــەزار پێشــمەرگەی مەیدانــی و ٣٠ هــەزار پێشــمەرگەی یــەدەگ بــوو. جیــا لەهەبوونــی تۆپخانــە و جۆرەهــا چەکــی ســوکی جۆراوجــۆر و چەندیــن سیســتەمی موشــەکیی هــاوەن و دژەفڕۆکــە. لەهەمانکاتــدا یەکێتیــش ئامادەکاریــی کردبــوو. بــەڵام هێــزی مرۆیــی بــەراورد بــە پارتــی کــەمتر بــوو. بەجۆرێــک تەنیــا ١٢ هــەزار پێشــمەرگەی چــالاک و ٦ هــەزار پێشــمەرگەی یەدەگــی هەبــوون. لــەڕووی چەکوچۆڵــی سەربازیشــەوە خاونــی زیاتــری تانکــی تــی ٥٤ و تــی ٥٥ و چەندەهــا پارچــەی تۆپخانــە و چەندیــن موشــەک هەڵگــر و تفەنــگ و چەکــی ١٠٦ ملــم و دۆشــکەی دژە فڕۆکــەی ســووک و ئێــس ئــەی ٧، ٦٠ ملــم، ٨٢ ملــم، هاوەنــی ١٢٠ ملــم و ٥٠٢ بــوو[٢]. لەئەنجامــدا ئامادەکارییەکانیــان دوچــاری بەریەککەوتنــی لەگــەڵ یەکتریــدا کردنــەوە. ئەوەبــوو هەردوولایــان بــە درێژایــی ســاڵی ١٩٩٥ پێکدادانەکانیــان لەبەرانبــەر یەکتریــدا بەردەوامــی کێشــا. [٣]جەنگــی خوێنــاوی نێوانیــان

(1) Ibid, pg 386.

(2) Cordesman, pgs 229, 230. See also Appendix A: Weapons of the Kurdish Forces..

(3) Gunter, MEJ, pg 235..

بــە ســـەدان کـــوژراو و برینـــداری لێکەوتـــەوە. بەجۆرێـــک ببوونـــە بایســـی توڕەبوونـــی خەڵکـــی کوردســـتان لـــە هەردوولایان. هـــاوکات هـــەردوولا چەندینجـــار ئاگربەســـتیان واژۆ دەکـــردوو و پاشـــان جەنگیـــان هەڵدەگیرســـاندەوە. بەردەوامیـــش بـــەدوای هاوپەیمانێکـــدا دەگـــەڕان تاوەکـــو دژ بـــەوی دیکەیـــان بەکاریـــان بهێنـــن.

بـــۆ یەکێتـــی ئـــەم هاوپەیمانانـــە خۆیـــان لـــە هەریەکـــە لـــە وڵاتانـــی ســـوریا و ئێـــران دەبینیـــەوە[١]. لـــەلای پارتیـــش هاپەیمانێتـــی حکومەتـــی عێراقـــی نەدەچـــووە خانـــەی خیانەتـــی نیشـــتمانییەوە. ئەوەبـــوو لەگـــەڵ توندبوونـــەوەی جەنگەکـــە و دەســـتێوەردانی زیاتـــری ئێرانـــدا، قورستریـــن هێرشـــی ســـەربازی عێـــراق لـــە مانگـــی ئابـــی ســـاڵی ١٩٩٦دا کرایـــە ســـەر شـــاری هەولێـــر. ئـــەو کات لـــە شـــارەکەدا ســـێ هـــەزار پێشـــمەرگەی چەکـــداری یەکێتـــی بـــە ســـەرۆکایەتی کـــۆسرەت ڕەســـووڵ ڕووبـــەڕووی ٣٠-٤٠ هـــەزار ســـەربازی عێراقـــی ببوونـــەوە[٢]. بۆیـــە ســـوپای عێراقـــی لەســـەرداوای پارتـــی و بەمەبەســـتی یارمەتیدانـــی پارتـــی توانیـــان هێزەکانـــی یەکێتـــی دەرپەڕێنـــن. بەمجـــۆرە یەکێتـــی لـــە گۆڕەپانەکـــەدا کرایـــە دەرەوە[٣]. دواجـــار تاوەکـــو گەیشـــتنی هاوکارییەکانـــی ئێـــران، نەیانتوانـــی پێشـــمەرگەکانی خۆیـــان کۆببنـــەوە و هێرشـــی پێچەوانـــە دەســـتپێبکەنەوە. کاتێـــک ئێـــران نەوییـــەوە هاوکاریکردنیـــان، جارێکـــی تـــر توانیـــان زۆربـــەی ناوچـــە لەدەســـتچووەکانیان بەدەســـت بهێننـــەوە. هەماهەنگـــی

(1) Gunter, MEJ, pg 238, 239/ McDowall, pg 388

(2) Cockburn, pgs 241-245.

(3) McDowall, pg 388.

ئۆپەراسیۆنی سەرباری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وحکومەتی عێراق بۆ سەر یەکێتی، زیاتر لەوەی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی کوردستان هەبوو، بووە هۆکاری کۆتایی ئۆپەراسیۆنی ئەو تیمە دەرەکییەکانەی لە کوردستان جێگیرکرابوون. ئەم تیمانەش پێکهاتبوون لە پێکهاتەکانی سی ئای ئەی و وەزارەتی بەرگری ئەمریکا. لەئەنجامدا ئەم تیمانە و چاودێرییەکانی ئەمەریکا، بۆ کۆتاییهێنان بەدەستێوەردانە هەرێمییەکان و حکومەتی ناوەندی، هەستان بە ناوبژیوانیکردنی هەریەک لە هێزە دژەکان و یەکگرتنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی جەنگەکە[1]. ئەوان کاریان کرد تا ئەم لایەنانە هێزی سەرەکی ناو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بن، کە دیارە لەلایەن سی ئای ئەیەوە پاڵپشتی دەکرا. بۆیەکا لەو چوارچێوەیەدا هێزەکانی پێشمەرگە ئەرکی دەست بەسەردا گرتنی شارەکانی موسڵ و کەرکووکیان لە ئەستۆدا بوو. بەمجۆرە لە هەوڵەکانی کۆتاییهێنان بە ڕژێمی عێراقی، پێشمەرگە بەشدار بوون لە پێدانی زانیاری هەواڵگری سەرەکی بە تیمەکانی ئەوان[2]. بەڵام بەهۆکاری سەرقاڵبوونیان بە ڕکابەریی نێوانیان بووە هۆکاری شکستی هەندێک لە پلانەکانی ئەمریکا لە بەرەی باکووری عێراقدا. دواجار پاش یەکگرتنەوەو ئاگربەستی نێوانیان. ئیتر لەساڵی ١٩٩٨دا بەسەرپەرشتی ئەمەریکا کۆتاییان بەجەنگی ناوخۆ هێنا. لێرەوە هەریەکەیان بوونە هێزێکی کاریگەر لە نەخشەی کۆتاییهێنان

(1) Francona, phone interview, 10 Oct 2005.

(2) Sterns, Randy. The CIA's Secret War in Iraq. ABC News..

بەڕژێـــم و دامەزراندنـــەوەی عێرقی نوێـــدا[١]. ســـەبارەت بـــە هێـــزی پێشـــمەرگەش بەشـــێوەیەکی فەرمـــی لەلایـــەن ئەمەریـــکاوە مامەڵەیـــان لەگەڵـدا دەکـرا[٢]. بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەندێـک ڕێوشـوێنی سـەردەمییانە لـــە پێکهاتەیانـــدا کاری لەســـەر کرابـــوو. بۆنموونـــە یەکێتـــی لـــە ١٩٩٦ دەســـتی بـــرد بـــۆ دروســـتکردنی هێـــزی چەکـــداری ژنـــان. لـــەم میانـــەدا یەکەیەکـــی بچووکـــی ١١ کەســـی توانیـــان مەشـــق و ڕاهێنانـــی چڕوپـــڕ ببینـــن. یەکێـــک لـــە ژنانـــەی کـــە مەشـــقی چـــڕو کاریگەریـــی بـــە هێزەکانـــی ژنـــان دەکـــرد، ژنێکـــی پێشـــمەرگە بـــوو بەنـــاوی زوڵفـــان غەریـــب[٣].

(1) Francona, phone interview, 10 Oct 2005..

(2) McDowall, pgs 391, 392..

(3) Strauss, Julius. Iraqi troops will face 500 Kurdish women warriors. www.portal.telegraph.co.uk, 26 Feb 2003.

**٢٠٠٣-١٩٩٨**

ڕێککەوتنی واشنتۆنی ساڵی ١٩٩٨، کۆتایی بە شەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی هێنا[١]. لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگدا، یەکێتی دەستیکرد بە دەسپێکی پەرەپێدانی ژیانی سیاسی و ئەکتیڤکردنی دامەزاروە سیاسییەکانی خۆی. لەبەرانبەردا ئەمە وایکرد هێشتا گرژی و گەمەی سیاسیی لایەنە کوردییەکان درێژە بکێشێت[٢]. لەم میانەدا سەرهەڵدانی تۆڕی تیرۆریستی قاعیدە و نواندنی چالاکییە چڕ و توندوتیژەکانیان، بەتایبەتی هێرشە تێرۆریستییەکەی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، زەمینەی لەبەردەم لولەی چەکەکانی پێشمەرگەدا واڵا کردەوە. هەرچەندە شەڕی پچڕپچڕیان لەگەڵ پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان) بەردەوام بوو. جیالەوەش پێشمەرگەی یەکێتی ڕووبەڕووی گەورەترین هەڕەشە و گێچەڵی تایبەت بەسنوورکانی خۆی بوویەوە. چونکە ئەنسارولئیسلام، وەکوگروپێکی چەکداری کوردیی، بەسپۆنسەری قاعیدە، لە هەوڵی خۆ جێگیرکردنیاندا بوون، لەدیوی ناوەوەی سنوورەکانی عێراق و ئێراندا. ئەنسارولئیسلام بە سەرۆکایەتی مەلا کرێکار، کە کوردێکی بناژۆخوازی ئیسلامی بوو، زیاتر لە ٥٠٠ چەکداری پارتیزانی پێکهانی بوو، کە زۆربەیان دوای ئۆپەراسیۆنی ئازادی ئەڤغانستان، لە سنورەکانی ئەوێوە هاتبوونە دیوی کوردستانی عێراقەوە. ئیسلامییە کوردەکان پێشتر لەکاتی شەڕی نێوان کورد و عێراقدا، ڕووبەڕووی دژایەتیی سەربازیی تەقلیدی عێراقییەکان ببوونەوە، بۆیە ئەزمونێکیان لە خەباتی گەریلایی هەبوو[٣].

---

(1) KDP Leader Views Situation In Iraqi Kurdistan, Kurdish Infighting, Ansar Al-Islam. World News Connection, 11 Nov 2002.

(2) Stansfield, pg 182, 183.

(3) Kurds say al-Qaida has terror camps in north Iraq. Manchester Guardian

ئەمە وایکرد پێشمەرگەی یەکێتی بە زەحمەت بەرپەرچدانەوەی هێرشی کۆنەپەرستانەی ئەنسارولئیسلام بداتەوە[١]. هاوکات چەکدارە بیانییەکانی ناو ئەنسار، هێرشی خۆکوژی و تیرۆریستی و چاندنی مین و بۆمب و شیر و چەقۆیان بۆ بڕینەوەی بەرانبەر بەکاردەهێنا. تەنیا بۆ ئەوەی نەک هەر پێشمەرگە بکوژن، بەڵکو جەستەشیان بشێوێنن. دواجار گوایە ئەنسارولئیسلام پشتیوانی ئێران و سعودیە و عێراقیان وەرگرتووە. لەم میانەدا پێشمەرگەی یەکێتی تەنیا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی وەک هاوپەیمانی نەیارێتی ئەوان دەبینی[٢]. بۆیە هەردوو لایەن نارەزایی خۆیان سەبارەت بە بوونی ئەنسارولئیسلام لە سنوورەکەدا نەدەشاردەوە. بۆ نموونە ئەنوەر دۆلانی فەرماندەی یەکێتی لەمبارەیەوە دووپاتی دەکردەوە کە بەهیچ جۆرێک بواری تیرۆر لە کوردستانی عێراقدا نییە.[٣] هەروەها مەسعود بارزانیش بانگەشەی ئەوەی کرد کە بۆ شکستپێهێنانی ئەو چەکدارە تیرۆریستانە، هێزەکانی پێشمەرگە پێویستیان بەهیچ هاوکارییەک نییە. لێرەدا سەرەڕای هاودەنگیی کورد، ئامادەکارییەکانی ئەمەریکاش بۆ وەدەرنانی سەدام حوسێنی سەرۆککۆماری عێراق، هێزو ورەیەکی بەهێزی دابوویە ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێکانیان.[٤]

Weekly, 4 Sep 2002.

(1) Manchester Guardian Weekly, 4 Sep 2002/ Threat of War: Militant Kurds training al-Qaida fighters: Extremists suspected of testing chemical weapons and links to Iraq. The Guardian (London), 23 Aug 2002.

(2) The Guardian, 23 Aug 2002.

(3) Jund al-Islam is a terrorist and there is no room for terrorism in Iraqi-Kurdistan, KurdishMedia.com, 17 Oct 2001.

(4) World News Connection, 11 Nov 2002

### پێشمەرگە لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق (٢٠٠٣)دا

بڵاوەپێکردنی بریکارەکانی سی ئای ئەی لە کوردستاندا [1] و دواتر دابەزاندنی هێزی تایبەتی ئەمریکا، بووە بایسی دەسپێکی سەردەمێکی نوێی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کورددا.[2] سەردەمێک کە شایەتحاڵی هاوکاریی و هەماهەنگییەکی دەگمەنی نێوان هێزی پێشمەرگە و بەهێزترین هێزی سەربازی جیهان بوو. لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢دا، هەریەک لە بریکارەکانی سی ئای ئەی زۆر بەوریاییەوە لەگەڵ پێشمەرگەدا دەستیاندایە پەیوەندییەکی شاراوە. سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد کە لە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردان دژی ئەنسارولئیسلام. [3] لەم کاتەدا هێزی هەواڵگیری و سەربازی ئەمریکا، بەنیازی سڕینەوەی مەترسییەکانی ئەنسار، لەگەڵ یەکێتیدا سەرەداوێکی پەیوەندی بەوریاییەوە گرتەدەست[4]، بەڵام دەرکەوت ئەرکی ڕاستەقینەی ئەوان، بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبارن بۆ لەناوبردنی سەدام حسێن. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە خودی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا نیازی وڵاتەکەیان بۆ لابردنی سەدام حوسێن پشتڕاستکردەوە، بەڵام شێوازی سی ئای ئەی لەهەمبەر سەپۆرتی پێدانی زانیاری و داتاکان، بە شێوەیەک بوو کە توانای پێشمەرگەی بۆ کڕینی چەکوچۆڵی پێویست لە بازاڕی ڕەشدا

---

(1) Woodward, pg 140.

(2) Robinson, pg 296.

(3) Woodward, pgs 140, 336, 350.

(4) Yildiz, pg 103..

سنووردار کرد[1]. لە کۆتاییدا ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی سی ئای ئەی و پێشمەرگە لە بازنەی کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی بەولاوە، شتێکی دیکە نەبوون. بەو پێیەی پێشمەرگەی یەکێتی تەنیا بەکاردەهێنران بۆ لەناوبردنی هەندێ هێڵی گواستنەوە و بیناو باڵەخانەی بەربەستی بەردەم کارەکانیان. هەموو ئەم هەماهەنگییانەش پێش هێرشەکەی ئاداری ۲۰۰۳ی ئەمریکا ڕوویاندا. بەدەر لەو لێپرسراوییە لاوەکییەی کە سی ئای ئەی بە هێزەکانی یەکێتی سپاردبوو. [2]هاوکات بەشێوەیەکی فەرمی هاوکاری پێشمەرگە لەگەڵ گروپی ۱۰ی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا زۆر نزیکتر و چالاکانەتر لە پەیوەندی پێشمەرگە و سی ئای ئەی هاتبووە ئاراوە. لەگەڵ هاتنی گروپی ۱۰، دروست لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ۲۰۰۳ دا، لەو ڕێکەوتەوە پێشمەرگە بووە بەشێکی دانەبڕاو لە ئۆپەراسیۆنی ڤایکینگ هامەردا. ئەوش هێرشێکی گشتیر بوو لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقدا، کە یەکەم هەنگاوی تەرخانکرابوو بۆ لەناوبردنی ئەنسارولئیسلام. نەهێشتنی ئەنسارولئیسلام هەم بۆ ئەمریکا و هەم بۆ پێشمەرگە سودێکی گرنکی هەبوو. بەمجۆرە هێزێکی وەکو ئەنسار نەک هەر پێشوازییان لێنەکرا، بەڵکو وەکو مەترسی بۆسەر ئۆپەراسیۆنەکانی پێشمەرگەش چوونە لیستی ڕەشی ئەمەریکاوە. هەربۆیە دەبوو پێشوەخت لەڕیشەوە ڕایانکێشنە دەرێ، چونکە لەکاتی هێرشی داهاتووی ئەمەریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، ئەگەری هەبوو، ببنە بەرچەپی هێزەکانی

(1) Murray and Scales, pgs 188-190..

(2) Robinson, pg 301.

ئەمەریـکا. تەنانـەت پێشـبینی کرابـوون کـە لـە عێراقـی دوای جەنگیشـدا وەک هێزێکـی ئاژاوەگێـڕ و تێکـدەری تەناهـی ناوچەکـە بمێننـەوە.[1]

لـەم چوارچێوەیـەدا هێـزە تایبەتەکانی ئۆپەراسـیۆنی ڤایکینـگ هامەریان وەک ڕێگەیـەک بـۆ بەدەسـتهێنانی متمانـەی کـورد و لەناوبردنـی بەشـێک لە تـۆڕی ئەلقاعیـدە بەکارهێنـا. لەگـەڵ زیادبوونـی متمانـە بـە نیـاز و ئاتاجـی ئامادەبوونـی ئەمریـکا لـە گۆڕەپانەکـەدا، دیسـان پێشـمەرگەی یەکێتـی و پارتـی خرانـە ژێـر فەرماندەیـی سـەرکردایەتی هێـزە غەوارەکانـی دژ بـە عێراقـەوە. بەمجـۆرە ڕۆڵـی پێشـمەرگە، پێینایـە قۆناغێکـی نوێـوە. قۆناغێـک کـە درێژکـراوەی دووبارەکردنـەوەی نەخشـی گرنگـی گۆڕانکارییـەکان بـوو. وەکچـۆن لـە کۆمـاری مەهابـاد و لـە سـەردەمی قاسـمدا لـە دوای شۆڕشـی ١٩٥٨ پێشـمەرگە هەمـان ڕۆڵـی کاریگەریـان پێسـپێردرا بـوو.

لێـرەدا پێشـمەرگەکانی یەکێتـی بـە فەرماندەیـی لیـوا کینێـس تۆڤـۆی ئەمریکـی، شانبەشـانی ئەویـش، لیـوا ڕۆبـەرت والتێمایـەر ڕاسـپێردرا بـوو بـۆ سـەرکردایەتیکردنی هێزەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.

ئـیتر بـۆ هـەر ئامادەکارییەکـی هێرشـی زەمینـی، پێشـمەرگەش کەوتنـە حاڵەتـی ئامادەباشـییەوە. بەگشـتی هێـزەکان دابەشـکران بەسـەر شـەش یەکـەی تێکـەڵ لـە هێزی پێشـمەرگە و هێـزی تایبـەت. هەڵبەتە لەسـەرەتادا پێشـمەرگە لـە دووان لـەو تیمانـەدا ئەوەیـان دایـە دواوە کـە بەشـداری لـە هـەر هێرشـێکدا بکـەن. ئەمـەش وەک کاردانەوەیـەک وەهابـوو، چـون لـە شـەڕەکانی پێشـووتردا ئەندامگەلێکـی فرەیـان ببوونـە قوربانـی. لەبەرئـەوە

(1) 5 Ibid, pgs 302, 306.

خواستی پێشمەرگە بریتی بوو لە ئامادەکاریی زیاتر لە بواری پێدانی چەکوچۆڵی سەربازیدا. بۆیە دواتر ئەو پێشمەرگانەی بەشداربوون لە شەڕەکاندا، تێکڕا بە فرۆکەی جۆری AK دەپارێزران و بە چەکی جۆراوجۆر چەکدار کرابوون[1] . لەڕاستیدا ئۆپەراسیۆنی ڤایکینگ هامەر لە ٢٨ی ئاداری ٢٠٠٣ هێرشی کردە سەر ئەنسارولئیسلام، دەستبەجێ لە چەندین پێگە و حەشارگەی ناوچە شاخاوییەکانەوە ڕووبەڕووی لێدانی سەخت بوونەوە.[2] لێرەدا پشتیوانی ئاسمانی ئەمریکا بۆ نەهێشتنی مەترسییەکی وەها، مۆراڵی پێشمەرگەی زۆر زیاد کرد. بە درێژایی شەڕەکە پێشمەرگە سودمەندبوون لە تۆپخانەی مەودا نزیکی خۆیان. هاوکات ئەوانیش هاوکاری هەوڵە سەربازییەکانی ئەمەریکایان دەکرد و بەهای خۆیان شانبەشانی هاوپەیمانەکانیان دەسەلماند، چونکە ئەمەریکییەکان دارای ئامێری باشتر و تەکنیکی گەلێ پێشکەوتوویان هەبوو. ئەوەبوو لە ماوەی دوو ڕۆژدا تیمەکانی پێشمەرگە و هێزە تایبەتەکانیان سەرکەوتوو بوون لە دوورخستنەوەی ئەنسارولئیسلام لە ناوچە شاخاوییەکانی شیوی سەرگەتدا، بەجۆرێک زۆربەیان کوژران، ئەوانەشی مابوونەوە ناچار کران بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵبێن. سەرەڕای ئەوەی، ئەنسارولئیسلام کەوتبوونە داوی بەهێزترین هێزی چەکداری ئەمەریکییەوە، وەلێ هێشتاش دەرفەتیان هێنا و ٢٤ پێشمەرگە بوونە قوربانی ئۆپەراسیۆنەکە. هەڵبەت ئەم ژمارەیە بەراورد بە ژمارەی تەرمەکانی ئەنسار شتێکی وەها نەبوو، چون ئەوان زیاتر لە سێ سەد ئەندامیان لەنێوبران. [3]

(1) Murray and Scales, pg 191.

(2) See Appendix B: Maps map 7 for a depiction of Operation Viking Hammer.

(3) Robinson, pg 320..

لـە ئۆپەراسـیۆنی دووەمـی پێشـمەرگەدا-دەیەمین گروپیـان هێرشـیان کـردە سـەر هێڵـی سـەوزی عێراقیـی کـە لـە دوورتریـن خاڵـی باکوریـی بــەرەی هێــزە عێراقییەکانــدا بــوو[1]. ســەرەڕای جێگیرکردنــی هێــزی هاوپەیمانــان لــە باشــووری عێراقــدا، هێشــتاش فەرماندەیــی عێــراق هێزەکانیــان بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی هــەر مەترســییەکی داهاتــوو لــە ئامادەکاریــدا بــوون. هەڵبەتــە عێراقیــش خــودان خەســڵەت و تەکنیکەکانــی جەنــگ بــوو، بەتایبەتــی ئامادەکارییەکــی وردتــر و وزەی زێدەتریــان لــە هەمبــەر پاســەوانی و پاراســتنی شــارە دەوڵەمەنــد بــە نەوتییەکانــی موســڵ و کەرکــووک خســتبووەگەڕ[2]، ئەوەتــا هێزێکــی هەمەچەشــنی یەکینەکانــی ســوپای ئاســایی و پاســەوانانی کۆماریــی لــە باکــوورەوە لەســەر پێبــوون و چاویــان لەســەر هەمــوو چاڵــە نەوتەکانــی ئــەو شــارانە کل نەدەکــرد. بۆیــەکا ئامانجــی هێرشــی پێشــمەرگە و هێــزە تایبەتییەکانیــان بــۆ ســەر ئــەم یەکانــەی هێڵــی ســەوز، بریتــی بــوو لــە دەرپەڕاندنــی عێراقییــەکان لــە پێگەکانیــان و پاککردنەوەیــان بــوو لەپێــش هــەر نیــازی پێشــڕەوییەکی هاوپەیمانانــدا بــەرەو موســڵ و کەرکــووک[3]. دەستبەســەرداگرتنی ئــەو دووشــارە لــە نیــازی پێشــمەرگەدا بەبــێ ئــەو نەبــوو. ئەوێــک ئەوینێکــی ســاڵەهای ســاڵی حەسرەتــی کوردبوونیــان لــە هەنــاوی پێشــمەرگەدا خورابوویــەوە. [4]

(1) See Appendix B: Maps map 8 for a depiction of the Green Line Battle of Task Force Viking..

(2) Biddle, et al. 2004. 3

(3) Murray and Scales, pg 192. 3

(4) Burke, Jason. Two wars merge in Kurdish north. The Observer, 23 Mar 2003. 3

بۆیـەکا پێشـمەرگە بـە تامەزرۆییـەوە مەبەسـی بـوو دەسـت بەسـەر شـارەکاندا بگیرێـت، بـەڵام ئەمەریـکاش هۆشـی بـەلای نەقەومانـی هـەر توندوتیژییەکـی نەتەوەییـەوە هەبـوو، بۆیـەکا سـنووری بـۆ پێشـمەرگە دانـا و داوای لێکردن تاوەکـو فەرماندەیـی و کۆنترۆڵـی ئەمریـکا بەتـەواوی دانەمەزرێـت، نابێـت بچنـە نـاو شـارەکانەوە. ئەوەبوو لەگـەڵ دەسـتپێکردنی پاشەکشـەی ستراتیجیـی هێـزە عێراقییـەکان بـۆ پێگەکانـی نزیـکتر لـە کەرکـووک، یەکەکانـی پێشـمەرگە خێرا هەڵیـان دەکوتایـە سـەر پێگەچۆڵکراوەکانـی عێراقییـەکان[١] . لەلایەکـی دیکـەوە، پێشـمەرگەکانی پارتـی بـە پتەوکردنـی پێوەندیـان لەگـەڵ یەکـە ئەمریکییەکانـدا، لـە هەوڵی دەستبەسـەرداگرتنی سـنوورەکانی دەشـتی موسـڵ و فڕۆکەخانـە و ناوچـە ستراتیژییـەکان سـنووری موسـڵدا ئامادەکاریـی تەواویـان کردبـوو. لێـرەوە لـە شـەڕی دژوار و ناهەمـواری باکـوور و ڕۆژئـاوای موسـڵدا، نزیکەی ١٠٠ هـەزار پێشـمەرگە و هـەزاران سـەربازی ئەمریکـی بەشـداربوون. شـەڕێکی وەهـا بـە هـاوکاری یەکبینـی هێرشـە ئاسمانییـەکان و چاودێـری ئاسمانـی هاوپەیمانـان بـوو[٢]. دواجـار شـاری موسـڵ لـە ١٠ی نیسـانی ٢٠٠٣ دا بەتـەواوی گەمـارۆدرا.[٣] شـایانی ئاماژەیـە لـەم ئامادەکارییـەدا پێشـمەرگەی یەکێتـی بـە پێچەوانـەی خواسـتی سـەرکردایەتی ئەمریـکا، لـە شـاری کەرکووکـدا مانـەوە، بـەڵام پێشـمەرگەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هـەر کـە داوایـان

(1) Vogel, Steve & Vick, Karl. U.S. Moves To Increase Firepower In North. Washington Post, 30 Mar 2003

(2) Robinson, pg 325..

(3) Murray and Scales, pg 193.

